MÊXEK

بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



فەرمان حەسەن

www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی

فەرمان حەسەن

www.iqra.ahlamontada.com

پرۆژەی چاپی کتێبی مێخەک

زنجیرەی کتێب: ٥٤

***

سەرپەرشتی گشتیی زنجیرە: سۆران خالد



کتێب: بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی

بابەت: نووسینی ئەکادیمی

نووسەر: فەرمان حەسەن

چاپ: یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٣٢٤)ی پێ دراوە.

ساڵی چاپ:٢٠٢٠

چاپخانە: مێخەک

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ کتێبفرۆشی مێخەک پارێزراوە.

mexekbooks@gmail. com٠٧٥٠٤١٤٥٢٥٠ facebook/ktebfroshymexak

www.iqra.ahlamontada.com

بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی

فەرمان حەسەن

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

www.iqra.ahlamontada.com

پێڕستی بابەتەکان Index of topics

پێشەکی.....٧–٨

بەشی یەکەم:

نووسینی ئەکادیمی.....٩

نووسینی ئەکادیمی.....١١–١٣

تایبەتمەندیەکانی نووسینی ئەکادیمی.....١٤–٢٣

ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی نووسینی ئەکادیمی ٢٤–٣٠

هەنگاوەکانی نووسینی ئەکادیمی ٣١–٤٦

دلواکاریە زمانەوانیەکانی نووسینی ئەکادیمی ٤٧–٥٨

بەشی دووەم:

جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی.....٥٩

جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی.....٦١

وتار.....٦٢–٧٣

ڕاپۆرت.....٧٤–٨٢

کورتەنامەی زانستی ٨٣–٨٦

کورتە توێژینەوە.....٨٧–٩١

سانتێز.....٩٢–٩٦

توێژینەوە.....٩٧–١٠٥

www.iqra.ahlamontada.com

پەرتووکی توێژینەوە.....١٠٦-١٠٧
پێداچوونەوەی پەرتووک.....١٠٨-١١١
پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو.....١١٢-١١٩
پێداچوونەوەی هاوەڵان.....١٢٠-١٢٧
گۆڤار.....١٢٨-١٣٣

بەشی سێیەم:

دەستپاکی ئەکادیمی.....١٣٥
دەست پاکی ئەکادیمی ١٣٧
بنەماکانی دەسپاکی ئەکادیمی.....١٣٨-١٣٩
ناپاکی ئەکادیمی.....١٤٠-١٤١
گزیکردن لە ڕوانگەی زانکۆ ناوەندە ئەکادیمیەکان.....١٤٢-١٤٧
جۆرو شێوازەکانی گزیکردن.....١٤٨-١٥٤
هۆکارەکانی گزیکردن.....١٥٥-١٥٧
چۆنیەتی ڕێگرتن لە گزیکردن.....١٥٨-١٦٣
پێداویستیە بنەڕەتیەکانی دووبارەوتنەوە لە گزیکردن.....١٦٤-١٦٥
ئامرازەکانی ئاشکراکردنی گزیکردن.....١٦٦-١٨١
بەناوبانگترین دیاردەکانی گزیکردن.....١٨٢-٢١٢
سەرچاوەکان.....٢١٣-٢٢٩

www.iqra.ahlamontada.com

پێشەکی Introduction

نووسین(writing) شێوازێکە لە شێوازەکانی گوزارشتکردنی مرۆڤ لە بیروڕاکانی لە ڕێگەی وشەو ڕستەو کۆمەڵێك دەستەواژەی زمانەوانی و داڕشتنیان لە چوارچێوەی بابەتێکی دیاریکراودا، گرنگترین ئامرازی گەیاندن و پەیوەندیکردنی مرۆڤە بە ژینگەی دەوروبەری و هەموو ئەو شتانەی کە چواردەویان گرتووە، پڕۆسەیەکە کۆمەڵێك توانست و کارمەیی عەقڵی و هزری و دەستی لەیەك کاتدا لەخۆگرتووە کە پێویستی بە جۆرێك لە هاوڕێکی و گونجانی تەواو لە نێوان چاو دەست و عەقڵ و بیرکردنەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێوستی بە پابەندبوون بە کۆمەڵێك بنەماو داواکاری و هەنگاوی دروست هەیە.

ئەگەر نووسین وەك پڕۆسەیەکی عەقڵی و هزری ئالۆز بە مانا گشتیەکەی پێویستی بە شارەزایی و چوارچێوەبەندیەکی دیاریکراو هەبێت، ئەوا نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) پڕۆسەیەکی زۆر ئالۆزترەو پێویستی بە ئاستێکی بەرزی کارامەیی و شارەزایی و پابەندبوون بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای نووسین و داواکاری زمانەوانی وپەیڕەوکردنی زنجیرەك هەنگاوی هزری و کرداری دروست هەیە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەستپاکی لە نووسین و پابەندبوون بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی.

ئامانجی نوسەر لە نووسینی ئەم کتێبە ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی بە تایبەت کەسانێك کە سەروکاریان لەگەڵ کاری ئەکادیمی لە زانکۆو ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا هەیە، لە ناویاندا فێرخوازانی زانکۆ کە زۆربەیان وێرای زانینی زمانی بێگانەو خوێندنەوەو نووسین بەزمانی تر، بەڵام لەگەڵان بە دوای سەرچاوەی زانستی و بەدەستهێنانی زانیاریدا بە پلەی یەکەم پشت بەزمانی دایك کە زمانی کوردیە دەبەستن، هەروەها پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچووك لە کتێبخانەی کوردی کە تا ئێستا هەژاریەکی زۆری لەبێ سەرچاوەیی ئەم بابەتەوە پێوە دیارە.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە نوسەر لە ئامادەکردن و نووسینی نووسینیدا پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆری پەیوەندار بە بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی وفەرەنسی بەستووە بە جۆرێك زۆرترین زانیاری دەبارەی نووسینی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکادیمی و لایەنە جیاجیاکانی نووسینی ئەکادیمی لەخۆگرتووە، ناوەڕۆکی کتێبەکەشی بەسەر سێ بەشدا دابەش کردووە، لە بەشی یەکەمدا بە ناساندنی چەمکی نووسینی ئەکادیمی و گرنگترین تایبەتمەندیەکانی نووسینی ئەکادیمی کەپێیانەوە دەناسرێتەوەو بە هۆیانەوە لە شێوازەکانی تری نووسین جیادەکرێتەوە دەستی پێ کردووە، دواتر ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی نووسینی ئەکادیمی و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی نووسینی ئەکادیمی وەک پڕۆسەیەکی هزری و عەقڵی و داواکاریە زمانەوانیەکانی نووسینی ئەکادیمی خستۆتەڕوو. لە بەشی دووەمیشدا گرنگترین جۆر و شێوازەکانی نووسینی ئەکادیمی خستۆتەڕوو کە بریتین لە وتارو ڕاپۆرت و کورتەنامەی زانستی و کورتەتوێژینەوەو سانتێزو توێژینەوەو پەرتووکی توێژینەوەو پێداچوونەوەی پەرتووک و پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو و پێداچوونەوەی هاوەڵان گۆڤاری زانستی. هەرچی بەشی سێیەمە کە تایبەتە بە دەستپاکی ئەکادیمی لە نووسیندا تیایدا بە چەمکی دەستپاکی ئەکادیمی و بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی دەستی پێ کردووە، دواتر چەمکی ناپاکی ئەکادیمی و گزیکردن لە ڕوانگەی زانکۆ ناوەندەئەکادیمیەکان و جۆرو شێوازەکانی گزیکردن و هۆکارەکانی گزیکردن و چۆنیەتی ڕیگرتن لە گزیکردن و پێداویستیە بنەڕەتیەکانی دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و ئامرازەکانی ئاشکراکردنی گزیکردن و بەناوبانگترین کەیس و دیاردەکانی گزیکردنی خستۆتەڕوو.

نوسەر

١٧ ی ئەیلولی ٢٠٢٠

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی یەکەم

نووسینی ئەکادیمی

Academic writing

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی ئەکادیمی Academic writing

نووسینی ئەکادیمی (Academic writing) چەمکێکی فراوان و گشتگیرو پەیوەندار بە بوارگەلی زانستی و ئەدەبی جۆراوجۆرە، تا ئێستا پێناسەیەکی گشتی و دیاریکراوی بۆ نەکراوە، چونکە بەکارهێنانی لە هەر بوارێکدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری پەیوەندار بە بوارەکەوە، بەڵکوچەمکێکە زۆرترین پێناسەی بۆکراوە بە جۆرێك هەر نوسەرێك یان شارەزایەکی بواری نووسین لە پوانگەی خۆی و ئاراستە زانستیەکەی پێناسەی کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی بوونی پێناسەگەلی جیاواز بۆ چەمکەکە، هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی میتۆد و جیاوازی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە بواره جیاجیاکانی ئەدەبی و زانستی و تەنانەت لەناو یەك بوار لە ڕشتەی جۆراوجۆردا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك بنەمای گشتی هەن کە هەموو لایەك لەسەری کۆکن، وەك پابەند بوون بە بنەماکانی دەستپاکی و زمان پاراوی و فۆرماڵیتی ووردبینی وبابەتیتی و بێ لایەنی و بەرپرسیارێتی و ئامانجداری و بەڵگەداری وشیکاری و چڕی و ئالۆزی و دابەشکردنی دەقی نوسراو بەسەر پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی.

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) لە پێناسەیەکی کورتدا بریتیە لە شێوازێك لە شێوازەکانی بلاوکراوەی شیکاری ئامانجدار پشت بەستوو بە بنەمای فۆرماڵیتی و وردبینی لە نووسیندا (Define Academic Writing,www. tutorvista. com). یان بریتیە لە شێوازێك لە نووسین کە پابەندە بە چوار چێوەو هەنگاوگەلێکی کرداری وەك پێکهاتەی فەرمی و سیستم و گەڕان بە دوای توێژینەوەکانی پێشووتر بۆ باڵپشتی کردنی بیرۆکەکان و ڕەچاوکردنی تۆن و بنەمازمانەوانیەکان و دانانی خاڵبەندی لە نووسیندا. ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی نووسینی ئەکادیمی لەگەڵ جۆرو شێوازەکانی دیکەی نووسینی ئاساییدا(Academic Writing Definition,www. reference. com).

لە فەرهەنگی (Your Dictionary) پێناسەی نووسینی ئەکادیمی کراوە بە بەوەی بریتیە لە هەر نوسراوێك کە هەوڵی هێنانەدی داواکاریەك لە یەکێك لە فاکەڵتی یان زانکۆکاندا دەدات، هەروەها ئەو نوسراو چاپکراوانەش کە مامۆستا و توێژەرەکان دەینوسن و لە کۆنگرەو ناوەندە زانستیەکاندا پێشکەشەی دەکەن، بەڵام لە پێناسەیەکی فراواندا نووسینی ئەکادیمی دەشێت

www.iqra.ahlamontada.com

سەرجەم چالاکی و بەرهەمی نوسراوی وەک وتار و پرۆپۆزەڵ و لێکۆڵینەوەو نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا و بایەتی جۆراوجۆری زانستی ناو گۆڤارە ئەکادیمیەکان و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە دەقی زانستی لە ناوەندگەلی زانستی و ئەدەبی و ئەکادیمی بگرێتەوە (Definition of Academic Writing,www. grammar. yourdictionary. com)

سوایەڵز و فیيك (Swales and Feak) لە پێناسەی نووسینی ئەکادیمیدا دەڵێن: بریتیە لە شێواز و ڕێکخستنێکی زمانەوانی کە کۆمەڵێك ئامراز و واتا و وشەو پێکهاتەو تایبەتمەندی لەخۆگرتووە بۆ نووسینی لێکۆلینەوەی زانستی و نامەو تێز و ڕاپۆرت و بابەتی زانستی کە بۆتە هۆی جیاوازی ئەم شێوازە نووسینە لەگەڵ جۆرەکانی تری نووسیندا(Swales & Feak ,٢٠٠٥).

نووسینی ئەکادیمی، بریتیە لە نووسینی زاناکان بۆ زانایانی تر (Academic writing is writing done by Schoras for other scholars)، یان نووسینی فێرخوازان و زانایانی پسپۆر بۆ هاوەڵەکانیان (Dartmouth Writing Program,www. dartmouth. edu). هەروەها پێناسە کراوەبەوەی بریتیە لە شێوازی نووسینی تایبەت بە دام و دەزگا ئەکادیمیەکان. بە واتایەکی تر بریتیە لە شێوازێك مامۆستایان و فێرخوازانی زانکۆ و خوێندنی بالآ بۆ نووسینی وتارو نامەو تێز و پەراوی زانستی بەکاری دەهێنن، گرنگترین ئەو وتار و پەراوە زانستیانەش بریتین لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا وەك پێداویستیەك بۆ دەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە لایەن فێرخوازانی خوێندنی بالآوە، هەروەها وتارو بلاوکراوەی زانستی و ڕەخنەی زانستی و توێژینەوەکان و پێداچوونەوەی ئەدەبی (Literature Review) وتوێژینەوەی بەراوردکاری و مێژووی (Comparative and Historical Studies) و ڕاپۆرتی تاقیگەیی (Lab Reports) و ئەبستراکت (Abstracts) وەك ئەوەی (Way link enghish) ئاماژەی پێ کردووە:

Academic writing is a particular style of writing that is characteristic of academic Institutions. In other words, it is a style that is used by undergraduates, graduates, and lecturers when they explore particular academic questions in essays, dissertations, PhD theses, and academic papers"(What is Academic writing, ww w. waylink-english. co. uk).

www.iqra.ahlamontada.com

بەو مانایە نووسینی ئەکادیمی چەمکێکی پەیوەندارە بە بوارە جۆربەجۆرەکانی نووسین و بڵاوکردنەوە، چەندین ڕێگاو شێوازی جیاجیا لەخۆ دەگرێت کە هەرکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بابەتێکە بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەی زانستی لەسەر بنەمای عەقڵ و لۆژیك ئامادەکراوەو دابەش کراوە بەسەر پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی بە جۆرێك هەموو ڕێ و شوێن و هەنگاوە زانستیەکانی نووسینی ئەکادیمی لەخۆ گرتووە، ئەم تایبەتمەندیەش لە نووسیندا بۆتە هۆی جیاوازی نووسینی ئەکادیمی لەگەڵ شێوازەکانی تری نووسینی ئاساییدا.

www.iqra.ahlamontada.com

١-تایبەتمەندیەکانی نووسینی ئەکادیمی Characteristics of Academic Writing

نووسینی ئەکادیمی چەندین کارامەیی گرنگی لەخۆگرتووە، وەك پێکهێنان و دروست کردنی ڕستە (Sentence Structure) و ڕێکخستنی بیرۆکەکان (Organization) و دانانی خاڵبەندی و پەیڕەوکردنی بنەما ڕێزمانیەکان (Grammar and punctuation) و هەوڵدان بۆ تێشك خستنە سەر چەند لایەنێکی گرنگی پەیوەندار بە باب٠ەتی نووسین، بۆیە هەمیشە بە چەند تایبەتمەندیەك دەناسرێتەوەو گرنگترینیان بریتین لە ئاراستەکاری(Orientation) وبابەتێتی (Objectivity) و ڕێکخستن و بەهێزی(Organization and Strength) و زمان پاراوی و (Faultlessness) و ڕەسانەیەتی و تازەگەری(Authenticity and Modernity) و دەسپاکی .(Integrity)



شێوە(١. ١)تایبەتمەندیەکانی نووسینی ئەکادیمی ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

١. ١-ئاراستەکاری Orientation

بواری نووسین بە گشتی دابەش دەبێت بەسەر دوو بواری ئەدەبی و زانستی، هەر بوارێکیش لەو دوو بوارە چەندین ڕشتەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت بە جۆرێك هەر ڕشتەیەك جەماوەرو خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە هەر بابەتێك کە پەیوەندی بە ڕشتەیەك لە ڕشتە ئەدەبی و زانستیەکانەوە هەبێت ئاراستەی جەماوەرێکی تایبەت دەکرێت کە خوێنەری تایبەتی بوارەکەن، جەماوەری ڕشتە ئەدەبیەکان خوێنەری شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبین، ڕەنگە بەشێکیان خوێنەری چیرۆك و ڕۆمان بن و بەشەکەی تریان خوازیاری خوێندنەوەی شیعر و ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بن، بە هەمان شێوە جەماوەری ڕشتە زانستیەکانیش خوێنەری بابەتی زانستی و ڕشتەی جۆراوجۆری زانستین. لە لایەکی تر هەر بابەتێك ئاراستەی جەماوەرێکی تایبەت لە خوێنەر دەکرێت کەلەگەڵ توانستی خوێندنەوەو ئاستی تێگەیشتنیان لە بابەتەکە گونجاو بێت. بۆ نموونە ئەدەبی منداڵان و نووسین بۆ تویژێکی تایبەتی وەك منداڵ پێویستی بە زمانێکی ساکارو شێوازێکی سادەو ڕوون هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی بیخوێننەوەو لێی تێ بگەن. بەو مانایە نووسینی ئەکادیمی بابەتێکە جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە و ئاراستەی خوێنەرێکی تایبەت دەکرێت، جەماوەری نووسینی ئەکادیمیش بریتین لە مامۆستایان و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ کان و تویژەران و کەسانی ئەکادیمی لە ناوەند و دەزگاکانی تویژینەوەو فێرخوازانی خوێندنی باڵا، پێویستی نووسینیش بۆ ئەم جەماوەرە بریتین لە وردەکاری و ڕاستگۆیی و بابەتی بوون لە نووسین و شارەزایی و دانسقەیی و کارامەیی لە خستنەڕووی بیرۆکەو وردەکاری لە شیکردنەوەو سەلماندن، هەروەها دیاریکردنی چەمکەکان و لۆژیکی لە گواستنەوەی بیرۆکە بۆ بیرۆکەیەکی تر و لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر (للكتابة الاكاديمية، مفهوم الكتابة الأكاديمية، www. sites. google. com).

لە لایەکی تر نووسینی ئەکادیمی ئامانجدارەو یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی مرۆڤ لە ڕێگەیەوە هەوڵی هێنانەدی ئامانج یان کۆمەڵێك ئامانج دەدات بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی وڕووی ڕاستەقینەی گرفتێك و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، کەوابوو نووسینی ئەکادیمی بابەتێکی ئامانجدارەو ئامانج ومەبەستی نووسین یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی، جیاوازی ئامانج و مەبەستی نووسینیش لە نووسینی ئەکادیمی لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی ئاسایی لەوەدایە کە ئامانجەکان لۆژیکی و گونجاون لەگەڵ قەبارەی نووسین و بواری هێنانەدیان هەیە.

پژشنی ئامانجەکان (Goal and hypotheses) وەدەست نیشان کردنیان بە دروستی لەهەر بابەت و پسپۆرییەکدا یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی نووسین، پوونی گریمانەکانیش بە هەمان شێوە بە تایبەت لە لێکۆڵینەوەو نووسینی ئەکادیمی لە بواری دەروونزانیدا. بەڵام دیاریکردنی گریمانەکان لە سەرەتادا لە هەندێ بابەت ڕەنگە کارێکی سەخت بێت، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤناسی گریمانە یان بنەمایەکی دیاریکراو نیە، بەڵام ئامانجی دیاریکراویان هەیە کاتێك لە کەلتوری گەلێکی دیایکراو دەکۆڵنەوەو هەوڵی تێگەشتن لە ڕەفتاری ئەو گەلە دەدەن(What is Research,www. explorable. com).

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) بابەتێکە تیایدا نوسەر بە پێی پێویستی بابەت و بواری نووسینەکەی پەیڕەوەی لە ستایلێکی تایبەتی نووسین کردووە، بابەتی نوسراو بە شێوازێکی زانستیانە دارێژراوە، خستنەڕووی بیرۆکەکان و دارشتن و دەربڕینیان بە بەکارهێنانی وشەی گونجاو ڕوون و دیاریکراوەو هیچ جۆرە تێکەڵی و ئاڵۆزیەکی تێدا نیە، نوسەر خۆی بە دوور گرتووە لە بەکارهێنانی وشەی بێ سوود و گرنگی بە بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانە داوە کە مەبەست و ئامانجی نووسینیان ڕوون کردۆتەوە، لە دڕاشتنی نووسیندا لە جیاتی شێوازی دڕێژبڕانە پەیڕەوی لە شێوازی کورتبڕانە کردووە تا ئەو ئاستەی بابەتەکە بەو ئەندازەیە کورت نەبێت مانای خۆی لە دەست بدات.

هەروەها نووسینی ئەکادیمی تۆن(Tone)ی تایبەت بەخۆی هەیەو شێوازێکە چەمك و زاراوەی زانستی تایبەتی تیادا بەکار دەهێنرێت، وەك ئاراستەی نوسەر بەرەو بابەت و جیاوازی وشەو ڕستەو پێکهاتەو دڕێژی وجۆر لە نووسیندا، هەر بابەت یان توێژینەوەیەك باکگراوندێکی زانستی (Scientific background)هەیە کە نوسەر لە ئامادەکردن و دارشتنیدا پشتی پێ بەستووە، بۆیە شارەزایی لە بابەت و بیرۆکەی زانستی و تیۆر و توێژینەوەی پەیوەندار بە بابەتەکە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی نووسین و مەرجەکانی سەرکەوتن لە نووسینی ئەکادیمیدا.

www.iqra.ahlamontada.com

٢.١ -بابەتێتی Objectivity

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) زمانێکی بابەتیە نەک سۆزداری و خودی، بۆیە جەخت لەسەر زانیاری و بەڵگەو شیکاری و ڕاڤەکاری و پێکهێنان و بەرهەمهێنان بە شێواز و دارشتنێکی بابەتی دەکات، بە شێوازیکی بابەتیانە ڕاڤەی دیاردەکان دەکات و هەوڵ دەدات پشت بە بەڵگەو زانیاری سەلمێنراو ببەستێت لە ڕاڤەکردن و گفتگۆکردن دەبارەی دیاردە جیاجیاکان. بۆ نموونە پرسیار کردن لەوەی بوونەوەر چیە؟وەڵامی ئەم پرسیار پێویستی بە ڕوونکردنەوەو پێشەکیەکی شیکاریانە هەیە بۆ پاڵپشتی بابەتەکە. دواتر دانانی گریمانەو دیاریکردنی شێواز و ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان، بێگومان دەرنجام و پێشنیارەکان لە کۆتایی دەقی ئەکادیمیدا خودین و پەیوەندیان بە خودی نوسەر و کۆشش و کارکردنی ئەوەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵێك بڕیارو ڕای کەسی نین کە تیایداپشت بە بەڵگەی زانستیەوە نەبەستڕێت (الشهراني، ٢٠١١).

لە نووسینی ئەکادیمیدا توێژەر بەڕپرسە لەو بابەتەی دەینوسێت و بە شێوازیکی زانستیانەو بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، چونکە هەست کردن بە بەڕپرسیارێتی توێژەر بەرامبەر بە توێژینەوەکەی وای لێ دەکات ڕژد بێت لەسەر خوێندنەوەی قوڵ بۆ بابەتەکەی و گفتوگۆکردن لەگەڵ ناوەندی ئەکادیمی و توێژەرو پسپۆرانی پەیوەندار بە بواری توێژینەوەکەی، هەروەك چۆن ناچاری دەکات پابەند بێت بە دەستپاکی لە نووسین و قبوولکردنی ڕەخنەو ڕاستگۆیی و دان بەخۆگرتن و گێرانەوەی هەموو بیرۆکەو ڕاستیەکان بۆ خاوەنەکانیان کە لە توێژینەوەکە بەکارهاتوون و کەڵکیان لێ وەرگیراوە(الشهراني، ٢٠١١).

لە نووسینی ئەکادیمیدا نوسەر یان توێژەر بی لایەنانە مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات و هەوڵ دەدات هەڵویستی بێ لایەنی خۆی بپارێزێت، هەر جۆرە لایەنگیریەك بە هەر هۆکارێکی خودی یان کۆمەڵایەتی یان شارستانی بێت بابەتەکە بە لاڕێدا دەبات و وای لێ دەکات نەچێتە خانەی نووسینی ئەکادیمی، جگە لەوە نووسەر لە نووسیندا خۆی لە هەر جۆرە شێوازێك لە توانج و گاڵتەکردن بە دوور دەگرێت. لە لایەکی تر لە نوسەر نهێنی پارێزەو پارێزگاری لە هەموو ئەو نهێنیانە دەکات کە پەیوەندیان بە بابەتی نووسین یان توێژینەوەکەیەوە هەیە. بۆ نموونە کاتێك بابەتی نووسین پەیوەندی بە وەرگرتنی ڕای کۆمەڵێك کەسەوە هەبێت، یان کاتێك

www.iqra.ahlamontada.com

کۆمەڵگای تویژینەوە پێك هاتبێ لە کۆمەڵێك کەس نوسەر و تویژەری ئەکادیمی پارێزگاری لە نهێنی کەسی و شوناسی کەسەکان دەکات و بە هیچ بیانوو و پاساوێك ناسنامەی ڕاستەقینەیان ئاشکرا ناکات، لە لایەکی تر ئەگەر بابەتی نووسین یان تویژینەوە پەیوەست بێت بە ئاژەڵ و تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان چ لە تاقیگە یان مەیدانی تویژینەوە تویژەر ناچارە ڕەچاوی مافی ئاژەڵان(Animal Rights) بکات و مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ ئاژەڵەکان بکات و وردەکاری لێکۆڵینەوەکە بە نهێنی پارێزراو بهێڵێتەوە.

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) بابەتێکە سوود و گرنگیەکی زۆری بۆ کۆمەڵگا هەیە، مەبەست لەوە ئەو سوودە زانستیانەیە کە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە پێشکەش بە کۆمەڵگاو دام و دەزگا زانستی و ئەکادیمیەکان دەکات، ئەم گرنگیەش لە ڕەزامەندی خوێنەر یان لایەنی تر بە ئەنجامانی بابەتەکە دەردەکەوێت، بۆیە نوسەر لە لە نووسینی ئەکادیمیدا هەوڵ دەدات بە شیوەیەکی بابەتیانە مامەلە لەگەڵ دەرەنجامەکان بکات وبۆ سەلماندنی ئەو دەرەنجامە نوێ و تازانەی بە دەستی هێناوە پشت بەڵگەی زانستی و داتای ئاماری ببەستێت و لەژێر ڕۆشنایی دەرنجامەکان بە شێوازیکی بابەتیانە لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ بابەتەکە بکات و لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکانی بەسەر کۆمەڵگادا بگشتێنێت.

بابەتێتی(Objectivity)یەکێکە لەوتاییەتمەندیە دیارانەی کە نووسینی ئەکادیمی و تویژینەوە زانستی و ئەکادیمیەکانی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام لەڕوانگەی زۆرێك لە پسپۆران و شارەزایانی بواری نووسینی ئەکادیمی زۆربەی ئەو تویژینەوە تیۆری و پراکتیکیانەی لە وڵاتانی گەشە سەندوو بە تایبەت وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدرێن بە کوردستانیشەوە لەو تایبەتمەندیە بێ بەرین، ناونیشانی زۆرێك نوسراوی ئەکادیمی گوزارشتی ئەواویان لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە نەکردوو، یان ناونیشانی زۆرێك لە تویژینەوەکان لە سەرجەم ئەو یەکانەی لەخۆ نەگرتووە کە تویژینەوەکەیان پێکهێناوە، هەروەها کەم و کورتی لە دیاری کردنی گریمانەو داناني ئامانجەکان بە ڕوونی و دیاریکردنی گرفتی تویژینەوەو ناساندنی و شیکردنەوەی دەرەنجامەکان بە پێی گریمانەو ئامانجەکانی تویژینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٢.١ –ڕێکخراوی و بەهێزی Organization and Strength

یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی توانستی ڕێکخستن(Organizational ability)ی پێکهاتەو بەشە جیا جیاکانی بابەتی نووسینە، ئەم توانستە یارمەتی کەسی توێژەر دەدات بۆ بەش بەشکردن و ڕیزبەندی کردنی بەشەکانی بابەتەکەی بەسەر بەش و لقی جیاجیا بە شێوەیەکی ڕێکخراو کە هەر بەشێك تەواوکەری بەشکەی تر بێت و پەیوەندیەکی زانستی و لۆژیکیانە بە یەکتریان ببەستێتەوە (العزاوی، ٢٠٠٨). بۆیە نووسینی ئەکادیمی، نووسینێکی پلان بۆ دارێژراوە نوسەر یان توێژەر لە دەستپێکی نووسینیدا پلان بۆ پرۆژەکەی دادەنێت و هەنگاو هەنگاو جێبەجێی دەکات، نووسینێکی ڕێکخراوە بە شێوەیەك دەق پێك هاتووە لە ئەبستراکت و پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی، لە خستنەڕوودا ڕەچاوی یەکیەتی بابەت لە نێوان بەشەکان کراوە، هەروەها ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و هێماو ئامرازەکانی خاڵبەندی و پەیوەستکردن بە شێوەیەك دانراون یارمەتی دەر بێت خوێنەر بە باشی لە بابەتەکە بگات (Features of Academic Writing,www. ٢. elc. polyu. hk).

لە نووسینی ئەکادیمی(Academic writing)دا وردبینی وروونکردنەوە(Precision and Explicitness)یەکی تەواو لە خستنەڕووی تێۆر و ڕاستی و داتای ئاماری وسەرجەم زانیاریەکانی پەیوەندار بە بابەتی نووسین ڕەنگی داوەتەوە، تیایدا نوسەر یان توێژەری ئەکادیمی هەوڵی داوە لە بە شێوازێکی ڕاشکاوانەی ڕێکخراو دەق و زنجیرەی بیرۆکەو پەیوەندیەکان بە ڕوونی و لۆژیکی دابڕێژێت و پێکهاتەی دەق بە گشتی لە ڕووی ڕستەو بیرۆکەو برگەو ناونیشانەکان و سەرجەم بەشەکان بەیەکەوە پەیوەست بکات و لەناو چوارچێوەیەکی لۆژیکی و بابەتی جێبیان بکاتەوە(الشهرانی، ٢٠١١).

هەروەها توانستی تێبینی کردن(Observation and experimentation ability) و ئەزموون کردن دوو بنەمای گرنگن لە نووسینی ئەکادیمیدا و گرنگترین سەرچاوەن کە نوسەر لە ڕێگەیانەوە هەوڵ دەدات زانیاری و داتای پیویست دەربارەی کێشە یان دیاردەیەکی دیاریکراو کۆ بکاتەوە، مەبەست لە تێبینی کردن ڕۆچوون و قاڵبوونەوەیە لە دیاردەیەك یان درککردنە بە بیرۆکەیەك بە مەبەستی گەیشتن بە هۆکارە ڕاستەقینەکانی دیاردەکەو دەستکەوتنی زانیاری و دەرەنجامی نوێ دەربارەی دیاردەکە، ئەم ڕێگایە زۆر جار تاکە ڕێگایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری

www.iqra.ahlamontada.com

لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەک و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردەکە بە ڕێگای ئەزموون و تاقیکاری ئەستەم بێت، هەرچی ئەزموونکردنە بڕیتیە لە تواناو شارەزایی و کارامەیی نوسەر کە لەڕێگەی تێبینی کردنەوە بە دەستی هێناون و پشتیان پێ دەبەستێت لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان لە ڕێگەی ئەزموون و تاقیکاریدا.

نووسینی ئەکادیمی (Academic writing) توانستێکی بالای لێکدانەوەو شیکردنەوەو ڕافەکردنی چەمک و بیرۆکەو زانیاری و داتاکان(Analytical ability)لەخۆ گرتووە، قۆناغی شیکردنەوەی داتاکان (DataAnalysis) لە هەر بابەت و توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت ، لەم قۆناغەدا نوسەر داتا کۆکراوەکانی خستۆتەڕوو و بە پێی ئەو ئامانجی بابەتەکەی شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ کردوون، لە کاتیکدا شیکردنەوەی داتا و دەرەنجامەکان پڕۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆزەو پێوستی بە ئاستێکی بەرزی توانست و کۆششی هزری هەیە، لە باشترین دۆخیشدا نوسەر گرنگی زیاتری بە شیکردنەوەی داتاو دەرەنجامەکان داوە نەک تەنها پشت بەستن بە وەرگرتن و پاڕافرەیزکردنی بابەت و بیرۆکەی کەسانی تر، چونکە خستنەڕووی دەرەنجامەکان و ڕیزبەندی کردنیان بە بێ لێکدانەوەو پێشکەش کردنی دیدو تێڕاونینێکی تازە تەنها پێداچوونەوەیەکە نەک توێژینەوە، بۆ نموونە پشت ڕاستکردنەوەی داتاو زانیاری پێشووتر لە قالبێکی نوێدا وەک ئەوەی لە زۆربەی کاتدا لە بزافی توێژینەوەو توێژینەوەکاری کوردی و عەرەبی دەبینرێت.

هەروەها یەکێکی تر لەو تایبەتمەنیە بەهێزانەی کە بە سروشتی نووسینی ئەکادیمیەوە دیارە ئارەزوومەندی و خولیاو حەزی نوسەرە بۆ نووسین (Desire to write)، نوسەر لە دەستپێکی نووسیندا هەست بەوە دەکات تا چەند ئارەزوومەندی کارەکەیەو خوازیاری ئەنجامدانیەتی، تا چەند دەتوانێت بابەتەکە بنوسێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت ولە کاتی دیاریکراودا تەواوی بکات، تا چەند دەتوانێت بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەمی زاڵ بێت و دەستی بە سەرچاوەو کەرەستەو ئامرازی پێویست بگات، ئەمانەو کۆمەڵێک پرسیاری تر، بەمەش دەرەفەتی سەرکەوتن و داهێنانی بۆ فەراهەمتر دەبێت بە پێچەوانەی نووسینی نا ئارەزوومەندانەو سەپێنراو کە دەرفەتی سەرکەوتن و داهێنانی تیایدا کەم و سنووردارەو تایدا نوسەر لە زۆربەی کاتدا دووچاری تەنگژەو دەروونی دەبێت و هیڕ جۆرە خوشی و چێژێک لە کارەکەدا نابینێت.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٤ –زمان پاراوی Faultlessness

زمانی ئەکادیمی زمانێکە چڕتر و ئاڵۆزتر(Complexity and Density) ە لە زمانی قسەکردن یان زمانی نووسینی بابەتی ئاسایی، ئەم چڕی و ئاڵۆزیەش لەوەدا هاتووە کە دەقی ئەکادیمی دەقێکی کورت و پوختە بەلآم کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی چڕو واتادار و پستەی درێژی لەخۆگرتووە کە نە نوسەری ئاسایی دەتوانێت بینوسێت و نە خوێنەری ئاسایش دەتوانێت بە ئاسانی لێی تێ بگات. زمانێکە پێك هاتووە لە وشەو پستەو زاراوە و چەمك و پێکهاتەو دەق و تیۆری هەمەجۆری ئاڵۆز، ئەم زمانەش زمانێکی ڕێزمانیە تەنها کەسانێك دەتوانن بەکاری بهێنن کە لە ئاستێکی بەرزی زانینی زماندان (Features of academic writing,www. uefap. com).

نووسین بە هەر زمانێك بێت، چ بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی پەیوەندیەکی پتەوی بە ئاستی ڕۆشنبیری و هزری تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. زمان لە نووسینی ئەکادیمیدا زمانێکی فەرمی و ڕێزمانیەو بە هیچ شێوەیەك وشەو دەستەواژەی زاراوەیی و نەشیاوی تیادا بەکار ناهێنرێت، زمانێکی تایبەتەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خودی نوسەر ناکات. نووسینی ئەکادیمیش بەوە لە نووسینی ئاسایی جیادەکرێتەوە کە تیادا ئاستێکی بەرزی زمانەوانی و زمان پاراوی ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت شێوازی دارشتن و زمانەوانی باش لە نووسینی ئەکادیمیدا پێوەرێکی بنەڕەتیە بۆ بڕیاردان لەسەر باشی و ڕاستگۆیی و بابەتی بوونی وتار و توێژینەوەی زانستی و گرنگی و وەرگرتنیان لە ناوەندگەلی زانستیدا، بۆیە زمانی نووسین لە نووسینی ئەکادیمیدا زمانێکی پاراو بی کەم و کورتی و هەڵەی زمانەوانیە.

دەقی نوسراو بە شێوازی ئەکادیمی، دەقێکی بەهێزە لەڕووی زمان وناوەڕۆك و دارشتنەوە، ئەم بەهێزیەش گوزارشت لە بیرکردنەوەی قوڵ و بەهێزی زمان وئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری دەکات کە لە دەقی تردا بوونی نیە(الشهرانی، ٢٠١١). هەروەها لە دەقی نوساروی ئەکادیمیدا کۆمەڵێك توانستی زانستی و کرداری (Scientific and procedural ability) ڕەنگی داوەتەوە کە پەیوەندیان بە بەهێزی زمان لە دارشتن و بەگارهێنانی چەك و زاراوەی شیاو بۆ گوزارشتکردن و زانینی زمانی بێگانەوە هەیە(صبیح واخرون، ١٩٩٧).

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٥-دەستپاکی Integrity

پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی باوەرپێکراو مەرجی سەرەکی بەهێزی بابەت و پاستگۆییە لە نووسیندا، بۆیە دابین کردنی سەرچاوە لە هەر بابەت و توێژینەوەیەکدا نەرخ و بەهای زانستی بابەتەکە دیاری دەکات. لە نووسینی ئەکادیمیدا نوسەر لە سەرەتادا لەو بابەتە دوور دەکەوێتەوە کە سەرچاوەی دەگمەنە وگرنگی بە بابەتێك دەدات سەرچاوە گەلی جۆراوجۆری لەسەر هەبێت تا کات و توانای خۆی بە فیڕۆ نەدات، بۆ ئەوەی نووسینەکەی بەهادار و زانستیانە بێت بۆ ئەو سەرچاوانە دەگەڕێتەوە کە خاوەن بەهای زانستین و لە نووسینەکەیدا کەڵکیان لێ وەردەگرێت. هەروەها لە دەستپێکی کارەکەیدا هەوڵ دەدات زانیاریەکی بەرفراوان دەربارەی بابەتەکەی لەسەرچاوەی جۆراوجۆردا کۆبکاتەوە، چونکە فرە سەرچاوەیی و بەکارهێنانی سەرچاوەی هەمەجۆر بە شێوەیەکی زانستی یەکێکە لەو پێوەرانەی نرخ و بەهای زانستی هەر نامەو توێژینەوەیەك دیاری دەکات.

ئەگەر پشت بەستن بەسەرچاوەی زانستی بەهادار وفرە سەرچاوەیی لە نووسیندا مەرجی بەهێزی و بەهاداری بابەتی نووسین بێت، ئەوا ئامازە کردن بەسەرچاوەو خاوەنی پاستەقینەی سەرچاوەکان چ لە ناو ناوەڕۆك یان لیستی سەرچاوەکاندا بابەتەکە بەهێزترو بەهادارتر دەکات. بۆیە لە نووسینی ئەکادیمیدا نوسەر بە وردی مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەکات بە جۆرێك پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی تازەو کۆنی پەیوەندار بە بابەتی نووسین دەبەستێت و ئامازەی تەواو بە سەرچاوەکان لە ناو ناوەڕۆك و لیستی سەرچاوەدا دەکات.

دەستپاکی لە نووسیندا پڕۆلی سەرەکی هەیە لە بەهێزکردنی بابەت، بە پێچەوانەوە پابەند نەبوون بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی لەنووسیندا بابەتی نووسین بەلاڕێدا نوسەر دووچاری ناپاکی ئەکادیمی و گزیکردن (Plagiarism) دەکات، بۆیە لە نووسینی ئەکادیمیدا نوسەر ئامازایەکی زۆون و تەواوی بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانە کردووە کە وەری گرتوون، مەبەست لە وەرگرتن تەنها وەرگرتنی نووسین یان بڕگەیەك وەکو خۆی ناگرێتەوە بەڵکو سەرجەم ئەو زانیاریانەیە کە پەیوەستن بە سوود وەرگرتن لە شێوازی نووسین و بیرۆکە و کەرەستەو ئامرازی نووسین و وێنەو گرافیك و هێلکاری و هەر هەزانیاریەکی تر.

www.iqra.ahlamontada.com

٦.١ –ڕەسەنایەتی و نوێخوازی Authenticity and Modernity

لە نووسینی ئەکادیمیدا پشت بە بیرۆکەو ڕاوبۆچوونی تازە دەبەسەترێت نەک تەنها گێرانەوەو دووبارەکردنەوەی ڕاوبۆچوونی تۆێژەرانی ترو دووبارە داڕشتنەوەیان لە قاڵبێکی نوێدا، بەڵکو تۆێژەر یان نوسەری ئەکادیمی بە گەڕانەوە بۆ تۆێژینەوەکانی لەمەوپێش دەشێت پشت بە بیرۆکەو ڕاوبۆچوونی تۆێژەرانی تر ببەستێت بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن لە بیرۆکەو دەرئجامەکانیان لە پێکهێنانی بیرۆکەو گریمانەی نوێ و دەستکەوتنی دەرەنجامی تازە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. ڕەسەنایەتی هەر بابەتیش بەندە بە تواناو شارەزایی نوسەر لە نووسینی بابەت و خودی بابەتەکە لە گرنگیدانی بە کۆمەڵگاو تازەگەری و داهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری و دەرئجامی تازەو نوێ(عنایە، ٢٠٠٨).

نووسینی ئەکادیمی بابەتێکی نوێ و تازە و خاوەن بەهای زانستیە، کاتێکیش بابەتی نوسراو یان تۆێژینەوە سوود و بەهای خۆی دەبێت کە تازە بێت و جۆرێك لە تازەگەری و داهێنانی نوێی تیایدا بەرجەستە بووبێت. واتە بابەتەکە، بابەتیکی دووبارە نەبێت وپێشتر لە لایەن نوسەری تردەوەنوسرابێت (صبیح واخرون، ١٩٩٧). چونکە نوێکاری و داهێنان بنەمای بنچینەیین لە هەر بابەت و تۆێژینەوەیەکدا و بابەتی وەرگێردراو و لاسایی کەرەوە بە بابەتی زانستی و ئەکادیمی هەژمار ناکرێت. بەڵام نوێکاریش ئەوە ناگەیەنێت نوسەر یان تۆێژەر نەتوانێ بابەتێك بنوسێت یان کار لەسەر پڕۆژەیەك بکات کە پێشتر لە لایەن کەسانی ترەوە کاری لەسەر کرابێ، بەڵکو دەتوانێت کار لەسەر بیرۆکە یان لایەنێکی تری پەیوەندار بە بابەتەکە بکات کە پێشتر باسی لێوەنەکراوەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و هەوڵی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە زانیاری و دەرئجامی تازە دەربارەی بابەتەکە. جگەوە لەوە نوێکاری چەندین لایەنی تر دەگرێتەوە، وەك ڕێکخستنی بابەت و بەشەکانی بە شێوازێکی تازەی دروست و درککردن بە هۆکاری نوێ بۆ ڕاستیە کۆنەکان و بواری تازە بۆ تیۆری نوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

٢-ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی نووسینی ئەکادیمی Essential Elements of Academic Writing

هەر بابەتێك لە چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێك هاتووە کە پێکهێنەری بابەتەکەن و ناتەواوی لە هەر ڕەگەزێکدا لاوازی بابەتەکەی دەگەیەنێت. زانکۆی لۆس ئەنجلوس پاسیفیك(Los Angeles Pacific University) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاماژەی بە سێ ڕەگەزی سەرەکی بۆ نووسینی ئەکادیمی کردووە کەبریتین لە پێکهاتەی گشتی (Structure) و ڕێکخستن و داڕشتن (Formatting) و دوورکەوتنەوە لە گزیکردن(Avoiding Plagiarism) وپابەند بوون بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی(Essential Elements of Academic Writing,www. elearning. uc. apu. edu).



شێوە(١. ٢)ڕەگەزەکانی نووسینی ئەکادیمی بە پێی زانکۆی لۆس ئەنجلۆس(Los Angeles Pacific University) پاسیف ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ١-پێکهاتەی گشتی Structure

پێکهاتەی گشتی نووسین لە هەر بوارێکدا دابەش دەبێت بەسەر سێ بەشی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە پێشەکی و ناوەڕۆك(Body) و کۆتایی(Conclusion).

٢. ١. ١- پێشەکی Introduction

لە پێشەکیدا تۆێژەر بابەتەکە دەناسێنێت و گرفتی بابەتەکە دەخاتەڕوو، هەروەها ئامانج و گرنگی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوەو گریمانەو پرسیارە سەرەکیەکانی پێشکەش دەکات. پێشەکی دەروازەیەکە بۆ خستنەڕووی بابەت و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناوەڕۆك و خوێندنەوەی بابەتەکە، بۆ ئەم مەبەستە تۆێژەر چەند هەنگاوێك دەگرێتەبەر:

- پێشەکیەك دەربارەی بابەتی تۆێژینەوەو ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی کە دنەی تۆێژەریان داوە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەنجامدانی تۆێژینەوەو گرنگی ئەنجامدانی تۆێژینەوەکە.
- خستنەڕووی ئامانجەکانی تۆێژینەوەو ئەو دەرەنجامانەی کە لە تۆێژینەوەکەدا بەدەست هاتوون.
- خستنەڕووی گرفتی تۆێژینەوەو ڕوونکردنەوەی گرفتەکە یان ئەو بابەتەی کە تۆێژەر هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. واتە پێشکەشکردنی پوختەیەکی ڕوون و بە خوێنەر دەربارەی گرفتی تۆێژینەوەکە
- خستنەڕووی گریمانەکانی تۆێژینەوەو ئەو دەرەنجامانەی کە تۆێژەر پێشبینیان دەکات.
- ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەهەندو یەکانەی کە تۆێژینەوەکەیان لەخۆگرتووە.
- خستنەڕووی ڕوداو داتاو ژمارەی سەرنج ڕاکێش.
- پێناسەکردنی گرفت یان بابەت لە ڕوانگەی جۆراوجۆر کە پەیوەندیان بە بابەتی تۆێژینەوەکە هەیە.
- وەرگرتن و خستنەڕووی ڕای زاناو کەسانی ناودار.
- خستنەڕووی میتۆدی تۆێژینەوە، وەك ڕێگاو شێوازی ئەنجامدان و سەرچاوەی زانیاریەکان و چەمك و زاراوەکانی تۆێژینەوەو ناوەڕۆك و کۆتایی پێشەکی

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ١. ٢- ناوەڕۆك Body

ناوەڕۆك دڵی توێژینەوەیە، بە پێی پێویستی بابەتەکە ناوەڕۆك دابەش دەبێت بەسەر چەند بەشێك و هەر بەشێکیش لقی جیاجیای لێ دەبێتەوە بە جۆرێك سەرجەم بەش و لقەکان ناونیشانی خۆیان دەبێت. لە ناوەڕۆکدا توێژەر گرنگترین ئەو تیۆرانە دەخاتەڕوو کە پەیوەندیان بە گرفتی توێژینەوەکە هەیە بە لەبەرچاوگرتنی یەکێتی بابەت لە نێوان بەشەکان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە توێژەر پابەند بێت بە چەند هەنگاوێکی گرنگ:

- سەرجەم بەش و لقەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی و ڕوون پاڵپشتی بابەتی توێژینەوەکە بکەن.
- بابەتەکان بە پێی گرنکی و بە شێوەی زنجیرە بە باشترین ڕێگا ڕێکخراین. بۆ نموونە بابەتی یەکەم تەواوکەی بابەتی دووەم بێت و بابەتی دووەمیش ئەڵقەی پەیوەندی نێوان بابەتی یەکەم و بابەتی سێیەم بێت.
- دوورکەوتنەوە لە خستنەڕووی هەر زانیارییەك کە پەیوەندی بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە نەبێت.
- خستنەڕووی بیرۆکەی پاڵپشت لە ناو ناوەڕۆکی بەش و لقەکان.
- دوورکەوتنەوە لە خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی سەرچاوەیەکی دیارو ڕوونیان نیە.
- بەستنەوەو گرێدانی ناوەڕۆك بە پێشەکی و بەشی کۆتایی لێکۆڵینەوەکە.

٢. ١. ٣- کۆتایی Conclusion

ئامانجی سەرەکی توێژەر لە توێژینەوەدا بەدەست هێنانی چەند دەرەنجامێکی تازەو بەهێزە دەربارەی گرفتی لێکۆڵینەوەکە، بۆیە لە کۆتایی توێژینەوەدا توێژەر دەرەنجامی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو لەگەڵ شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەرنجامەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پابەند بێت بە چەند هەنگاوێکی گرنگ:

- پێشەکیەك دەربارەی گرفتی توێژینەوەکەو خستنەڕووی دەرنجامەکان.
- لێکدانەوەوەی ئەو دەرەنجامانەی بەدەست هاتوون لەگەڵ هاوجووتی و ناهاجووتیان لەگەڵ گریمانەکان و پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

- ڕوونکردنەوەی سەرجەم خاڵە سەرەکیەکانی توێژینەوەو ئەو دەرەنجامانەی بەدەست هاتوون.
- دووبارەکردنەوەی چەمك و دەستەواژە گرنگەکان و شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان.
- بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی گرنك بۆ پەیوەست کردنی بیرۆکە بە بیرۆکەیەکی ترو ڕستە بە ڕستەیەکی تر.
- ئاماژەکردن بە ئاستەنەگانی بەردەم لێکۆڵینەوەو ئەم دەرەنجامە تازانەی بەدەست هاتوون.
- ئاماژەکردن بە بیرۆکەو پێشنیاری تازە بۆ توێژینەوەی داهاتوو.



شێوە(١. ٣)پێکهاتەی گشتی نووسینی ئەکادیمی و پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ٢-ڕێکخستن و دارشتن Formatting

لە نووسینی ئەکادیمیدا نوسەر یان توێژەر پابەندە بە پەیڕەوکردنی فۆرم و شێوازێکی تایبەت لە نووسین بە پێی یاسا و ڕێساکانی شێوازەکە بابەتەکە دادەڕێژێت و ڕێکی دەخات، بۆ نموونە نووسینی بابەتی ئەکادیمی لە بواڕەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی و پەروەردەو کارگێڕی و زانستە سیاسیەکان نوسەر ناچار دەکات پابەند بێت بە پەیڕەو کردنی یاساو ڕیساکانی ستایلی ئاپا(APA)کۆمەڵەی دەروونزانانی ئەمەریکی (American psychological Association). هەروەها نووسینی بابەت لە بواڕەکانی زانستە مرۆییەکانی وەک مێژوو و فەلسەفەو زمان و ئایینەکان نوسەر پابەند دەکات بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕیساکانی هەردوو ستایلی(MLA) کۆمەڵەی زمانی نوێ(Modern Language Association) و (CMS) ستایلی شیکاگۆ(The Chicago Manual of Style). هەروەها نووسین لە بواڕەکانی فیزیک و گەردوونزانی(Physics and Astronomy) نوسەر یان توێژەر ناچار دەکات پابەند بیت بە ستایلی(AIP) ی پەیمانگای فیزیکی ئەمەریکی(American Institute of Physics). هەروەها نووسین لە بواری بایۆلۆژی پێویستی بە پابەندبوونی نوسەر بە ستایلی(CSE)ی ئەنجومەنی نوسەرانی زانست (Council of Science Editors)ی هەیە. نووسین لە بواری پزیشکیدا پێویستی بە پابەندبوون بە ستایلی (AMA)ی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمەریکی (American Medical Association) هەیە. نووسین لە هەندێ بواری زانستی و ئەدەبی تردا نوسەر ناچار بە پابەندبوون بە ستایلی هارڤارد (Harvard) دەکات.

نووسین یان ئەنجامدانی توێژینەوە بە پێی فۆرمی ئاپا (APA)ی کۆمەڵەی دەروونزانی ئەمەریکی (American Psychological Association) پێویستی بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی زانستیانەی تیۆری و پراکتیکیە. مەرجی یەکەم لە دەستپێکی نووسیندا بوونی ناونیشانێکی دروستە، ناونیشانێك بۆ بابەتەکە کە کێشەیەك بخاتەڕوو بە ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری لەسەر لایەنە گرنگەکانی کێشەکە بە جۆرێك هەموو ئەو یەکانە لەخۆ بگرێت کە بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دوورکەوتنەوە لە زاراوەو وشەی بی سوود. پێویستە نوسەر لە سەرتادا چەند ڕێنماییەکی گشتی لەبەرچاو بگرێت، وەك:

www.iqra.ahlamontada.com

- چاپەکەی نووسینەکە جوان بێت و کاتی پێویستدا نەبێت هیچ جۆرە ڕەنگکارێیەکی تیادا بەکار نەهێنێت.
- فۆنتی ١٢ و تایپی (Times New Roman)بەکاربهێنرێت کاتێك تۆێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی بوو. بەڵام لە کاتی نووسین بە ڕێنووسی کوردی وابامشە بە فۆنتی ١٤ و (Unikurd Goran) یان ئەلیکەی سەحیفە(Ali_K_Sahifa) و بە زمانی عەرەبیش فۆنتی(Arial)یان(Courier) بەکار بهێنرێت و نێوان دێرەکانیشی ١. ٥ بێت.
- ئەگەر بابەتی نووسین تۆێژینەوەی زانستی بوو تۆێژەر ناوی خۆی و ئەدرێسی ئیمێلەکەی و ناوی سەرپەرشتیاری تۆێژینەوەکە و دوو ماموستا لە لێژنەی هەڵسەنگاندنی تۆێژینەوەکە لەسەر لاپەڕەی یەکەم لە خوارەوەی ناونیشانی تۆێژینەوەکەدا دەنوسێت. دواتر لە لاپەڕەی دووەمدا، تۆێژەر سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە لە کاتی ئەنجامدانی تۆێژینەوەکەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکاریان کردووە و یارمەتیان داوە. هەروەها سوپاسی تاقیگەو ئەو دەزگایانە دەکات کە لە کاتی ئەنجام دانی تۆێژینەوەکەدا کاری پراکتیکی و کرداری تیا ئەنجام داوە.
- دەست بە جێبەجی کردنی هەنگاوە تیۆری و پراکتیکەیکانی دەکات کە بە کۆرتەی تۆێژینەوە دەست پێ دەکات و بە ڕاسپاردەو پێشنیارەکان کۆتایی دێت.

بۆ نموونە لە پوختەی تۆێژینەوەدا تۆێژەر کۆرتەی تۆێژینەوەکە بەچەند دێرێك دەنوسێت کە لە ٥٠ دێر و نیو لاپەڕە زیاتر نیە، لەگەڵ نووسینی کۆرتەی تۆێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزیلە هەمان لاپەڕەدا بە دوای یەك. ئامانج لە نووسینی کۆرتەی تۆێژینەوە یارمەتی دانی خوێنەرە بۆ ئەوەی بەبێ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی تۆێژینەوەکە بزانیت بابەتەکە چیەو ئەو دەرەنجامانەی بەدەست هاتوون چین، وە چ میتۆدێك بەکارهاهێنراوەو پشت بە چ تیۆرێك بەستراوە.

یان چوارچێوەی تیۆری تۆێژینەوەکە بەسەر دوو یان سێ بەش دابەش دەکات بە جۆرێك هەربەشێکیان ناو نیشانی خۆی هەیە و چەندین لقی جیاجیای لێی دەبێتەوە، لەبەشی یەکەمدا بابەتەکە لە ڕوانگەی چەند تیۆرێك و لەبەشی دووەمدا چەند بابەتیکی پەیوەندار بە گرفتەکەو

www.iqra.ahlamontada.com

لە ڕوانگەی لەبەشی سێیەمیشدا تیرۆنیزمی هەندێك توێژەر تر دەخاتە ڕوو و هەوڵ دەدات ببڕۆکە بنەڕەتیەکان بە جوانی دیاری بکات و پوختەیان بکات.

٢. ٣–دوورکەوتنەوە لە گزیکردن Avoiding Plagiarism

دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و پەیرەوکردنی بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی لە نووسیندا یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی نووسینی ئەکادیمی، بۆیە پێوستە نوسەر لە دەستپێکی کارەکەیدا ورد بێت لە بەکارهێنانی سەرچاوەو ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان لە نێو ناوەڕۆك و لیستی سەرچاوەکاندا، بە پێچەوانەوە ئاماژەنەکردن بە سەرچاوەکان بە مەبەست بیت یان بێ مەبەست هیچ بیانوویەکی بۆ نیەو دەچیتە خانەی ناپاکی و گزیکردنی زانستی. هەروەها پێویستە نوسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پڕۆگرامە ئەلکترۆنیەکانی کانی تایبەت بەئاشکراکردن و و دەرخستنی گزیکردن وەك پڕۆگرامی (Turnitin) و (WriteCheck. com) و (Plagiarism. org) پشکنین بۆ بابەتەکەی بکات و لە دروستی و پاکی نووسینەکەی دڵنیا بێت ئینجا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات.

www.iqra.ahlamontada.com

٣-هەنگاوەکانی نووسینی ئەکادیمی The steps of academic writing

نوسەر لە دەستپێکی نووسین(Prewriting)دا پێویستی بە هەڵبژاردن و دیاریکردنی بابەتی نووسین(Choosing and narrowing Topic)هەیە، بۆ ئەم مەبەستە بابەتێکی گشتی هەڵدەبژێرێت و لە نێو بابەتەکەشدا تەوەرێکی تایبەت دیاری دەکات، دواتر لە نێو تەوەرە تایبەتەکەدا جەخت لەسەر خاڵێکی دیاریکراو دەکات وکاری لەسەر دەکات، دوای هەڵبژاردنی بابەت، نوسەر پێوستی بە ئەنجامدانی کرداری بیربارین (Brain Storming) هەیە کە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت سوود لە سێ ئامرازی گرنگی وەک لیست(list) ونووسینی سەربەست (Free writing)و کۆکردنەوە(Assembly)وەربگرێت وهەرسێ ئامرازەکەش بەیەکەوە بەکار بهێنێت. کە دەشێت لە رێگەی کرداری بیربارینەوە بابەتەکەی بناسێنێت و ڕاڤەو شیکردنەوەی بۆبکات و دووبارە دارشتنەوەی بۆ بکات و هەڵسەنگاندن بۆ بیرۆکەکانی بکات (الكتابة الأكاديمية، مهارات الكتابة الأكاديمية، www. sites. google. com). یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی کە پێویستە نوسەر لە دەستپێکی نووسینی ئەکادیمیدا ئەنجامی بدات بە دەست هێنانی زۆرترین سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراوە کە وای لێ دەکات لە هەر سەرەتاوە بەرچاو ڕوونیەکی باشی هەبێت دەبارەی ئەو بابەتەی لێی دەکۆڵێتەوە.

شێوە(١. ٤)چۆنیەتی هەڵبژاردن و دیاریکردن بابەت لە دەسپێکی نووسینی ئەکادیمی ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی ئەکادیمی کارامەییەکە وەک هەرکارامەیێکی تر بە ڕاهێنان و کار لەسەر کردنەوە گەشە دەکات و پەرەدەستێنێت، ئەمەش پێوستی بە بەرنامەیەکی تۆکمە و ئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی کرداری هەیە، وەک:

١.٣ –پلان دانان Planning

مەبەست لە پلاندانان بە شێوەیەکی گشتی ئامادەکاری و بڕیاردانە لە ئێستا بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو و هێنانەدی ئەو ئامانجانە لەئایندەدا. مروڤ بۆ لە گرتنەبەری هەر کارێك یان پڕۆسەیەك پێویستی بە دانانی پلانی کارکردن هەیە، بۆیە لە دێرزەمانەوە بۆ ئەنجامدانی ئیش و کارەکان و ڕێکخستنی ژیانی پلانی داناوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جۆر وشێوازی جۆراوجۆری پلاندانی داهێناوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا جۆر و شێوازی پلاندانان گۆڕانی بەسەر داهاتووە، چونکە هەر پلانێك دەبێت لەگەڵ سروشتی کارو پێداویستی و داواکارییەکانی سەردەم بگونجێت.

لە ڕووی زمانەوانییەوە پلاندانان (Planning) بریتیە لە دیاریکردن و جێگیرکردنی بڕۆکە لەسەر کاغەز لە شێوەی وێنە یان نووسین بە جۆرێك وێنەو نووسینەکان دیارو ڕۆشن بن و گوزارشتی تەواو لە ئامانج و مەبەستی پڕۆژەیەك لە پڕۆژەکان بکات، نادیاری و ناڕوونی بڕۆکەکانیش لەسەر کاغەز دەبێتە هۆی لێڵی و ناڕۆشنی پلانەکە لە هزردا و بە پێچەوانەشەوە.

لە ڕووی زانستییەوە پلان(Plan) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لە سادەترین پێناسەدا بریتیە لە ئامادەکارییەکی ڕێکخراو بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان و گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا. یاخود بریتیە لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو بە مەبەستی جێبەجی کردنی پڕۆژە یان کارێکی دیاریکراو و بڕیاردان بۆ کارکردن لە ئایندەدا.

پلان(Plan) و پلاندانان(Planning) چەندین جۆرو شێوازیان هەیەو جیاوازیشیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی وەک:

- پڕۆسەی پلاندانان و جۆر و شێوازی پلانەکان بە پێی کات و پڕۆگاردا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.
- جیاوازی پلاندانان بە هۆی جیاوازی کۆمەڵگاکانەوە.
- جیاوازی بنەما ئایدیۆلۆژی و ئابووریەکانی نێوان وڵاتان.

www.iqra.ahlamontada.com

- جیاوازی پسپۆری تویژەر و نوسەران و پێشینەی ئایدیۆلۆژی و فکری و ڕۆشنبیریان.
- جیاوازی میتۆد و هەنگاوەکان و کەرەستەو ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە جیاجیاکان و ڕشتەی جۆراوجۆر لەناو یەک زانستدا (فرج، ۲۰۰۹).

پڕۆسەی پلاندان(Planning)دابەش دەبێت بەسەر چەند پێکهاتەیەک، بە بڕوای وۆتۆن (Wootton) و هۆڕن(Horne)پلاندانان چوار پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

- شیکردنەوەی واقیع (من کێم)
- دەست نیشانکردنی مەبەست (بۆ کوێ بڕۆم)
- دیاریکردنی ئامراز یان کەرەستە (چۆن بڕۆم)
- دیاریکردنی پێوەرەکان (لە کوێ بوەستم)

(Wootton&Horne,۱۹۹۷)

خشتەی ژمارە(۱. ٥)پێکهاتەکانی پلان و پڕۆسەی پلاندانان بە پێی وۆتۆن(Wootton) و هۆڕن(Horne) پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) پڕۆسەیەکی فەرمی و ڕێکخراوەو بە بێ بوونی پلان و دارشتنی پلانێکی گونجاو سەرکەوتوو نابێت، بۆیە لە دەسپێکی نووسیندا تۆیژەر یان نوسەر پێویستی بە دانانی پلانێکی تۆکمە هەیە بۆ کارکردن، یەکەم شت کە پێوستە بیکات دیاریکردنی کاتی دەسپێك و تەواوکردنی نووسینەکەیە بۆ ئەوەی بزانێت لە چ کاتێکدا دەست بە نووسین دەکات و کەی کۆتایی پێ دەهێنێت، دواتر پێویستی بە کۆکردنەوەی کەرەستەو ئامرازی نووسین و خوێندنەوەو هەڵهێنجان و کورتکردنەوەو ڕێکخستنی بیرۆکەکانە، ئینجا دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ نووسین لە شەو ڕۆژدا لەگەڵ دەست نیشانکردنی ڕێگاکانی نووسین لە کاتی دەستنوسی یان تایپکردندا، هەروەها دیاریکردنی شوێنی نووسین ئایا لە ماڵەوە دەنوسێت یان باخچە یان نووسینگە یان قاوەخانە یاخود هەر شوێنێکی تر، پابەندبوونیش بە پلانەکە بە تەواوەتی دەبێتە هۆی ئەوەی نوسەر ئاراستەیەکی دروست و بەرهەمدار لە کارکردندا بگرێت (الموسی، ٢٠١٤).

پلان دانان (Planning)چەندین سوود و گرنگی بۆ نوسەر هەیە، گرنگترین ئەو سوودانە بریتین لە:

- دیاریکردنی ئامانجەکانی نووسین و هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتی نووسین.
- دیاریکردنی ڕێگاو شیوازەکانی نووسین و زاڵ بوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە ئەگەری هەیە بێنە بەردەم پڕۆژەی نووسین.
- دیاریکردنی بیرۆکە بنەڕەتیەکانی بابەتی نووسین بە شێوازێکی ڕوون و تەواو بە جۆرێك لێڵی و نادیاریەك لە بابەتەکەدا بەدی نەکرێت.
- دیاریکردنی هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەت و ڕوونکردنەوەیان.
- هەڵسەنگاندنی بابەتی نووسین و دیاریکردنی ئاستی توانستی نوسەر لە بەدواداچوون و بەردەوامی لە نووسیندا.
- دیاریکردنی هەنگاوە تیۆری و پراکتیکیەکان لە نووسیندا.
- بەکارهێنانی وەك نەخشە ڕێگایەك بۆ دیاریکردنی کاتی دەست پێکردن و تەواوکردنی نووسین.
- سوود وەرگرتن لە کات و ئەنجامدانی پڕۆژەی نووسین بە کەمترین تێچوو.

www.iqra.ahlamontada.com

٢.٣ – نەخشەی هزری Mindmap

دوای پلاندانان لە هەنگاوی سێیەمدا نوسەر پێویستی بە دانانی نەخشەیەکی هزریە. نەخشەی هزری یان عەقڵی(Mindmap) بریتیە لە وێنەیەکی ڕووبەڕووبی لەسەر پارچە کاغەزێکدا تیایدا نەخشەی بابەتەکەو هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە بابەتەکە هەیە دەکێشرێت. نەخشەیەکە لەناو مێشکەوە دەخرێتە سەر کاغەز یان دیوارێك بە شێوەیەك هەموو کات لەبەرچاوەو یارمەتیدەرە بۆ بیرهاتنەوەی ئەو شتانەی کە بیرکەوتنەوەیان قورسە، تەنانەت بە سەیرکردنی نەخشەکە تویژەر هەموو ئەوشتانەی بەیەك جار دەکەوێتە بەرچاو کە ڕەنگە بیرهاتنەوەیان بەیەکەوە سەخت بێت.

چەمکی نەخشەی هزری (Mindmap) لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووبۆ یەکەم جار لە لایەن دەروونزانی بەریتانی تۆنی بوزان[1](Tony Buzan) داهێنرا، دواتر پەرەی پێ داو ڕووبی کردەوە کە وێنەکیشانی هزری کارەکان ئاسان دەکات و فشار لەسەر مێشك کەم دەکاتەوەو چارەسەری زۆرێك لە گرفت و کێشەکان دەکات و هاوئاهەنگیەك لە نێوان مێشك و نەخشەکە دروست دەکات.

---

[1] تۆنی بوزان(Tony Buzan) نوسەرو پەروەردەکاری بەریتانی و مامۆستای یادەوەری و داهێنەری نەخشەی هزری(Mindmap) یەسالی ١٩٤٢ لە لەندەن(London)لە دایك بووە.سالی ١٩٦٣ زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی(University of British Columbia) تەواوکردووەو ڕشتەکانی دەروونزانی و زمانی ئینگلیزی و ماتماتیکی لەو زانکۆیەدا خوێندووە،زیاتر لە ١٠٠ کتێبی دەربارەی عەقڵ و مێشك و فێربوون بڵاوکردۆتەوە،یەکێکە لە وانەبێژە جیهانیەکان و سالی ١٩٩٤ لە لایەن گۆڤاری فۆربس (Forbes)لە نێوان پێنج وانەبێژدا بە یەکێك لە باشترین وانەبێژەکانی جیهان هەڵبژێردراوە، سەرنوسەری گۆڤاری مێنسا(MENSA)ی نێودەوڵەتی بووە، سالی ١٩٧٤پێشکەشکاری پڕۆگرامی داهێنانی نوێ بووە لە کەناڵی بی بی سی (BBC) و خاوەن سایتێکی فەرمیە لەسەر تۆڕی (http://www.thinkbuzan.com).

www.iqra.ahlamontada.com

نەخشەی هزری (Mindmap) چەندین تایبەتمەندی گرنگی لەخۆگرتووە، گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە بریتین لە:

- دروستکردن و بەکارهێنانی ئاسانە و پڕۆسەی فراوانکردن و پۆلینکردنی بابەتەکانیشی تیایدا ئاسانە.
- نەخشەیەکە هەمیشە لەبەرچاوەو دەبینرێت، بەمەش پڕۆسەی بیرهاتنەوەو درککردن بە پەیوەندی نێوان بابەتەکان ئاسان دەکات.
- هۆکارێکە بۆ فراوان بوونی پڕۆسەی بیرکردنەوەو خەیاڵکردن و زیادبوونی چالاکرێتی و بەدەست هێنانی دەرئەنجامی باشتر.
- هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەی تازەو نوێ.
- هۆکارێکی گرنگە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی بابەتەکان و ئەنجامدانی هەنگاوی کرداری (ابراهیم، ٢٠١٤).

نەخشەی هزری(Mindmap) ئامرازێکە بۆ یارمەتی دانی عەقڵ و کەمکردنەوەی باڵەپەستۆ لەسەر عەقڵ ، تەکنیکێکی تازەیە بۆ وێنەکێشانی مەیدانی تۆڕێنەوەو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە بواری تۆڕێنەوەکە هەیە بە شێوەیەك لەسەر نەخشەیەکی کاغەزی سەرجەم لایەنەکانی پەیوەندار بە بابەتەکە دیاری دەکرێت و بە پێی گرنگیان پۆلین دەکرێن، بەجۆرێك:

- وێنەیەکی تەواو دەربارەی بابەتی نووسین دەبەخشێت بە جۆرێك هەر بە سەیرکردنی نەخشەکە نوسەر تەواوی لایەنەکانی پەیوەندار بە بابەتەکەی دەبینێت.
- وێنەیەکی تەواو دەربارەی ئێستای نوسەر دەبەخشێت، لە ڕێگەیەوە دەزانێت ئامانجی چیەو لە کوێ دەست پێ بکات و گەیشتوتە کوێ وئاستەنگەکانی بەردەمی چین.
- وا لە نوسەر یان کەسی تۆڕەر دەکات بتوانێت زۆرترین زانیاری لەسەر نەخشەیەکی کاغەزی کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخات.
- یارمەتی تۆڕەر دەدات بتوانێت هەموو ئەو بیرۆکانەی لە هزرو میشکیدایە بیخاتە سەر کاغەزێك و بیانبینێت.

www.iqra.ahlamontada.com

- یارمەتی تویژەر دەدات بتوانێت هەر هەڵەیەك لە پلانی کارکردنیدا هەبێت ڕاستی بکاتەوەو چارەسەری گونجاو هەڵبژێرێت(فوائد الخرائط الذهنية، www. annajah. net).
- یارمەتی نوسەر دەدات بتوانێت زانیاریەکان بە شێوەیەکی ئاسان کورت بکاتەوە.
- وا لە نوسەر دەکات بە خێرایی زانیاریەکانی بیربکەوێتەوە (الرفاعی، ۲۰۱۳).

نەخشی هزری(Mindmap) ئامرازیکە بە چەندین جۆر و بە بەکارهێنانی چەندین کەرەستەو ئامرازی جۆراوجۆر دروست دەکرێت، دەشێت لە شێوەی دارێك یان هێلکاریەك بە دەست بکێشرێت، یان بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی کۆمپیوتەری وەك پڕۆگرامی(Map-it) یان پڕۆگرامی تری وەك (Mind View) کە پڕۆگرامێکی خۆڕاییە نەخشەکە دروست بکرێت. لەگەڵ ئەوەی پێوستی بابەت نوسەر ناچار دەکات چ ڕێگایەك بۆ دروستکردنی بەکار بهێنێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای بەکارهێنانی پڕۆگرامی کۆمپیوتەری ئاسنتر و خێراترە لە ڕێگای دەستی و چەندین سوودی گرنگی هەیە، وەك:

- بەخێرایی دروست دەکرێت و ڕێك دەخرێت.
- بە ئاسانی فراوان دەکرێت و زیادی و کەمی تیایدا دەکرێت.
- دەتوانرێت بە نەخشەکانی تردە ببەسترێتەوە.
- دەشێت لەگەڵ نەخشەکەدا وێنەو خشتەو گرافیك و هەر ئامرازێکی تری ڕوونکردنەوە بەکاربهێنرێت.
- دەتوانرێت بە پێی پێویست بەسەر چەندین لاپەڕەدا پۆلین بکرێت.
- دەتوانرێت بە ئاسانی بۆ پڕۆگرامەکانی وۆرد(Ward) و پاوەرپۆینت (PowerPoint) وپڕۆگرامەکانی تری وەك(Hypertext Markup Language) بگوێزرێتەوە و لە ڕێگەی ئەو پڕۆگرامانەشەوە چی پێویست وەربگیرێت(Benefits of using Mindview,www. matchware. com).

www.iqra.ahlamontada.com



شێوە(١. ٦)چۆنیەتی دروستکردنی نەخشەی هزری بە بەکارهێنانی پرۆگرامی(Mind View) پوون

دەکاتەوە

نەخشەی هزری(Mindmap)بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت ، وەك بەکارهێنانی بۆ مەبەستی لیکۆلینەوە لە ژیان و بەرهەمی کەسانی تر کە چۆن کاریان کردووە و چ ڕێبازیکیان بۆ کارکردن بەکارهێناوە. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لە شیعری کوردی پێویستی بە کێشانی نەخشەیەك هەیە تیایدا قۆناغەکانی شیعری کوردی بەسەر کلاسیك و ڕومانتیك و ڕیالیزم و شیعری نوێ دابەش کرابێت، دواتر بزافی شیعری کوردی لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکاندا، ئینجا ناوی شاعیرەکان و پۆلێن کردنی شیعرەکانیان بەسەر شیعری نیشتیمانی

www.iqra.ahlamontada.com

و ئایینی و موناجاتات وخۆشەویستی و جوانی سروشت. . تاد. یان لێکۆڵینەوە لەباری دەروونی کۆمەڵێك نەخۆشی تووشبوو بە شیزۆفرینیا و فۆبیاو دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە یەکێك لە سەنتەرە دەروونیەکاندا پێویستی بە نەخشەیەك هەیە تیایدا نەخۆشیە دەروونیەکان بەسەر دڵەراوکێ و خەمۆکی و فۆبیاو شیزۆفرینیا دابەش کرابێت، ئینجا دابەشکردنی هەر نەخۆشیەك لەو نەخۆشیانەو بەسەر لق و جۆرەکانیان و دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بە هەر یەکێك لەو نەخۆشیانەوە هەیە، دواتر دەست نیشان کردنی ئەو بوارانەی کە پێویستە بۆ یەکەم جار کاریان لەسەر بکرێت، بۆ ئەمەبەستەش ژمارە یان ڕەنگ یاخود کێشانی بازنەیەك بە ڕەنگێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت. بەڵام گرنگترین شت لە ئامادەکردنی نەخشەی هزریدا ئەوەیە نابێت ئامازە بەو لایەنانە بکرێت کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە نیە.



شێوە(۱. ۷)هێڵکاری نەخشەی هزری نەخۆشیە دەروونەیەکان ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٣.٣ –خوێندنەوە Reading

خوێندنەوە(Reading) بە مانا گشتیەکەی بریتیە لە هەڵهێنجانی واتاو کورتکردنەوەیان لە بابەتی چاپکراو نوسراوەدا، یان توانستی جیاکردنەوەی هێمای واتاکانە لە بابەتی نوسراوەدا. پرۆسەیەکە بە تەنها لە ناسینی هێماکان(وشە، ڕستە) کورت ناببێتەوە، بەڵکو زنجیرەیەک پرۆسەی عەقڵی و مەعریفی و ویژدانی بەیەکەوە گرێدراوی وەک هەستیاری و بە ئاگایی و درککاری و بیرهاتنەوەو تێگەیشتن و چێژ و هەڵچوونە. بەو واتایە خوێندنەوە پرۆسەیەکی بیرکاری ئاڵۆزە پێك دێت لە ڕاڤەکردنی هێماکان و پەیوەستکردنیان بە واتا، دواتر ڕاڤەکردنی واتاکان بە پێی ئاستی شارەزایەکانی کەسی خوێنەر. کەوابوو خوێندنەوە دوو پرۆسەی بەیەکەوە گرێدراو لە خۆ دەگرێت و بریتین لە:

- پرۆسە میکانیکیەکان Mechanical processes

ئەم پرۆسانە پەیوەستن بە بینین و ئاستی بینینی خوێنەر بۆ پێکهاتەو ڕستەو وشەو پیتی نووسراو لە ڕێگەی کۆئەندامی بینینەوە، هەروەها دەربڕینیان بە یارمەتی کۆئەندامی ئاخاوتن.

- پرۆسە عەقڵیەکان Mental processes

بریتین لە کۆمەڵێك پرۆسەی عەقڵی وەك تێگەیشتنی ڕاشکاوانە و ڕاستوخۆ و تێگەیشتنی بەشەکی ناڕاستەوخۆ و چێژ وەرگرتن و لە خوێندنەوەو ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی بابەت و ڕاڤەکردنی.

خوێندنەوە(Reading) بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی فێرکردنی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە پەرە بە زانست و زانیاریەکانی دەدات و بەهۆیەوە دەتوانێت دەرگا داخراوەکانی زیان بە ڕوبدابکاتەوە. ئامرازی سەرەکی پێشکەوتنی هەر تاك و کۆمەڵگایەکە، کۆمەڵگای خوێنەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و خوێندەوارەو تاکی خوێنەریش تاکێکە بیردەکاتەوەو بەردەوام هەوڵی فێربوونی شتی تازەو بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر دەدات، چونکە خوێندنەوە هۆکاری سەرەکی پرۆسەی بیرکردنەوەیەو بیرکردنەوەش هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنە.

www.iqra.ahlamontada.com

خوێندنەوە(Reading) ئامرازێکی کاریگەری چالاککردنی عەقڵ و جوڵاندنیەتی، لە ڕێگەیەوە توانستە عەقڵی و مەعریفیەکانی مرۆڤ گەشە دەکەن ومرۆڤ باشتر دەتوانێت لە دیاردەکانی دەوروبەری تێ بگات و درک بە پەیوەندی نێوانیان بکات و بە وردەو باوەڕی پۆڵاییەوە بەرەنگاری کێشەو داواکاریە ژینگەییەکان ببێتەوە، لە ڕێگەیەوە کارامەییە خودیەکانی مرۆڤ گەشە دەکەن وهەستی بڕوا بەخۆ بوونی لا زیاد دەبێت، باشتر دەتوانێت دەست نیشانی هەڵبژاردەکانی بکات و لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی شتەکانی دەوروبەری لە یەکتر جیا بکاتەوە و لە زۆربەی کاتدا پشت بە خۆی ببەستێ. مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دەتوانێت پەرە بە زانست و زانیاری و پسپۆریەکەی بدات لەو بوارەی کە کاری تێدا دەکات. لە ڕیگەی خویندنەوەوە دەتوانیت هەنگاو بەرەو نووسین بنێت و بەردەوامی لە خوێندنەوەو خوێندنەوەی زیاتر وای لێ دەکەن ڕۆژ بەڕۆژ باشتر و جوانتر بنوسێت.

لە ڕاستیدا هەنگاوی یەکەم لە دەسپێکی نووسینی ئەکادیمی لە هەر بابەت و پسپۆریەکدا دوای پلاندانان بە خوێندنەوەو بەدەست هێنانی زانیاری لە پسپۆریەکەدا دەست پێ دەکات، ئینجا زانین و ئاشنا بوون بە ڕێگاو شێوازەکانی نووسین. بۆ ئەم مەبەستە نوسەر دەتوانێت سوود لە سەرجەم کەناڵەکان وەربگرێت کە پەیوەندیان بە پسپۆری و بابەتەکەیەوە هەیە. خوێندنەوەی گۆڤاری زانستی و کتێبی ئەکادیمی هۆکاری یەکەمن بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاری و شارەزایی لە پسپۆیەکەیدا پەیدا بکات و کەڵەکەیان بکات و نموونەی ناوازە لە خوێندنەوەو شێوازی نووسینیان وەربگرێت، لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت دەست نیشانی ئەو هۆکارانە بکات کە وا دەکەن بابەتەکە بچێتە خانەی نووسینی ئەکادیمی وشیاوی بڵاوکردنەوە بێت. دواتر دەتوانێت بیرۆکەکان کورت بکاتەوەو یەکیان بخات و شیکردنەوەیان بۆ بکات، دوای خوێندنەوەی هەر بابەتێك یان بڕگەی هەر کتێبێك دەکرێت دەست نیشانی هەندێ ڕستەو چەمکی ڕەسەن بکات بۆ ئەوەی لە نووسینەکەدا بەکاربهێنێت و کەڵکیان لێ وەربگرێت، هەروەها دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی تری نوسراو یان ئەلکترۆنی بۆ ئەوەی بیرۆکەی ترو پێشنیاری تری دەست بکەوێت ولە نووسینەکەدا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

www.iqra.ahlamontada.com

٤.٣ –نووسین Writing

مێژوونووس وکۆمەڵناسی گەورە ئیبن خەلدون(ابن خلدون) لە پێشەکیەکەیدا(المقدمه) دەڵێت:خەت و نووسین لە گرنگترین دامێنانی مرۆڤن و بریتیە لە وێنەو شێوەی پیتەکان بۆ گوزارشت کردن لە وشەو ئەو شتانەی لە ناخی مرۆڤەکاندایە. یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، لە ڕێگەیەوە مەبەستەکانی بۆ دوورترین شوێن دەنێرێت و هاوکاریەکانی پێشکەش دەکات و داوای هاوکاری دەکات، هەورەها لە ڕێگەیەوە هەواڵ و زانست و زانیاری هەمەجۆر وەردەگرێت وشارەزایی و کارامەییەکانی زیاتر دەبێت(إبن خلدون، ٢٠٠٨).

نووسین (Writing) چەمکێکە پێناسەگەلی زۆری بۆ کراوە، بەڵام سەرجەم پێناسەکان لە ناو یەک بازنەدا دەخولێنەوە، ئەویش ڕافەکردنی پڕۆسەی نووسین و چۆنیەتی ئەنجامدانیەتی، پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە تیایدا توانست و لێهاتوویی نوسەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە وێناکردنی بیرۆکەکان و وێنەکێشانیان لە پیت و وشەو ڕستە و پێکهاتەی دروست لە ڕووی زمانەوانیەوە. هەروەها توانست و لێهاتوویی لە بەکارهێنانی شێوازی هەمەجۆر و بیرکردنەوەی قوڵ و خستە ڕووی بیرۆکەکان بە ڕوونی و بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان، دواتر بژارکردن وپێداچوونەو بە پێکهاتەو بیرۆکەکان وکۆنترۆڵکردنی (ربابعه، ٢٠١٦).

نووسین(Writing) جۆرێکە لە توانست و کارامەیی عەقڵی و دەستی که لە یەک کاتدا نوسەر پڕۆسەیەکی داهێنەرانەی گرنگ ئەنجام دەدات، توانست و کارامەیی لە پێکهێنانی جۆرێک لە گونجانی دەروونی لە نێوان چاو دەست و عەقڵ و بیرکردنەوە، چونکە پڕۆسەی بیرکردنەوە پڕۆسەیەکی ئۆتۆماتیکیە لە هەمان کاتدا. بۆیە لە پێناسەیەکی سادەدا دەشێت پێناسەی چەمکی نووسین بکرێت بەوەی بریتیە لە ڕێگایەک بۆ گەیشتن و گوزراشت کردن لە هەستەکان.

نووسین(Writing)پڕۆسەیەکی سەخت وئاڵۆزەوپەیوەندی بە کۆمەڵێک کارامەیی بنەڕەتیەوە هەیە، ناکارامەیی و نەشارەزایی لە نووسیندا دەبێتە هۆی نزمی بابەتی نوسراو و بە نووسینی ئەکادیمی هەژمار نەکرێت، بۆیە مەرجە لە سەرتادا تۆیژەر یان نوسەر بە باشی لەو بابەتە بگات کە لەسەری دەنوسێت و ئامانجی نووسینی ڕوون و ئاشکرا بێت و جەماوەرەکەی بناسێت و بزانێت بۆ کێی دەنوسێت، ناکارامەیی و نەشارەزاییش لە نووسیندا لە زۆربەی کاتدا نوسەر ڕووبەڕووی چەندین هەڵەی زەق و گەورە دەکاتەوە، وەک:

www.iqra.ahlamontada.com

- گەران و لێکۆڵینەوە لە زانیاری فرەمەبەست وکۆکردنەوەیان.
- سەرنەکەوتن لە ڕێکخستنی بابەت و گوزارشت کردن لە ڕوانگەی تەسک و پشتگوێ خستنی پێداچوونەوە بە ڕەشنوسی بەرایی.
- جیاوازی نێوان بابەت و جەماوەر. واتە ئەو جەماوەرەی کە بابەتەکەی بۆ نوسراوە.
- هەڵەی زمانەوانی وەک زۆربڵێی و درێژدادڕی و نووسینی ڕستەی درێژ لە ناو پەڕەگرافدا لەگەڵ نەبوونی یەکیەتی بابەت لە نێوان بەش و لقەکانی ناو بابەتەکەو نەبوونی پێشەکی و کۆتاییەکی گونجاو.
- بەکارهێنانی چەمکی نادیار و ناڕۆشن و پەنابردن بۆ شێوازێکی زمانەوانی نامۆ لە گوزارشت کردندا (نحو کتابة افضل، www. siironline. org).

نووسین(Writing) پەیوەستە بە خوێندنەوەو دوو پڕۆسەی تەواوکەری یەکترن، بەردەوامی لە هەردووە پڕۆسەکەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی زانیاری و شارەزایی و کارامەیی لە نووسیندا. زۆربەی نوسەر و بیرمەندە گەورەکانی جیهانیش لە ئەنجامی خوێندنەوەو نووسینی بەردەوامەوە توانیوویانە ببن بە نوسەری گەورەو چەندین شاکاری بێ وێنە پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن. زاناو دەروونشیکانی ئۆتریشی سیگمۆند فرۆید[٢](Sigmund Freud) پێش ئەوەی دەروونزان و تیۆریست و پزیشک وچارەسەرکاری دەروونی بێت، ئەدیب و نوسەرێکی گەورە بووەو زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوە ونووسین بەسەر بردووە، شەونخوونی لەگەڵ خوێندنەوەو نووسینی بەردەوام نەک تەنها کردوویەتی بە نوسەرێکی گەورە، بەڵکو بۆتە یەکێک لە زانا هەرە گەورەکانی بواری دەروونزانی و دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری کە یەکێک بوو لە دیارترین و کاریگەرترین قوتابخانەی دەروونی لە سەدەی بیستەمدا. نوسەرو

---

[٢] سیگمۆندفرۆید (Sigmund Freud) سالی١٨٥٦ز لە دایک بووەو سالی ١٩٣٩ ز کۆچی دوایی کردووە،دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاریەو لە سالی ١٩٠٠ز لە ئوتریش دایمەزراندووە ،پزیشک و ئەدیب و دەروونزان بووە،لە لێکۆڵینەوەکانیدا جەختی زۆری لە سەر نەست و ڕۆڵی سێکس و پوودواوەکانی پێنج سالّی یەکەمی منداڵی کردووە،چەندین تیۆری داهێناوە لە بواری دەروونزانی و بە کارەکانی خزمەتێکی گەورەی بە بوارەکانی کۆمەڵناسی و ئەدەب و هونەر کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆمان نووسی گەورەی ئەمەریکی ئێرنست هەمنگوای[٣](Ernest Hemingway)پێش ئەوەی تفەنگچی و نیشانە شکێنێکی بێ وێنە بێ، پێش ئەوەی ماسیگرو دەریاوانێك بێ لە قۆلایی دەریاکاندا ڕاوی ماسی بکات، خوێنەر ونوسەرێکی گەورەو بلیمەت بووە، خوێندنەوەو نووسین هاوڕێی هەمیشەیی بووە بە شێوەیەك هەموو ڕۆژی لەگەڵ گزنگی بەیانی لەخەو هەستاوەو دەستی بە خوێندنەوەو نووسین کردووە، تا دواجار توانیوویەتی چەندین بەرهەمی ناوازە لە بواری ئەدەبی چیرۆك و ڕۆماندا پێشکەش بکات و شێوازەکەشی لە نووسیندا ببێت بە یەکێك لە کاریگەرترین و جوانترین شێوازەکانی نووسین لە سەدەی بیستەم.

نووسینی ڕۆتین و بەردەوامی لە نووسیندا دەبێتە وا دەکات نوسەر باشتر و جوانتر بنوسێت بە مەرجێك بۆشایی نەکەوێتە نێوان هەردوو قۆناغی خویندنەوەو نووسین، گرنگیدان بە تاقیکردنەوە لەسەر شێوازی نووسینی جۆراوجۆر و وەرگرتنی ڕاو و سەرنج و پێشنیاری کەسانی پسپۆر وشارەزا لە بواری نووسین دەبێتە هۆی دڵنیایی زیاتر وناسینی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو ناتەواویەکان و باشترکردنی شێوازی نووسین (الموسی، ٢٠١٤).

٣ئێرنست هەمنگوای (Ernest Miller Hemingway) نوسەرو ڕۆمانووسی گەورەی ئەمەریکی هەمەنگوای ساڵی ١٨٩٩ لە خێزانێکی مام ناوەند و باوکێکی پزیشك و دایکێکی مۆزیسیان لە دایك بووە،ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە.لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وەك سەربازێك بەشداری لە جەنگەکە کردووەو دوای گەرانەوەشی بۆ ئەمەریکا وەك پاڵەوانێکی مەزن پێشوازی لێ کراوە.یەکێك بووە لە چیرۆکنوس و ڕۆمان نوسەمەزنەکانی سەردەمی خۆی،لەماوەی ژیانیدا چەندین شاکاری گەورەی نوسیووە، بەناویانگترینیان: مردن لە نێوارەدا (Death in the Afternoon)، لافاوی بەهار(The Torrents Of Spring)، مالئاوایی لە چەك(Goodbye Weapon)، براوە شتێك بەدەست نامێنێ(Winner Take Nothing)،تەپۆلکە سەوزەکانی ئەفریقیا(Green Hills of Africa)،زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێ(For Whom the Bell Tolls).دوایین ڕۆمانیشی پیرەمێرد و دەریا (The Old Man And The Sea)ە کە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی بۆسەر نۆرمەی زمانەکانی جیهان وەگێڕدراوە(Ernest Hemingway,www.biblio.com) لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا لە لایەن مامۆستا شێرکۆ بێکەس کراوە بەکوردی و مامۆستا شوکر مستەفا پێیداچۆتەوە و ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لەچاپی داوە .

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ٥ –پێداچوونەوە Review

پێداچوونەوە(Review)بە دەق بەکێک لە گرنگترین ئەو کارانەی نوسەر دوای نووسینی بابەتە بان بەشێکی دیاریکراوی بابەتەکەی ئەنجامی دەدات و بە دیدیکی ڕەخنەگرانەوە بە بابەتەکەیدا دەچێتەوە، ئامانج لە پێداچوونەوە ڕاستکردنەوەی دەقە لە هەڵەو لادانی چەمک و لێدوانی بێ مانا و ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی ناڕۆشن و هێنانەدی گونجان لە نێوان ڕەگەزەکان و هاوسەنگی و گشتگیدا، پێداچوونەوە ئامرازێکە بۆ باشترکردنی دەق و گەیشتن بە شێوازێکی نایاب لە کۆتاییدا، بۆیە پڕۆسەکە پێویستی بە چەنیدن جار دووبارە کردنەوە هەیە بە مەبەستی دڵنیا بوون لە دروستی ناوەڕۆک و هەڵەی زمانەوانی و خاڵبەندی و پێکهاتەی دەق بە گشتی. لە پڕۆسەی پێداچوونەوەدا نوسەر دەتوانێت سوود لە سەرجەم کەناڵە جیاجیاکی تایبەت بە ڕەخنەو پێداچوونەوە چ نوسراو یان ئەلکترۆنی وەربگرێت، دەتوانێت لە دارشتن و ڕێکخستی ڕستەو بەکارهێنانی یەکەو چەمکو زاراوەکاندا سوود لە شێوازە جیا جیاکانی نووسین وەربگرێت، هەروەها دەتوانێت سوود لە فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیای زمانەوانی وەربگرێت و لە بەکارهێنانی چەمک و واتاو زاراوەکاندا بە شێوەیەکی دروست پشتیان پێ ببەستێت. پێویستە نوسەر کاتی تەواوی بۆ پێداچوونەوە لەبەر دەست بێت، ئەگەر کاتی پێویستی بۆ پێداچوونەوە نەبێت ئەوا لە بنەڕەتدا کاتی گونجاو وپێویستی بۆ نووسین نەبووە، کاتێک نەتوانێت پێداچوونەوە بکات، لە کۆتایی پڕۆسەی نووسین و پێداچوونەوە نوسەر دووچاری ماندووبوون و جۆرێک لەبارودۆخێکی وەستانی هزری بوو و نەیتوانی زیاتر بیربکاتەوەو دوا وشە بۆ بابەتەکەی بنوسێت و بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات، دەشێت کۆمەڵێک ڕێگا بگرێتە بەر کە یارمەتی دەرن بۆ هەڵگەڕانەوەی بارودۆخەکەو ئاراستەگریەکی هێمنانەی باشتر لەگەڵ نووسیندا، وەک:

- بەردەوامی لە نووسین و بڕوا هێنان بەوەی نووسین پڕۆسەیەکی بەردەوام و لەسەرخۆیە هەر بیرۆکەیەک دەبێتە هۆی دروست بوونی بیرۆکەی تر. هەروەها گەڕانەوە بۆ ڕای پسپۆر و کەسانی شارەزا لە بابەتەکەدا و کەڵک وەرگرتن لە تێبینی و بیرویۆچوونەکانیان.
- دەست هەڵگرتن و وازهێنان لە نووسین بۆ ماوەیەکی دیارکراو و دووبارە گەڕانەوەو سەری بە ڕوانگەو دیدێکی تازەو نوێ (نحو کتابة افضل، www. siironline. org).

www.iqra.ahlamontada.com

٦.٣ -پاکنووسی Revision

دوای پرۆسەی پێداچوونەوە بە دەق، دواجار پێویستە توێژەر یان نوسەر بژاری بابەتەکەی بکات و چارەسەری هەر جۆرە کەم و کورتی و ناتەواویەکانی بکات پێش ئەوەی بریارپی کۆتای لەسەربدات و پەسەندی بکات. لە پرۆسەی بژارکردندا توێژەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك بنەماو ڕێنمایی لە نووسینی ئەکادیمیدا، وەك پشت بەستن بە ڕاستی و بەڵگەی زانستی و داهێنان و دوور کەوتنەوە لە وشەی بێ سوود و دووبارەکردنەوەی وشەکان و پەیڕەوکردنی شێوازی کورت بڕی لە نووسیندا و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژە و زاراوەی نامۆ و بوونی یەکیەتی بابەت لەنێوان بەشەکانی دەقدا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانەدا دەشێت سەرجەم کەم وکورتیەکانی نووسینەکەی نەهێلێت وبابەتەکەی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز کە بچێتە خانەی نووسینی ئەکادیمی و شیاوی بڵاوکردنەوە بێت.

پرۆسەی پاکنووسی (Revision) دووبارە خوێندنەوەی بابەت و کۆنترۆڵکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەخۆدەگرێت، بۆیە بە گرنگترین پرۆسە دادەنرێت لە کۆتایی نووسیندا تیایدا نوسەر هەوڵی نەهێشتنی هەڵەو هەموارکردنەوەی بابەتەکە دەدات لە ڕێگەی:

- ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێنوسیەکان کە لە ئەنجامی خێرایی و جەختکردنی زیاتر لەسەر زانیاری ڕووی داوە.
- ڕاستکردنەوەو هەموارکردنەوەی هەڵە زمانەوانیەکان لە دەقدا.
- ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی لە شێوازی نووسیندان. بۆ نموونە لادانی وشەی نەگونجاو دانانی وشەی گونجاو لە شوێنیدا، یان هەموارکردنەوەی ئامراز و پیتەکان و دەربڕینی لاواز وگۆڕین و دارشتنەوەیان بە شێوەیەکی بەهێزتر.
- پێداچوونەوە بە خاڵبەندی و دانانی ئامرازی خاڵبەندی گونجاو لە شوێنی پێویست (خلیل و الصمادی، ٢٠٠٩).
- لادان و سڕینەوەی هەر زانیاریەك لە دەقدا کە پەیوەندی بە بابەتی سەرەکی نووسینەکە نەبێت.
- هەوڵدان بۆ دڵنیابوونی تەواو لە دروستی ناونیشانی بابەت و بوونی یەکیەتی بابەت لە نێوان بەشەکانی دەقدا.

www.iqra.ahlamontada.com

٤-داواکاریە زمانەوانیەکانی نووسینی ئەکادیمی Language requirements of academic writing

زمان(Language) ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و گەیشتن لە لایەن مرۆڤ و ئاژەڵەوە بەکاردێت، بەڵام جیاوازی زمانی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ لەوەدایە، مرۆڤ سەربەستەیەکی تەواوی هەیە و کۆمەڵێك دەنگ بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتن کە بەردەوام لە گۆڕاندان، هەرچی ئاژەڵە کۆمەڵێك دەنگ بەکار دەهێنێت و زمانەکەشی سنووردارە. هەروەها زمان ئامرازێکە بۆ گەیاندن و تاکە ڕێگایەکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پاراستن و گەیاندنی کەلتوور زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

لەڕووی زمانەوانیەوە زمان(Language) وکەرەستەی زمان دەنگە، بەڵام ژمارەی دەنگەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. پێوەرێکی دەنگیە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردێت، بە ڕشتەی وتن و بیستن لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات. یان کۆمەڵێك دەنگ و واتاو ڕێسایە، لێکدانی دەنگ و واتاکان ڕێساکان دروست دەکات و بە هۆی بوونی ئەو ڕێسایانەشە مرۆڤ فێری زمانی تر دەبێت.

لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی(Encyclopaedia Britanica) پێناسەی زمان کراوە بەوەی بریتیە لە گوزارشت کردن لە بیرۆکەکان (Ideas) بە دەنگی ئاخاوتن (Speech- Sounds) کە لە وشەدا کۆدەبنەوەو ڕستەیەك پێك دەهێنن هەڵگری کەرەستەی فیکری بێت. هەروەها پێناسە کراوە بەوەی بریتیە لە توانست و کارامەییەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن و کارلێکردن و فێربوون لە ڕێگای ئاخاوتن و گوێ گرتن و خوێندنەوەو نووسین لە چوار چێوەی سیستەمێکی عەقڵی و دەروونی و سادەو ئاڵۆز لە هەمان کاتدا (Robins & Crystal ,٢٠١٥).

زانایانی بواری زمانزانی هەریەکە لە گۆشەنیگایەکەوە پێناسەیەی زمانیان کردووەو تا ڕادەیەك دیدو تێڕوانیەکانیان بۆ زمان و پڕۆسەی زمانەوانی لە یەکتر جیاوازن، ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستە زانستی و زمانەوانیەی کە هەریەکە لە زمانزانەکان پێڕەویان کردووە لە لایەك، لە لایەکی تر هەرەیەکەیان لە کات و سەردەمێکی جیاواز لە ئەوانی لە زمان و بنەما زمانەوانیەکانی کۆڵیوەتەوە، تەنانەت تا ساتەوەختی ئەمڕۆش نەك ڕایەکی یەکگرتوو بەڵکو جیاوازیەکی زۆر لە نێوان زانایانی بواری زمانەوانی لە تێڕوانیان بۆ سروشتی زمان و

www.iqra.ahlamontada.com

ڕیشەو بنەماکانی فێربوون و وەرگرتنی زماندا هەیەو ناکۆکی و مشت و مڕێکی زۆریان لەسەر ئەو بابەتە لە نێواندا هەیە بە جۆرێك زۆربەی بیرۆراکان دابەش بوونە بەسەر دوو ئاراستە، ئارستەیەکیان پێی وایە زمان خۆرسکەو لە ڕانگەی ئاراستەی تردا زمان وەرگیراوەو مرۆڤ وەك هەر شتێکی تر لە ژینگە فێری دەبێت و وەری دەگرێت، یەکێك لە بەناوبانگرتین ئەو زانایانەش کە لە زمان و بنچینە زمانیەکانی کۆڵیوتەوەو لە لایەن زۆرێك لە هەوادارانی زمان و توێژەرەانی بواری لێکۆلینەوە لە زمان پشت بە بیروبۆچوونەکانی دەبەسترێت زاناو فەیلەسوف و زمانزان و بیرمەندی گەورەی ئەمەریکی نۆم چۆمسکی[1](Noam Chomsky)یە کە پێی وایە زمان بریتیە لە کۆمەڵێك ڕستەی دیاری نەکراو و هەر ڕستەکیش لە کۆمەڵەکەدا دیاریکراوە لە ڕووی درێژیەوەو پێك هاتووە لە کۆمەڵێك ڕەگەزی دیاریکراو. لە کاتێکدا زانایانی تر لە گۆشەنیگایەکی تردا پیناسەی زمانیان کردووە، بۆ نموونە لە ڕوانگەی ڕۆمان جاکوبسۆن (Roman Jacobson)* زمان بریتیە لە سیستمێکی گەیاندنی کۆمەڵایەتی پێك هاتووە لە کۆمەڵێك هێماو گوزاشتی دەنگی کەبە شێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراون، بەو مانایەش زمان

---

[1] نۆم چمسکی(Noam Chomsky) مامۆستای زمان و فەیلەسوفی ئەمەریکی،سالی ١٩٢٨ز لە ویلایەتی پەنسلڤانیا(Pennsylvania) لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایك بووە،میژوونوس و ڕەخنەگرو چالاکوانی سیاسی و یەکیە لە زانا بەناوبانگەکانی بواری لێکۆلینەوە لە زانین و زانستی لۆژیك.مامۆستای زمانەوانی فەخری پەیمانگای ماساچۆستسی تەکنەلۆژیا (Massachusetts Institute of Technology)یە کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠سال کاری تێدا کردووە،زیاتر لە ١٠٠ کتێبی دانسقەی دەربارەی بابەتەکانی جەنگ و ئاشتی و هونەر و زمان و زانستە مرۆییەکان چاپ و بڵاوکردۆتەوە.یەکێکە لە ڕۆشنبیرە هەرە بەرزەکان لەسەر ئاستی جیهان و لە ڕاپرسیەکدا لە سالی ٢٠٠٥ ز بەیەکەم مرۆڤی ڕۆشنبیر لە جیهان ناوزەدکراوە.هەروەها چۆمسکی باوکی زانستی زمانەوانی نوێ(Linguistics talk) و کەسایەتی سەرەکی فەلسەفەی شیکاری (Analytic philosophy) و زۆرێك لە زانستەکانی وەك ژمێریاری و ماشاتیك و دەروونزانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی.

* ڕۆمان جاکوبسۆن(Roman Jacobson) زانای زمانزان و ڕەخنەگری نەدەبی ڕووسی لە تشرینی یەکەمی ١٨٩٦ز لە دایك بووە.یەکێك لە پێشەنگانی قوتابخانەی شێوەکاری ڕووسی(Formalism Russian School) و زمانزانێکی گەورەی سەدەی بیستەم بووە،لە بوارەکانی زمان و شیکردنەوەی پێکهاتەی زمان و نەدەب و شیعر و هونەر چەندین بابەت و بەرهەمی ناوازەی پێشکەش کردووە. لە تەمموزی ١٩٨٢ز کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

شتێکی خۆرسک نیەو وەرگیراوە نەک وەک ئەوەی چۆمسکی بۆی چووە. بەڵام زانای زمانەوانی فردیناند دو سۆسیر[٦](Ferdinand de Saussure) بڕوای وایە زمان سیستمیکی گونجاو هاوڕێکە لە نیشانەو هێمای جیاواز ئامادەیە لە هزری هەر تاکێک لە کۆمەڵدا و بە شێوەی هەڕەمەکی لە ڕێگەی چالاکیە کرداریەکانی وەری گرتووە. هەرچی ئیدوارد ساپیر[٧](Edward Sapir)ە پێی وایە زمان وەک ڕێزمان و زمانی پەتی ڕێگایەکی مرۆیی نا ڕەمەکیە بۆ گواستنەوەی بیرۆکەو هەست و ئارەزووەکان بە یارمەتی سیستمێک لە هێمای وەرگیراو بە شێوەی هەڕەمەکی. جیاوازی نێوان ئەم پێناسانەو دیدو تێڕوانینی هەریەک لە زاناکان بۆ زمان بە ڕۆشنی دیارە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن (الجبوری، ٢٠١١).

لە ڕووی کەلتور و ڕۆشنبیریەوە زمان(Language) دیاردەیەکی ڕۆشنبیریە، چونکە ڕۆشنبیری و کەلتووری جیاوازەکان بە وردی زمان و توانای گوزارشتکردنی ماناکان لەیەکتری جیا دەکرێنەوە، لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە، چونکە زمانی کۆمەڵگا داب و نەریت و بەهاو پێوەرەکان و هەڵچوون و تەنانەت جووڵەی تاکەکانیشی پێک هێناوە.

---

[٦] فردیناند دو سۆسیر(Ferdinand de Saussure) زمانزانی سویسری بەناوبانگ سوسیر سالی ١٨٥٧ز لە ژنیف(Genève)دایک بووە،بە دامەزرێنەری زانستی زمانەوانی نوێ و باوکی قوتابخانەی بونیاتگەری زانستی زمانەکان دادەنرێت،لە بەناو بەناگترین ئەو زانایانە بووە کە گرنگیەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی وەسفی داوە لە بواری زمانەوانی،بڕوای بوو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو لێکۆڵینەوە لە زمانیش پێویستی بە لێکۆلینەوە لە مێژووی مرۆڤ و زمان هەیە،یەکێک بوو لەو زانایانەی گرنگیەکی زۆری بە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی و لێکۆڵینەوە لەو زمانانە داوە،یەکەم زانابوو پێی وابوو لە لێکۆڵینەوەی زمانەکان دەکرێت گرنگی بە زانستی ئامازەکان بدرێت و پێشنیاری ناوی سیمیۆلۆژی (Semiology) بۆ زانستی ئامازەکان کردووە.سالی١٩١٣ کۆچی دوایی کردووە.بەناوبانگترین بەرهەمەکانیشی(Recherche dans la linguistique générale)ە سێ سال دوای مەرگی خۆی لە سالی ١٩١٦ز بلاوکراوەتەوە.

[٧] ئیدوارد ساپیر (Edward Sapir) زانای زمانزان و مرۆناسی ئەمەریکی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی ساپیر،سالی ١٨٨٤ز لە ئەڵمانیا لە دایک بووە،کاتێک منداڵ بووە لەگەڵ باوانی ئەڵمانیایان جێ هێشتووەو بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کردووە،یەکێک بووە لەو زانایانەی بەشداریەکی کارای هەبووە لە بەرەوپێش بردنی زانستی زمانەوانی، گرنگی بە کاریگەری دوولایەنەی نێوان زمان کەلتور داوە،هەوڵی داوە لە پەیوەندی نێوان جیاوازیە زمانەوانیەکان لە لایەک وجیاوازیەکانی وێناکردنی کەسی بۆ جیهانی دەرەوە بکۆڵێتەوە.سالی ١٩٣٩ز کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

لەڕووی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژیەوە زمان و ئاخاوتن وەك هەر دیاردەیەکی وەرووینی و عەقڵی بنەمای فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی خۆی هەیە، کۆنەندامی دەماری ناوەندی و لەگەڵیشیدا کۆنەندامی هەناسەدان بەشدارە لە دروست کردنی دەنگ و ئاخاوتن، واتە لە مێشکی مرۆڤداچەند ناوچەیەکی تایبەت بە لە پڕۆسەی زمان وقسەکردن هەیە و گرنگترین ئەوناچانەش هەردوو ناوچەی بڕۆکا (Broca)و ڤێرنیکا (Wernicke)ن لە مێشکی پێشەوەدا.

زمان(Language)پەیوەستە بە بیری مرۆڤ و یەکەم ئامرازی بیرکردنەوە لە گوزارشتکردندا زمانە، گوزارشتکردن بیرۆکەیەکە دەشێت دابڕێژرێت کاتێك کەسی خوێنەر یان بیسەر بیخوێنێتەوە یان گوێ بیستی بێت و لێی تێ بگات، چونکە بیری مرۆڤ بە بێ زمان تەنها پڕۆسەیەکی ناوەکی و لێڵەو زمانیش بە بێ بیر تەنها زۆربڵێیە، بەڵکو مرۆڤ بە هۆی بیرکردنەوەی ڕووت و کۆنترۆڵکردنی هزرەکانیەوە خۆی لە زۆربڵێی و زۆر وتن و زۆر نووسینی پوچ و بێ مانا دەپارێزێت و هەوڵ دەدات بە وردی گوزارشت لە هزرو بیرەکانی بکات.

لە ڕوانگەی دەروونزانی، زمان(Language) دیاردەیەکی دەروونیە، چونکە زمان بیر و هزرە کاتێك دەگاتە ئاستێکی بەرزی زمانەوانی و لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی دەروونیە کاتێك دەگاتە ئاستێکی بەرزی پێگەیشتن و گوزراشت کردن لە دۆخەکان، یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی گوزارشت کردن لە دۆخە دەروونیەکان زمانی هێماو ئاماژەکانە، بۆ نموونە مامۆستا پەنجەی شایەتمانە دەخاتە سەردەمی تا فەرمان بەسەر فێرخوازەکاندا بکات بۆ ئەوەی بێ دەنگ بن، یان هەندێ وڵات هێمای وەك هەڵۆ و باز دەکەن بە دروشم بۆ ئەوەی بەهێزی خۆیان نیشان بدەن. بەڵام زمانی هونەری بە بەکارهێنانی وێنەو ڕەنگ و مۆزیك و سەما گوزارشتێکی شارستانیانەو مێژوویانەی هەر تاك و گەل و نەتەوەیەکە، هەرچی زمانی زانستی ئەکادیمیە لە گشت زمانەکانی تر دامالڕا و ڕووتترە، چونکە زمانی زانست لە بەرزترین ئاستدا هاوکێشەی ماتماتیکی بەکاردەهێنێت (شکشك، ۲۰۰۸).

لەڕووی زمانەوانیەوە چەنیدن خاڵی هاوبەش لە نێوان نووسینی ئەکادیمی و جۆرەکانی تری نووسین هەیە، بەڵام جیاوازی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی زمانی زاستی و توانستی زمانەوانی وپێکهاتەی زمان و بە هێزی میتۆد و لۆژیکی زمانەوانی لە نووسینی ئەکادیمیدا.

www.iqra.ahlamontada.com

تایبەتمەندی نووسینی ئەکادیمی و سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە لە نووسیندا چەندین داواکاری زمانەوانی هەیە، وەک:

٤. ١- کارامەییە زمانەوانییەکان language skills

کارامەییە زمانەوانییەکانی مرۆڤ بریتین لە چوار جۆر و بەیەکەوە کارامەیی زمانەوانی مرۆڤ پێک دەهێنن کە پەیوەستن بە دروستی هەستەوەرەکان و توانستە عەقڵییەکان و تواستی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی دەست، وەک:

٤. ١. ١-کارامەیی ئاخاوتن Talking skill

ئەو کارامەییە بە پلەی یەکەم پشت دەبەستیت بە بەکارهێنانی زمان و گەروو و دەنگەژێکان و شوێن و دەرچەی پیتەکان لە دەم و زار و دەرهاویشتنی پیتەکان و دروستی دەربڕین و هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە دەنگ و ئاخاوتن و قسەکردن و گەیاندنی زانەکیەوە هەیە.

٤. ١. ٢-کارامەیی بیستن Listening skill

ئەو کارامەییە پشت دەبەستێت بە هەستی بیستن و پەیوەستە بە پێشوازی کردن لە وشەو ڕستەو گوزارشتی وتراو.

٤. ١. ٣-کارامەیی نووسین Writing skill

بریتیە لە کارامەیی بەکارهێنانی پیت و وشەو ڕستەو هێماو ژمارەی وتراو و نووسین و تۆمارکردنیان.

٤. ١. ٤-کارامەیی خوێندنەوە Reading skill

بریتیە لە کارامەیی بینین یان بەرکەوتن لای کەسانی نابینا دەربارەی پیت و وشەو ڕستەو گوزارشت و دەقی نوسراو. ئەو چوار کارامەیە بەشێکن لە کارمەیی فێربوون و توێژینەوەو نووسینی زانستی (الشهرانی، ٢٠١١).

www.iqra.ahlamontada.com



شێوە(١. ٨) کارامەییە زمانەوانیەکان پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٢ – شێوازەکانی گوزارشتکردنی زمانەوانی Styles of linguistic expression

زمان(language) پێکهاتەیەکی ناوێتەییە، وشەکان یەکەی بنچینەیی زمانن کە پێك هاتوون لە ناو و ڕاناو و فرمان و ناوەڵناو و ئامرازەکانی تر. بۆیە لە نووسینی ئەکادیمی لە چوارچێوەی بابەتدا گرنگی دەدرێت بە بەکارهێنانی وشە ودەربڕین و داتاشین و دانانیان بە شێوەیەکی دروست، وەك داڕشتنی ناونیشانەکان و پێکهێنانی بڕگەو ڕستەو بەشەکانی نووسین بە گشتی، جگە لەوە نووسینی ئەکادیمی چەند شێوازێکی تایبەت لە گوزارشتکردنی زمانەوانی هەیە کە خۆی لە بەکارهێنانی وشەو ڕستەو خستنەڕوویان بە شێوەیەکی دروست دەنوێنێت، ئەوەی کە دەقی نوسراوی ئەکادیمیشی لە نوسراوی ئاسایی جیاکردۆتەوە گرنگی دانە بە وشەو وشەکاری و داڕشتنیان بە شێوەیەکی گونجاو (الشهراني، ٢٠١١).

زمان (language) شیرێکی دوو سەرە بەدەست نوسەر، ڕەنگە زمان ببێتە هۆی بەهێزبوونی لۆژیکی تۆێژینەوە و بەرەو دەرنجامی زانستی و بابەتی باوەڕپێکراوی ببات، لە وانەشە بەرەو ئاراستەیەکی هەڵەو خەڵەتێنەری ببات بە شێوەیەك لۆژیکی بێت لە ڕووی ڕوخسارەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك و پەیوەندی لۆژیکیەوە پڕ هەڵەوهەڵەکاری بێت. ئەم بابەتە لە زانستی لۆژیکدا(Science logic) بە هەڵە لۆژیکیەکان(Fallacies) ناو دەبرێت، بەپێوەری زانستی و میتۆدی و لۆژیکیش بریتیە لە بە درۆخستنەوە (Falsification) کە میتۆدیکی ڕەخنەگرانەیە چاودێری لۆژیکی تۆێژینەوە دەکات هەر لە گریمانەکان و پێشەکی تا میتۆد و دەرەنجامەکان وسەرچاوەکان بۆ گەیشتن بە ڕاستگۆی تۆێژینەوەو دڵنیابوون لە دروستی دەرەنجامەکانی. هەندێ جار تۆێژەر ئەم هەلە لۆژیکیانە بێ مەبەست ئەنجام دەدات، بۆیە گرنگە لە زمانی نووسینی دڵنیا بێت و بەرەو هەڵەی لۆژیکی نەیبات (زکور، ٢٠٠٧).

شێوازە زمانەوانیەکان کە لە نووسینی ئەکادیمیدا جۆراوجۆرن و بە گرنگترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر نووسین دادەنرێن، سەبارەت بەو بابەتە نوسەرو بیرمەندی عەرەب جابری(محمد الجابری) لە زنجیرەی کتێبەکانیدا دەربارەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبی و ئیسلامی ئاماژە بە سێ جۆر شێوازی نووسین دەکات:

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٢. ١-شێوازی ڕاگەیاندن Rhetorical Style

پشت دەبەستێت بە شێوازەکانی ڕەوانبێژی و وشەکاری و یاری کردن بە وشەو گوزارشت و واتا فراوانەکانی، ئامانج تیایدا ناسینی جۆر و ئاستێکی دیاریکراو نیە، هەروەها سەلماندنی ڕاستی گریمانەیەکی زانستی و وەلأمدانەوە بە پرسیارگەلی زانستی نیە لە بوارێك لە بوارەکانی مەعریفی و مرۆیی و گەردوونی.

٤. ٢. ٢-شێوازی ناساندن Cognitive Style

بریتیە لە شێوازی زانین (Knowledge) و لێکۆڵینەوە لە کێشەو دیاردەکان وسەلماندن و پۆلێنکردنیان، دەرەنجامەکانیشی شایانی بەکارهێنان و تێگەیشتن و شیکارین.

٤. ٢. ٣-شێوازی سەلماندن Brilliant Style

بریتیە لە شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی بە بەکارهێنانی لۆژیك و ڕێگای میتۆدی زانستی بە مەبەستی سەلماندن یان ڕەت کردنەوەی گریمانەیەکی دیاریکراو، یان وەلأمدانەوە بە پرسیارگەلێکی لۆژیکی و دەرخستنی ڕاستی و شتی لیلّ و نادیار لە بوارێك لە بوارەکانی زیاندا (الجابری، ١٩٨٤، ١٩٨٦).



شێوە(١.٩)شێوازەکانی نووسین بە پێی دیاریکردنی جابری پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٣-جەخت کردن لە دروستی واتا زمانەوانیەکان Ensure the integrity of linguistic meanings

هەر وشە یان دەستەواژەیەك ئەرك و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە پێکهێنانی ڕستەدا و گوزارشت لە یەکێك لەم چوار واتایانە دەکات، واتای یەکەمیان بریتیە لە واتای زمانەوانی (Meaning of linguist) کە سەرچاوەکەی فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیای زمانەوانین. واتای دووەمیان بریتیە لە واتای زاراوەیی یان چەمکی (Meaning of terminology) کە سەرچاوەکەی ئەدەبیاتی مەعریفی پەیوەندار بە بە چەمك و زاراوەکانی بابەتەکەیە. بەڵام واتای سێیەمیان بریتیە لە واتای کرداری (Procedural meaning) کە پەیوەستە بە ئامانجەکانی توێژەر و توێژینەوەو سنوور و میتۆدی توێژینەوە. هەرچی واتای چوارەمیانە بریتیە لەواتای دەقی نوسراو(Meaning of the context of written text) کە پەیوەستە بە واتای گشتی دەقی نوسراو دەربارەی بابەتێکی دیاری کراو.

لەلایەکی تر، هەر وشەیەك دوو واتای هەیە، واتایەکیان ڕاستەقینە(Real meaning) و ئەوتریان خواستراو(Metaphorical meaning)، هەروەها هەر وشەیەك هاوواتای خۆی هەیە یان نزیکن لە یەکتر و لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە هەمان واتا دەبەخشن ، زۆر جار وشەیەك واتای شتێکی دیاریکراو دەدات و دەشێت بۆ شتێکی تری نزیك لەو شتە بەکار بهێنرێت، لە هەمان کاتدا چەندین واتا گوزارشت لە یەك وشە یان دەبڕین دەکەن، مانای وشەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە واتای گشتی ڕستەدا، ڕستەش هەڵگری واتای بیرۆکەیەکە، هەر پەرەگرافێکیش واتەیەك دەبەخشێت. واتاو پەیوەندی واتایی نێوان بەشەکانیشە هێزی واتاداری گشتی بابەتەکە دیاری دەکات و دەری دەخات کە بابەتێکی واتادارو تەواوە. هەروەها هەر بابەتێك لە چوار چێوەیەکی لۆژیکی تایبەت داڕێژراوە پێك هاتووە لە چەند بیرۆکەیەکی یەك بە دوای یەك و تەواوکەری یەکتر و سێ واتای سەرەکی لەخۆگرتووە:

- واتای یەکەمیان پەیوەندی بە مەبەستی نوسەر خۆیەوە هەیە، ئامانجی نووسینی چیە و دەیەوێت چی بە کەسانی تر بگەیەنێت، ڕەنگە نوسەر لە گەیاندنی واتاکە بە پلەیەك سەرکەوتوو بێت و لەوانەشە سەرکەوتوو نەبێت، سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیش لە گەیاندنی واتاکە بە پلەی یەکەم بەندە بە توانستی زانستی و زمانەوانی نوسەر.

www.iqra.ahlamontada.com

- واتای دووەمیان پەیوەندی بە کەسی خوێنەرەوە هەیە کە چۆن لە واتای بابەتەکە دەگات، ئەم تێگەیشتنە بە تەنها ناوەستێتە سەرتوانستی نوسەر و کارامەییە زانستی و فیکری و زمانەوانیەکانی، بەڵکو بەندە بە توانست و کارامەیی خوێنەریشەوە بۆ تێگەیشتن لە واتای بابەت.
- واتای سێیەمیان بریتیە لە ماناى ڕاستەقینەو ئەو ڕاستیانەی بابەتەکەیان پێکهێناوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بەندە بە هەوڵ و کۆششی فیکری و زانستی کەسی نوسەر و کارامەییە فیکری و زانستیەکانی(الشهرانی، ٢٠١١).

هەروەها یەکێکی لە داواکاریە زمانەوانیە گرنگەکانی نووسینی ئەکادیمی بەکارهێنانی چەمک و زاراوەو زمانی ژمارەو هێماکان بە دروستی(Proper use of concepts, terminology language numbers and symbols). چەمک و زاراوەکان لەهەر بابەت و چالاکیەکی مرۆییدا زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی زمانی زانستی لە بوارەجیاجیاکانی زانستی و مەعریفی و جیاوازی جۆری نووسینی ئەکادیمی لەگەڵ جۆریکی تریان. بەکارهێنانی زمانی چەمک و زاراوەکان بە دروستی بەرزی ئاستی زانستی و مەعریفی و کارامەیی و شارەزایی کەسی نوسەر نیشان دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە باشی لە بابەتەکە بگات، لاوازی لە بەکارهێنانیشیان دەبێتە هۆی لاوازی دەرەنجامەکان و ڕەنگدانەوی نێگەتیڤی دەبێت بەسەر بەهای زانستی دەقی نوسراو. لە لایەکی تر، زمان بە تەنها بریتی نیە لە پیت و وشەکان، بەڵکو سەرجەم ژمارە و هێماو کورتکراوەکان و داتا بەیانیەکان و ئامرازە زانستی و زمانیەکان لەخۆدەگرێت کە تۆیژەر یان نوسەر لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکاریان دەهێنێت. بۆیە گرنگە نوسەر یان تویژەری ئەکادیمی توانست و کارامەیی پێویستی لە بەکارهێنانی ئەو زمانەدا هەبێت (الشهرانی، ٢٠١١). لە لایەکی دارشتنی ناونیشانی بەهێز(Strong wording of titles) لە ڕووی زمانەوانیەوە گرنگیەکی زۆری هەیە لە نووسینی ئەکادیمی و پێویستە گوزراشت لە ناوەڕۆک و ئامانج و سنوور و میتۆد و داواکاریە گشتیەکانی بابەتی نوسراو بکات. ناونیشانێکی پوخت وکورت کە سەرجەم یەکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوەو ناونیشانی لقە لاوەکیەکیانیش گونجاو ڕێك بن لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی و بە پێی چوارچێوەو لۆژیکی نووسین دانراوبن.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٤-پێکهێنانی ڕستەو بڕگەی دروست Correct formatting of sentences and paragraphs

بێگومان وشە یەکەی بنچینەیی پێکهاتەی زمانە وهەر وشەیەکیش واتایەکی تایبەت بە خۆ دەبەخشێت، بەڵام مانای وشەکان پەیامێك ناگەیەنن تەگەر لە ڕستەیەکی تەواودا(Useful Sentence)ڕێك نەخرێن، ڕستەش بریتیە لە گوزارشتێکی زمانەوانی واتاو بیرۆکەیەکی سەربەخۆی لەخۆگرتووە، هەروەها سەرەتاو کۆتایی هەیە کە بە ئامرازەکانی خاڵبەندی وەك هەمیشە بەخاڵ کۆتایی دێت. لە نووسینی ئەکادیمیدا کۆمەڵێك ڕستە هەن ڕستەی سەرەکین لەگەڵ کۆمەڵێك ڕستەی لاوەکی یان شیکاری کە پاڵپشتی بیرۆکەو واتای ڕستە دەکەن، بۆیە پێویستە لە دەقی نوسراودا ڕستەکان گونجاو تەواوکەری یەکتر بن، واتە ڕستە دەبێت تەواوکەری ڕستەی پێش خۆی وسەرتایەك بێ بۆڕستەی داهاتوو. هەرچی بڕگەیە (Paragraph) بریتیە لە کۆمەڵێك ڕستەی بە یەکەوەگرێدراو و واتادار، یان بە واتایەکی تر بریتیە لە ڕستەیەکی بابەتی(Topic Sentence) کە لە کۆمەڵێك ڕستە پێك هاتووەو بیرۆکەی سەرەکی(Main Idea) بڕگەیان لەخۆگرتووە. لە هەر بڕگەیەکدا ڕستەی سەرەتا یان دەسپێك و ڕستەی سەرەکی یان لاوەکی و ڕستەی کۆتایە هەیە، هەروەها ئامرازی پەیوەندی و خاڵبەندی لە نێوان ڕستەکاندا هەیە کە هۆکاری گونجان و یەکانگیری و ڕۆشنی بیرۆکەو واتای گشتی بڕگەکەن. ڕێکخستنی لۆژیکانەی ڕستەکان(Logical Order)و بەکارهێنانی وشەو زاراوە کلیلیەکانیش(Key Words) بەڵگەن لەسەر بیرۆکەی بەشی ڕستەکان و بیرۆکەی سەرەکی بڕگە (Hoffman et al,٢٠٠٦).

یەکێکی تر لە داواکاریە زمانەوانیەکانی نووسینی ئەکادیمی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیە بە دروستی(Correct use of splicing tools)، ئامرازەپەیوەندیەکان هەمیشە ڕستەیەك بە یەك دەبەستنەوە یان دەکەونە نێوان دوو ڕستە لە بڕگەیەکدا، هەروەها نێوان بڕگەکان و بەشە جیاجیان و بەشە سەرەکیەکان کە پێك هاتوون لە پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی. بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بە دروستی دەبێتە هۆی گونجان و یەکگرتووی دەقی نوسراو لە یەکەیەکی بابەتی دیاریکراودا، هەروەها جیاکردنەو ڕیزبەندی (Excellence and sequencing) و ڕێکخستن (Organization) و بەراوردکردن (Comparison) و پۆلینکردن (Category) و بەستنەوەی بیرۆکەکان (Linking ideas) بە یەکتر و ئاسانکاری گواستنەوەی بیرۆکەیەك بۆ بیرۆکەیەکی

www.iqra.ahlamontada.com

تر و بەشێك بۆ بەشێكی تر (What is Academic writing, ww w. waylink-english. co. uk).

هەروەها بەکارهێنان و پاریکردن بە کەرەستەوئامرازە زمانەوانیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (linguistic tools for critical thinking) یەکێکی ترە لە داواکاریە زمانەوانیە گرنگەکانی نووسینی ئەکادیمی، توانست و کارامەییە زمانەوانیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (Critical Thinking) گرنگترین توانست و کارامەیی پێویستن لە نووسینی ئەکادیمیدا. بۆیە نوسەر یان توێژەری ئەکادیمی پێویستی بە ئاستێکی بالآی ئەم توانستە هەیە لە پڕۆسەکانی لێکدانەوە و پوختەکردن پێداچوونەوەو بژارکردنی هەموو هەمو ئەو زانیاریانەی گوێ بیستیان دەبێت یان دەیان خوێنێتەوە، ئەویش کەسێکە هەڵگری کارامەیی فیکری و زانستی و زمانەوانیەو توانای لێکدانەوەوپرسیارکردن(Analysis and inquiry)وگومان(Doubt)وپوختەکردن (Revision) و پەیوەستکردن(Connectivity) و پێداچوونەوەی بەردەوام وداهێنانی تازەی هەیە، هەروەها کەسێکە توانای پەسەندکردنی زانیاری و ڕەتکردنەوەو بڕیاردان و هەڵویست وەرگرتنی هەیە لە ڕوانگەیەکی زانستی و زمانەوانی لە چوارچێوەی عەقڵ و لۆژیکدا (الشهرانی، ٢٠١١).

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی دووەم

جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی

Types of Academic Writing

www.iqra.ahlamontada.com

جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی Types of Academic Writing

نووسینی ئەکادیمی بابەتگەلی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، گرنگرتین ئەو بابەتانەی دەچنە خانەی نووسینی ئەکادیمەوە بریتین لە وتار (Essay) و ڕاپۆرت(Report) و کورتەنامەی زانستی (Summary paper)و سانتێز (Synthesise)کورتە توێژینەوە(Mini research paper)و توێژینەوە (Research)وپەرتووکی توێژینەوە(Book research) و پێداچوونەوەی پەرتووک (Book review) و پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پیشوو و (Literature review) وپێداچوونەوەی هاوەڵان(Peer review) وگۆڤاری زانستی(Journal).

شێوە(٢. ١)جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

١-وتار Essay

وشەی وتار، لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر وشەی (المقاله) عەرەبی و (Essay) ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت، ئەم وشەیەش لە بنەڕەتدا لە وشەی(Attempt)ی فەڕەنسی وەرگیراوە، چونکە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٥٧٠ز لە لایەن ئەدیب ونوسەری فەڕەنسی میشێل دو مۆنتێن[٨] (Michel de Montaigne)بەکار هاتووە کاتێک هەوڵی دا بیرویۆچوونەکانی بخاتە سەر کاغەز و بە شێوازێکی زانستیانە گوزارشتیان لێوە بکات.

وتار(Essay)بریتیە لە کورتە نووسینێکی زانستی یان ئەدەبی یان فەلسەفی دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە بیرۆکە یان کۆمەڵێک بیرۆکەی بەیەکەوەبەستراوی لە خۆگرتووە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو. یاخود داڕشتنێکی کورتە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو پێویستی بە شارەزایی و کارامەیی و ئاستێکی باڵای توانستی ڕێکخستن و دەست نیشانکردن ولێکدانەوەو شیکردنەوەی بابەتەکان هەیە. بە واتایەکی سادەو کورت بریتیە لە پارچە نوسراوێکی مامناوەند لە ڕووی نووسینەوە بە شێوازێکی سادەو ساکار دەنوسرێت و تیایدا هەوڵی چارەسەرکردنی بابەتێک لە بابەتەکان درلوە(الرشیدی، ٢٠١٧). یان بریتیە لە دەقێکی نوسراو کە بە دەوری بیرۆکەیەکدا خولاوەتەوەو گفتوگۆی بابەتێکی کردووە، هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە پەیوەستە بە بواری ڕۆژنامەگەری و ئامانجیشی سەرەکیشی بریتیە لە ڕازی کردنێکی فیکری بە ڕێگایەکی هاندەرانەی چێژبەخش نەک هەڵچوونی وێژدانی (زهدی و ابوزید، ٢٠٠٩).

وتار(Essay) لە ڕوانگەی جونسۆن(Johnson) بریتیە لە چوارچێوەکی ئەدەبی کە لەسەر بنەمایەکی ڕێکخراو نە نوسراوە. بەڵام لە ڕوانگەی مۆریە(Moreh)پارچە پەخشانێکی مام

---

[٨] میشێل دو مۆنتێن (Michel de Montaigne):ساڵی ١٥٣٣ز لە شاتۆ دو مۆنتێن () لە فەڕەنسا لە دایک بووەبە پێشەنگی وتاری نوێ لە ئەورپا دادەنرێت و یەکێک بووە لەو نوسەر فەڕنسیانەی زۆرترین کایگەری هەبووە لە بزوتنەوەی ڕێنیسانسی فەڕەنسا.زۆر کاریگەر بووە بە فەیلەسوفەکانی گریکی کۆن بە تایبەت نوسینەکانی ئەرستۆ(Aristotle) .گرنگی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی یۆنانی و لاتینی داوە.لە ماوەی ژیانیدا چەندەها وتاری نوسیوەو سەرجەم وتارەکانی لە سێ بەرگدا بڵاوکردۆتەوە.ساڵی ١٥٩٢ز کۆچی دوای کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

ناوەندە بە دەوری بابەتێکی دیاریکراو یان بەشێکیدا دەخولێتەوە. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی (The British Encyclopedia) پێناسەی وتار کراوە بەوەی بریتیە لە پارچە پەخشانێکی مام ناوەند لە ڕووی کورتبڕی و درێژبڕی کە وانا بەخشە بەو لایەنەی نوسەر لە نزیکەوە لێی دواوەو بە شێوازێکی وا نوسراوە خوێنەر بە باشی و بە خێرایی لێی تێ بگات. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا (Oxford Dictionary) وتار بریتیە لە نوسراوێکی کورت دەربارەی بابەتێکی تایبەت یان لقێك لە لقەکانی بابەتەکە کە بە شێوازێکی ناڕێکخراو سنووردار نوسراوە. هەروەها (محمد عوض محمد)نوسەری کتێبی هونەری وتاری ئەدەبی (فن المقالة الادبية) پێناسەی وتاری بەوە کردووە کە بریتیە لە پارچە پەخشانێك چارەسەری بابەتێکی تایبەت بە نوسەر دەکات (خليل و الصمادي، ٢٠٠٩).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا، وتار(Essay) پارچە پەخشانێکی کورتە تیایدا لێکۆڵینەوە لە بابەتێك دەکرێت بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکان، جۆرێکی تایبەتە لە نووسین کە فۆرمێکی تایبەت بە خۆی هەیەو لە جۆرەکانی دیکەی نووسین جیادەبێتەوە. ژمارەی لاپەڕەکانی کەم و سنووردارەو ناوەڕۆکەکەشی بیرۆکەیەك لەخۆ دەگرێت کە گوزارشت لە ڕای نوسەر خۆی دەکات، گرنگترین ڕەگەزەکانیشی بریتین لە:

- زمان(Language)وتارنووسی پێویستی بەئاستێکی بەرزی زمانەوانی لە بەکارهێنانی وشەو ڕستەو دەستەواژەی زمانەوانی گونجاو و کورت بڕی و مانادارلە نووسین هەیە.
- بیرۆکە(Idea) وتار هەمیشە بە دەوەری ئایدیاو بیرۆکەیەکدا دەخولێتەوەو نوسەر هەوینی بیرۆکەکەی لە ئەزموونی و خۆی و کەسانی دەوروبەری و خوێندنەوەی بەردەوام و ڕۆشنبیری گشتی وەرگرتووە.
- سۆز(Emotion)ڕەگەزیکی تری وتارنووسیە کە زیاتر لە وتاری خودی بەسەر کەسایەتی نوسەر ڕەنگی داوەتەوە نەك وتاری بابەتی(زهدی و أبوزيد، ٢٠٠٩).

www.iqra.ahlamontada.com

١.١- چەمکی وتار لە مێژوودا The essay concept in history

چەمکی وتار(Essay)بە ماناو شێوازی تازە کە پەیوەستە بە بواری پۆژنامەگەری و ئەدەبی و هونەری و زانستی جۆراوجۆر جیاوازە لە چەمک وشێوازی کۆنی وتارنووسین. لەگەڵ ئەوەی هەندێ سەرچاوە مێژووی وتاری کۆن دەگێڕنەوە بۆ فەیلەسوفی چینی کۆنفیشیۆس (Confucius)و فەیلەسوفەکانی گریگی کۆن وەک فیساگۆرس(Pythagoras) و ئەفلاتون (Plato) و ئەرستۆ (Aristotle)، بەڵام زۆربەی سەرچاوە باوەپێکراوەکان سەرتای دەستپێکی وتاریان بۆ دو مۆنتێن (Montaigne) گێڕاوەتەوە و پەیوەستیان کردووە بە ناوی ئەو نوسەرە فەرەنسیەوە، کاتێک لە سەدەی شازدەهەمدا هەوڵی داوە کتێبێک دەربارەی ژیان و ئاکار بنوسێت و تیایدا پشت بە وەرگرتن و بەکارهێنانی کەلەپوور و پۆشنبیری یۆنانی و لاتینەوە ببەستێت. بیرو بۆ چوونەکانشی بە شێوەی پەخشان بڕگە بڕگە دابڕێژێت بە جۆرێک هەر بڕگەیەک بیرۆکە و بۆچوونێکی دیاریکراو بخاتەڕوو. بە سوود وەرگرتن و گەڕانەوەشی بۆ کتێبی کۆن لە کاتی نووسیندا توانیویەتی ناوبانگێکی گەورە پەیدا بکات. مۆنتینی ناوی کتێبەکەی ناوە ئەزموونەکانی مۆنتێنی(Expériences Montaigne)کە یەکەم کاری ناوازەی لەم چەشنە پێشتر لە لایەن هیچ نوسەرێکی تر ئەنجام نەدراوە، بۆیە بە شێوەیەکی بەرفراوان بلاوبۆتەوە و بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و ئیتالی وەرگێڕدراوە. دوای خوێندنەوەشی لە لایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی فرانسیس بیکۆن[١](Francis Bacon)بە ڕادەیەک پێی سەرسام بووەو بۆتە هۆی ئەوەی ئەویش کتێبێکی لەوجۆرە بنوسێت بە ناوی وتارەکان(Essays)کە چەند ئامۆژگاریەکی سیاسی و مۆرالی لەخۆگرتبوو. بیکۆن هەوڵی داوە وتارەکانی بە شێوازیکی وشک دوور لە شێوازی باو بنوسێت، بە سوود وەرگرتن لە شێوازی کۆن و درککردن بە کاری تازەو داهێنانی نوێ توانی تەکانێکی گەورە بە بزووتنەوەی وتارنوسی بدات لە ئەدەب و نووسینی ئینگلیزیدا. لە دوای بیکۆنیش چەندین نوسەر و وتارنوسی تر دەرکەوتن کە ڕۆلێکی گەورەیان هەبووە لە

---

[١] فرانسیس بیکۆن (Francis Bacon) سالی ١٥٦١ز لە لەندەن (London) لە دایک بووە.فەیلەسوف و ئەدیبێکی گەورەو دامەزرێنەری ئاراستەی تاقیکاری نوێ لە زانست و فەلسەفە یە.پارێزەرو سیاسیەتمەدارێکی بێ وینە بووەو چەندین بەرهەمی ناوازەی لە بواره جیاجیاکانی ئەدەب و زانست و فەلسەفەو زماندا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە.سالی ١٦٢٦ز کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

بەرەوەپێش بردنی ئاست و شێوازی وتارنووسین. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی وتار و وتارنوسی بە ڕۆژنامەو بواری ڕۆژنامەگەری تا سەدەی هەژدەهەم پەیوەندیەکی ئەوتۆ نەبووە، بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا نووسینی وتار گۆرانکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینی لە بەر :

- دەرکەوتنی کۆمەڵێك نوسەری گەورە لە بواری وتارنوسی و هەمەجۆری ئەو بابەتانەی کاریان لەسەر کردووە کە تیایدا پشتیان بەستووەو بە دەست نیشانکردنی کێشەکانی کۆمەڵگاو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان نەك تەنها تێڕامانی کەسی و وەرگرتن لە کتێب و سەرچاوەی کۆندا.

- دەرکەوتنی کۆمەڵێك گۆڤاری جۆراوجۆر کە دەرەفەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی وتاریان بۆ نوسەران ڕەخساندووە.

بوونی ئەم دوو هۆکارە بووە وای کردووە وتارنووسین بچێتە قۆناغێکی پێشەکەوتووتر و وتاریش شێوەو فۆرمێکی جیاواز لە قۆناغەکانی پێشووتر وەربگرێت. دیارترین کەڵە نوسەرانی ئەم قۆناغەش ڕیچارد ستیل[10](Richard Steele) و جۆزیف ئەدیسۆن[11](Joseph Addison) بوون، یەکەمیان گۆڤاری تاتلر (Tatler)ی بڵاوکردەوە، دواتر بەیەکەوە گۆڤاری چاودێر(The Spectator) یان دەرکرد کە هەردوو گۆڤارەکە ڕۆلێکی مەزنیان بینی لە گەشەکردنی وتاری نوێ و پەیوەستکردنی وتارنوسی بە بواری ڕاگەیاندن و پێکهێنانی شێوازێکی تازەی وتارنوسی

---

[10] ڕیچارد ستیل (Richard Steele) زاناو سیاسەتمەداری ئێرلەندی (Steele) سالی ١٦٧٢ز لە دوبلن (Dublin) لە دایك بووە.لە خوێندنگاکانی چارلس هاوس و ئکسفۆرد خوێندوویەتی.یەکێك بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی جوزیف ئەدیسۆن و بە یەکەوە گۆڤاری چاودێر (The Spectator) یان دەرکردووە.سالی ١٧٢٩ز لە کارمارسۆن ویلز (Carmarthen Wales) کۆچی دوایی کردووە.

[11] جۆزیف ئەدیسۆن (Joseph Addison) : سالی ١٦٧٢ز لە دایك بووە.شاعیرو نوسەر و ڕۆژنامەنوس و شانۆکارێووە.یەکێك بووە لە بەناوبانگترین وتارنوسەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم وبە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی لە هەردوو بڵاوکراوەی تاتلەر(Tatler) و چاودێر(The Spectato) لەگەڵ ڕیچارد ستیل(Richard Steele)تەکانێکی تازەیان بە بزوتنەوەی وتارنوسی و ڕەخنەی ئەدەبی داوە، سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە، بریکاری وەزیری دەرەوەو بۆ چەندین خول و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بووە،سالی ١٧١٩ز کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

نزیك له خوێنەرەوە. له سەدەی نۆزدەدەهەمیشدا چارڵس لام[١٢] (Charles Lam) و هەندی وتارنوسی تر هەوڵیاندا بە فراوان کردنی بابەت و بواری کارکردنیان لە قاوغی سەدەی پێشووتر دەربچن و تەکانێکی تر بە بزووتنەوەی وتارنوسی بدەن کە بووە هۆی دەرچوونی وتار لە بازنەی ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئینگلیزی و بڵاوبوونەوەی لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپیدا، خێرایی زیان و پێوستی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بە بابەت ڕۆژ بە ڕۆژ بووە هۆی دەرکەوتنی وتاری جیاواز لە بواری جۆراوجۆردا، وەك وتاری سیاسی و وتاری کۆمەڵایەتی و وتاری ڕەخنەیی و وتاری هونەری و. . . تاد (صبیح واخرون، ١٩٩٧).

وتار(Essay)و بزووتنەوەی وتارنووسی بەدرێژایی ڕۆژگار تا سەردەمی ئەمڕۆ بەچەندین قۆناغی گرنگدا تێ ڕەڕیووە، گرنگترین ئەو قۆناغانەش بریتین لە:

- قۆناغی لاوازی وبێ هێزی(weakness) لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە وشەکاری و پەیوەستکردنی وتارنووسی بە کێشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان دراوە.
- قۆناغی چاکسازی(Righteousness)لەم قۆناغەدا گرنگی بە دارشتن ودووركەوتنەوە لە وشەکاری دراوەو بابەتی وتارو وتارنووسیش پەیوەست کراوە بە کێشەو گرفتەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.
- قۆناغی ئازادی(liberation)تیادا گرنگی بە ئازادی وتار و وتارنووسی دراوە.
- قۆناغی سەقامگیری(Straightening)تیایدا وتارو وتارنووسی جۆرێك لە سەقامگیری بەخۆوە بینووە.

---

[١٢] چارلس لام (Charles Lam) سالی ١٧٧٥ز لە ئینگلستان لە دایك بووە.بەکێك بووە لە وتارنووس و ڕەخنە گەورەکانی سەردەمی خۆی.لە بواری ڕەخنەگریدا بە نوسینی نموونەی شاعیرانی درامای ئینگلیزی(Models of English drama poets) ناوبانگی دەرکردووە.بەکێك لە گرنگترین بەرهەمەکانی چیرۆکەکانی شکسپیر (Tales from Shakespeare)ە کە لە سالی ١٨٠٧ز بە هاوبەشی لەگەڵ خوشکەکەی ماری لام(Mary Lamb) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.بەناوبانگترین بەرهەمەکانیشی لە بواری وتارنوسیدا وتارەکانی ئیلیا(Essays of Elia)ن کە کۆی وتارەکانی نێوان سالانی (١٨٢٣–١٨٣٣)ن.سالی ١٨٣٤ز لە لەندەن(London)کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

٢.١ -جۆرەکانی وتار The Types of Essay

وتار و جۆری وتارەکان بە پێی بابەتەکانیان لە یەکتر جیادەکرێنەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وتار دابەش دەبێت بەسەر وتاری ڕامیاری و وتاری کۆمەڵایەتی و وتاری ئابووری و وتاری بازرگانی و وتاری مێژوویی و وتاری سایکۆلۆژی . . تاد. لە ڕووی شێوازیشەوە دابەش دەبێت بەسەر وتاری زانستی و وتاری ئەدەبی. لەڕووی کورتی و درێژیەوە دابەش دەبێت بەسەر وتاری کورت و وتاری درێژ. لە ڕووی هەڵوێستی نوسەرێشەوە دابەش دەبێت بەسەر وتاری خودی و وتاری بابەتی. لە ڕووی هونەرییەوە دابەش دەبێت بەسەر وتاری چیرۆك ئامێز و وتاری نواندن یان شانۆیی و نامەو گەشتنامە. بەڵام لە ڕووی گواستنەوە بۆ جەماوەر دابەش دەبێت بەسەر وتاری خوێنراو وتاری بیستراو و وتاری بینراو (النابلسی، ٢٠٠١). گرنگترین جۆرەکانی وتارەکانیش بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە:

١. ٢. ١- وتاری وەسفی و گێڕانەوە Narrative and descriptive Essay

مەبەست لە وتاری وەسفی، وتارێکە بە شێوەی چەند خاڵێکی کورت و پەیوەست بە یەك نوسراوە، هەمیشە چیرۆکێك یان ڕووداوێکی درستکراوەو لە خەیاڵی نوسەردا تیایدا هونەرو تەکنیکی سەرنج ڕاکێش بەکاردەهێنێت بۆ ڕاکێشانی مەیلی خوێنەرو نزیك کردنەوەی لە بابەتەکە، هەندێ جار چیرۆکی ڕووداوێکە لە ڕابردوودا ڕووی داوە یان ڕەنگە لە داهاتوودا ڕوو بدات. بەڵام وتاری گێڕانەوە وتارێك نیە لە چەند خاڵی کورت پێك هاتبێت، بەڵکو وتارێکی واتارەو پێویستی بە ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنی نێرو تەسەڵی بابەتەکە هەیە. لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی کەس و ڕووداو و شت و مەکەکان لە دەقی وتاری گێڕانەوەدا پێویستی بە توانستێکی بااڵی هونەری نووسین لە بەکارهێنانی وشەو لێکدانەوەی ئاڵۆز هەیە. بۆ نموونە باسکردنی شۆکۆلاتە لە وتاری گێڕانەوەدا پێویستی بە باسکردنی چێژ و لەززەتی خواردنی هەیە، دواتر پێکهاتەکەی (feel) کە لە چی پێك هاتووەو چۆن دروست کراوە، هەروەها کاتێك مرۆڤ هەست بە تام خۆشیەکەی دەکات کە لە بۆنەیەکی خۆشدا دەیخوات. ئامانج لە نووسینی هەردوو وتاری وەسفی و گێڕانەوە پێدانی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای ڕووداوێکە کە نوسەر بینوویەتی یان ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەمەش پێویستی بە تەرخان کردنی برگەکانی بەشی دووەمی وتارەکەیە بۆ باس کردنی وێنەی شوێن و ڕووداو کەسەکان.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٢. ٢- وتاری ڕوونکەرەوەیی Persuasive Essay

لەم وتارەدا نوسەر کێشەیەك دەخاتە ڕوو و لێی دەکۆڵێتەوە، وەك خستنەڕووی تیۆرێك یان بابەتێك لە بابەتەکان کە پێوستی بە ڕوونکردنەوەی تێروتەسەلی بابەتەکەو هێنانەوەی کۆمەڵێك نموونەی ڕۆشن هەیە لە ڕوونکردنەوەدا، هەندێ جار نوسەر لە خستنەڕووی نموونەکاندا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە تەوەری سەرەکی و گفتوگۆ و لێکدانەوەی زیاتری لەسەر دەکات، بەڵام لە زۆربەی کاتدا ئامرازی پێوانەکردن بەکار دەهێنێت بۆ پێوانکردنی ئەو بابەتەی لێی دەکۆڵێتەوە (المقال وانواعه، منتديات غيوم الثقافية، www. ghyoom. net).

وتاری ڕوونکەرەوەیی زۆرجار بە وتاری بەڵگەنامەیی(Argumentative essay) ناو دەبرێت، چونکە نوسەر تیایدا هەوڵ دەدات بە شێوازیکی ڕوون و لۆژیکیانە وتارەکەی بنوسێت و بە بەڵگەو داتای ئاماری ڕاکانی بسەلمێنێت و باوەڕ بە خوێنەر بهێنێت ئەو دەرنجامانەی بە دەستی هێناوە ڕاست و دروستن. زۆربەی ئەو وتارانەی لە بواره جیاجیاکانی زانستی و بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسیدا دەنوسرێن دەچنە خانەی ئەو شێوازەی وتارنووسین.

١. ٢. ٣- وتاری شیکاری Expository Essay

لە وتاری شیکاریدا بابەتێك شی دەکرێتەوە بۆ چەند ڕەگەزێکی جۆراوجۆر تیایدا نوسەر هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان دەخاتەڕوو و لە بڕگەیەك یان دوو بڕگەدا گفتوگۆ و لێکدانەوەیان لەسەردەکات. ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەم شێوازەی وتارنووسیندا شیکردنەوەو ڕافەکردنی ڕاستی ڕوداوێك یان چیرۆکێکە لە ڕێگەی بەراوردکردن و ڕافەکردن و شیتەڵکردن و باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٢. ٤- وتاری ڕەخنەیی Critical Essay

لە وتاری ڕەخنەییدا شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی یان زانستی یان هونەری دەکرێت، تیایدا نوسەر بابەتەکە دەخاتەڕوو وبە تێر و تەسەلی ڕاڤەو شیکردنەوەی بۆ دەکات و هەڵیدەسەنگێنێت. ئامانج لە نووسینی ئەم وتارە هۆشیارکردنەوەی خوێنەرە بە گرنگی بابەت و یارمەتیدانیەتی بۆ خویندنەوەو تێگەیشتنی زیاتر لە بابەت و ناوەڕۆکی بابەتەکە.

١. ٢. ٥- وتاری بەراوردکاری Comparative Essay

وتاری بەراوردکاری(Comparative Essay) وەک بە ناوەکەیەوە دیارە وتارێکە تیایدا بەراوردی نێوان بابەتێک یان کۆمەڵێک بابەت دەکرێت. لەم وتارەدا نوسەر بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری تازە لە ڕێگەی بەراوردکردنەوە لایەنە لێکچوو و جیاوازەکانی دوو بابەت یان کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندار بە بوارێکەوە دەردەخات ولێکدانەوەو شیکردنەوەی تێرو تەسەلیان لەسەر دەکات. ئەم بەراوردکرنە هەندێ جار لە نێوان دوو بابەت و هەندێ جاری تر لە نێوان کۆمەڵێک یەکەی گشتی پەیوەندار بە بوارێکی دیاریکراودەکرێت، وەک تیۆرەکان و توێژینەوەکان و کۆمپانیاکان و زانکۆکان و ستراتیژیە ڕامیاریەکان و. . تاد.

١. ٢. ٦- وتاری پیشەیی Career Essay

ئەم وتارە ئەرکێکە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک یاساو ڕێساو داواکاریدا ئەنجام دەدرێت تیایدا پشت دەبەسترێت بە کۆکردنەوەی زانیاری دروست و ڕاستی بابەتی و پێشکەشکردنیان بە لایەنی پەیوەندار. ئەم وتارە جیاوازە لەسەرجەم وتارەکانی تر بەوەی دەربڕی هەست و بیروڕاکانی نوسەر نیە، بەڵکو ئەرکێکە جێبەجێی دەکات لەسەر داواکاری یان ئاراستەکردنی لە لایەن دەزگایەک کە کاری تێدا دەکات، یان کۆمەڵێک کەس کە بەیەکەوە لە بوارێکدا کار دەکەن بە ئامانجی وەرگرتنی بریاری گونجاو دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کارو چالاکی بە ناوەندی کار لەسەر داواکاری ناوەندەکە، یان پێشکەشکردنی ئەزموونێکی زانستی، یاخود پرۆپۆزەلێک بە ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بابەتێک و بە پێچەوانەشەوە پێشکەشکردنی ناوەندەکە بە کەسی نوسەر بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٢. ٧- وتاری ڕۆژنامەگەری Journal Essay

وتاری ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو وتارانەی زیاتر لە هەموو وتارەکانی تر بە خوێنەر دەگات، چونکە نوسەر کەرەستەو زانیاریەکانی وتارەکەی لەو واقیعەی تێیدا دەژیت کۆدەکاتەوەو پێشکەش بە خوێنەری کۆمەڵگاکەی دەکات. بۆ نموونە پێشکەشکردنی زانیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری وڵات و ناوچەکە بە خوێنەر بە پشت بەستن بە زانیاری ڕاست و دروست بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئاکەکانی کۆمەڵگا بەو زانیاریانە. ئامانج لە نووسینی وتاری ڕۆژنامەگەری کورتبڕی و درێژبری نیە، یان کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و پێشکەشکردنیان نیە، بەڵکو مەرجی بنەڕەتی لە نووسین و ئامادەکردنیدا دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ڕوانگەی قوڵ و قوڵبوونەوەیە لە زانیاری و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، هەروەها پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی نووسین و گرنگی دان بە شێوازی سەرنج ڕاکێشانە بۆ ڕازیکردن و باوەڕهێنانی خوێنەر بە ناوەڕۆکی وتارەکە (المقال وانواعه، منتديات غيوم الثقافية، www. ghyoom. net).

١. ٢. ٨ -وتاری خودی Self- essay

وتاری خودی(Self- essay)جۆرێکە لەوتار ناوەڕۆکەکەی گوزارشت لەکەسێتی و بیرکردنەوەو هەست و سۆز و ناخی کەسی وتارنووس دەکات، بابەتێکە پێوستی بە کۆمەڵێك کارامەیی تایبەتی وەك پێگەیشتن و توانستی خوێندنەوەی بیری خوێنەرو کارمەیی بیکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەیە(Michael,٢٠١٧).

١. ٢. ٩ - وتاری بابەتی Objectivity essay

جۆرێکە لەوتار تیایدا نوسەر بە شێوەیەکی بابەتی و زانستیانە لە بابەتێك دەدوێت، هیچ جۆرە لایەنگریەك بۆ لایەنێکی بابەتەکە دەرنابڕێت و ڕاو سەرنجەکانی بە بەڵگەو داتای سەلمێنراو پشت ڕاست دەکاتەوە(Types of Essays,Time٤writing,www. time٤writing. com).

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٢ –هەنگاوەکانی نووسینی وتار The Steps of writing Essay

نووسینی وتار لە هەر بابەت و بوارێکدا پێوستی بە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ هەیە، وەك:

١. ٢. ١– دەست نیشانکردنی بابەتی نووسین Select the writing topic

هەنگاوی یەکەم لە نووسینی وتاردا دەست نیشانکردنی بابەتی نووسینە،بۆیە پێویستە نوسەر ورد بێت لە دیاریکردنی بابەت و زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی بابەتەکە و ڕەچاوی ئەوە بکات جێی ڕەزامەندی خوێنەرەکانی دەبێت. هەروەها پێویستە خۆی لە درێژدڕی وکۆکۆدنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتەکە بپارێزێت، بەڵکو گرنگی بە قوڵبوونەوەی لە بابەت و شیکردنەوەو ڕافەکردنی زانستیانەی بابەتەکە بدات. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان برۆا بەخۆبوون و لوتبەرزی لە وتارێکی کورتدا بە تەنها پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی برۆا بە خۆبوون و لوتبەرزی نیە، بەڵکو پێوستی بە قوڵبوونەوە لە بابەت و ڕافەکردنی زانستیانەو دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو خاسیەتەکە بە بەڵگە هێنانەوەی زانستی هەیە.

١. ٢. ٢– ئامانجی وتار Objective of the Essay

وتار زمانی دواندنی خوێنەرە بە بێ دەنگی، ئەم زمانەش پێوستی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەو گفتوگۆ و بەڵگەهێنانەوەو هونەری ڕازی کردنی خوێنەرەوە هەیە. بۆیە پێویستە نوسەری وتارنوس پێش دیاریکردنی ناونیشانی بابەت بزانێت ئامانجی چیە لە نووسینی وتارەکەیدا و چۆن دەینوسێت و بۆچی دەینوسێت و بۆ کێ دەینوسێت؟ دوای دیاریکردنی ئامانج و ڕۆشنی ئامانجەکەشی کە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی سەرکەوتن لە نووسیندا دەتوانێت هەنگاو بەرەودیاریکردنی ناونیشانی وتارەکە بنێت.

١. ٢. ٣– ناونیشانی وتار Title of Essay

ناونیشانی هەر وتار یان بابەتێك گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکات، گرنگیەکەی لەوەدایە کە یەکەم دەرچەیە چاوی خوێنەر بکەوێتە سەری و لە ڕێگەیەوە بزانێت ناوەڕۆکی وتارەکە چی لەخۆ گرتووە. بۆیە پێویستە ناونیشانی وتار ڕوون و دیاریکراو بێت و گوزارشتی

www.iqra.ahlamontada.com

تەواو لە ناوەڕۆکی وتار و سەرجەم پەکەکانی وتارەکە بکات. گرنگە ناونیشانی وتار لەسەرەتای نووسیندا دیاری بکرێت نەک دوای نووسینی وتارەکەو ئامانجەکەشی بەرەو چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو بێت نەک کۆمەڵێک کێشەو گرفتی تێکهەڵکێش بە جۆرێک خوێنەر تووشی مەلەل و بێ ئاقەتی بکات.

١. ٣. ٤- چوارچێوەو پلانی وتار Structure and plan of the Essay

دوای دانانی ناونیشان، پێویستە نوسەر چوارچێوەی گشتی وتارەکەی دیاری بکات، وەک چۆن نژیار بۆ دروستکردنی خانوو یان ئەپارتمانێک لە سەرەتادا پێوستی بە نەخشەو دیزاینێک هەیە بۆ ئەوەی خانووەکەی لەسەر دروست بکات، بە هەمان شێوە نوسەریش لە دەستپێکی نووسیندا پێوستی بە دانانی نەخشە و پلان و چوارچێوەی وتار هەیە.

وتار بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە سێ بەش، ئەوانیش بریتین لە پێشەکی (Introduction) و ناوەڕۆک (Display) و کۆتایی(Conclusion). لە پێشەکیدا نوسەر گرفتی بابەتەکە دەخاتەڕوو و ئامانج و گرینمانەکانی ڕوون دەکاتەوە. لە ناوەڕۆکدا دەرئجامەکانی دەخاتەڕوو و هەوڵی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیان دەدات. لە کۆتاییشدا جەخت لەسەر دەرەنجامەکانی دەکات و هەوڵی پشت ڕاستکردنەوەیان دەدات. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە گرفتی (ناپاکی هاوڕێیەتی) پێویستی بە گەڕان بە دوای هەموو ئەو زانیارییانە هەیە کە پەیوەندیان بە گرفتەکە هەیە، وەک:

- تایبەتمەندی کەسایەتی ناپاک و کەسی بێ مۆڕاڵ و لاواز لە ڕووی کەسایەتیەوە.
- پەیوەندی ناپاکی بە شێوازی پەروەردە
- پەیوەندی ناپاکی بەسیفەتەکانی تری وەک درۆکردن و دزی و دەستبڕی.
- پێگەی ناپاک لە کۆمەڵگادا.
- چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی ناپاک و دیاردەی ناپاکی.
- جۆرەکانی ناپاکی و ناسینی کەسی ناپاک.

دوای چاوخشاندنێکی خێرا پێویستە سەرجەم ئەو یەکانە لە گرووپی پەیوەست بەیەکدا بکاتەوە لەگەڵ دانانی ناونیشان بۆ هەرگرووپێک ، وەک:

www.iqra.ahlamontada.com

- تایبەتمەندیەکانی کەسی ناپاک کە بیرۆکەکانی ٦، ٣، ١ لەخۆ دەگرێت.
- ناپاک لە کۆمەڵگادا کە بیرۆکەکانی ٥، ٤، ٢ لەخۆ دەگرێت.

دوای دیاریکردنی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە کە بریتیە لە ناسینی کەسایەتی تاکی ناپاک و تایبەتمەندیەکانی و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیت نوسەر دەست دەکات بە نووسینی پێشەکی وتارەکەی (مرۆڤی بێ مۆرال کۆمەڵێك سیفاتی لەخۆ گرتووە لەوانە ناپاکی کە سیفەتێکە پێیەوە دیارەو لە ناو کۆمەڵگاشدا بەو سیفەتە دەناسرێتەوە). دواتر نوسەر لە ناوەڕۆکدا هەوڵی خستنەڕووی بابەت و دەرەنجامی بابەتەکەی دەدات (تایبەتمەندیەکانی کەسی ناپاک، ناپاک لە کۆمەڵگادا). لە کۆتایشدا کورتەی دەنجامەکانی پێشکەش دەکات و بە تێرو تەسەڵی دوا گفتوگۆ و لێکدانەوەیان بۆ دەکات(المقال وانواعه، منتديات غيوم الثقافية، www. ghyoom. net).

١. ٣. ٥- نووسینی وتار Essay writing

لەو قۆناغەدا نوسەر پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکات پێوستی بە پێداچوونەوە بە چەند شتێکی گرنگ هەیە:

- دڵنیابوون لە دیاریکردنی بابەت و ئامانج و ناونیشانی بابەت و تێکەڵ نەکردنی لەگەڵ بابەتی تر. هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەت لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی پەیوەندیان بە بابەتەکەوەو هەیەو گەڕانەوە بۆ ڕای کەسانی شارەزاو بە ئەزموون لە بابەت و شێوازەکانی وتارنوسی.
- دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ نووسینی وتار وهەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم کەرەستەو ئامرازەکانی پێویست بۆ نووسین و دابەشکردن و پۆلێنکردنی زانیاریەکان بەسەر بەشەکان و لقە بەشەکاندا بە گوێرەی ئەو پلانەی کە دانراوە.
- دەست کردن بە نووسینی ڕەشنوسی یەکەم دواتر هەڵەچنی و پێداچوونەوە بە وتارەکە بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی زانیاریەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووسی و زمانەوانی و دانان و ڕیزبەندی کردنی ئەو سەرچاوەکان لە لیستی سەرچاوەکاندا

www.iqra.ahlamontada.com

- دیاریکردنی کەرەستەو ئامرازەکان لە پاشکۆدا کە لەناو ناوەڕۆکی وتارەکەدا جێگەیان نابێتەوە(Comment écrire un essai ?,www. edilivre. com).

٢-ڕاپۆرت Report

ڕاپۆرت(Report)بریتیە لە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی فەرمیانەی کۆمەڵێك زانیاری تایبەت دەربارەی بابەت یان گرفتێکی دیاریکراو بە شێوازێکی تێرو تەسەل و ئاسان چ بە شێوەی زارەکی یان نوسراو، ناوەڕۆکەکەشی ئەو زانیاریانەی لە خۆ گرتووە کە پێویستە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندا بکرێت (فن إعداد التقارير وكتابتها، www. stop٥٥. com). یان بەڵگەنامەیەکی نوسراوە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە ئامانجی گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری و چەند ڕاسپاردەیەکی نوسەر بە لایەنی پەیوەندار. یاخود خستنەڕووی کۆمەڵێك زانیاری و ڕاستی پەیوەندارە بە بابەت یان کێشەیەکی دیاریکراو شیکرنەوەو ڕافەکردنی زانیاریەکان بە شێوازیکی ئاسان و هەڵهێنجانی دەرەنجامەکان و خستنە ڕووی چەند ڕاسپاردەیەکی گونجاو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامانە. هەندێ جار پێناسە دەکرێت بەوەی وەسفێکی تێرو تەسەل ئەو گفتوگۆیانەیە کە لە دانیشتنێکدا کراوە، یان کۆمەڵێك زانیاری و سەرنج و پێشنیارە دوای وردبینی و لێکۆڵینەوە لە بابەت یان گرفتێکی دیاریکراو.

ناوەڕۆکی ڕاپۆرت(Report)لە هەر بوارێکدا سێ بەش لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی لەگەڵ پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکاندا. لە پێشەکیدا نوسەر ئامانجی ڕاپۆرتەکە و بەشەکانی دەخاتەڕوو، لە ناوەڕۆکدا ڕافەی تێرو تەسەلی بابەتی ڕاپۆرتەکە دەکات، لە کۆتایشدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخاتەڕوو. هەرچی بەشی پاشکۆیە لە کاتی پێویستدا بە مەبەستی هاوپێچ کردنی بەڵگەنامەو وێنەو گرافیك و خشتەی ڕوونکردنەوە دادەنرێت بە جۆرێك لەناو ناوەڕۆکدا جێگەیان نەبێتەوەو یارمەتی خوێنەر بدەن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕاپۆرتەکەدا. لە لیستی سەرچاوەکانیشدا بە شێوەی ڕیزبەندی ناو و زانیاری تەواو دەربارەی سەرجەم ئەوسەرچاوانەی لە نووسینی ڕاپۆرتەکەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە دەنوسرێت.

www.iqra.ahlamontada.com

راپۆرت(Report) و جۆری راپۆرتەکان گرنگیەکی زۆریان لە ژیانی پیشەیی و بژێوی و کرداری مرۆڤدا هەیە، بە ئامرازیکی گرنگی پەیوندیکردن و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و چاودێری کردن و هاوکاری و پلان دانان دادەنرێت.

٢. ١-جۆرەکانی راپۆرت The Types of Report

راپۆرت(Report)یەکێکە لەو بابەتانەی لە بوارگەلی جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت، شێوەی بەکارهێنانیشی لە هەر بوارێکدا جیاوازە لە بوارەکانی تر، ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی نێوان راپۆرتەکان لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆك وکاتی دەرچوون و ئامانج و هێنانەدی پێوستیەکانی خوێنەر و سوود لێ وەرگرتنی. بەڵام راپۆرتەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای کات و ئامانجی راپۆرتەوە پۆلین دەکرێن. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین جۆری راپۆرتەکانن:

٢. ١. ١- راپۆرتە خولیەکان Periodical Reports

راپۆرتەخولیەکان، راپۆرت گەلێکن لە چەند کاتێکی دیاریکراودا دەنوسرێن، نووسین و ئامادە کردنیشیان هەمیشە بەندە بە یاساکان و سیستمی کارکردنەوە. گرنگترین ئەو راپۆرتانەش بریتین لە راپۆرتی ڕۆژانەو راپۆرتی هەفتانەو راپۆرتی مانگانەو راپۆرتی وەرزی و راپۆرتی شەش مانگەو راپۆرتی سالانە. نووسین و دیاریکردنی کاتی دەرچوونیشیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری وەك:

- ئاست و پلەی هەستەوەری بابەت و کاریگەری لەسەر هەندێ چالاکی.
- ئاستی پێویست بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی خێرا بە مەبەستی ڕاستکردنەوە.
- نەگۆری پەیوەندی بابەتی راپۆرت بە بابەتەکانی تر کە پەیوەندیەکی خولی جێگیرەو لە توانای دامەزراوەدا نیە بیگۆڕێت.
- ئارەزوو و پێداویستیەکانی بەڕێوەبەرایەتی.
- یاساو ڕێساکان(فن إعداد التقارير وكتابتها، www. stop٥٥. com).

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ١. ٢- راپۆرتی تایبەت Special Report

راپۆرتە تایبەتەکان کاتی دیاریکراویان نیەو لە چەند کاتێکی جیاجیادا بەپێی پێویست دەنوسرێن. بۆ نموونە لەکاتی ڕووداوێکی کتوپڕ لە وڵاتدا، وەک هەرەس هێنانی ئابووری و کورتی هێنانی بۆجە، یان لە کاتی پەککەوتنی ئامێری کارگەیەک، یاخود ڕووداوی گرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورەی ناکاوا. ئەم راپۆرتە زۆرجار بە راپۆرتی ناکاو(Sudden Report) ناودەبرێت، چونکە پەیوەندی بەو کارە نائاسایانەوە کە بە دەگمەن ڕوو دەدەن و پێویستیان بە بەدواداچوون و چارەسەری دەست بە جێ و فەوری هەیە.

٢. ١. ٣- راپۆرتی بەدواداچوون Follow-up reports

ئەم راپۆرتە لە کاتێکدا دەنوسرێت کە بەدواداچوون بۆ کارێك یان بەرنامەیەك یان پڕۆژەیەکی جێبەجێکراو بکرێت بە ئامانجی ڕاستکردنەوەو هەمواركردنەوەی پلانی بابەتی و دووبارە ڕێکخستنەوەو دابەشکردنەوەی کەرەستەو ئامرازەکانی کار. بۆ نموونە پڕۆسەی بەراوردکردنی ئەنجامی پڕۆژەیەك لەگەڵ ئامانجی بڕیار لەسەر دراو لە پلانی پێشوەختەی پڕۆژەکە و ڕوونکردنەوەی لادان و شیکردنەوەو دیاری کردنی هۆکاری لادانەکان. دواتر خستنەڕووی جیاوازیەکان لە خشتەیەکی بەراوردکاری کە لە دوو خانە پێك هاتووە، خانەی یەکەم ئاستی ئێستا(Actual) نیشان دەدات و بە هێمای (A) دەنوسرێت و خانەی دووەم ئاستی پێشبینیکراو لە پلاندا(Planned) نیشان دەدات کە بە هێمای (P) دەنوسرێت.

١. ١. ٤- راپۆرتی زانیاری Information Report

راپۆرتی زانیاری زۆر جار بە راپۆرتی هەواڵی(News Report)ی ناودەبرێت بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداو یان هەڵوێستێکی دیاریکراو دەنوسرێت. ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە ڕوانگەی ڕاپۆرت نوس لەخۆدەگرێت لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر کۆمەڵێك ڕاستی و زانیاری دروست دەربارەی پڕۆژە یان ڕووداوێك بە ئامانجی وەرگرتنی بڕیاری پێویست دەربارەی پڕۆژەکە. بۆ نموونەی پێشکەشکردنی راپۆرتی زانیاری ناوەندێکی توێژینەوە بە لایەنی بەرپرس بە مەبەستی ئاگاداکردنەوەیان لە دەرنجامی کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەندار بە بوارێکی دیاریکراو.

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ١. ٥- راپۆرتی توێژینەوە Research Report

ئەم راپۆرتانە، بریتین لە راپۆرتی ئەو توێژینەوانەی لە ناوخۆی دامەزراوەیەك یان دەرەوەی دامەزراوەكە ئەنجام دەدرێن، لە زۆربەی كاتدا لە لایەن چەند كەسێكی بەرپرس لە دەزگاكە دەنوسرێن و هەندی جاریش لە لایەن كەسانێكی پسپۆر لە دەرەوەی دامەزراوەكە دەنوسرێن. ئامانج لە نووسینی راپۆرتی لێكۆڵینەوە گەڕانە بە دوای هۆكارەكانی گرفتێكی دیاریكراو و دەست نیشانكردنی چارەسەری گونجاو پێویستە بۆ گرفتەكە، بۆیە ناوەڕۆكی ئەم راپۆرتانە پێك هاتووەو لە پێشنیار و ڕاسپاردەو خستنەڕووی ئەلتەرناتیڤی گونجاو كە پێویستیان بە وەلآمدانەوەی لایەنی بەرپرس و وەرگرتنی بڕیاڕی پێویست هەیە.

٢. ١. ٦- راپۆرتی هەڵسەنگاندن Performance control reports

ڕاپۆرتی هەلسەنگاندن ڕاپۆرتێكە تیایدا هەڵسەنگاندنی تاك و ئاستی كرداری و كارگێڕی دام و دەزگاكان پێشكەش بە لایەنی پەیوەندار دەكرێت، ئەم هەڵسەنگاندنەش بە پێی چەند پێوەرێكی پێشوەختەی بڕیار لەسەردراو ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی زانینی ئاستی كارامەیی و لێهاتوویی تاك و ئاستی بەڕێوەبردن و جێبەجێ كردنی دەزگایەك و وەرگرتنی بڕیاری پێویست دەربارەیان. بۆیە لە نووسینی ئەم شێوە راپۆرتەدا هەمیشە ڕەچاوی چەند بنەمایەك دەكرێت، وەك دیاریكردنی شێوازی پێوانەو هەڵسەنگاندن و بەراوردكردنی ئاستی كرداری و جێبەجێ كردنی تاك و دامەزراوە بە پێوەرە لۆژیكیەكانی كار (فن إعداد التقارير وكتابتها، WWW. stop٥٥. com).

٢. ١. ٧- راپۆرتی دارایی و كارگێڕی Financial and administrative reports

راپۆرتە دارایی و كارگێڕیەكان ئەو راپۆرتانەن كە لە بواری دارایی و كارگێڕی و كێشەو گرفتە كارگێڕی و داراییەكان پێشكەش بە لایەنی بەرپەرس دەكرێن. ناوەڕۆكی راپۆرتە داراییەكان زانیاری دارایی و ژمێرەیی و بە پشت بەستن بە شیكردنەوەو بەراوردكاری لەگەڵ كاتەكانی پێشووتر لەخۆ دەگرێت. ئەم راپۆرتانەش هەمیشە راپۆرتی خولین و لە لایەن كەسانی ناو دامەزراوە داراییەكان ئەنجام دەدرێن و هەندێ جاریش لە لایەن چاودێری دارایی دەرەكیەوە دەنوسرین و پێشكەش بە دامەزراوە داراییەكە دەكرێت. بەلام راپۆرتی كارگێڕیەكان جیاوازن لە

www.iqra.ahlamontada.com

ڕاپۆرتی دارایی و کۆمەڵیك زانیاری لەخۆدەگرن کە پەیوەستە بە بەڕێوەچوونی کارو چالاکی بەڕێوەبەرێتیە جیاجیاکان و پڕۆسەکانی چاودێریکردن و پلان دانان.

٢. ١. ٨- ڕاپۆرتی وەسفی Descriptive report

ڕاپۆرتی وەسفی لە چەند بڕگەیەکی وەسفی پێك هاتووەو بە شێوازێکی وەسفیانەی چیرۆك ئامێز نوسراوەو لە چەندین بواری جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت. گرنگترین جۆرییشیان ئەم ڕاپۆرتانەن کە لە بواری مارکیتینگ و خواست و خستنەڕووی شت و مەك و ئاراستەی کڕیار و بەکاربەرانەوە دەنوسرێن.

٢. ١. ٩- ڕاپۆرتی دیزاینی Design Report

ڕاپۆرتی دیزاینی پێك هاتووە لە ڕاپۆرتێکی دیزاین کراوی ئامادەکراو بە شێوەیك نوسەری ڕاپۆرتەکە تەنها شوێنی زانیاریەکان پڕ دەکاتەوە بە بێ لێدوان و پێشکەشکردنی ڕاو سەرنجی خۆی دەربارەی بابەتەکە. گرنگترین جۆری نموونەی ئەو ڕاپۆرتانەش ڕاپۆرتی جانتا ون بووەکانە لە کاتی گەشتی ئاسمانیدا.

٢. ١. ١٠- ڕاپۆرتی کەسی Personal Report

ڕاپۆرتی کەسی کۆمەڵێك زانیاری گشتی دەربارەی تاکەکەس و ژیانی کەسی و پیشەیی و ڕەفتاری کەسەکە و چالاکی و بەرهەمهێنانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەخۆ دەگرێت. لە گرنگترین جۆری ئەو ڕاپۆرتانەش ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی سالانەی تاکەکەسە.

٢. ١. ١١-ڕاپۆرتی شیکاری Analytical Report

ڕاپۆرتی شیکاری ڕاپۆرتێکە تایبەت بە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك زانیاری و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانە بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو. ڕاپۆرت نوس لە وشیوە ڕاپۆرتەدا دەتوانێت شیکردنەوە بۆ ڕاستی و ڕووداوەکان و واتای ڕاستی و ڕووداوەکان بکات کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان پێك هیناوە(ماهر، ٢٠١٤).

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ١. ١٢- راپۆرتی دەرەکی و ناوەکی Internal and external reports

راپۆرتە دەرەکی وناوەکیەکان لەسەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکانی کارو چالاکیدا بەکار دەهێنرێن. راپۆرتە دەرکیەکان ئەو راپۆرتانەن کە ئاراستەی لایەنی دەرەوەی دامەزراوەیەک دەکرێت، وەک راپۆرتەکانی پەرەسەندنی کرێ و بەرهەمهێنان و ئاخنین و هەندێ راپۆرتی دارایی. بەڵام راپۆرتە ناوەکیەکان راپۆرتگەلێکن ئاراستەی لایەنی ناوخۆی دامەزراوەیەک دەکرێن، وەک راپۆرتەکانی چاودێریکردنی بەرهەم.

٢. ١. ١٣-راپۆرتی فەرمی و راپۆرتی نافەرمی Formal and informal Reports

راپۆرتی فەرمی راپۆرتێکە کە لە ئامادەکردنیدا شێوەو فۆرمێکی فەرمیانەی بەخۆوە گرتووە، لە رۆربەی کاتدا شێوەکەی جێگیرەو پێکهاتووە لە پێشەکی و قەبارەی راپۆرت وپێشنیارەکان، هەمیشە راپۆرت نووس لە نووسینیدا پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وشەو چەمک و زاراوەی فەرمی لە بواری کارەکەیدا. بەڵام راپۆرتی نافەرمی راپۆرتێکە شێوەو فۆرمێکی فەرمیانەی بەخۆووە نەگرتووەو بە زمانێکی گشتی و سادەو ساکار و دوور لە بەکارهێنانی چەمک و زاراوەی فەرمی نوسراوە(ماهر، ٢٠١٤).

٢. ١. ١٤-راپۆرتی ئەکادیمی Academic report

راپۆرتی ئەکادیمی(Academic report) جۆرێکە لە راپۆرت پەیوەستە بە توێژینەوەو توێژینەوەکاری لە بواری ئەکادیمیداو بە پێی پێویست دەنوسرێت، هەندێ جار لە لایەن نوسەرو توێژەرانی ئەکادیمی بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە بان ئەرکێکی زانستی و ئەکادیمی ئاراستەی ناوەندێکی ئەکادیمی دەکرێت و هەندێ جاری تر بە پێچەوانەوە لە لایەن ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکانەوە پێشکەش بە توێژەرو لێکۆلەرانی ئەکادیمی دەکرێت.

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ٢-سوود و گرنگیەکانی راپۆرت The benefits of reports

راپۆرت(Report) بە یەکێك لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی کار و پەیوەندی کردن دادەنرێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، لە ڕۆربەی کاتدا ئامانج لە نووسیندا بریتیە لە:

٢. ٢. ١ -ئاسانکاری بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن و چاودێریکردن لە نێوان بەشە جیاجیاکانی دەزگاو دامەزراوەو ناوەندە کارێگێڕی و زانستیەکان بە مەبەستی تەواو کردنی کارو پرۆژەیکان وچۆنیەتی ئەنجامادانیان وسەرکەوتن و لادانی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە بەردەم کارەکانیان.

٢. ٢. ٢-دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژەکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەو خستنە ڕووی زانیاری پێوست.

٢. ٢. ٣-گەیاندنی زانیاری پێوست بە دامەزراوەیەك بە مەبەستی هێنانەدی وپست و ئامانجی دامەزراوەکە.

٢. ٢. ٤-بەشداری کردن لە پرۆسەی پلاندانان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پێوست بۆ دارشتنی پلان.

٢. ٢. ٥-چاودێریکردن و پێداچوونەوە بە کارەکانی دامەزراوەیەك یان پرۆژەیەکی دیاریکراو.

٢. ٢. ٦-خستنەڕووی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتنی جەماوەری خوێنەر لە خوێندنەوەی.

٢. ٢. ٧-ئاگادارکردنەوەو ئاشناکردنی کەسانی تر بە گرفتێك لە گرفتەکان و هەوڵدان بۆ دنەدان و جوڵاندنی ڕەفتاریان و ئاراستەکردنیان بەرەو گرفتەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

٢. ٣-تایبەتمەندیەکانی راپۆرتی ئەکادیمی Characteristics of the academic report

راپۆرتی ئەکادیمی وەک هەر بابەتێکی دیکەی نووسینی ئەکادیمی چەند تایبەتمەندییەکی لەخۆگرتووە کە لە راپۆرتی ناساییدا بوونی نیە، ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی راپۆرتی ئەکادیمی لەگەڵ راپۆرتی ناسایی، وەک:

٢. ٣. ١- ڕۆشنی ئامانجەکان Clarity of objectives

ڕۆشنی ئامانجەکان و خستنەڕووی راپۆرتەکەیە بە ڕوونی وردی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دەستەواژەی گونجاو و ئاسان و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی لێڵ و گران بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی خوێندەری راپۆرتەکە، هەروەها وردبینی لە کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەندار بە بابەتەکە پشت بەستن بە سەرچاوەی باوەڕدار و بەکارهێنان بە شیوازیکی ئەکادیمیانە.

٢. ٣. ٢-ڕاستگۆیی لە نووسیندا Honesty in writing

لە راپۆرتی ئەکادیمیدا نوسەر پابەندە بە چەند پرانسیپێکەوە، وەک ڕاستگۆیی لە نووسین و خستنەڕووی زانیاریەکان وپشت بەستن بە سەرچاوەی باوەڕدار بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕاکانی و بابەتی بوون و دوورکەوتنەوە لە لایەنگیری وتێکەڵ نەکردنی کێشەو پەیوەندیە کەسیەکانی وەک هاوڕێیەتی و بەرژەوەندی و سۆزداری و ئیرەیی بردن لە نووسین. هەروەها دوورکەوتنەوە لە مەیل و سۆزداری و لایەنگیری نەکردن لە خستنەڕووی ڕاستیەکان و ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە بابەت ودەرەنجامی بابەت و ڕاسپاردەکانەوە هەیە.

٢. ٣. ٤- لۆژیکی لە نووسیندا Logical writing

شێوازی نووسین لە راپۆرتی ئەکادیمیدا شێوازێکی لۆژیکیانەی ڕێکخراوە، وەک خستنە ڕووی بابەتەکان یەک بە دوای یەک لە ئاسانەوە بۆ گران و ڕێکخستنی کات و خستنە ڕووی ڕووداوەکان بەدوای یەک لە ڕووی کات و ڕێکخستنی شوێن و خستنەڕووی بەدوای یەکی ڕووداوەکان لە ڕووی شوێنەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی ڕاپۆرتی تەواو ڕەچاوکردنی کورتبڕی و درێژبڕیە لە نووسیندا. کورتبڕی بە مانای دووبارەکردنەوەی دەستەواژەو زانیاریەکان بە شێوەیەک خوێنەر بێزار بکات و واز لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە بهێنێت، درێژبڕیش بەو مانایە ڕاپۆرتەکە بە ئەندازەیەک کورت نەبێت زیان بە ناوەڕۆک و هەندێ لایەنی بابەتەکە بگەیەنێت کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی تەواو هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

٣-کورتە نامەی زانستی Summary paper

کورتە نامەی زانستی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی پەیوەندی کردنی مرۆڤەکان بە یەکتر لە کارو پیشەدا، لە زمانی کوردیدا لەبەرامبەر وشەی (Summary paper) ی ئینگلیزی و (Sommaire) یان (Papiers de réaction) ی فەرەنسی و (ملخص) ی عەرەبی بەکار دەهێنرێت. کورتەی بابەتێکە دەربارەی کارێك یان پرۆژەیەکی دیاریکراو کە بە مەبەستێك لە مەبەستەکان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندار بە پرۆژەکە دەکرێت. بە زۆر شێواز و لە زۆر بواری جۆراوجۆردا بەکار دەهێنرێت، وەك بەڵگەنامەی دادگایی و بازرگانی و پیشەسازی و چالاکی هونەری و زانستی و پژشنبیری. لە بواری ئەکادیمیدا کورتەی زانیاری ناو کتێب یان توێژینەوەیەکی زانستیە کەسی نوسەر یان توێژەر بە مەبەستی گەیاندنی کۆی زانیاریەکانی ناو ناوەرۆکی بابەتەکە پێشکەش بە خوێنەر یان ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی دەکات.

کورتە نامەی زانستی(Summary paper) لە پێناسەیەکی کورتدا بریتیە لە وێنەی کورتی دەقێکێکی درێژ، یان پوختەیەکە دەربارەی کۆی بەشە گرنگەکانی دەقی ئەسڵی کە بەکورتی و پوختی دەخرێتە ڕوو. (کیف تلخص، www. forum. ramsat. net)

کورتە نامەی زانستی(Summary paper) وەسفێکی وردی دەقە بە مەبەستی چڕکردنەوەو کورتکردنەوەی زانیاریەکان لە ڕێگای جەخت کردنە سەر گرنگترین بیرۆکەکانی ناو ناوەرۆکی دەق ێ پەرتووك یان توێژینەوە یان وتار کە توێژەر بۆ مەبەستێك لە مەبەستەکان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندار یان جەماوەری خوێنەری دەکات (Tucker,٢٠١٧). بە گوێرەی ئەو ڕێ و شوێنانەی لە نووسینیدا دەگیرێتەبەر نووسینی کورتە نامە کارێکی ئاسان نیە، هونەرێکە خۆی لە وەرگرتن و چڕکردنەوەی زۆرترین زانیاریەکانی دەق و کورت کردنەوەو خستەڕوویان لە بۆشاییەکی بچووکدا دەنوێنێت، بۆیە پێویستی بە پەیڕەو کردنی کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ هەیە وەك جەخت کردن لەسەر بیرۆکە سەرەکیەکانی دەق لەسەرەتادا و بەدوادارچوون و بەکارهێنانی نەخشەی هزری و وەرگرتنی تێبینی دەربارەی خاڵە گرنگەکانی پەیوەست بە بیرۆکە سەرەکیەکە جگە لە بەکارهێنانی زمانێکی ئاسان و پاراو کە خوێنەر بە باشی لێ ی تێ بگات (كيف تكتب ملخص او خلاصة البحث، www. minshawi. com) .

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ١–هەنگاوەکانی نووسینی کورتە نامەی زانستی The steps of summary paper writing

بە شێوەیەکی گشتی نووسینی کورتە نامە پێویستی بە سێ هەنگاوی سەرەکی هەیە :

٣. ١. ١ –پێداچوونەوە بە دەقی ئەسڵی Review original text

نوسەر لە دەستپێکی کارەکەدا پێویستی بە خوێندنەوەی قوڵ و پێداچوونەوە بە دەق هەیە، بۆ ئەم مەبەستە چەند رێ وشوێنێك دەگرێتە بەر:

- خوێندنەوەی دەقە ئەسڵیەکە بە وردی بە بێ وەرگرتنی هیچ جۆرە تامازەیەك، واتە نوسەر زیاتر لە یەك جار پێویستی بە خوێندنەوەی ڕستە یان بڕگەیەك هەیەو پێویستی بە دووبارەو چەند بارە خوێندنەوەی دەقەکە هەیە بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر لە بابەتەکە تێ بگات.
- جەخت کردن لەسەر ناونیشان و خاڵی سەرەکی بابەت و خاڵەکانی دەرچوون لە بابەتدا. هەروەها دووبارە خوێندنەوەی دەق بە مەبەستی تۆمارکردنی تێبینی دەربارەی خاڵە سەرەکیەکانی دەق و تیگەیشتنی زیاتر لە چەمك و دەستەواژەکان و پەیوەندیان بە یەکەوە.
- دوورکەوتنەوە لە دووبارە نووسینەوەو تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ناو دەق و جەخت کردن لەسەر ئەو بەڵگانەی خاوەنی دەق بۆ پاڵپشتی خاڵە سەرەکیەکانی بابەت بەکاری هێناون.

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ١. ٢ –ڕەشنووسی یەکەم The first draft of the summary

دوای پێداچوونەوە بە دەقی نوسراو و تۆمارکردنی تێبینیەکان گرنگە نوسەر پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکات:

- پێویستە دەستپێکی نووسینی بە تۆمارکردنی ناوی دانەر و ناونیشانی بابەتەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی خوێنەر بزانیت ئەوەی کورت کراوەتەوە هی فلاّن کەس یان کەسی تره.
- پێویستە وشەو دەستەواژەو گوزارشتی تایبەت بە خۆی بەکار بهێنێت نەک تەنها پشت بە وەرگرتن و کۆپی کردنی زانیارەکانی دەقی ئەسڵی ببەستێت. بەکارهێنانی وشەو گوزارشتەکانی دانەر خوێنەر دووچاری مەڵەل و ماندووبوون دەکات و هەست دەکات ئەو وشەو دەستەواژانە هی دانەری دەقە ئەسڵیەکەن نەک نوسەر، لە هەمان کاتدا جۆرێکیشە لە ناپاکی ئەکادیمی.
- پێویستە نوسەر بزانێت ئەوەی دەینوسێت تەنها کورتکردنەوەی بابەتی کەسێکی تره، بۆیە نابێت ڕاو سەرنجی تایبەتی خۆی تێکەڵ بە بابەتەکە بکات.
- پێویستە نوسەر لە ڕووی دارشتنەوە دەستەواژەی گونجاو بەکار بهێنێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک :توێژەر داوا دەکات، یان توێژەر تاوتوێ دەکات، بەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات و بزانێت پوختەکە کوتکراوەی بابەتی توێژەرێکی تره.

٣. ١. ٣ –پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی یەکەم Review the first draft of the summary

دوای ڕەشنووسی یەکەم پێویستە نوسەر پێداچوونەوە بە پوختەکەدا بکات بۆ ئەوەی پاکنووسی بکات و هەڵەو خەوشی تیا نەمێنێت، بۆ ئەم مەبەستە دەشێت ئەم هەنگاوانە هەڵگرێت:

www.iqra.ahlamontada.com

- پێداچوونەوە بە پلانی نووسینی پوختەکە و بەرواردکردنی لەگەڵ تێبینی تۆمارکراو بە مەبەستی دەستکەوتنی هەر جۆرە زانیارییەکی تر و خستەڕوویان لە ڕەشنووسی دووەمدا.

- سەرنجدان لە دووبارەبوونەوەی زانیارییەکان. بۆ نموونە لە هەندێ تۆژینەوە یان کتێبدا نوسەر وەك ئامرازێك بۆ پاڵپشتی خاڵی سەرەکی بابەتەکەی چەندین جار جەخت لەسەر خاڵێك دەکات و دووبارەی دەکاتەوە. بەڵام لە نووسینی پوختەدا پێویست بە دووبارە ئاماژەکردن بە هیچ زانیاری و خاڵێك ناکات ئەگەر دانەری دەقە ئەسڵیەکەش ئاماژەیانی پێ کردبێت.
- جەخت کردن لەسەر پەیوەندی نێوان بڕگەکان بە یەکتر و گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەکی، چونکە جەخت کردن لەسەر سەرجەم خاڵە سەرەکیەکان بۆ خوارەوە سەرنج لەسەر پەیوەندی و چۆنیەتی گونجانی بڕگەکان لە پوختەکەدا دوور دەخاتەوە.

- پێداچوونەوە بە هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی و نیشانەکانی خاڵبەندی. هەروەها پێداچوونەوە لە ڕووی کورتی و درێژیەوە، چونکە درێژی پوختە نابێت لە چارەگی درێژی دەق تێپەڕ بکات. بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی لاپەڕەکانی دەقی ئەسڵی چوار لاپەڕە بێت پێویستە پوختەکە بە یەك لاپەڕە یان کەمتر بنوسرێت.

- خوێندنەوەی پوختەکە لە لایەن کەسێکی شارەزاو پسپۆر لە بواری نووسیندا بە مەبەستی دڵنیا بوون و بڕیاردانی کۆتایی(Peterman,٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

٤-کورتە توێژینەوە Mini-research Paper

کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper) بریتیە لە هەوڵێکی زانستیانەو ڕەخنەڕگرانە لە توێژینەوەیەکی کورتدا بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بابەتێکی دیاریکراو بە ئامادجی دەسکەوتنی زانیاری و ڕاسپاردەو پێشنیاری تازەو نوێ دەربارەی بابەتەکە. لە زمانی ئینگلیزی بە (Mini-research Paper) و لە زمانی فەرەنسی بە مینی میموار(Mini mémoire) و لە زمانی عەرەبیشدا بە(بحوث مصغرة) ناودەبرێت هەرچەند ئەزموونی عەرەبی لەو بوارەدا کەم و لاوازە. ناوەڕۆکی کورتە توێژینەوە هەمان ڕێ و شوێنی توێژینەوەی درێژ لەخۆدەگرێت، بەڵام لە زۆربەی کاتدا تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چەند توێژینەوەیەکی لەمەوپێش دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە مەبەستی هەڵسەنگاندنیان و دەرخستنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان و بەراوردکردنی دەرەنجامەکانیان بە یەکتر.

کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper) بە گرنگترین ئامرازی فێرکردن و هەڵسەنگاندن دادەنرێت لە زۆربەی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهاندا ئیایدا داوا لە فێرخوازانی خوێندنی باڵا دەکرێت لە توێژینەوەیەکی کورتی چەند لاپەڕەییدا لێکۆڵینەوە لە چەند توێژینەوەیەکی پەیوەندار بە بوارێکی دیاریکراو بکەن. لە ڕێگەی بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی یاسا بنەڕەتیەکانی توێژینەوە ژمارەیەك سەرچاوە بۆ تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی فێرخوازەکان بەکاردەهێنرێت لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری و دروست بوونی بیرۆکەی تازەو توانستی ڕافەکردن و شیتەڵکاری و شێوازی نووسین و جێبەجێ کردنی بنەماکانی توێژینەوە بە دروستی، یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانیشی کورتی و کەمی لاپەڕەکەنیەتی کە ژمارەیان لە ٨ بۆ ٢٠ لاپەڕە تێپەڕ ناکات.

کورتەتوێژینەوە(Mini-research Paper) چەند تایبەتمەندیەکی لەخۆگرتووە بە هۆیانەوە لە ئامرازە هاوشێوەکانی جیابۆتەوە، ئامرازێکی زانستیە لە ڕێگەیەوە چارەسەری گرفتێك لە ڕێگەی دۆزینەوە سەرەداوی گرفتەکە دەکرێت، لە هەمان کاتدا پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندن لە ڕێگەیەوە ئاستی زانستی و لێهاتووی فێرخوازان لە توێژینەوەکاریدا هەڵدەسەنگێنرێت و لە زۆربەی زانکۆ ناوەندەزانستی و فێرکاریەکانیشدا پشتی پێ دەبەسترێت.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ١–سوود وگرنگیەکانی کورتە توێژینەوە The Benefits of Mini- Research paper

ئامانج لە ئەنجامدانی کورتە توێژینەوە وەک ئەرکێکی زانکۆیی لە لایەن فێرخوازان، فێرکردن و ڕاهێنانیانە لەسەر بنەماکانی نووسین و یارمەتیدانیانە بۆ گەڕان و ئاشنا بوون بە سەرچاوەی تازەو ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژ لە داهاتوودا. گرنگترین سوودەکانیشی بریتین لە:

٤. ١. ١–ئاشناکردنی فێرخوازان بە بنەکانی نووسینی توێژینەوەی زانستی و ڕاهێنان لەسەر جێ بەجێ کردنیان.

٤. ١. ٢–ڕاهێنان و مەشق پێکردنی فێرخوازان بۆ باشترکردنی شێوازی نووسین و گەڕان بە دوای سەرچاوەو چۆنیەتی هەڵبژاردن و بەکارهێنانیان.

٤. ١. ٣–ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر خوێندنەوەو بەکارهێنانی کتێب و کتێبخانەو سوود وەرگرتن لە سایتە ئەلکترۆنەیەکان و کەناڵە زانستیەکانی تر. هەروەها ڕاهێنانانیان لەسەر خوێندنەوەو تێگەیشتن لە بابەت و هەڵهێنجانی بیرۆکە لە کۆمەڵێک دەقدا، دواتر نووسین و ئامادەکردنی کورتەیەک دەربارەی ئەو شتانەی کە دەیانخوێننەوە.

٤. ١. ٤–ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر پایەند بوون بە کۆمەڵێک بنەمای پەیوەست بە پاراستنی ئەمانەتی زانستی لە ڕێگەی تۆمارکردنی زانیاریەکانەوە.

٤. ١. ٥–ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر بەرزکردنەوەی توانستی ڕاڤەکاری و شیکاری و بەراوردکاری زانیاریەکان و بەکارهێنانی بەڵگەو سەلماندن.

٤. ١. ٦–ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر چۆنیەتی پلاندانان و دابەشکردنی کات و سوود لێ وەرگرتنی.

٤. ١. ٧–ئاراستەکردن و ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر توێژینەوەو گەڕان بە دوای کێشەو گرفتەکان و دۆزینەوەو دەرخستنی هۆکارەکانی پشت ڕوودانیانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٢-هەنگاوەکانی نووسینی کورتە توێژینەوە Steps to write mini - research paper

بۆ ئەنجامدان و نووسینی کورتە توێژینەوە چەند مەرجێك پێویستە، لە سەرتادا پێوستە توێژەر بزانێت ئەوەی ئەنجامی کورتە توێژینەوەیە نەك توێژینەوەی درێژ، بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٨ بۆ ٢٠ لاپەڕە تێپەڕ نەکات و لە کاتی پێویستدا نەبێت هیچ جۆرە ڕەنکاریەکی تێدا بەکار نەهێنێت. وەك هەمیشە بە فۆنتی(New Times Roman) نوسرابێت لە کاتی نووسین بە زمانی ئینگلیزی و قەبارەی پیتەکانی(١٢) بێت، بە فۆنتی(Arial) نوسرابێت کاتیك توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و قەبارەی پیتەکانی(١٢)بێت، بەڵام کاتێك توێژینەوەکە بە زمانی کوردی بوو پێویستە بە فۆنتی یونی کورد گۆران (Unikurd Goran) یان ئەلیکەی سەحیفە(Ali_K_Sahifa) نوسرابێت و قەبارەی پیتەکانیشی(١٤) بێت. لە کاتی نووسین بە هەر زمان و ڕێنوسێکیش پێوستە نێوان دێرەکان(١. ٥) بێت. ناوەڕۆکی کورتە توێژینەوەکە هەرسێ بەشی پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی لەخۆ گرتبێت . دواتر توێژەر هەنگاوە کردارییەکان دەگرێتە بەر کە بریتین لە:

٤. ٢. ١- هەڵبژاردنی بابەت Topic Selection

توێژەر لە دەسپێکی کارەکەدا دەست نیشانی بوار و بابەتی لێکۆڵینەوەکەی دەکات، ئینجا خوێندنەوەی وردی بۆ سێ تار چوار توێژینەوەی پەیوەندار بە بابەتەکە دەکات، لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکاندا چ شتێك سەرنجی ڕادەکێشێت دەیکات بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی و کاری لەسەر دەکات، ئەم توێژینەوانە سەرچاوەی بنەڕەتی کورتە توێژینەوەکەن و بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە و پشت ڕاستکردنەوەی ڕاکانی دەتوانێت سەرچاوەی تر بەکار بهێنێت.

٤. ٢. ٢- دیاریکردنی ناونیشان Title Selection

دوای خوێندنەوەی توێژینەوەکان و قۆناغ بوونەوە لە بابەتەکە، توێژەر ناونیشانێك بۆ کورتە توێژینەوەکە دادەنێت، ناونیشانێك کورت و پوخت بێ و گرفتی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو بە ئامانجی بە دەست هێنانی زۆرترین زانیاری لەسەر لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە بە جۆرێك هەموو ئەو یەکانە لەخۆ بگرێت کە بابەتەکە بە یەکەوەوە دەبەستێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٢. ٣- ناوەڕۆك Body

ناوەڕۆکی کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper) پێك دێت لە پێشەکی و چوارچێوەی تیۆری و کۆتایی یان گفتوگۆ و ئەنجام. پێشەکی کورتە توێژینەوە هەمیشە بە یەك تا دوو لاپەڕە دەنوسرێت تیایدا توێژەر بابەتەکە دەخاتەڕوو و هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی جیاجیاوە بە چەند پێناسەیەك بیناسێنێت، ئینجا گرنگی بابەتەکەو ئامانج لە ئەنجامدانی ڕوون دەکاتەوە. لە پێشەکیدا توێژەر بابەتە سەرکیەکانی کورتە توێژینەوەکەی ناخاتەڕوو، بەڵکو هەوڵ دەدات گرنگی توێژینەوەکەی دەربخات و ڕوونی بکاتەوە کە چ گرنگیەکی بۆ کۆمەڵگا هەیە، پاشان ڕاڤەی بابەتەکە دەکات و پرسیارە سەرکیەکانی گرفتەکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

چوارچێوەی تیۆری کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper) دابەش دەبێت بەسەر چەند بەشی سەرەکی و هەر بەشێکیش لقی لاوەکی لێ دەبێتەوە، دەشێت پێك هاتبێت لە دوو بەش یان سێ بەش بە گوێرەی پێوستی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە. لە بەشی یەکەمدا توێژەر هەوڵ دەدات لێکدانەوە بۆ چەند بابەتێکی پەیوەندار بە هەر چوار توێژینەوەکە بکات کە بۆ لێکۆڵینەوە بەکاری هیناون، لەبەشی دووەمدا چەند لایەنێکی دیکەی پەیوەندار بە بابەتەکە تاوتوێ دەکات، لە بەشی سێیەمیشدا خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان لێك دەداتەوە. لەگەڵ چوار سەرچاوە بنەڕەتیەکە توێژەر دەتوانێت بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و پشت ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی سەرچاوەی تر بەکار بهێنێت، بەڵام بەکارهێنانی هەر سەرچاوەیەك یان ناوهێنان و سوود وەرگرتن لە بیرۆکەی هەر نوسەرێك لەناو دەقدا پێوستی بە ئاماژەکردنی تەواو بە سەرچاوەکە هەیە چ لە ناو ناوەڕۆك و چ لە لیستی سەرچاوەکاندا.

٤. ٢. ٤- گفتوگۆ و ئەنجام Discussion

گفتوگۆ و ئەنجام(Discussion) لە کۆتایی کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper) هەمیشە بە یەك بۆ دوو لاپەڕە دەنوسرێت تیایدا توێژەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی لێك دەداتەوە، سەرەتا بە پێشەکیەکی کورت دەربارەی گرفتی توێژینەوەکە دەست پی دەکات ئینجا کورتەی دەرەنجامەکان دەخاتەڕوو، دواتر هەوڵ دەدات بە چەند دێرێك ئاماژە بە هاوجووتی یان پێچەوانەیی پرسیارەکان و دەرەنجامی توێژینەوەکە بکات لە گەڵ ئاماژەکردن بەوەی لە توێژینەوەکەدا چ شتێکی تازەی کردووەو چی بەدەست هێناوە، لە کۆتایشدا بە چەند دێرێك دەرەنجامی توێژینەوەکەی پێشکەش دەکات و ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی بۆ توێژینەوەی داهاتوو دەخاتەڕوو.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٢. ٥ – دانان و ڕێکخستنی سەرچاوەکان References

پێویستە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە کورتە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون لە لیستی سەرچاوەکاندا بە پێی یەکێك لە ستایلەکانی ئاپا(APA)ی کۆمەڵەی دەروونزانانی ئەمەریکی و(MLA)کۆمەڵەی زمانی نوێ و ستایلی شیکاگۆ(Chicago style)و ستایلی هارڤارد (Harvard style) ڕێك بخرێن، سەرچاوەکانیش بە پێی پیتی ئەبجەدی دادەنرێن کاتێك توێژینەوە بە ڕێنوسی عەرەبی یان کوردی نوسرابێت، بەڵام لەکاتی نووسین بە زمانی ئینگلیزی یان ڕێنوسی لاتینی سەرچاوەکان بە پێی پیتی لاتینی ڕیزبەندی دەکرێن.

کورتە توێژینەوە(Mini-research Paper)چەندین جۆری هەیە و بۆ چەندین مەبەست و لە چەندین ڕشتەو بواری جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بە فۆرم و شێوەی جیاواز دەربکەوێت، بەڵام ئامانج لە بەکارهێنانی لە بواڕێکی زانستی دیاریکراودا بریتیە لە گەڕان و توێژینەوەیە لە کێشەو گرفتەکان لە لایەك و هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی و ئەکادیمی فێرخوازانە لە لایەکی تر. بە مانایەکی تر ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی لە هەر بواڕێکدا دۆزینەوەی ئایدیاو بیرۆکەی تازەو نوێیە دەربارەی خاڵە سەرەکیەکانی بابەتی لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەندار بە بابەتێك گفتوگۆی زۆر لایەنی جیاجیای بابەتەکەیان کردووە، بەڵام لە ئەنجامی خوێندنەوەو ڕامان لە خاڵە سەرەکیەکان و ڕۆچوون و قوڵبوونەوە لە ناوەرۆکی بابەتەکان فێرخواز چەندین لایەنی تری پەیوەندار بە بابەتەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە لێیان نەکۆڵراوەتەوەو یان خوێندنەوەو گفتوگۆی پێوستیان لە بارەوە نەکراوە (Thomas,٢٠١٨).

www.iqra.ahlamontada.com

٥-سانتێز Synthesis

سانتێز لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە لە بەرامبەر وشەی(Synthesis)ی ئینگلیزی و وشەی (La synthèse)ی فەڕەنسی و وشەی (تولیف)ی عەرەبی بەکاردەبرێت کە مەبەست لێی کۆکردنەوەوەرگرتنی چەند بابەتێکی پەیوەندار بە بوارێکی دیاریکراوە لە چەند سەرچاوەیەکی تایبەت بە بوارەکە و ئاوێتەکردن و تێکهەڵکێش کردنیانە لە یەك بابەتدا، بەو واتایە سانتێز (Synthesis) بریتیە لە گفتوگۆیەکی ئەکادیمی بە ئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو سەرچاوە یان زیاتر، وەك پەیوەندی نێوان دوو وتار یان خەیاڵ یان سەرچاوەی نەنوسراوی وەك وانەکان و چاو پێکەوتنەکان و تێبینیەکان، یاخود دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بابەتی ڕۆژنامەیەك لەگەڵ شتێکی بینراو.

سانتێز(Synthesis) پڕۆسەی کۆکردنەوەو هەڵێنجانە لە نێوان دوو سەرچاوە یان زیاتر، ئاوێتەکردنی دوو یان سێ بابەت وبەراوردکردنیانە بە یەکتر، نوسەر لە دەستپێکی نووسیندا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە ئەگەر خاوەن ئاستێکی بەرزی شارەزایی و کارامەیی لە هونەری لێکدان و ئاوێتەکردن و توانستی شیکاری و جیاکاری و بەراوردکاری نەبیت.

ئامانج لە نووسینی سانتێز(Synthesis)دا دۆزینەوەی شتێکی تازەیە لە چەند شتێکی کۆن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پڕۆسەکە لە نێوان دوو شت یان دوو بابەتی لە یەك نزیك نەك دوو شتی لەیەك دوور ئەنجام بدرێت، گرنگە نوسەر لەدەستپێکدا بزانێت ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی سانتێزەکە دەست نیشانی کردوون تا چەند لەیەك نزیکن و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان چین و ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنیان بەیەکتر چ سوود و دەستکەوتێکی دەبێت. بۆ نموونە لە ئاوێتەکردن و بەراوردکردنی دەرئجامی سێ سەرچاوەی (A. B. C)دا پێویستە نوسەر سەرنجی هاوشێوەیی و نزیکی سەرچاوەکان لە یەکتر بدات و بزانێت ئایا دەشێت سەرچاوەی (A) بە هەردوو سەرچاوەی (B. C) بەراورد بکرێت و لە ئەنجامدا چ گرنگیەکی دەبێت؟ دوای خوێندنەوەی سەرچاوەکان و ئەنجامدانی پڕۆسەکە نوسەر شتێك یان دەرئجامێکی تازەی دەست دەکەوێت کە بیرۆکەی خۆیەتی و بەرهەمی پڕۆسە بەرواردکاریەکەیە دەشێت ناوی بنێت (D).

www.iqra.ahlamontada.com

٥. ١-مەرجەکانی نووسینی سانتێز Conditions of Writing Synthesis

سانتێز (Synthesis) وەک هەر بابەتێکی دیکەی نووسینی ئەکادیمی پێکهاتووە لە پێشەکی (Introduction) و ناوەرۆک (Body) و دەرئەنجام(Conclusion) یان کۆتایی. لە پێشەکیدا نوسەر هەوڵ دەدات بابەتی سانتێزەکەی بناسێنێت و لە ناوەرۆکدا هەوڵی خستەرووی بابەتەکە لە رێگەی ئاوێتەکردنی بابەتەکان و دەرخستنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەدات. لە کۆتایشدا دەرەنجامی نووسین و دەخاتەروو ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی دەخاتەروو، لە نسوین و ئامادەکردنیشیدا دوو مەرجی گرنگ پەیوستەو بریتین لە:

٥. ١. ١-دیاری کردنی سەرچاوەو چۆنیەتی بەکارهێنیان Determine the references and how to use them

دیاریکردنی سەرچاوەو چۆنیەتی بەکارهێنان و ئاوێتەکردن و پەیوەستکردنیان بە یەکتر مەرجی یەکەمی نووسینی سانتێزە، چونکە جەوهەری سانتێز لە کۆکردنەوەی نێوان زانیاری و بیرۆکە پێک دێت، ڕەنگە نوسەر لەکاتی خوێندنەوەی سەرچاوەکاندا تێبینی هەندێ شت بکات کە دەشێت ئاوێتە بکرێن و تا ڕادەیەک پەیوەندی نێوان بابەتەکان بدۆزێتەوە، بەڵام تا چەند توانستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بابەتەکانی زیاتر بێت لە بەکارهێنانی سەرچاوەو سوود لێ وەرگرتنیان سەرکەوتووتر دەبێت.

٥. ١. ٢-دیاریکردنی مەبەست و ئامانجی نووسین Determine the purpose and goals of writing

مەرجی دووەمی نووسینی سانتێز دیاریکردنی مەبەست و ئامانجی نووسینە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە نوسەر بابەتەکان بە وردی بخوێنێتەوەو بە باشی لێیان تێ بگات، تێگەیشتنی تەواو لە بابەت و سەرچاوەکانی بابەت وای لێ دەکات بزانێت لە نووسینەکەیدا هەوڵی هێنانەدی چی دەدات و چۆن بتوانێت سەرچاوەکانی بابەت بە پێی داواکاری نووسینەکە بە دروستی بەکار بهێنێت. بۆ نموونە ئەگەری داواکاری بابەتی لێکۆڵینەوە بریتی بێت لە پەیوەندی نێوان هۆکار و دەرئەنجام پێویستە نوسەر لە خوێندنەوەی سەرچاوەکاندا جەخت بخاتە سەر هۆکار و دەرئەنجامی سەرچاوەکان و جیاوازی و لێکچوونیان.

www.iqra.ahlamontada.com

٥. ٢-هەنگاوەکانی نووسینی سانتێز بە پێی فۆرمی ئاپا APA

نووسینی سانتیز(Synthesis) لە بوارەکانی دەروونزانی و هەندێ لە زانستەکۆمەڵایەتی و مرۆییەکان پێویستی بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی نووسین بە پێی ستایلی کۆمەڵەی دەروونزانانی ئەمەریکی(APA)هەیە، گرنگترین ئەو هەنگاوانەش کە پێویستە نوسەر لە نووسینی سانتیزدا بە پێی فۆرمی ئاپا بیگرێتەبەر بریتین لە:

٥. ٢. ١- شێوازی نووسین Writing style

هەنگاوی یەکەم لە نووسینی سانتێزدا دیاریکردنی چوارچێوەو شێوازی نووسینە، بۆیە پێویستە نوسەر لە سەرەتادا چوارچێوەو شێوازی نووسینی سانتێزەکەی دیاری بکات لە کاتێکدا ئەگەر پێشتر لە لایەن مامۆستا یان کەسی سەرپەرشتیار چوارچێوەو شێوازی نووسینی بۆ دیاری نەکرابوو.

٥. ٢. ٢-پێشەکی Introduction

پێشەکی دەرزانەیەکە بۆ ناساندنی بابەت و خستەڕووی پێکهاتەی بابەت. بۆیە پێویستە نوسەر لە پێشەکیدا بابەت و بیرۆکەسەرەکیەکانی بابەتەکەی پێشکەش بە خوێنەر بکات، ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی شێوازێکی سەرنج ڕاکێش هەیە بۆ ئەوەی لە دەستپێکی نووسینەکەیدا سەرنجی جەماوەری خوێنەر ڕابکێشێت.

٥. ٢. ٣-ناوەڕۆک Body

ناوەڕۆک گرنگترین بەشی سانتێزە، بۆئەم مەبەستە پێویستە نوسەر چوارچێوەیەکی تیۆری گونجاو بە پێی داواکاری و مەبەستی تایبەت لە نووسینی سانتێزدا بۆ بابەتەکە دابنێت.

٥. ٢. ٤-دەرەنجام Conclusion

دەرەنجام ئەو شتەیە کە هەوڵی بۆ دەدرێت لە سانتێزەکەدا، بۆیە لەو بەشەدا پێویستە نوسەر دەرەنجامەکانی بخاتەڕوو و لێکدانەوەو گفتوگۆی تێرو تەسەلیان لەسەر بکات.

www.iqra.ahlamontada.com

٥. ٢. ٥- دوورکەوتنەوە لەگزیکردن Avoid plagiarism

پێویستە نوسەر لە کاتی نووسیندا خۆی لە هەر جۆرە ناپاکیەکی ئەکادیمی بە دوور بگرێت، وورد بێت لە بەکارهێنانی سەرچاوەو ئاماژەکردن پێیان چ لەناو ناوەڕۆك یان لە لیستی بیبلۆگرافیادا. باشترین سانتێز بە پێوەری ئاپا(APA) ئەو سانتیزەیە کە خاڵی بێت لە کۆپی و هەر جۆرە دیاردەیەکی نەشیاو کە بچێتە خانەی ناپاکی ئەکادیمیەوە.

٥. ٢. ٦- پلانی گشتی Outline

مەبەست لە پلانی گشتی (Outline) پلان یان پوختەی بابەتەکەیە کە پێوستە نوسەر لە شێوەی لیستێك پێشکەشی بکات بە جۆرێك ناونیشانی سەرەکی و لقە لاوەکیەکانی لە خۆگرتبێت کە پاڵپشتی ناونیشانە سەرەکیەکان دەکەن. واتە پێك هاتووە لە لیستی خاڵە سەرەکیەکانی بابەت کەتیایدا بابەتەکە بەزنجیرە بە شێوازێکی ڕێکخراو ولۆژیکانە پێشکەش کرابێت.

٥. ٥. ٧- سەرچاوەکان Sources

پێویستە نوسەر وورد بێت لە بەکارهێنانی سەرچاوەو و ئاماژەکردن بەسەرچاوەکان چ لە ناو ناوەڕۆك یان لە لیستیسەرچاوەکاندا. هەروەها لە ڕێکخستنی سەرچاوەو دانانی پەڕاوێزدا پێویستە پەیڕەوەی لە فۆڕمی ئاپا(APA) بکات.

٥. ٢. ٨- کەسی سێیەم Third person

پێویستە نوسەر لەکاتی نووسیندا زمانی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) بەکار بهێنێت(Write in third person) نەك کەسی یەکەم (من) و کەسی دووەم(تۆ).

٥. ٢. ٩-وردبینی و هەڵەچنی Proofread

پێویستە نوسەر پێداچوونەوە بە بابەتەکە بکات بە مەبەستی هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی(Selecting A Format For Writing A Synthesis www. vegasvalleydanceacademy. com).

www.iqra.ahlamontada.com

سانتێز(Synthesis)بە یەکێک لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی هەڵسەنگاندن دادەنرێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە جۆرێک زۆربەی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی فێرخوازاندا پشتی پێ دەبەستن، ئەم پڕۆسەیە ناودەبرێت بە ئاوێتەکردن و تێکهەڵکێش کردن لە جیاتی تاقیکردنەوە(Synthesis-instead of exam) کە نیایدا لە جیاتی تاقیکردنەوە داوای ئەنجامدان و ئامادەکردنی سانتێز(Synthesis) لە فێرخوازان دەکرێت، داوای تێکەڵ کردن و ئاوێتەکردنی کۆمەڵێک چالاکی و کرداری زانستی دەکەن کە لە ڕێگەیانەوە ئاستی زانستی و مەعریفی فێرخوازەکان هەڵدەسەنگێنریت، لە هەندێ زانکۆ پێشکەوتووەکان شتێک لە ئارادا نیە بە ناوی تاقیکردنەوە، بەڵکو لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندندا پشت بە سانتێز(Synthesis) و ڕاپۆرت (Report) و کورتە توێژینەوە(Mini research paper) و توێژینەوە(Researches) دەبەسترێت، ئەگەر هەشبێت شێوازی تاقیکردنەوەی بەڕتووکی کراوەیە (Open book exams) کە شێوازێکی پەسەندکراوە و لە زۆربەی زانکۆ پێشکەوتووەکاندا بەکاردەهێنرێت.

www.iqra.ahlamontada.com

٦-توێژینەوە Research

وشەی توێژینەوە(Research) لە بنەڕەتدا واتا گەڕان و پشکنین و بەدواداچوونی دیاردەیەک یان گرفتێک یان بابەتێک بە ئامانجی دەستکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی گرفت و بابەتەکە، ئەم گەڕان و پشکنینەش بە پێیّ کۆمەڵێک یاساو ڕێسا بەڕێوە دەچێت لە پێناو گەیشتن بە بوونی ڕاستەقینە و سەلماندنی زانستیانەی دیاردەو گرفتەکان. یان کۆمەڵێک هەوڵی زانستیانەو ڕەخنەگرانەی ڕێکخراوە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراوی مرۆیی یان زانستی. گرنگترین ئامانجیشی بریتیە لە گەڕان بە دوای ڕاستی نوێ و خستنەڕووی ڕاستیەکان بە شێوەیەکی زانستی ڕێکخراو بە ئامانجی گەشەدان بە مەعریفەی مرۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی داواکاریە ژینگەییەکان کە دەوری مرۆڤیان داوە.

توێژینەوە(Research)یەکێکە لەو چەمکانەی پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە بە جۆرێک هەر زانایەک یان پسپۆرێکی بواری توێژینەوەی زانستی لە ڕوانگەی خۆی و ئاراستە زانستی و مەعریفیەکەی پێناسەی کردووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و نەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر زانست و ڕشتە زانستیەکان و سروشتی توێژینەوەو توێژینەوەکاری داهاتووە ماناو پێناسەی چەمکی توێژینەوەش گۆڕاوە. لە سادەترین پێناسەدا بریتیە لە گەڕان بە دوای ڕاستی و بلاوکردنەوەی لەناو خەڵکیدا بە شێوەیەک ڕاستیەکە هەندێ جار لەگەڵ مەیل و ئارەزووی توێژەر یەک دەگرێتەوەو هەندی جاریش پێچەوانەیە بە بێ ئەوەی بڕیارێکی پێشوەختەی لەسەر درابێت (صبیح واخرون،). یان پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل توێژەر دەربارەی کارێک یان پرۆژەیەک پێشکەشی دەکات و بە ئەنجامی دەگەیەنێت بەو مەرجەی هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتبێت، واتە ڕاپۆرتەکە لە قۆناغی دروست بوونی بیرۆکەوە تا گەیشتن بە کۆمەڵێک دەرەنجامی تۆمارکراو و ڕێکخراو بە بەڵگەو باکگراوندی زانستی پشتڕاست کرابێتەوە (شبلی، ١٩٩٠).

توێژینەوە(Research)هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەو پشتڕاستکردنەوەی زانین لە ڕێگای لێکۆڵینەوەو پشکنینی وردو ڕەخنەگرانەی قوول. یان هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی بەشێک لە زانین و بلاو کردنەوەی لەناو خەڵکیدا بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتنی (العزاوی، ٢٠٠٨). یان هۆکارێکە بۆ گەڕان بە دوای زانین و زانیاری و دۆزینەوەی و پەیوەندی تازە و لێکۆڵینەوەو هەموارکردنەوەی

www.iqra.ahlamontada.com

زانیاریەکان بە پەیرەوکردنی میتۆدێکی زانستی و هەڵبژاردنی کەرەستەو ئامرازی گونجاو و پێویست بۆ توێژینەوەکە (بدر، ۱۹۸۲).

توێژینەوە(Research) بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕێکخراو بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی کێشەیەك و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی، بە جۆرێك ڕێگاو شێوازی لێکۆڵینەوەکە بە پێی جیاوازی و سروشتی کێشەو بارودۆخەوە دەگۆڕێت (فودة و عبداللة، ۱۹۷۵). یان هەوڵ و کۆششێکە توێژەر بە مەبەستی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە بابەتێك دەیگرێتەبەر، دەشێت شێوازی لێکۆلینەوەکە شیکاری یان ڕەخنەکاری یان بەراوردکاری بێت لە پێناو دۆزینەوەی ڕاستەیەك و گەیشتن پێی (فضل اللة، ۱۹۹۳).

توێژینەوە(Research) بریتیە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێك بیرویۆچوون و ئامرازی زانستی لە چوارچێوەی میتۆدێکدا بۆ گەیشتن بە زانینی لایەنێکی شاراوەی شتێکی نەزانراو. ڤان دالین (Van Dalen) پێناسەی توێژینەوەی کردووە بەوەی بریتیە لە هەوڵێکی وردی ڕەخنەگرانەی ڕێکخراو بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتە جۆربەجۆرانەی مرۆڤ دووچاریان دەبێتەوە. بەڕای پۆڵنسکی (Polansky) توێژینەوە لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوە بە ئامانجی دەرخستنی زانیاری و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی زانیاریەکان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی زانستی. هەندێك لە توێژەران پێناسەیان کردووە بەوەی بریتیە لە کۆششێکی زانستیانە بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستی نوێ و پشت ڕاستکردنەوەیان و شیکردنەوەو ڕافەکردنی پەیوەندی نێوان دیاردە جیاوازەکان. بەڵام لە ڕوانگەی هەندێکی تریان ئامرازێکە توێژەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو بگات لە ڕێگەی لێکۆلینەوەیەکی وردو تەواو بۆسەرجەم بەڵگەو شتی بینراو کە پەیوەستن بە کێشەیەکەوە(الفضلی،۱۹۹۲).

توێژینەوە(Research)چەمکێکە پەیوەندی بە سەرجەم بوارە زانستی ومرۆییەکانەوە هەیە، بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا لە لەلایەك، گۆڕانکاری و پەرەسەندنە زانستیەکان بە درێژایی ڕۆژگار لە لایەکی تر بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین پێناسەی جیاواز بۆ چەمکەو و میکانیزم و هەنگاوگەلی جیاواز لە بەکارهێنانیدا، بە سەرنجدان لە زۆربەی ئەو پێناسانەدا جیاوازییەکی کەم و لێکچوونێکی زۆر دەبینرێت بە شێوەیەك کۆی پێناسەکان دابەش دەبن بەسەر دوو بۆچوونی هاوشێوە:

www.iqra.ahlamontada.com

- بەشێکیان پێیان وایە توێژینەوە لێکۆڵینەوەیەکی وردو ڕێکخراوە بە ئامانجی بە دەست هێنانی زانیاری تازەو بەڵگەدار دوای تاقیکردنەوە لەسەریان و گەیشتن بە بوونی ڕاستەقینەیان.

- بەشێکی تر پێیان وایە توێژینەوە بریتیە لە پشکنین و بەدواداچوونی وردو ڕێکخراوو لەسەرخۆ بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستی دەربارەی شتەکان وپەیوەندی دیاردەکان بە یەکتریەوە.

توێژینەوەی زانستی(Scientific Research) وەک دەستەواژەیەکی زمانەوانی لە هەردوو وشەی توێژینەوە(Research)و زانست(Science) پێک هاتووە، بەکەمیان واتای گەڕان و پشکنین و گەیشتن بە ڕاستیەکان و دووەمیشیان واتای درککردن و زانینی ڕاستیەکان و گەیشتنە بە بوونی ڕاستەقینەی دیاردەکان دەستەواژەی، بەو مانایە توێژینەوەی زانستی هەوڵێکی زانستی ڕێکخراوە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان و بوونی ڕاستەقینەی دیاردەو کێشەو گرفتەکان، گرنگترین بنەماکانیشی بریتین لە:

- ڕاستگۆیی و بەڵگەهێنانەوەی زانستی.
- ڕەسەنایەتی و داهێنان.
- خستنەڕووی گرفت و داڕشتنی گریمانەکان.
- پیداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووترو خستەڕوویان.
- نهێنی پاریزی و پارێزگاری کردن لە قەبارەی نموونەی توێژینەوەو داتاکان.
- لیکدانەوەو شیکردنەوەی قوڵ
- خستنەڕووی دەرەنجام و ڕاسپاردەو پیشنیارەکان
- پشت بەستن بە تازەترین سەرچاوەی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٦. ١-تایبەتمەندیەکانی توێژینەوەی زانستی Characteristics of scientific research

توێژینەوەی زانستی(Scientific Research) پێنج تایبەتمەندی گرنگی لەخۆ گرتووەو کە بە هۆیانەوە لە نوسراوەکانی تر جا دەبێتەوە، گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە بریتین لە:

٦. ١. ١-توانستی پێشبینی کردن Predictability

مەبەست لێ توانستی پێکهێنان و پێشبینی کردنی ئەو ڕووداوانەیە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، یان ئەو شتانەیە کە لە داهاتوو ئەگەری بەدەست هێنانیان هەیە.

٦. ١. ٢-ڕێکخستن Organization

توێژینەوەی زانستی(Scientific Research) لە سەر ئاستێکی بەرزدا ڕێك دەخرێت، بۆیە تویژەر بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجام هەنگاو هەنگاوبە شێوەیەکی ورد و ڕێکخراو کارەکانی ئەنجام دەدات.

٦. ١. ٣-کۆنترۆلکردن Controlling

لە هەر تویژینەوەیەکدا تویژەر هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی ئەو فاکتەرانە بکات کە کاریگەریان هەیە بەسەر دیاردەکان جگە لەو فاکتەرانەی کە دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوە.

٦. ١. ٤-توانای تاقیکردنەوە Testability

واتە بەکارهێنانی ئامرازی بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و ناڕاستی دەرەنجامەکان، بۆ نموونە هەڵاری هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی تاوانکاریە. لێرەدا تێبینی کردنی دیاردەکەمانایەك نادات ئەگەر ئەخرێتە ژێر تاقیکردنەوەو پێوانەکردنەوە.

٦. ١. ٥-توانای ڕەخنەگرتن Criticism Ability

توێژەر پێش ئەوەی دەرەنجامی توێژینەوەکەی دەربخات و بیخاتە پێش چاوی جەماوەر، بە ڕۆژسەی ڕەخنە لەخۆگرتندا تێپەڕی دەکات.

www.iqra.ahlamontada.com

٦. ٢–جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی The Types of Scientific Research

توێژینەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یەکێکە لە ئامرازە سەرەکیەکانی پێشکەوتن لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا، لە تێکرای دەزگاو دامەزراوەزانستیەکانی جیهان بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت و خەرجی و داهاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانیان تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بەسەر سێ جۆر لە توێژینەوە:

٦. ٢. ١–ئەو توێژینەوانەی بەدوای دەرخستنی ڕاستیەکاندا دەگەڕێن Research seeking to uncover the facts

شێوەیەکە لە شێوەکانی توێژینەوەو تیایدا توێژەر هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکی دیاریکراو دەدات لە توێژینەوەکەیدا بەبێ گەیشتن بە دەرەنجام و گشتاندنیان. بۆ نموونە توێژەر لە لێکۆڵینەوەیەدا دەربارەی مێژووی مەعریفە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەڵگەنامەو سەرچاوەی مێژوویی و وگۆڤاری جۆراوجۆردا هەرچی ڕاستی و زانیاری پەیوەست بە مێژووی پەرەسەندنی بیری مەعریفی کۆبکاتەوەو بە شێوازێکی زانستی و لۆژیکی بەیەکەوە پەیوەستیان بکات و بیانخاتەڕوو بە بێ ئەوەی بە کۆمەڵێك دەرەنجامی گشتی بگات و بتوانێت گشتاندنیان بۆ بکات. یان ئەو توێژینەوانەی کە فێرخوازو توێژەرە تازەکان لە چوارچێوەی زنجیرەی خوێندنداوەك مەرجێك بۆ دەرچوون و پێویستیەك بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە ئەنجامی دەدەن تیایدا ئەرکیانە توێژینەوە بکەن بە بێ پابەندبوونیان بە گەیشتن بە دەرەنجام لە توێژینەوەکانیاندا، بەڵکو ئامانج ئاشناکردنیانە بە بنەماو هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەو ڕاهینانیانە لەسەر گەران و کۆکردنەوەی زانیاری و ڕیکخستنیان و سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی جۆراوجۆردا. هەموو ئەو توێژینەوانە بە توێژینەوەی گەڕان بە دوای ڕاستی و زانیاریدا دادەنرێن (السماك واخرون، ١٩٨٦).

٦. ٢. ٢–توێژینەوەی ڕەخنەگرانە Research on monetary interpretation

ئەم توێژینەوانە لە بنەڕەتدا پشت بە لۆژیك و توانستی شیکاری وهەڵهێنجان دەبەستن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك دەرەنجامی کۆتایی لە ڕێگەی گفتوگۆی درێژ و بەڵگەو ڕاستی گونجاوەوە. ئەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوانە بریتیە لەوەی کێشەکان زیاتر پەیوەستن بە بیرۆکە نەك ڕاستی بۆیە زیاتر لە بوارەکانی ئەدەب و مێژوو و زانستە مرۆییەکانی تر ئەنجام دەدرێن. بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

نموونە لێکۆڵینەوە لە ئاستی زانستی و کارگێڕی زانکۆکانی کوردستان لە لایەن گرووپێك لە تۆێژەران پێوستی بە دواداچوون و گەڕان بە دوای هەموو ئەو زانیاریانە هەیە کە پەیوەندیان بەو بابەتەوە هەیە، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازی لێکۆڵینەوەی وەك فۆرم و چاوپێکەوتن و تێبینی کردن، دواتر کۆکردنەوەی داتاو بەتاڵکردنەوەیان و خستنەڕووی دەرەنجام و گفتوگۆکردنیان بە پشت بەستن بە بەڵگە و داتای ئاماری نەك ڕای تابیەتی تۆێژەرەکان (السماك واخرون، ١٩٨٦).

٦. ٢. ٣-تۆێژینەوەی تەواو Comprehensive research

تۆێژینەوەی تەواو، تۆێژینەوەیەکە تیایدا لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی دیاریکراو دەکرێت بە شێوازێکی زانستیانەو پشت بەستن بە بەڵگەو شیکردنەوەی ڕاستی و زانیاریەکان و پشت ڕاست کردنەوەی لۆژیکیانەی گریمانەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکە. ئەم شێوە تۆێژینەوانەش بە گشتی پێك هاتوون لە تۆێژینەوەی تیۆری و تۆێژینەوەی پراکتیکی و تۆێژینەوەی بنچینەیی و تۆێژینەوەی زانستی(السماك واخرون، ١٩٨٦).



شێوە(٢. ٢)شێوەکانی تۆێژینەوەی تەواو ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

- **توێژینەوەی تیۆری** **Theoretical research**

ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەی تیۆری(Theoretical research) گەیشتنە بە زانیاری لە پیناو زانیاریدا بە بوونی ئامانجیکی پراکتیکی، بەمەش تەنها سوودێکی تیۆری و مەعریفی پێشکەش بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەکەن.

- **توێژینەوە پراکتیکی** **Applied Research**

ئامانج لە ئەنجامدانی تویژینەوەی پراکتیکی(Applied Research)تەنها بۆ دەوڵەمەند کردنی مەعریفەو زانیاری نیە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کۆمەڵگا دووچاری بووە، بە پشت بەستن بە بەڵگەو راستی و زانیاری دروست بێ گەرانەوە بۆ ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیەو. لەم شێوە تویژینەوانەدا لە زۆربەی کاتدا توێژەر پشت بە هەوڵ و کۆششی خودی دەبەستێت.

- **توێژینەوەی بنچینەیی** **Basic Research**

ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەی بنچینەیی(Basic Research) لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی دیاریکراو و جێبەجی کردنی توێژینەوەکەیە، هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

- **توێژینەوەی زانستی** **Scientific Research**

توێژینەوەی زانستی(Scientific Research)شێوەیەکە لە شێوەکانی توێژینەوە تیایدا لێکۆڵینەوە لە بایەتێك یان کێشەیەکی زانستی دیاریکراو دەکرێت لە چوارچێوەو سنووردێکی تایبەت و دیاریکراودا.

توێژینەوەی زانستی (Scientific Research) بە پێی بوار و مەیدانی لێکۆڵینەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆر توێژینەوە، جۆری یەکەمیان ئەو توێژینەوانەن کە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا ئەنجام دەدرێن، وەك بوارەکانی مێژوو و پەروەردەو وێژەو زمان و فەلسەفە و بوارە کۆمەڵایەتیەکان. بەڵام جۆری دووەمیان ئەو توێژینەوانەن کە لە بواری زانستە سروشتیەکاندا ئەنجام دەدرێن، وەك بوارەکانی ماتماتیك و ئەندازەو پزیشکی.

www.iqra.ahlamontada.com

لە ڕووی ناستەوە توێژینەوەی ئەکادیمی بەسەر سێ جۆر لە توێژینەوەدا دابەش دەبێت ، جۆری یەکەمیان ئەو توێژینەوانەن کە فێرخوازانی خوێندنی بالا لە قۆناغی دیبلۆم و لیسانسدا ئەنجامی دەدەن، وەک ڕاپۆرت و کورتە نامەو کورتە توێژینەوەو توێژینەوەی دەرچوون(Search Graduation) کە مەبەست لە ئەنجامدانیان ڕاهێنان و فێرکردنی فێرخوازی زانکۆیە لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی. جۆری دووەمیان ئەو توێژینەوانەن کە لە قۆناغەکانی خوێندنی دیپلۆم و ماستەر و دکتۆرا و پۆست دکتۆرا ، وەک توێژینەوەکانی دیپلۆمی بالا (Higher Diploma) و نامەی ماستەر(Master Thesis) و تێزی دکتۆرا (Thesis)و پۆست دکتۆرا(Post Dissertation PhD) کە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە ئەنجام دەدرێن. جۆری سێیەمیشیان توێژینەوە پسپۆڕیەکان(Specialized research)ن کە لایەن مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆرانی بواری توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدرێن، یان ئەو توێژینەوانەی لە کۆنگرەو ناوەندە زانستیەکاندا پێشکەش دەکرێن.

لەڕووی چۆنیتی و چەندێتیەوە توێژینەوەی (Scientific Research)دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆر کە بریتین لە توێژینەوەی چۆنایەتی(Qualitative research) و توێژینەوەی چەندایەتی (Quantitative Research) و توێژینەوەی هاوبەش یان ئەو توێژینەوان کە لە نێوان هەردووکیاندان. بە شێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانەی لە بواری زاستیەکاندا ئەنجام دەدرێن پشت بە بەڵگەو داتای ئاماری و ژمێرەیی دەبەستن توێژینەوەی چەندایەتین، بەڵام ئەو توێژینەوانەی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و زمان و مێژوو ئەنجام دەدرێن توێژینەوەی چۆنایەتین، هەرچی ئەو توێژینەوانەن کە لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی ئەنجام دەدرێن هەردوو لایەنیان بەخۆوە گرتووە، بۆیە توێژینەوەی چۆنایەتی و لە هەمان کاتدا چەندایەتیشن، چونکە لە دوو بەشی تیۆری و کرداری پێک هاتوون و جیا لە بەشی تیۆری لە بەشی کرداریدا پشت بە ئامرازی پێوانەکاری و بەڵگەداری ئاماری دەبەستن.

دابەشکردنی توێژینەوەکان بەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی و توێژینەوەی هاوبەش لە بواری توێژینەوەکاریدا ئەوە ناگەیەنێت کە ئاستێکیان لە ئاستەکەی تریان گرنگتر یان ئالۆزتر بێت، بەڵکو هەر ئاستێکیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەر، لەوانە:

www.iqra.ahlamontada.com

- ژمارەی ئەو دیاردانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.
- پەیوەندی نێوان دیاردەکان کە تا چ ڕادەیەکە.
- نموونەی ئەو تاکانەی دەکەونە ژێر لێکۆڵینەوە.
- شێوەو ژمارەی ئەو کەرەستەو ئامرازانەی داتایان پێ کۆدەکرێتەوە.
- چۆنیەتی مامەڵەی ئاماری لەگەڵ داتاکان.
- ئاستی شیکردنەوەی لۆژیکیانە(Zagros۲۰۱۷).



شێوە(۲. ۳) ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە بەسەر توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٧-پەرتوکی توێژینەوە Book research

لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی توێژینەوەو زیادبوونی کەرەستەو ئامرازی تەکنیکاری جۆوراوجۆر و بەکارهێنانیان لە بواره جیاجیاکانی توێژینەوەی زانستی، چەندین ڕێگاو شێواز و هۆکاری جیاجیاش بۆ توێژینەوەکاری و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان دەرکەوتن کە پەرتووکی توێژینەوە(Book research) بە یەکێك لە دیارترین ئەو ڕێگایانە دادەنرێت.

پەرتووکی توێژینەوە(Book research)بریتیە لە پەرتووکێکی تەبارە گەورە یان مامناوەند لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە تیایدا کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەندار بە بوارێکی زانستی دیاریکراو بڵاوکراوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆری هەیە، جۆری یەکەمیان بریتیە لە پڕۆژەی تایبەتی توێژەرێك کاتێك توێژینەوەیەك لە کتێبێکدا بڵاودەکاتەوە. جۆری دووەمیان بریتیە لە پڕۆژەی کۆمەڵێك توێژەر تیایدا کۆمەڵێك توێژینەوە لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە. بۆ نموونە گرووپێك لە توێژەرانی بواری دەروونزانی مەعریفی هەوڵ دەدەن کۆمەڵێك توێژینەوەی تازەی خۆیان لە کتێبێکدا بڵاو بکەنەوەو پێشکەش بە خوێنەری بکەن. جۆری سێیەمیشیان بریتیە لە پەرتوکێك کە توێژینەوەی هەمەجۆری لە خۆگرتووەو تیایدا کۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی دەربارەی چەند بوارێکی زانستی جیاواز بڵاوکراوتەوە.



شێوە(٢. ٤)جۆرەکانی پەرتووکی توێژینەوە دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

پەرتووکی توێژینەوە(Book research) لە هەندێ کاتدا پڕۆژەیەکی کەسیەو تایبەتە بە تاکەکەسێک، بەڵام لە زۆربەی کاتدا پەیوەندی بە کاری هەروەوەزی و گرووپی کۆمەڵکاریەوە هەیە، کاتێک کۆمەڵێک توێژەر لە بوارێکی تایبەتدا بە یەکەوە لە ناو یەک بازنەی کارکردندا کار لەسەر نووسین و ئامادەکردنی پەرتووکیک دەکەن کە کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی لە خۆگرتووە بە ئامانجی:

- پشتگیری کردن و بەرەو پێش بردنی پڕۆسەی توێژینەوەکاری لە بوارێکی تایبەتدا کە کاری تێدا دەکەن.
- بەرزکردنەوەی ئاستی توێژینەوە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی.
- گەشەدان بە کاری هاوبەش بۆ دروستکردنی کارلێک و ژینگەیەکی لەبار بۆ پەیوەندی نێوان توێژەران.
- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توێژینەوەکاری توێژەرەکان و سوود وەرگرتن لە توانست و شارەزاییەکانی یەکتری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی فیکری و مەعریفی و فێربوونی بەردەوام لە گرووپی کۆمەڵ کاری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی پالنەرێتی کارکردن لای ئەندامانی گرووپی توێژینەوە لە ڕێگەی کۆمەڵکاری و بلاوکردنەوەی بە کۆمەڵدا.
- پەرەدان بە گیانی کۆمەڵکاری و پڕۆسەی نووسینی هاوبەش (Collaborative Writing) لە نێوان توێژەران.
- هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش یان کۆمەڵێک ئامانج کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و کارامەیی و لێهاتوویی ئەندامانی گرووپ.
- زانین و فێربوونی بەردەوام لە گرووپدا.
- ئەنجامدانی کارو پڕۆژەیەکی زانستی گەورە بە یەکخستنی کۆمەڵێک توانست و کارامەیی لە گرووپێکدا کە تاکەکەس بە تەنها ناتوانێت ئەنجامی بدات.
- ئەنجامدانی پڕۆژە بە کەمترین کات وبڕی تێچوون.

www.iqra.ahlamontada.com

٨-پێداچوونەوەی پەرتووک Book Review

پێداچوونەوەی پەرتووک(Book Review) شێوازێکە لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی تیایدا لەسەر بنەمای ناوەڕۆک و شێوازدا لێکدانەوە بۆ وتارێک یان کتێبێک یان توێژینەوەیەکی زانستی دەکرێت، پڕۆسەیەکی ڕەخنەگرانەو شیکاریانەی وردە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەرتووکێک و خستنەڕووی گرنگیەکەی ئەنجام دەدرێت، لە زۆربەی کاتدا پەیوەندی بە توێژینەوەکانی لەمەوپێش دەربارەی بابەتەکەوە هەیە. هەمیشە ژمارەی وشەکانی لە ٥٠٠-١٠٠٠ وشە تێپەڕ ناکات، بەڵام ئەم کورتبڕی و درێژبڕیە لە نووسیندا بە پێی درێژی و ئاڵۆزی پەرتووک و مەبەستی گشتی پێداچوونەوەکە دەگۆڕێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە پێداچوونەوەی پەرتووکدا پەیڕەوی دوو شێواز دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە پێداچوونەوەی وەسفی(Descriptive review) کە شێوازێکە تیایدا بە شێوەیەکی بابەتیانە پێداچوونەوەبە پێکهاتەو ناوەڕۆکی پەرتووکێک دەکرێت، وەک وەسف کردنی زانیاریە بنەڕەتیەکان دەربارەی مەبەستی گشتی لە ڕێگەی خستنەڕووی ئامانج و گرینامەو پێشبینی وەدەرنجامەکان، بۆ ئەم مەبەستە نوسەر تیشک دەخاتە سەر ڕەگەزە سەرەکیەکانی پەرتووک و چەند بڕگەیەک وەردەگرێت وکاریان لەسەردەکات. هەروەها پێداچوونەوەی ڕەخنەیی (Critical review) کە شیوازیکی تری تیایدا هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی پەرتووک بە پێی کۆمەڵێک پێوەری ئەدەبی و زانستی و مێژوویی باوەڕپێکراو دەکرێت بە پشت بەستن بە زانیاری بەڵگەداری ناو پەرتووکەکە. نوسەر لەم شێوازەدا هەڵسەنگاندنێکی شیکاریانەی ڕەخنەگرانە بۆ بابەتەکە دەکات لە ڕێگەی خستنەڕووی مەبەست و ئامانجەکانی دانەر و مەودای سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی لە هێنانەدی ئامانجەکان(Organizing Your Social Sciences Research Paper: Writing a Book Review,libguides. usc. edu).

پێداچوونەوەی پەرتووک(Book Review) پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و گرانە وبرای ئەوەی پێوستی بە کات و خۆڕاگری و ڕەنج و کۆششێکی زۆر هەیە، لە هەمان کاتدا پیویستیشی بە ئاستێکی بالای توانستی زانستی و ئەکادیمی و شارەزایی و کارامەیی لە هونەری پێداچوونەوەو بابەتی پەرتووکی پیداچوونەوە هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١ –مەرجەکانی نووسینی پێداچوونەوەی پەرتووک Conditions for writing a book review

پێداچوونەوەی پەرتووک(Book Review) پرۆسەیەکە خۆی لە هەڵسەنگاندن و ئرخاندنی ناوەرۆکی پەرتووکێک دەنوێنێت، بۆیە تێگەیشتن لە بابەت مەرجی یەکەمی سەرکەوتن و ئەنجامدانی پێداچوونەوەی باشە، تێگەیشتن لە بابەتیش پێویستی بە خوێندنەوەی دەق بۆ چەندین جار و وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ دەربارەی هەر یەکێک لەم لایەنانەی خوارەوە هەیە:

٨. ١. ١–ئامانجی پەرتووک The goal of book

ئایا پرسیاری سەرەکی و بیانووی دانەر بۆ نووسینی پەرتووک چیە؟ئایا ئەو خاڵە سەرەکیانەی جەختی لەسەر کردوون چین؟ ئەگەر جەختی لەسەر خاڵێکی سەرەکی کردووە چۆن کردوویەتی و لە پەرتووکەکەدا چی بەدەست هێناوە؟.

٨. ١. ٢–بابەتی پەرتووک The Subject of Book

بابەتی پەرتووکەکە بە دروستی چیە؟ئایا دانەری پەرتووک بابەتەکەی بە تەواوی خستۆتەڕوو؟ ئایا هەموو لایەنەکانی بابەتەکەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ خستۆتەڕوو و هیچ جۆرە نا هاوسەنگیەکی تیادا بەدی دەکەیت؟ئایا لە دۆزینەوەی گرفتی لێکۆڵینەوەدا پشتی بە چ میتۆد یان شێوازێک بەستووە؟ بۆ نموونە شێوازی بابەتی یان شیکاری یان وەسفی یان هەر شێوازێکی تر.

٨. ١. ٣–پشتڕاستکردنەوەی بیرۆکەکان Evidence and proof of idea

ئایا دانەری پەرتووک چۆن بیروڕاکانی پشت ڕاست کردۆتەوە ؟چین ئەو بەڵگانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاری هێناون ؟ ئایا بەڵگەی باوەڕدارن؟ئەگەر بەڵگەی باوەڕدارن چۆن و ئەگەر باوەڕدار نین بۆچی؟ئایا هیچ جۆرە زانیاری یان دەرنجامی پەرتووکەکە هاودژە لەگەڵ زانیاری و دەرنجامی پەرتووکی تر کە لە دەوری یەک بابەتدا دەخولێنەوە؟.

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١. ٤-شیکردنەوەی بابەت Topic analysis

ئایا دانەری پەرتووك لە شیکردنەوەی بابەت و بەکارهێنانی بەڵگەکاندا پشتی بە شێوازێکی لۆژیکی بەستووە؟ئەو بەش و لقە لاوەکیانەی گشتیان پێك هێناوە چین؟ ئایا بەڵگەکانی لۆژیکی و باوەڕپێکەرن؟ئەگەر بەڵگەی لۆژیکی و باوەڕپێکەرن چۆن و ئەگەر نا بۆچی؟ یان ئایا پەرتووکەکە بە گشتی تا چەند گرفتی لێکۆڵینەوەکەی پوون کردۆتەوە؟ چۆن و ئەگەرنا بۆچی؟.

٨. ١. ٥-دانەری پەرتووك The Author of Book

ئایا دانەری پەرتووك کێو کار و پسپۆرێتیەکەی چیە؟پێشینەی کاری چیە و سەر بە چ دەزگا یان دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و زانستیە؟(Organizing Your Social Sciences Research Paper: Writing a Book Review,libguides. usc. edu).



شێوە(٢. ٥)پرۆسەی پێداچوونەوە بە پەرتووك پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٢ –هەنگاوەکانی پێداچوونەوەی پەرتووک The Steps of Book Review

پێداچونەوەی پەرتووک(Book Review)تەنها پێشکەشکردنی راپۆرتێک دەربارەی ناوەرۆکی پەرتووکە نیە، یان خستنەرووی سەرنج و بیروبۆچوونی تایبەت و تۆمارکردنی تێبینی نەرێنی نیە، بەڵکو پێداچوونەوەیەکی وردپەروەرانەیە و پێوستی بە ئاستێکی بالای توانستی شیکاری و ڕافەکاری هەیە لە هەڵسەنگاندندا. بۆیە پێویستە نوسەر لە پرۆسەی پێداچوونەوەدا پەیڕەوی چەند هەنگاوێکی گرنگ بکات:

٨. ٢. ١–ناساندنی دانەر، ناوی دانەر و پلەی زانستی و پسپۆرێتی و کار لە خۆدەگرێت، دواتر ئاماژەکردن بەپێشینەو باگراوندی زانستی و پیشەیی و ئایینی و ڕۆشنبیری دانەر و مەبەستی دانەر لە نووسینی پەرتووک. هەمیشە مەبەستی نووسین لە پێشەکیدا خراوەتەڕوو.

٨. ٢. ٢–جەخت کردن لەسەر تەوەری سەرەکی بابەت و خاڵە سەرەکیەکان و ئاماژەدانێکی کورت بە گرنگرتین ئەو بەڵگانەی دانەر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕاکانی بەکاری هێناون.

٨. ٢. ٣–هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگانەی کە دانەر بەکاری هێناون، چ بەڵگە هاوجووتەکان کە بە مەبەستی سەلماندنی ڕاکانی بەکاری هێناون، چ ئەو بەڵگانەی هاودژن لەگەڵ ڕاکانی. هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردنی دانەر لەگەڵ بەڵگە هاودژەکان بەوەی ئایا پشت گوێ ی خستوون یان بە تەواوی ئاماژەی پی کردوون و بە شێوەیەکی بابەتیانە بەڕەچیانی داوەتەوە.

٨. ٢. ٤–گفتوگۆی بابەتەکە بە کورتی و بەراوردکردنی لەگەڵ دەقێکی تر کە لە ڕووی بیرۆکەوە لەسەر هەمان بابەت نوسراوە، دواتر هەڵسەنگاندنی کۆتاو کۆتایی هێنان بە نووسین.

٨. ٢. ٥–سەرنجدان لە کورتبڕی و درێژبڕی پێداچوونەوەکە، پێداچوونەوەی باشیش لە دوو بۆ سێ لاپەرە بە قەبارەی (A٤) تێپەڕ ناکات، بۆیە پێویست ناکات بە هەر ڕێگایەك یان هەر بیانوویەك بێت ژمارەی لاپەڕەکانی لە سێ لاپەرە زیاتر بێت و لە لاپەڕەو نیوێکیش کەمتر بێت (كيف تكتب مراجعة لكتاب، www. sahistorian. com).

www.iqra.ahlamontada.com

٩-پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو Literature Review

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review) بریتیە لە پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک توێژینەوەی لەمەوپێش (Previous studies) کە پەیوەندیان بە گرفتی توێژینەوە هەیەو توێژەر وەک پێویستیەک لە پێویستەیەکان و وەک بەشێکی گرنگ لە توێژینەوەکەی ئەنجامی دەدات. یان بریتیە لە گفتوگۆی ڕەخنگرانەی کۆمەڵێک توێژینەوەی لەمەوپێش کە لە دەوری یەک بابەتدا دەخولێنەوەو توێژەر وەک بنەمایەک بۆ چوارچێوەیەکی تیۆری توێژینەوەکەی بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر ودەستەکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی گرفتەکە بەکاری دەهێنێت.

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review) پوختەیەکی وەرگیراوە لە توێژینەوەکانی لەمەوپێش دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو(The Literature Review is a summary of previous research on a topic). وەک توێژینەوەوەی زانستی و وتار و پەرتووک و سەرچاوەی تری جۆراوجۆر کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوە هەیە لە بوارێکی دیاریکراودا وتوێژەر وەک پێشینەیەکی زانستی و مێژوویی پشتیان پێ دەبەستێت (Literature Review: What is a Literature,www. research. morehead state. edu).

ئامانج لە ئەنجامدانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو(Literature Review) لە هەر بوارێکدا شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵێک زانیاری تایبەت بە بابەتێکە لە ڕێگەی کۆکردنەوەو بەراوردکردنی زانیاریەکاندا، بۆ نموونە دیاریکردنی ئەو شتانەی کە نادیارن و پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوە هەیە، هەروەها فەراهەم کردنی باکگراوندی مێژوویی توێژینەوە لە ڕێگەی خستنەڕووی تیۆرەکان و شیکردنەوەی تازە بۆ دەرەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوەی کۆن و تێگەیشتنی زیاتر لە بابەت و گرنگی بابەتەکە لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک توێژینەوەو دیاریکردنی بۆشاییەکانی توێژینەوە (Gaps in literature) بە مەبەستی پڕکردنەوەیان.

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ١-شێوازەکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو The Methods of Literature Review

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review)بە یەکێك لە کۆلەکە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، چونکە بەشێکی گرنگی توێژینەوە پێك دەهێنێت کە ناوەڕۆك یان چوارچێوەی تیۆریەکەیەتی وەرجە توێژەر یان فێرخواز لە قۆناغەکانی لیسانس و ماستەر و دکتۆرا وەك پێویستیەك بۆ بەشێکی گرنگی توێژینەوەکەیان ئەنجامی بدەن، هەنگاوێکی داواکراوە لە کاتی پێشنیارکردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ماستەر و دکتۆرا و بە بێ جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوە هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراو سەرکەوتوو نابێت، چونکە گرنگترین بەشی توێژینەوەیە کە وا لە توێژەر دەکات لە بابەت و بواری توێژینەوەکە بگات، هۆکارێکە بۆ ئاشنابوون بە بیروڕای جیاواز دەربارەی بابەتی توێژینەوەو یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك دەرەنجام و تیۆر و بیرۆکەو کۆمەڵێك زانیاری نوێ وتازە دەربارەی بابەتی توێژینەوەو پێشکەشکردنیان بە خوێنەر. هەروەها یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردان لەسەر بەشەکانی تری توێژینەوە. بۆ نموونە ئەگەر توێژەر نەیتوانی بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازەکانی فۆرم وچاوپێکەوتن بەکار بهێنێت، پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتی دەدات بزانیت چ ڕێگایەکی تر گونجاوە بەکاری بهێنێت (حریري، ٢٠١١).

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو(Literature Review) فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری هەیەو شێوەی بەکارهێنانی لە هەر بوارێکدا جیاوازە لەگەڵ بوارێکی تر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیرەوەی لە سێ شێوە و جۆرلە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان دەکرێت :

٩. ١. ١-پێداچوونەوەی وەسفی Narrative literature review

پێداچوونەوەی وەسفی شێوازێکە تیایدا پێداچوونەوە بە گرنگترین توێژینەوەو بەرهەمی چاپکراوی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوەکەیەك دەکرێت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە تێگەیشتنی بابەتدا.

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ١. ٢-پێداچوونەوەی ڕێکخراو Systematic literature review

پێداچوونەوەی ڕێکخراو(Systematic literature review) یەکێکە لەو شێوازە باوەکانەی لە ڕێگەیەوە زۆرترین بەڵگەی ڕاست و بەهێز بەکاردەهێنرێت، بە چەند ڕێگایەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت تیایدا لە ژێر چەند پێوەرێکدا بە ڕۆشنی پێداچوونەوە بە کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەندار بە بوارێکی زانستی دیاریکراو دەکرێت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگاکەی کە پێداچوونەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت (McCambridge, McAlaney &Rowe,٢٠١١).

٩. ١. ٣-پێداچوونەوەی ڕەهەندی و کۆکەرەوەیی Meta-analysis

پێداچوونەوەی ڕەهەندی و کۆکەرەوەیی(Meta-analysis)شێوازێکە لە پێداچوونەوە تیایدا چەندین ئامرازی ئاماری جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی لێکدانی دەرەنجامەکانی کۆمەڵێك توێژینەوەی پەیوەندار بە بوارێکی دیاریکراو بە ئامانجی دۆزینەوەی شێوەیەکی دیاریکراو لە دەرەنجام و زانینی هۆکاری جیاوازی دەرەنجامەکان و پەیوەندی دەرەنجامەکان بە یەکتر لە ڕێگەی شیتەڵکاری ئاماریەوە (Wilk, Jensen &Havighurst,١٩٩٧).



شێوە(٢. ٦)شێوازەکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٢-پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بە پێی فۆرمی ئاپا APA

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو(Literature Review)لە رووانگەی گالڤان (Galvan) تەنها بیبلۆگرافیایەك نیە تیایدا پێداچوونەوە بە بابەتی وتارێك کرابێ و هەوڵی کورتکردنەوەی وتارەکە درابێت، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی شیکارییانەی ڕەخنەگرانەیە بە ئامانجی دەرخستنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵێك کارو پڕۆژەی جۆراوجۆرو پەیوەستکردنیان بە پڕۆژەی توێژینەوەیەکی نوێ ئەنجام دراوە. بە ڕای گالڤان (Galvan) پێویستە توێژەر لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review) پەیڕەوی لە پڕۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بکات، وەك:

٩. ٢. ١-پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی ئاپا Apply APA guidelines

لە یەکەم هەنگاودا توێژەر پێویستی بە گەڕانەوە بۆ یاساو ڕێساکانی ئاپا(APA)هەیە بە مەبەستی زانین و ئاشنا بوون بە بنەما سەرەکیە هاوبەشەکان و چۆنیەتی نووسین بە پێی شێوازی ئاپا، بۆ ئەوەی بتوانێت پلانی نووسین و چوارچێوەی نووسینەکەی بە پێی ئەم ستایلە دابنێت، وەك چۆنیەتی دانانی چوارچێوەی گشتی کە بەسەر پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی دابەش دەبێت، هەروەها جۆری خەت و ناونیشان وچۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەو سوود لێ وەرگرتنیان (Galvan,٢٠٠٦). بەڵام پێوستی پابەندبوون بە بنەماکانی ئاپا(APA) کۆمەڵەی دەروونزانانی ئەمەریکی تەنها بۆ نوسەر و توێژەرەکانی بواری دەروونزانی و کۆمەڵزانی و هەندێ بواری مرۆیی گرنگە، لە کاتێکدا نوسەر توێژەرانی بوارەکانی دیکەی وەك زمان و مێژوو و هونەر و زۆربەی زانستە سروشتەیەکان پێویستە پابەند بە یاساو ڕێساکانی ستایلی تری وەك (MLA) کۆمەڵەی زمانی نوێ و شیکاگۆ(Chicago) و هارڤارد(Harvard)بن.

٩. ٢. ٢-دیاریکردنی بابەت Topic Selection

پێویستە توێژەر لە هەنگاوی دووەمدا بابەتی نووسینەکەی دیاری بکات و بزانێت پێداچوونەوە بە چ بابەتێك دەکات و بۆ چ مەبەستێك دەیکات. ڕەنگە بابەتی هەڵبژێردراو بابەتێکی تەسك بێت و پێوستی بە لێکۆڵینەوەی وردو گەڕانەوە بۆ ژمارەیەك سەرچاوە و دەیان پەرتووکی جۆراوجۆر هەبێت ، بۆیە بۆیە توێژەر پێویستی بە نزیك بوونەوە لە بابەت و ناسین و تێگەیشتنی تەواو لە بابەت و کەرەستەو پێداویستەکانی لێکۆڵینەوە لە بابەت هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٢. ٣–دیاریکردنی سەرچاوەکان References Selection

لەم هەنگاوەدا پێویستە توێژەر سەرچاوەکانی بابەتەکە دیاری بکات و هەوڵی کۆکردنەوەو بەدەست هێنانیان بدات، بۆ ئم مەبەستە دەتوانێت کەڵك لە سەرچاوە جیاجیاکانی وەك کتێبخانە گشتیەکان و زانکۆکان و ناوەندە زانستیەکان و مالپەرە ئەلکترۆنیەکان و هەر سەرچاوەیەکی تر کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت وەربگرێت، بەڵام پێوستە بە وردبینیەوە سەرچاوەکان دیاری بکات و دوور بکەوێتەوە لە هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی پەیوەندیەکی تەواویان بە بابەتەکەوە نیە.

٩. ٢. ٤–شیتەڵکردن و رێکخستنی بابەت Analysis and organization of the topic

دوای دیاریکردنی سەرچاوەو کەرەستەی پێوست، لە هەنگاوی چوارەمدا شیتەڵکردن و رێکخستنی سەرچاوەکان پێوستە. گرنگە توێژەر لە سەرەتادا چاوخشاندنێکی گشتی بە وتارەکاندا بکات بۆ گەیشتن بە بیرۆکەیەك دەربارەی مەبەستی گشتی وناوەرۆکی بابەت، بۆ ئەم مەبەستە دەشیت جەخت لەسەر پێشەکی و بڕگە سەرەتاییەکانی بابەتەکان بکات و تێبینیەکانی تۆمار بکات، ئینجا بابەتەکان بۆ چەند بەشێك پۆلین بکات، دواتر لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکان بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی جۆراوجۆر تێبینیەکانی تۆمار بکات. لەم هەنگاوەدا پێویستە توێژەر جەخت لەسەر چەند شتێکی گرنك بکات، وەك دیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکان و سەرنجدان لە جیاوازی پێناسە کردنیان و ئاماژە سەرەکیەکان وشێوازەکانی وەرگرتن ونیشانەو چۆنیەتی ئاماژە پێ کردنیان و ئاراستەو شێوە گشتیەکان و پەیوەندی نێوان بابەتەکان و دیاریکردنی بۆشایی و کەڵەبەرەکان و هۆکارەکانی دروست بوون و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. هەروەها گرنگە توێژەر سەرنج بخاتە سەر کۆی بابەتەکان بە گشتی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی هەموو ئەو سەرچاوەو بابەتانەی هەڵی بژاردوون پەیوەندی تەواویان بە بابەتەکەوە هەیە (Galvan,٢٠٠٦).

٩. ٢. ٥–کورت کردنەوەی بابەت لە شێوەی خشتە یان نەخشە Summarize the topic in the form of a table or map

بە ڕای گاڵفان(Galvan) دروستکردنی خشتە رێگایەکی گونجاو و باشە بۆ خستنەڕووی دەرەنجامەکان و رێکخستن و کورتکردنەوەیان، بۆیە پێشنیار دەکات توێژەر لە خستنەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

وردەکخستنی دەرەنجامەکان پشت بە خشتە یان کۆمەڵێك خشتە و نەخشەی بەیانی ببەستێت. بۆ نموونە پێناسەی زاراوەو چەمکە سەرەکیەکان لە خشتەیەکدا و ڕێگاکانی توێژینەوە لە خشتەیەکی تردا کورتەی دەرەنجامی توێژینەوەکان لە خشتەیەکی تردا بخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت سوود لە هەندێ پڕۆگرامی کۆمپیوتری وەك مایکرۆسۆفت وۆرد و ئەکسڵ وەربگرێت. بەکارهێنانی پڕۆگرامی ئەکسڵ ئامرازێکی باشە بۆ توێژەر بۆ ئەوەی بتوانێت دەرەنجامەکان بە پێی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر بخاتەڕوو. بۆ نموونە بە گوێرەی مێژوو و دانەر یان بە گوێرەی میتۆد و مێژوو.

٩. ٢. ٦-ئاوێتەکردن پێش نووسینی ڕاپۆرتی تایبەت Mixing topics

لەم هەنگاوەدا پێویستە توێژەر بابەتەکان ئاوێتەو تێکەڵی یەکتر بکات پێش ئەوەی هیچ جۆرە ڕاپۆرتێکی تایبەتی خۆیانی بنوسێت. بۆ ئەم مەبەستە دەشێت پێداچوونەوە بەچەند شتێکی گرنگ بکات، وەك مەبەستی تایبەت لە پێداچوونەوەکەو چۆنیەتی تۆمارکردن و کۆکردنەوەی تێبینیەکان و ڕافەکردن و ڕوونکردنەوەی بەڵگەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی تێبینیەکان لە چوارچێوەیەکی بەڵگەداری و تێبینی کردنی جیاوازی نێوان ناونیشانەکان و توێژینەوەکان ودیاریکردنی کەلێن و بۆشاییەکانی توێژینەوە کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە. هەروەها توێژەر لەم هەنگاوەدا پێویستی بە دانانی چەند پلانێك هەیە، وەك:

- پلان بۆ لێکدانەوەو ڕافەکردنی سەرجەم ئەم توێژینەوانەی پەیوەندیدیان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە هەیە.
- پلان بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی چۆنیەتی پەیوەستکردنی توێژینەوەی تایبەت بە تیۆرە پێشکەوتووەکان.
- پلان بۆ کورتکردنەوەی بابەت بە شێوەی بازنەیی تا کۆتایی بابەتەکە.
- پلان بۆ خستنەڕووی دەرەنجامەکان.
- پلان بۆ خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێك بۆ توێژینەوەی داهاتوو لە کۆتایی بابەتەکە.
- پلان بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت دەربارەی بابەتەکە (Galvan,٢٠٠٦).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٢. ٧–نووسینی بابەتی پێداچوونەوە Writing topic

لەم هەنگاوەدا توێژەر دەست بە نووسینی بابەتی پێداچوونەوەکە دەکات بە جێبەجێ کردنی ئەم پێ و شوێنانەی خوارەوە:

- دیاریکردنی ناوچەی فراوانی گرفتی توێژینەوە.
- ئاماژەکردن بە هۆکارەکانی گرنگی بابەتەکە کە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.
- جیاکردنەوەی سەرچاوەی توێژینەوە لەگەڵ سەرچاوە زانیاریەکانی تر و دیاریکردنی هۆکارەکانی گرنگی هەندێ لە توێژینەوەکان.
- دیاریکردنی کات و ئامادەکردنی بابەتەکە لە ماوەو کاتی دیاریکراودا.
- ئاماژەکردن بە توێژینەوە کلاسیکیەکان کە پشتیان پێ بەستراوەو وەک سەرچاوە بەکار هێنراون لەگەڵ ئاماژە کردن بە دووبارەبوونەوەی سەرچاوەکان و دەرەنجامی لێکچوو و هاوشێوەیان (Galvan,٢٠٠٦).
- گفتوگۆکردنی سەرچاوە زانیاریەکانی تر دەربارەی بابەتەکە وهێنانەوەی پاساوی زانستی و باوەرپێکەر بۆ هەندێ وتەو لێدوانی وەک نەمتوانیوە دەستم بە هەندێ سەرچاوە بگات.
- ئاماژەکردن بە ناهاوجووتی و جیاوازی نێوان دەرەنجامی توێژینەوەکان لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ناهاوجووتی و جیاوازیە هەبوو.
- ئاماژەکردن بەسەرجەم سەرچاوەکان چ توێژینەوە یان پەرتووک یان وتار یان بابەتی گۆڤارێك بێت و پەیوەندی بە بەشێك لە بەشەکانی بابەتی پێداچوونەوەکە هەبێت.

٩. ٢. ٨– یەکێتی بابەت Subject module

لە هەنگاوی کۆتاییدا پێویستە توێژەر بە مەبەستی دڵنیابوون لە یەکگرتوویی و گونجاوی و دریژبڕی و کورتبڕی و بوونی یەکێتی بابەت لە نێوان بەشەکان پێداچوونەوەیەکی گشتی بە بابەتەکەدا بکات. لە کاتی کورتبڕی و دریژبڕیدا پێویستە توێژەر بە بابەتەکەدا بچێتەوەو بە گوێرەی پێویست دووبارە دابڕێژێتەوە بە بێ ئەوە هیچ شتێك لا بدات و پەردەپۆشی بکات. نەگونجاوی و ناڕێکی بابەت ناتەواویەکە پێویستە چارەسەری بکات. لە بەکارهێنانی سەرچاوەو چۆنیەتی وەرگرتن و پارافرەیزکردندا دڵنیا بێت ئاماژەی بە هەموو سەرچاوەکان

www.iqra.ahlamontada.com

کردووە. دڵنیا بێت هەموو سەرچاوەکان پەیوەندی تەواویان بە بابەتی پێداچوونەوەکە هەیە. لە بەکارهێنانی زنجیرەی بەڵگەکان بۆ پشت پاستکردنەوەی بابەت دڵنیا بێت کە بەشێوازێکی لۆژیکی داڕێژراون. لە بەکارهێنانی چەمکەکاندا پشتی بەبەکارهێنانی چەمکی سادەو ساکار بەستبێت کە جەماوەری خوێنەر بەگشتی لێی تێ بگات نەک بەکارهێنانی چەمکی ئالۆز و لیلّ بە شێوەیەک تەنها نوخبەیەک لێی تێ بگات. لە دانانی خالبەندی و نووسینی بابەتەکە بە شێوازیکی زمانەوانی دروست دڵنیابێت هەموو مەرج و داواکاریە زمانی و ڕێزمانیەکانی جێبەجێ کردووە. لە کۆتایشدا پێویستە داوای یارمەتی لە کەسێکی پسپۆری بوارەکە بکات بە مەبەستی خوێندنەوەی بابەتەکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک تێبینی کە خۆی نەیتوانیوە پێیان بگات و دەست نیشان کردنی هەندی خاڵی ناڕۆشن وهەندێ کەم وکوڕتی کە تا ئەو ساتە درکی پێ نەکردوون.

یەکێک لە دیارترین و زەقترین هەڵەی باو کە لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review) ی زۆربەی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە:

- سەرچاوەکانی بابەتی پێداچوونەوە پەیوەندیەکی تەواویان بە بابەتی لێکۆڵینەوە نەبێت و هۆکارێک نەبن بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری گرفت و ئامانجی توێژینەوەکە کە پیداچوونەوەی بۆ دەکرێت.
- نەبوونی کاتی پێوست بۆ گەڕان و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پەیوەندار بە گرفتی توێژینەوەو پشت بەستن بە سەرچاوەی شیکاری و زانیاری لاوەکی لە جیاتی سەرچاوەی سەرەکی و ئەو توێژینەوانەی پەیوەندی پتەو ڕاستەوخۆیان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە هەیە.
- پشت بەستن بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرنجامەکان لە جیاتی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی سەرجەم لایەنەکانی وەک دیزاین و شیکاری توێژینەوەکان و جەخت کردن لەسەر ڕاست و دروستی گریمانەکان و فەرامۆش کردنی دەرەنجامی پێچەوانەوە لە توێژینەوەکاندا (Organizing Your Social Sciences Research Paper: The Literature Review,www. libguides. usc. edu).

www.iqra.ahlamontada.com

١٠–پێداچوونەوەی هاوەڵان Peer review

پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review) جۆرێکی تره له پێداچوونەوه تیایدا به مەبەستی هەڵسەنگاندن و بڕیار لەسەردان لێکۆڵینەوه له ناوەڕۆکی بابەتێك یان توێژینەوەیەکی زانستی دەکرێت. کەسی هەڵسەنگینەر لەم پێداچوونەوەیەدا ناوەڕۆکی بابەتەکان پۆلین دەکات و لایەنە باش و خراپەکانی دەخاتەڕوو و تێبینی و سەرنج و ڕای خۆیانی لەسەر دەدات.

له پێناسەیەکی تردا پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review) بریتیه له هەڵسەنگاندی کارێك یان چالاکیەکی دیاریکراو له لایەن کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکه به مەبەستی بڕیاردان لەسەر ڕاستی و دروستی و کارو چالاکیەکه. جۆرو شێوازی هەڵسەنگانەکەش به پێی جۆری چالاکی وبواری کارو بابەتەوه دەگۆڕێت، بۆ نموونه پێداچوونەوەی هەڵسەنگاندن له بواری پزیشکیدا پڕۆسەیەکه پەیوەسته به هەڵسەنگاندنی کلینیکی و بڕیاردان لەسەر باشی و سەلامەتی دام و دەزگا چاودێری و تەندروستیەکان، بەڵام له بواری نەخۆشەوانی و فێرکاری پزیشکیدا پەیوەسته به هەڵسەنگاندنی ئاستی شارەزایی و کارامەیی پزیشکەکان لەپڕۆسەی وانەوتنەوەوفێرکاری پزیشکیدا. هەرچی بواری ئەکادیمیه پڕۆسەکه پەیوەسته به هەڵسەنگاندنی پڕۆژەیەکی زانستی و ئەکادیمی یان هەڵسەنگاندنی توێژینەوەیەکی زانستی و خستنەڕووی هەنگاوه تیۆری و کردارییەکانی به مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئاستی ڕاست و دروستی توێژینەوەکه و بڵاوکردنەوەی له یەکێك له گۆڤاره زانستیەکاندا.

پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review)ئامرازێکه بۆ لێکۆڵینەوه له ڕاستی و دروستی توێژینەوەکان و هۆکارێکه بۆ فەراهەم کردنی دەرەفەتی هەروەزی و کۆمەڵکاری و کاری به گرووپ له ناوەوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا. وێرای ئەو بەرهەڵستی و ڕەخنانه زۆرانەش که ڕووبەڕووی کراوەتەوه تا ئێستا له سەر ئاستێکی فراوان به تاکه ڕێگای باوەڕپێکراو بۆ لێکۆڵینەوه له ڕاستی و دروستی توێژینەوەکان دادەنرێت (What is peer review? Elsevier, www. elsevier. com). وەك ئامرازێکی هەڵسەنگاندنی زانستی ریشەی میژووییی هەیەو میژووەکەی دەگەڕێتەوه بۆ سەردەمی گریکی کۆن و وەك پڕۆسەش به درێژایی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو پیشکەوتنی زۆری بەخۆوه بینووه.

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. ١- پێداچوونەوەی هاوەڵان لە ڕوانگەی کۆمبێڵ Campbell

لە ڕوانگەی کۆمبێڵ (Campbell) ئامانج لە پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review) لە لایەن هەڵسەنگێنەران و گۆڤارە زانستیەکان و دامەزراوە ئەکادیمیەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

١٠. ١. ١-ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی کە ناتەواون لە ڕووی پێکهاتەی گشتی و میتۆد و دیزاین و ناڕۆشنی دەرەنجامەکانیان بە پێی کۆمەڵێك پێوەری ئەکادیمی بۆ بڵاوکردنەوە.

١٠. ١. ٢-لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆك و دڵنیابوون لە بەهێزی میتۆدی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکاندا، هەروەها دڵنیابوون لە گونجاوی توێژینەوەکە لەگەڵ بنەماو مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بوونی کۆمەڵێك زانیاری گرنگ بۆ توێژەرانی تر.

١٠. ١. ٣-دڵنیابوون لە شێوازی شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەرەنجامەکان بە شێوەیەکی دروست و نا هاودژی دەرنجامەکانی توێژینەوە لەگەڵ یەکتر.

١٠. ١. ٤-دڵنیابوون لە پابەندبوون بە بنەماکانی دەسپاکی ئەکادیمی و نەبوونی هیچ جۆرە دیاردەیەکی ناپاکی لە توێژینەوەکەدا.

١٠. ١. ٥- پارێزگاری کردن لە ئاستی زانستی گۆڤاری زانستی لە ڕێگەی بارمەتیدانی گۆڤار و سەرنوسەر و ستافی بەڕێوەبردنی گۆڤارێك لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی تەواو و بڵاو نەکردنەوەی توێژینەوەی لاواز و ڕەتکردنەوەیان لە لایەك، لە لایەکی تر یارمەتیدانی توێژەران بە پێدانی کۆمەڵێك تێبینی و زانیاری گرنگ بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هەموار کردنەوەی توێژینەوەکەیان و ئەنجامدانی کاری باشتر لە داهاتوودا.

هەروەها بە بڕوای کۆمبێڵ (Campbell) پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review) پرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەو داد پەروەرانەی ڕێکخراوە و بە پێی سیستمێك بەڕێوە دەچێت کە چەند داواکارییەکی لەخۆگرتووە:

www.iqra.ahlamontada.com

- پێویستە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی توێژینەوەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانی دەرکیەوە ئەنجام بدرێت نەک تەنها سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی گۆڤارێک یان دامەزراوەیەکی زانستی ئەنجامی بدەن.
- پێوستە کەسی هەڵسەنگێنەر بێ لایەن بێت و هیچ جۆرە بڕیارێکی باش و خراپ لە بەرژەوەندی و زیانی توێژینەوەکە نەدات.
- پێویستە کاتی گونجاو بۆ پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان تەرخان بکرێت.
- پێویستە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی توێژینەوەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەران لەسەر بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی هەڵەو ناتەواوی وهەموارکردنەوەی توێژینەوەکان بە ڕێوە بچێت.
- پێویستە هەر جۆرە بڕیارێک کە لە لایەن هەڵسەنگێنەرەکان دەربارەی توێژینەوەکان دەدرێت لەسەر بنەمای هەڵەسەنگاندنێکی زانستیانە و دادپەروەرانە بێت نەک لەسەر بنەمای ناو پێگەی توێژەر و زانکۆ و دامەزراوەی زانستی، هەر جۆرە بڕیارێکی لەو شێوەیەش دەچێتە خانەی بازرگانی کردن بە زانست (Campbell,۲۰۱۲).



شێوە(۲. ۷) پڕۆسەی پێداچوونەوەی هاوەڵان لە ڕوانگەی کامبل ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. ٢–پێداچوونەوەی هاوەڵان لە ڕوانگەی زیمیرمان Zimmerman

پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review) لە ڕوانگەی زیمیرمان(Zimmerman) پڕۆسەیەکە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و ناوەڕۆک و دەرئەنجامی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت، لە سەر ئەو بنەمایە کەسی هەڵسەنگێنەر پێکهاتەی بابەتەکە دیاری دەکات و تیایدا جەخت لەسەر پێکهاتەی گشتی (Overall organization) وپێشەکی (Introduction) میتۆد(Methods) ودەرەنجامەکان (Results) وگفتوگۆ (Discussion) و هەڵسەنگاندنی گشتی (Overall assessment) دەکات ، وەک:

١٠. ٢. ١–ئایا لە ڕووی ڕێکخستنەوە پێکهاتەی گشتی بابەتەکە تەواوە و بەش و لقە بەشیەکانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو دانراون؟ ئایا لە پێشەکیدا نوسەر یان نوسەران بابەتەکەیان بە پوختی و شێوازێکی زانستیانە پێشکەش کردووە؟ ئایا پرسیارەکانی توێژینەوەو گریمانەو و پێشبینیەکانیان کورت و ڕوونن؟

١٠. ٢. ٢– ئایا لە ڕووی شێوازەوە پەیڕەوی لە میتۆدیکی ڕوون و تەواو کراوە؟ ئایا دەرەنجامە ئاماری و شیکاریەکان بە شێوازێکی ڕوون پێشکەش کراوە؟ ئایا نوسەر یان نوسەران ڕوونکردنەوەی تەوایان دەربارەی گریمانەکان و ئەو ئامرازە ئاماریانەی بەکاریان هێناوە پێشکەش کردووە؟.

١٠. ٢. ٣–ئایا لە ڕووی شیکاریەوە توێژەر یان توێژەران دەرئەنجامەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕوون و تەواو پێشکەش کردووە؟ ئایا خشتەو گرافیکەکانیان بە شێوازێکی گونجاو بەکار هێناوە؟.

١٠. ٢. ٤–ئایا توێژەر لە کۆتاییدا ئاماژەی بە پرسیارەکانی توێژینەوە کردووە و دەرئەنجامەکانی بە شێوازیکی زانستیانە ڕوونکردۆتەوە؟ ئایا توێژینەوەکە لە هێنانەدی دەرەنجامی تازە تا چەند پاڵپشتی مەعریفە دەکات؟.

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. ٢. ٥- ئایا دەرنجامە تازەکان بە شێوازێکی تەواو و ڕوون پێشکەش کراون و گفتوگۆ و لێکدانەوەی گونجاویان بۆ کراوە؟ ئایا توێژەران بە شێوەیەکی فراوان گفتوگۆی دەرەنجامەکانیان کردووەو چ ڕاسپاردەو پێشنیارێکیان بۆ توێژینەوەی داهاتوو پێشکەش کردووە؟ ئایا هیچ جۆرە ئاماژەیەکیان بەو کۆسپ و تەگەرانە کردووە کە ڕەنگە بێنە پێش توێژینەوەی داهاتوو؟ ئایا شیکردنەوەی دەرنجامەکان لۆژیکانەو باوەڕپێکراون و پێشبینەکان بە ڕوونی پێشکەش کراون ؟

١٠. ٢. ٦-ئایا توێژینەوەکە بە شێوازێکی کورت و پوخت نوسراوە کە خوێنەر بەباشی لێی تێ بگات؟ ئایابابەتی توێژینەوەکە بابەتێکی تازەو نوێ یە یان پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەی تردوە هەیە؟ (Zimmerman,٢٠١٧).



شێوە(٢. ٨)پرۆسەی پێداچوونەوەی هاوەڵان لە ڕوانگەی زیمیرمان(Zimmerman) ڕوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. ٣-جۆرو شێوازەکانی پێداچوونەوەی هاوەڵان Types of peer review

گۆڤارە زانستیەکان پەیڕەوی لەبەکارهێنانی چەند شێوازێکی جۆراوجۆر لە پێداچوونەوەی هاوەڵان دەکەن، شێوازی پێداچوونەوەش بە پێی جۆری توێژینەوە و سیستمی بەڕێوەبەری گۆڤارەکانەوە دەگۆڕێت. شێوازی پێداچوونەوەی داخراو (Single-blind peer review) و شێوازی پێداچوونەوەی دووانەی بڕ (Double-blind peer review) دوو شێوازی پێداچوونەوەن کە لە زۆرترین کاتدا بەکارهێنراون، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ گۆڤار پەیڕەویان لە دوو شێوازی تر کردووە کە شێوازی پێداچوونەوەی کراوە(Open peer review) و شێوازی پێداچوونەوەی دوای بڵاوکردنەوە(Post-publication peer review)ن.



شێوە(٢. ٩)جۆر و شێوازەکانی پێداچوونەوەی هاوەڵان(peer review) پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. ٣. ١–شێوازی پێداچوونەوەی داخراو Single-blind peer review

لەم شێوازەدا هەڵسەنگێنەرەکان توێژەرەکان وخاوەنی بابەتەکان دەناسن کە پێداچوونەوەی بۆ دەکەن، بەڵام توێژەرەکان هەڵسەنگێنەرەکان ناناسن و ئاشکرا نین. پەیڕەوانی ئەم ڕێگایە پێیان وایە ئاشکرابوونی کەسی توێژەر لای هەڵسەنگێنەران کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بڕۆسەکەو ڕەنگە جۆرێك لە لایەنگیری دروست بکات، بەڵام لەباری ئاشکرا نەبوونیدا دەرفەتی لایەنگیری و لێکدانی بەرژەوەندیەکان کەم دەبێتەوە (Rajagopalan,٢٠١٧) .

١٠. ٣. ٢–شێوازی پێداچوونەوەی دووانەی بزر Double-blind peer review

لە شێوازی پێداچوونەوەی دووانەی بزردا هەردوو لایەنی توێژەران و هەڵسەنگێنەران ئاشکرا نین و ناسنامەی هەریەکەیان نادیارە. پەیڕەوانی ئەم ڕێگایە پێیان وایە ناسینی توێژەر لە لایەن هەڵسەنگێنەران و گۆڕ گرتن لێی لە هەندێ کاتدا هەڵسەنگێنەر دووچاری پێدانی تێبینی هەڵەو بڕیاری نابەڕپرسانە دەکات و گرنگی بەکارهێنانی شێوازەکەش دەگێڕنەوە بۆ:

- هەڵسەنگێنەران بڕۆسەی هەڵەسەنگاندنی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ناوەڕۆك و بە هێزی بابەت ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی خاوەنەکانیان بناسن و لە نزیکەوە هیچ جۆرە لێدوانێکی زارەکیان لێ وەربگرن.
- دەشێت هەڵسەنگێنەران لە ڕێگەی بابەت و شێوازی نووسین وهەوڵ و کۆششی خودیەوە دیاری بکەن.
- لە چوارچێوەی بنەماکانی پێداچوونەوەکە هەڵسەنگێنەران زۆرترین زانیاریان دەربارەی توێژەرەکانەوە دەست دەکەوێت (What is peer review? Elsevier, www. elsevier. com.

١٠. ٣. ٣–شێوازی پێداچوونەوەی کراوە Open peer review

لەم شێوازەدا ناسنامەی هەریەکە لە هەڵسەنگێنەر و توێژەر ئاشکران. لە زۆربەی کاتدا تێبینی و بۆچوونی هەڵسەنگێنەرەکانیەیڕەوانی ئەم شێوازە پێیان وایە پێداچوونەوەی کراوە باشترین ئامرازە بۆ بەرگرتن لە هەڵسەنگاندنی خراپ و دیاردەی ناپاکی و گەڕانەوە بۆ خشتەی کاری توێژەران لە لایەن هەڵسەنگێنەرەکان، لە هەمان کاتدا باشترین شێوازە بۆ هاندانی کراوەو هەڵسەنگاندنی دروست. بەڵام ڕەخنەگرانی ئەم شێوازە پێیان وایە پێداچوونەوەی کراوە

www.iqra.ahlamontada.com

شێوازێکی دروست نیەو لە زۆربەی کاتدا بە هۆی سەرسامی یان ڕەخنەگرتن لە توێژینەوەکان لە لایەن هەڵسەنگینەرەکانەوە گیانی لایەنگیری و لێکدان و تۆڵەسەندنەوە لای توێژەرەکان دروست دەکات(What is peer review? Elsevier, www. elsevier. com).

١٠. ٣. ٤- شێوازی پێداچوونەوەی دوای بڵاوکردنەوە Post-publication peer review

شێوازی پێداچوونەوەی دوای بڵاوکردنەوە یەکێکە لەو شێوازە تازانەی کە هەندێ بڵاوکراوەو گۆڤاری زانستی لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان پشتی پێ دەبەستن، ئامانج لە بەکاهێنانی ئەم شێوازەش کردنەوەی پەنجەرەیەکی کراوەو دەربازبوونە لە کۆمەڵێك کۆت و بەندی کلاسیکی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەدا. بە پێی ئەم شێوازە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان و هەڵەسەنگاندنیان لە دوای بڵاوکردنەوە لەسەر مینبەرێکی کراوە ئەنجام دەدرێت وگفتوگۆی تێبینی و هەڵەسەنگاندنی هەڵەسەنگینەرانیش لە هەمان کات و شوێندا دەکرێت . گرنگی ئەم شێوازە لەوەدایە کە دەرەفەتی گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی نرخاندن و هەڵەسەنگاندن بە هەڵەسەنگێنەرەکان دەدات لە لایەك، لە لایەکی تر دەرەفتی بڵاوکردنەوەی پێشوەختەو گفتوگۆی کراوەو ڕاشکاوانەی زیاتر بە توێژەران دەدات (Rajagopalan,٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

١١-گۆڤار Journal

گۆڤار(Journal)بە مانا گشتیەکەی جۆرێکە لە جۆرەکانی کتێبی بچووک لە ڕووی قەبارەوە، شێوەی لاپەڕەکانی گەورەو بەرگێگی کاغەزی هەیە، ناوەڕۆکەشی چەندین وێنەو چاوپێکەوتن و بابەتی هەمەجۆری لەخۆ گرتووەو بە شێوەی هەفتانە یان وەرزانە یاخود سالانە لە لایەن دەزگایەکی وەشاندن چاپ و بڵاودەکرێتەوە. لە پێناسەیەکی کورتدا بریتیە لە بڵاوکراوەیەکی دەوری تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو و تویژێکی تایبەتی دیاریکراو لە خوێنەر. یان بریتیە لە بڵاوکراوەیەك کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆری وەك چیرۆك و هۆنراوەو وتار و ڕەخنەو بابەتگەلی ئەدەبی و زانستی لەخۆگرتووە لەگەڵ کۆمەڵێك وێنەو نەخشەو هێڵکاری وگرافیك و کاریکاتیر بۆ گوزارشت کردن لە بابەتەکان.

مێژووی هاتنەکایەی گۆڤار لە جیهاندا مێژوویەکی دوور نیەو لە چوار سەدە تێپەڕ ناکات، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە بە مەبەستی ئاشنابوون بە قۆناغەکانی دەرکەوتنی گۆڤار پێویستی بە گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری و قۆناغەکانی گەشە سەندنی بزووتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە جیهان بە تایبەت لە لە ئەورووپادا هەیە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی زایینی لە ئەورووپا کۆمەڵێك گۆڤار لە شێوەی بڵاوکراوەوەی سادە دەرچوون کە پێویستیان بە کۆشش و کاتێکی زۆر هەبووە، لە ئەنجامی بەردەوامی و هەوڵی بێ وچانی ڕۆژنامەگەران لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێش چوونی زیاتری بەخۆوە بینیووە وگۆڤاریش هەنگاو هەنگاو گۆڕاناکاری بەسەردا هاتووە و شێوەو فۆرمی جیاجیای وەرگرتووە. یەکەم گۆڤار بە شێوەیەکی فەرمی لە نێوان سالانی ١٦٦٣-١٦٦٨ ز لە لایەن شاعیری ئەڵمانی یۆهان ڕیست[١٣](Johan Rest) چاپ و بڵاوکراوەوە، بەم هەنگاوەشی ڕێگای بۆ کەسانی تر

---

١٣ یۆهان ڕیست(Johan Rest) لە ٨ مارسی ١٦٠٧ز لە هامبۆرگ لە دایك بووە، لە ٣١ ئابی ١٦٦٧ز لە هولشتاین لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.کوڕی گەورەی یەکێك لە قەشە گەورەکانی مەزهەبی پڕۆتستانت بووە. وانەی سەرەتایی لای باوکی خوێندووە و دواتر چۆتە قوتابخانەی ناوەندی لە هامبۆرگ.لە ساڵی ١٦٢٦ز لە زانکۆی ڕوستۆك(University of Rostock) وانەی لاهوتی خوێندووەو بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٦٢٩زدا پەیوەندی بە زانکۆی ڕینتلن(University of Rinteln)کردووە.دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هامبۆرگ و دەستی کردووە بە نوسین و بڵاوکردنەوەی

www.iqra.ahlamontada.com

خۆش کرد چەندین گۆڤاری تر لە سەر تاسەری ئەورووپا چاپ و بڵاوبکەنەوە. هەر لەو سەردەمەداو لە سالی ١٦٧٢ز ژان دونو دو فیزێ[١٤](Jean Donneau de Visé) ی فەرەنسی یەکەم گۆڤاری بۆ ڕابواردن و کات بەسەر بردن چاپ و بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی کورتە چیرۆک و هەواڵ و هۆنراوەو کەلەپووری میللی سەرنج ڕاکێشی لەخۆگرتبوو. لە سەدەی هەژدەهەم چەند گۆڤانکاریەکی گرنگ بەسەر گۆڤار و شێوەی گۆڤار و ژمارەی خوێنەری گۆڤار هات لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی بێ وچان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی خوێندنەوەو نووسین لە نێوان ئافرەتاندا کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی خوێنەران و پەرەسەندنی بزووتنەوەی خوێندنەوەو نووسین بەگشتی. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك گۆڤاری جۆراوجۆر چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە گرنگیان بە چەند بوارێکی جیاجیای بازرگانی و وێنە گری و هەوڵنێری داوەو بەمەش کۆمەڵێك گۆڤاری تایبەت بەو بوارانە دەرکەوتوون وەك گۆڤاری تایبەت بە کاری بازرگانی و وینەگری و گۆڤاری هەواڵنامەیی و چەندین گۆڤاری تر کە لەو سەردەمەدا کۆنترۆڵی جیهانی بڵاوکردنەوەیان کردبوو. سالی ١٩٢٣ز یەکەم گۆڤاری هەواڵی چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە گرنگی بە هەواڵی جیهانی داوە، دواتر کۆمەڵێك گۆڤاری تری هەواڵی تایبەت بە کۆکردنەوەی هەواڵە جیهانیەکان و بڵاوکردنەوەیان چاپ و بڵاوکرانەوە، هەر لەو سەردەمەدا جگە لە گۆڤاری هەواڵی کۆمەڵێك گۆڤاری تر بڵاوکراونەتەوە

شانۆنامەکانی،سالی ١٦٣٣ز دەبێت بە مامۆستا لە یەکێك لە دادگاکانی کەرتی هاینریش و سالی ١٦٣٥ز دەبێت بە کەشیش لە کەرتی هولشتاین. لەسالی ١٦٥٣ لە لایەن ئیمپراتۆر فردیناندی سێیەم (Ferdinand III) پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ هەڵسەنگێنەر و هەر لە هەمان ساڵدا دەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی کەنیسە.لە سالی ١٦٦٣ز پیست (Rest) بابەتەکانی بە شێوەی زنجیرە گفتوگۆی مانگانە بڵاودەکاتەوە و کە بریتین لە لە شەش بابەت: مەرەکەب، ژیانی وڵات،بەردی فەیلەسوف، تابلۆ، خوێندنەوەو نوسین،چاودێری مردن.دوای مردنیشی ئیراسمۆس فینکس(Erasmus Phoenix) ی هاوڕی ی بابەتی گفتوگۆکانی شەش مانگەی داهاتووی تەواو دەکات.

١٤ ژان دونو دو فیزێ (Jean Donneau de Visé) سالی ١٦٣٦ز لە پاریس (Paris) لە دایك بووە. ڕۆژنامەنووس و شانۆنامەنووسێکی بەناونگی سەدەی شازدەهەم بووە لە فەرەنسا و مێژوو نووسی تایبەتی پاشا بووە.یەکێك بووە لەو کەسانەی هەوڵی نوسینی ڕۆمانی داوەو سالی ١٦٦٩ز کۆمەڵێك کورتە ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە.لە بڵاوتنەوەی ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی بینیووە و چەندین دەزگاو دامەزراوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری دامەزراندووە. سالی ١٧١٠ز کۆچی دوایی کردووە (Dandrey,١٩٩٦).

www.iqra.ahlamontada.com

که گرنگیان به وێنه هەوال و چیرۆکی وێنەدار و بابەتی میللی داوە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا رۆژنامەگەری پیی نایە قۆناغێکی پێشکەوتووتری نوێ، بە هۆی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای ئەنتەرنێت و کاریگەریەکانی لەسەر بوارەکانی چاپکردن و گۆڤار و کەرەستەو ئامرازی ڕاگەیاندنی کاغەزی بە گشتی، چەند گۆڕاناکاریەک بەسەر پێکهاتەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکان و شێوازی چاپکردن و بڵاوکردنەوە و گەیاندنیان بە خوێنەر هات.

گۆڤارەکان(Journals)جۆراوجۆرن و هەر جۆرێکیان چەندین تایبەتمەندیەکی هەیە کە بە هۆیانەوە دەناسرێتەوەو لە بڵاوکراوەکانی تر جیا دەکرێتەوە، بەڵام دەشێت بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی گۆڤارەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ بکرێتەوە:

- هەندێ لە گۆڤارەکان زانیاری گشتی دەربارەی بابەتی جۆراوجۆر پێشکەش بە جەماوەری خوێنەر دەکەن، وەک گۆڤارە گشتی و میلیپەکان.
- گۆڤارە تایبەتەکان کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە پسپۆری و تایبەتمەندی ڕشتەیەک لە ڕشتە ئەدبی و زانستیەکان پێشکەش دەکەن. بۆ نموونە گۆڤارە زانستیەکان تایبەتن بە شیکردنەوەی وردی ڕاپۆرت و بابەتە زانستیەکان، گۆڤارە بارزگانیەکان تایبەت بە هەواڵی بارزگانی و پیشەسازی و بەرهەمی نوێ، گۆڤارە دەروونیەکانیش تایبەت بە بڵاوکردنەوەی وتار و تێۆر و توێژینەوە دەروونیەکان.
- ناوەڕۆکی گۆڤارەکان و وتوێژ و چاوپێکەوتنی جۆراوجۆر لە دەگرێت، زۆربەی وتاری گۆڤارەکانیش لەلایەن دەستەی نوسەرانی گۆڤار یان نوسەر و ڕۆژنامە نووسانی تر دەنوسرێت.
- گۆڤارەکان بە گشتی ڕەنگین و لاپەڕەکانیان ڕەنگاوڕەنگە کە بە هۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن، هەمیشە لە نێو ناوەڕۆکی گۆڤارەکاندا کۆمەڵێک وێنە بۆ ڕوونکردنەوەو گوزارشت کردن لە بابەتەکان بڵاودەکرێتەوە(خضر، ٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

١١. ١ –جۆرەکانی گۆڤار The types of of journals

گۆڤار(Journal)بە شێوە فراوانەکەی چەندین جۆری جیاجیای هەیە، جگە لە گۆڤاری زانستی، ڕۆژنامە و هەواڵنامەو گەشتنامەو بیرەوەری وچەندین بڵاوکراوەی تردەگرێتەوە، هەر گۆڤارێکیش ئاراستەو ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ بابەت یان چالاکیەکی پیشەیی و زانستی دیارکراودا. گرنگترین جۆری گۆڤارەکانیش بریتین لە:

١١. ١. ١–گۆڤارە گشتیەکان General journals

گۆڤارە گشتیەکان(General journals) بریتین لەو گۆڤارانەی کە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەو پێشکەشکردنی زانیاری گشتی بە جەماوەری خوێنەر، وەک ڕۆژنامەی ئەو گۆڤارانەی کە دەزگاو دامەزراوە ڕۆشنبیری و کەلتووری وپیشەیی و جەماوەریەکان دەریان دەکەن.

١١. ١. ٢–گۆڤارە بازرگانیەکان Commercial journals

گۆڤارە بازرگانیەکان(Commercial journals) بریتین لەو گۆڤارانەی کە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری کە لە ڕۆژنامەی کاندا ئامانجیان قازانج و لە لایەن چەند ناوەندێکی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری پشتگیری دەکرێن. جگە لەوانە چەنیدن گۆڤاری تری ئەدەبی و زانستی کە لە لایەن هەندی ناوەندی ئەدەبی و زانستی دەردەکرێن ئامانج لە بڵاوکردنەوەیان قازانجی دارایی بۆ ئەوانیش بە گۆڤاری بازرگانی ئەژماردەکرێن.

١١. ١. ٣–گۆڤارە ئەدەبیەکان Literary journals

گۆڤارە ئەدەبیەکان(Literary journals) بریتین لەو گۆڤارانەی تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی وەک شیعر و پەخشان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. بەشێک لەو گۆڤارانە دەچنە خانەی گۆڤاری ئەکادیمی و بابەتەکانیان لە لایەن پسپۆر و هەڵسەنگینەری ئەدەبیەوە پشت ڕاست کراوەتەوە. بەشێکی تریان مەرجی گۆڤاری ئەکادیمیان تیدا نیەو لە بڵاوکردنەوەی بابەتدا خۆیان نابەستنەوە بە پێوەرە ئەکادیمەیەکان.

www.iqra.ahlamontada.com

١١. ١. ٤–گۆڤاره زانستیەکان Scientific journals

گۆڤاره زانستیەکان(Scientific journals)بریتین لەو گۆڤارنەی تایبەتن به باڵوکردنەوەی بابەتی زانستی وەک وتار و لێکۆلینەوەو تۆیژینەوەی زانستی. ئەم گۆڤارنەش دوو جۆرن:جۆری یەکەمیان گۆڤاری زانستی دان پێدا نراون و بابەتەکانیان پێش باڵوکردنەوە لە لایەن پسپۆر و هەڵسەنگینەری زانستیەوە هەڵسەنگێندراوەو بڕیاریان لەسەر دراوە. جۆری دووەمیان ئەو گۆڤارانەن کە بابەتی زانستی تایبەت یان هەمەجۆر باڵودەکەنەوە بەاڵم پەیوەست نین بە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بابەتەکان، بەڵکو زیاتر پەیوەستن بە باڵوکردنەوە نەک پێداچوونەوەو نرخاندنی بابەتەکان پێش باڵوکردنەوەیان، بۆیە بە گۆڤاری ئەکادیمی ئەژمار ناکرێن.

١١. ١. ٥–گۆڤاره ئەکادیمیەکان Academic journals

گۆڤاره ئەکادیمیەکان (Academic journals)بریتین لەو گۆڤارنەی تایبەتن به باڵوکردنەوەی بابەتی جۆراوجۆری وەک وتار و لێکۆلینەوەو ڕەخنەو هەڵسەنگاندن وتۆیژینەوەی زانستی لە بواری ئەکادیمیدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم گۆڤارانە تایبەتن بە ڕشتەیەکی دیاریکراو، وەک گۆڤاره ئەکادیمیەکانی تایبەت بە دەروونزانی یان کۆمەڵزانی و پزیشکی و بایۆلۆژی و بواره زانستی ئەدەبیەکانی تر. ئامانجی باڵوکردنەوەی لەم گۆڤارانە بە پلەی یەکەم بەروەپێش بردنی بواره زانستی و ئەدەبیەکەیە نەک قازانج و بەدەست هێنانی پارەو هەر بابەتێکیش پێش باڵوکردنەوە بە چەند فلتەری زانستی وڕۆسیسی پێداچوونەوەو نرخاندنداا تێپەڕ دەبێت ئینجا بڕیاری باڵوکردنەوە یان باڵونەکردنەوەی لەسەر دەدرێت.

١١. ١. ٦–گۆڤاره ئەلکترۆنیەکان Electronic journals

گۆڤاره ئەلکترۆنیەکان(Electronic journals)بریتین لەو گۆڤارانەی کە لە سەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێتدا باڵودەکرێنەوەو کۆمەڵێک بابەتی هەمە جۆری وەک وتار و تۆیژینەوە و لێکۆلینەوەی ڕەخنەگرانەو هەڵسەنگاندنی ئەدەبی و زانستیان لە خۆگرتووەو لە سەرجەم بواره جیاجیاکاندا پەخش و باڵودەکرێنەوە. ئامانجی گۆڤاره ئەلکترۆنیەکان خزمەتکردنە بە بوارێکی دیارکراو یان پاڵپشتی کردن و بازاڕ پەیداکردنە بۆ پڕۆژەیەکی دیارکراو و کە بە شێوەی مانگانە یان وەرزانە لە ڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێت لە ماڵپەرە ئەدەبی و زانستیەکان پەخش و باڵو دەکرێنەوەو کەبە

www.iqra.ahlamontada.com

شێوەیەکی گشتی دوو جۆرن: جۆری یەکەمیان گۆڤاری ئەکادیمین(Academic journals) کە لەلایەن زانکۆ و دامەزراوەو کۆمەڵەی زانستی و ئەکادیمیەوە دەردەچن و پەیوەستن بە بڵاو کردنەوەی توێژینەوەو بابەتی ئەکادیمی لە ژێر چەندین یاساو ڕێساو ڕێ وشوێنی توندی زانستی بە شێوەیەک هەر بابەت یان توێژینەوەیەک پێش بڵاوکردنەوە بۆ چەندین جار بە پرۆسەی پێداچوونەوە و هەڵدەسەنگاندنا تێپەڕ دەبێت ئینجا بریاری بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی لە گۆڤارەکەدا لەسەر دەدرێت. بەڵام جۆری دوومیان گۆڤاری بازرگانین (Commercial journals) کە بە پلەی یەکەم ئامانجیان قازانج و دەستکەوتی دارایبە بۆ ئەو دەزگایانەی کاری بۆ دەکەن و پشتگیریان دەکات. لە لایەکی تر لە ڕووی دیزایین و شێوازی کارکردنیشەوە دوو جۆرن، بەشێك لەو گۆڤارانە هەمان ستایل و دیزاییینی گۆڤاری چاپکراویان هەیە، وەك سەرنووسەر و دەستەی نوسەران و مەرج و شێوازی بڵاوکردنەوەو گرنگیدان بە بواریکی دیاریکراو لە بڵاوکردنەوەدا. بەشێکی تریان بە بەکارهێنانی بەرزترین ئاستی تەکنەلۆژیای زانیاری لە چواچێوە وقالبێکی ئەلکترۆنی داڕێژراون، وەك ناوەڕۆك و بابەتەکانی و ڕێگاکانی گەڕان و گەیشتن بە بابەتەکان و کارلێکی گۆڤار لەگەڵ خوێنەر و کۆمەڵێك تایبەتمەندی ئەلکترۆنی تر.



شێوە(٢. ١٠)هەردوو جۆری گۆڤاری ئەلکترۆنیەکان دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی سێیەم

دەستپاکی ئەکادیمی

Academic Integrity

www.iqra.ahlamontada.com

دەستپاکی ئەکادیمی Academic Integrity

دەستپاکی ئەکادیمی(Academic Integrity) بریتیە لە کۆمەڵێك بەهاو پێوەری پەفتاری فەرمی و نافەرمی لە چوارچێوەیەکی مۆرالیدا بە مەبەستی دانانان بە مافی خاوەندارێتی فیکری و پۆشنبیری نوسەران و توێژەرەان و پاراستنی بەرهەمەکانیان لە هەر جۆرە دەست درێژی و ناپاکیەکی ئەکادیمیدا، سیستمێکی مۆڕالیە بۆ ڕێکستنی ژیان و شێوازی کارکردن و پەفتاری توێژەر و مامۆستاو قوتابی و فەرمانبەر و کارمەندانی دەزگاو دامەزراوە زانستی و خزمەنگوزاریەکان، لە هەمان کاتدا پێوەرێکی زانستیشە بۆ هەڵسەنگاندنی زانکۆ و ناوەندە زانستیەکان و هۆکار ومەرجی سەرەکی سەرکەوتن و پێشکەوتنە لە هەر دەزگاو دامەزراوەیەکی زانستی وئەدەبی و ئەکادیمی و کارگێڕی و پیشەییدا.

دەستپاکی ئەکادیمی(Academic Integrity) دیاردەیەکی ژیارییە بوون وگەشەسەندنی پەیوەستە بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، هیچ وڵاتێك بە بێ بوونی چواچێوەیەکی مۆرالی چاودێر بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و پۆشنبیری پێش ناکەوێت، نەبوونی دەستپاکی لە هەر وڵاتێکدا دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و پاشاگەردانی و تێکچوونی بنچینەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووی وڵاتەکە، بێگومان نەبوونی سیستمێکی دەسپاکی ئەکادیمیش لە هەر کۆمەڵگایەکدا بۆ کە چاودێر بێت بەسەر ڕەوشی زانستی و ئەکادیمی و کۆنترۆڵی باری پۆشنبیری و زانستی کۆمەڵگاکەی کردبێت هۆکار دەبێت بۆ دروست بوونی فێڵ و تەڵەکەبازی لە نووسین و دزین و دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر. بۆیە بوونی سیستمێکی دەستپاکی ئەکادیمی چاودێر بەسەر ڕەوشی زانستی وئەکادیمی مەرجی یەکەمی پاکی و وپێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکە، چونکە باری پۆشنبیری و زانستی و ئەکادیمی هەر کۆمەڵگایەك کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و پۆشنبیری کۆمەڵگاکە هەیە.

دەسپاکی ئەکادیمی (Academic Integrity) بریتیە لە پابەندبوون بە ڕەفتاری ڕاستگۆیی و مۆڕاڵی لە کارکردن لە ژینگەی ئەکادیمی و زانستیدا، بۆیە بە بنەمای سەرەکی سەرکەوتن و داهێنان و پێشکەوتن لە کاری زانستی و ئەکادیمیدا دادەنرێت .

www.iqra.ahlamontada.com

١-بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی he Principles of Academic Integrity

نووسینی ئەکادیمی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی گەورەی سەرشانی توێژەران و نوسەرانە، ئەم بەرپرسیارێتیە ناچاریان دەکات پابەند بن بە چوارچێوەیەکی مۆرالی لە نووسیندا کە چەند پرەنسیپێکی لە خۆگرتووە، وەك:

١. ١-دیاریکردنی سەرچاوەو و ئاماژەردن بە سەرجەم برگەو بیرۆکەی بەکارهاتوولە نووسیندا ، وەك وەرگرتنی پەرەگرافیك وەکوی خۆی لە توێژینەوەیەکی بلاوکراوە یان بلاو نەکراوەدا، یاخود وەرگرتن لە کتێب یان سەرچاوەی ئەلکترۆنی و زارەکی و ئاماژەکردن بە خاوەنەکانیان لەناو ناوەرۆك و لیستی سەرچاوەکاندا.

١. ٢-درککردن بەوەی ئاماژەدانی تەواو بە سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نووسیندا لاوازی و بێ توانایی نوسەر ناگەیەنێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم خۆی و هەم بابەتەکە بەهێز دەکات.

١. ٣-هەستکردن بەوەی گرنگترین خاڵی بەهێز لە هەر نووسینیکدا ئاماژە کردنە بە سەرچاوەی بەکارهاتوو چ لەناو ناوەرۆك و یان لە لیستی سەچاوەکاندا، لاوازترین خاڵیش بەکارهێنانی نووسینی کەسانی تر بە بێ ئاماژە کردن بە خاوەنەکانیان .

١. ٤-هەستکردن بەوەی لاسایکردنەوە لەسەرەتای کاری نووسین و توێژینەوەکاریدا شتێکی ئاسایییە، بەڵام بەردەوامی دۆخی لاسایکردنەوەکە نوسەر بەرەو گزیکردنی زانستی دەبات.

١. ٥-هەستکردن بەوەی نووسین و توێژینەوەکاری بە رێگەی گزیکردن و پشت بەستن بە بیرۆکە و زانیاری کەسانی تر ئاستی راستەقینەی دەستکەوت ناهێنێتەدی.

١. ٦-درککردنکردن بەوەی دەستپاکی لە نووسیندا بە ر لە هەر شتێك شانازیەکی گەورەیەو هەستی بەرزامەندی لە کارەکە لای تاك دروست دەکات، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ لە ناپاکیدا هەست بە شانازی و بەرزامەندی ناکات.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ٧-درككردن بەوەی دەست بردن بۆ ناپاکی ئەکادیمی لە کاری نووسیندا نەک تەنها کاریگەری دەبێت بەسەر بەهای ئەکادیمی و پێگەی زانستی کەسەکە، بەڵکو کاریگەریشی دەبێت بە سەر ئەو بەشە زانستیەی کاری تێدا دەکات وئەو ستافە ئەکادیمیەش کە کاریان لەگەڵ دەکات.

١. ٨-تێگەیشتن لەوەی دەست بردن بۆ هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ناپاکی ئەکادیمی وەك فڕو فێل و گزیکردن و بەکارهێنانی بیرۆکەو ئاماژەنەکردن بە سەرچاوەکانیان بە پوونی و ئاسنکاری بۆ ئەم جۆرە ناپاکیانە پەفتاریکی ناسروشتی و نامۆرالیەو دەچێتە خانەی تاوانی گەورەو مرۆڤ ڕووبەرووی لێپرسینەوەو سزای یاسایی دەکات.



شێوە(٣. ١)بنەماکانی دەسپاکی ئەکادیمی دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٢-ناپاکی ئەکادیمی Academic Dishonesty

ناپاکی ئەکادیمی (Academic Dishonesty) بە مانا فراوانەکەی چەمکێکە سەرجەم ناپاکی و پێشلکاریەکان لە خۆ دەگرێت کە لە زانکۆ و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان ئەنجام دەدرێت، وەک فێڵکردن وگزیکردن و دزینی بەرهەم و کۆششی کەسانی تر و هەر کردەوەیەکی نەشیاو دیکەی کە پەیوەندی بە پەیوەندی بە ژیانی ئەکادیمی و پێشێلکردنی یاساو ڕێسافەرمیە ئەکادیمیەکانەوە هەبێت. بەڵام مەبەست لە ناپاکی ئەکادیمی لێرەدا گزیکردنی زانستی (plagiarism) و ناپاکی کردنە لە بواری نووسینی ئەکادیمیدا.

زۆربەی خەڵکی لەو باوەڕدان گزیکردن کۆپیکردن و وەرگرتنی بیرۆکەو نووسینی کەسانی تر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنانی دەستەواژەکانی کۆپیکردن و وەرگرتن بۆ کردەوەکە شیاو نیەو لە قەبارەو مەترسی تاوانەکە کەم دەکاتەوە، بۆیە لە ڕوانگەی زۆربەی ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان گزیکردن دزیکردنەو لە زۆربەی فەرهەنگە زانستیەکان بە دزی زانستی یان ئەدەبی پێناسەکراوە. لە لایەکی تر دیاردەی گزیکردن ناوی جۆراوجۆری لێ نراوە، وەک دزی فیکری و دزی ئەدەبی و گزیکردن و پێشیلکاری ئەکادیمی وفێڵی ئەکادیمی و چەندین ناوی تر، سەرجەم ئەم ناوانە گوزارشت لە تاوانیکی زانستی و هەڵەیەکی مۆرالی گەورە دەکەن تیایدا کەسی گزیکەر هەموو سنوورەکانی دەستپاکی زانستی و ئەکادیمی دەشکێنێت.

وشەی گزیکردن لە زمانی کوریدا لە بەرامبەر وشەی (plagiarism)ی ئینگلیزی بەکار دەهێنریت لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی (Plagiarize) وەرگیراوە کە بە واتای ڕفاندن دێت، گزیکەریش کەسێکی دەست درێژکەر و ڕفێنەرە هەوڵی ڕفاندنی شتێك دەدات کە هی خۆی نیەو دەیبات بۆ خۆی، واتە ڕفێنەری وشەو بیرۆکەی کەسانی ترە. بەڵام گزیکردن لە پێناسەی تازەییدا واتە دزی ئەدەبی و بەکارهێنانی بەرهەمی فیکری کەسێك لە لایەن کەسێکی تر وەک ئەوەی بەرهەمی خۆی بێت (الخطیب، ٢٠٠٩).

لە فەرهەنگی میریام و وێبستر(Merriam-Webster) پێناسەی گزیکردنی زانستی کراوە بەوەی بریتیە لە دزیکردن و پێشیلکردنی مافی خاوەنداریتی فیکری کەسانی تر و بەکارهێنانی بەرهەمی فیکری کەسانی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان(Plagiarize. Merriam-

www.iqra.ahlamontada.com

گزیکردن (Fine Dictionay) .(Webster,www. merriam-webster. com له فەرهەنگی واتا کارکردنە لەسەر دزیکردن، کاتێك کەسێك وشەو بیرۆکەی کەسێکی تر دەبات و دەیکات بە هی خۆی، یان بەشێك لە نووسینی کەسێکی تر کۆپی دەکات و بەناوی خۆی بلاوی دەکاتەوە بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی(Plagiarism. Fine Dictoinary,http:// www. finedictionary. com). لە فەرهەنگی تێك تێرمس (Tech Terms) دا گزیکردنی زانستی بریتیە لە کۆپی کردنی کاری کەسێك لە لایەن کەسێکی تر و بلاوکردنەوەی بە ناوی خۆی Plagiarism is the act of copying someone else's work and publishing it as) Plagiarism. The Techterms Computer Dictionary,https://)(your own techterms. com). لە فەرهەنگی کۆلنز (Collins Dictionary) گزیکردن بریتیە لە بەکار هێنان و کۆپی کردنی بیرۆکە یان کاری کەسێك و نیشاندانی بەوەی کە بیرۆکەی خۆتە یان خۆت ئەنجامت داوە. لە پێناسەیەکی تردا گزیکردن بریتیە لە بیرۆکە یان نووسین یان مۆزیك کە بەدزیەوە لە نێو کاری کەسێکی تردا کۆپی کراوە(Plagiarism,Collins English Dictionary,www. collinsdictionary. com). هەرەوەها لە فەرهەنگی لاروسی فەرەنسی (Dictionnaire de français Larousse)دا هاتووە گزیکردنی زانستی بریتیە لە وەرگرتن لە کاری کەسێکی تر لە پرۆژەیەکی ئەدەبی یان هونەریدا (Plagiat . Dictionnaire de français Larousse ,www. larousse. fr).

لەژێر رۆشنایی کۆی پێناسەو راوبۆچوونەکان دەربارەی دیاردەکە، گزیکردنی زانستی یان دزی ئەدەبی فێڵکردن و دزینی بەرهەمی فیکری و عەقڵی کەسانی تر بە بێ ئاماژە کردن بە سەرچاوەکانیان، هەوڵێکی مەبەستدار یان بێ مەبەستە تیایدا کەسێك بەرهەمی رەنج و ماندوبوونی کەسێکی تر دەبات و دەیکات بە هی خۆی. بەو مانایە گزیکردن واتا دزیکردن و کەسی گزیکاریش دزەو جۆری دزیەکەشی ناشیرنترین جۆری دزیکردنە، چونکە لە لایەك بەرهەمی کاری کەسانی تر دەدزێت و لە لایەکی تر دەیکات بە هی خۆی و بە ناوی خۆیەوە بلاوی دەکاتەوە. وەك ئەوەی لە فەرهەنگی چێمبرس(Chambers)دا هاتووەو دەڵێت:گزیکاری زانستی کەسێکە بیرۆکەو نووسینی کەسانی تر دەدزێت و بە ناوی خۆیەوە پێشکەشیان دەکات، ئامانجی سەرکەیش لە کردەوەکەیدا هێنانەدی بەرژەوەندی کەسی و دەستکەوتنی و بڕێك پارەیە (Plagiarism. Chambers,www. chambers. co. uk).

www.iqra.ahlamontada.com

٣- گزیکردن له ڕوانگەی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان Plagiarism from the point of view of universities and academic institutions

ئەنجامدانی گزیکردن(plagiarism) و هەر جۆرە ناپاکیەکی ئەکادیمی لەسەرجەم زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهاندا بە تاوان دانراوەو ئەنجامدەرانیشی وەك تاوانبارو پێشیلکاری مافی کەسانی تر ئەژمار کراون، بۆ ڕیگری کردن لە دیاردەکەش چەندین ڕێگاو شیوازی جیازیان داهێناوەو چەندین یاسایان بۆ سزادانی ئەنجامەدەرانی گزیکردن داناوە کە بە ئاگادارکردنەوە دەست پێ دەکات تا سزای دارایی و دەرکردن و بەندکردن لە زیندانداء ئەمانەی خوارەوە نموونەی ڕاوسەرنجی دیاترین و بەناوبانگترین زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهانن دەبارەی دیاردەی گزیکردن.

٣. ١- زانکۆی ئۆکسفۆرد University of Oxford

لە ڕوانگەی زانکۆی ئۆکسفۆرد(University of Oxford) گزیکردن خستنەڕووی بیرۆکە یان کاری کەسێکە لە لایەن کەسیکی تر وەك کاری تایبەتی خۆی لە ڕێگەی تێکەڵ کردن بە کاری خۆیەوە بە بێ ڕەزامەندی کەسەکەو بێ بڕیار لەسەردان. ئەم پێناسەیەش سەرجەم بەرهەمی چاپکراو چاپ نەکراو دەگرێتەوە چ دەستنوس یان بلاوکراوە یان ئەلکترۆنی بێت، چ بە مەبەست یان بێ مەبەست بیت (Plagiarism. University of Oxford,www. ox. ac. uk).

٣. ٢- زانکۆی کو لوفێن Katholieke Universiteit Leuven

لە ڕوانگەی زانکۆی کو لوفێن(Katholiekc Universiteit Leuven) کە یەکێکە لەو دامەزراوە زانستی و پەروەردییانەی ناوبانگێکی نێودەوڵەتی لە دەستپاکی ئەکادیمیدا هەیە ، گزیکردن بریتیە لە کۆپیکردنی کاری کەسانی تر، وەك بیرۆکەو نووسین و پێکهاتەو دیزاین و وێنەو پلان و کۆد و بەرهەمی نوسراو بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەو ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە ڕاست و دروستی سەرچاوەکان و چۆنیەتی سوود لێ وەرگرتنیان (Definition of plagiarism. KU Leuven Education,www. kuleuven. be).

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ٣–زانکۆی کۆرنیل Cornell University

لە پوانگەی زانکۆی کۆرنیل (Cornell University) گزیکردن واتە بەکارهێنانی وشەو بیرۆکەی کەسانی تر وەك ئەوەی وشەو بیرۆکەی خۆیان بێت بە بێ ئاماژەکردن بە خاوەندارێتی کەسەکان. هەروەها بە بروای ئەو زانکۆیە گزیکردنی زانستی زۆرترین پشك و بەشداری لە شکاندن و پێشلکردنی بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمیدا هەیە(Recognizing and Avoiding Plagiarism. Cornell).

٣. ٤– زانکۆی کۆنکۆردیا Concordia University

لە پوانگەی زانکۆی کۆنکۆردیا (Concordia University) گزیکردن واتە کۆپیکردنی بابەتی کەسانی تر چ لە شێوەی وەرگرتنی تەواو یان دوبارە دارشتنەوە بێت، وەك وەرگرتن و کۆپی کردن لە کتێب و سایتی ئەلکترۆنی و خولەکانی ڕاهێنان و ڕاپۆرتی تاقیکاری و کاری هونەری و وەرگرتنی زانەکی. ئەمەش بە تەنها نووسین ناگرێتەوە، بەڵکو وێنەو گرافیك و خشتەو خەوارزمیات و هەر ئامارزێکی تر دەگرێتەوە، تەنانەت وەرگێرانیش لە زمانێك بۆ زمانێکی تر کە بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی بە گزیکردن و ناپاکی ئەکادیمی ئەژمارەدەکرێت (What is plagiarism? University Concordia, www. concordia. ca).

٣. ٥–زانکۆی مەیین University of Maine

لە پوانگەی زانکۆی مەیین (University of Maine) گزیکردن بریتیە لە خستنەڕووی بیرۆکەو وشە وێنەو کار و داهێنانی کەسانی تر لە لایەن کەسێك وەك کاری خۆی بە بێ ئاماژەکرن بە سەرچاوەو مافی خاوەندارێتی خاوەنەکانیان. هەروەها ئەم زانکۆیە گزیکردن بە تاوانێکی گەورە دادەنێت تەنانەت ئەگەر بێ مەبەستیش ئەنجام درابێت (Plagiarism Tutorial. University of Maine. Farmington,www. plagiarism. umf. maine. edu).

٣. ٦–ئینستیتۆی زمانی ئینگلیزی English Language Institute

ئینستیتۆی زمانی ئینگلیزی(English Language Institute)کە پەیمانگایەکی نێودەوڵەتیە بۆ پەرەپیدانی زمانی ئینگلیزی لەسەر ئاستێکی بالا، گزیکردنی زانستی بە شێوازیك لە شێوازەکانی فێڵکردن دادەنێت کە تیایدا کەسی گزیکەر پشت دەبەستێت بە خستنەڕووی کاری کەسانی تر بە بێ داننان بە سەرچاوەکەکانی. هەروەها پێی وایە نوسەران و توێژەرانی

www.iqra.ahlamontada.com

تازه لەسەرشانی نوسەرانی پێشوو وەستاون، بۆیە ئەرکێکی پێویستە لە کاتی سوود وەرگرتن لە بەرهەم و داهێنانەکانیان ئاماژە بە سەرچاوەکانیان بکرێت و مافی خاوەندارێتی بەرهەمی فیکری و عەقڵیان یان پێشیل نەکرێت. (What is Plagiarism? English Language Institute, www. guides. lib. umich. edu).

٣. ٧–زانکۆی ئۆنژێ Université Angers

لە پوانگەی زانکۆی ئۆنژێ (Université Angers) گزیکردن بریتیە لە وەرگرتنی بیرۆکەو وشەی کەسانی تر لە لایەن کەسێک وەک ئەوەی بیرۆکەو وشەی خۆی بیت. پەنگە کردەوەکە مەبەستدار یا بێ مەبەست بێت، بەڵام لە ژێر هەر بارودۆخێدا پوو بدات شوێنێکی لە نووسینی ئەکادیمیدا نیە (Plagiat . C'est quoi le plagiat ? , Université Angers, www. univ-angers. fr).

٣. ٨– زانکۆی نەمیور Université de Namur

لە پوانگەی زانکۆی نەمیور(Université de Namur) گزیکردن بریتیە لە کۆپیکردنی کاری کەسانی تر بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان، ئەم کردەوەیەش چ مەبەستدا یان بێ مەبەست بێت بە فیڵ و دزی ساختەکاری لە قەڵەم دەدرێت(Plagiat. Définition du plagiat, Université de Namur, www. unamur. be).

٣. ٩–زانکۆی دیکارت لە پاریس Université Paris Descartes

زانکۆی دیکارت لە پاریس (Université Paris Descartes) ئاماژەنەکردنی پوون و تەواو بەسەرچاوەی بەکارهاتوو لە نووسیندا بە گزیکردن و تاوانێکی گەورە دەزانێت، لە پوانگەی ئەو زانکۆیە نووسینی ئەکادیمی پێویستە پشت بە سەرچاوەی زانستی دیار و باوەرپێکراو ببەستێت نەک سەرچاوەی لاوەکی کە هەوڵی گزیکردن ئاسان دەکات و کەسی گزیکەر بە ئاسانی دەتوانێ دەستی پێ بگات. ئەو زانکۆیە یەکێک لەو ناوەندە زانستیانەیە کە پڕۆگرامی تایبەتیان بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکردن هەیە (Éviter le plagiat. Université Paris Descartes,www. parisdescartes. libguides. com).

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ١٠- ئەنیستیتۆی سێژێپ Cégep Saint-Jean-sur-Richelieu

لە ڕوانگەی ئەنیستیتۆی سێژێپ (Cégep Saint-Jean-sur-Richelieu) گزیکردنی زانستی بڕیتیە لە خواستن و وەرگرتنی بەرهەمی کەسانی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان، ئەم بابەتەش بە تەنها پەیوەست نیە بە ماف نوسن و بلاوکردنەوە، بەڵکو پەیوەستە بە پاستگۆیی فیکریشەوە. بۆیە دیاردەی گزیکردن بە هەر شێوازێك ڕوو بدات هەڵەیەکی گەورەی ئەکادیمیەو هیچ پاساوێکی بۆ نیە (Le plagiat et la fraude. Cégep Saint-Jean-sur-Richelieu, www. guidemethodologie. cstjean . qc. ca).

٣. ١١- زانکۆی گرینج University of Greenwich

لە ڕوانگەی زانکۆی گرینج(University of Greenwich) گزیکردن تاوانێکی گەورەیەو پێویستە ئەنجامدەرانی بە پێی یاسا سزا بدرێن، هەروەها سەبارەت بە جۆرو شێوازەکانی گزیکردن ئاماژە بە کۆمەڵێك کردار دەکات که دەچنە خانەی گزیکردنی زانستیەوە، وەك بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە بەرهەمی چاپکراو و بلاوکراوە بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان و کۆپیکردنی وتار لە بەرنامە فێرکارییەکان و هاوکاری و پشت بەستن بە کەسێکی تر لە کاتی ئەنجامدانی کارێك وخستنەڕووی کارەکە وەك کاری کەسی و بەکارهێنانی پڕۆگرامی ژمێرەیی و کەرەستەو ئامرازەکانی کەسێکی تر بە بێ مۆڵەت و گەڕانەوە بۆ کەسەکە و پێشکەشکردنی کاری کەسێك لە لایەن کەسێکی تر و بەکارهێنانی زانیاری و داتاو بەڵگەی ئاماری بلاوکراوە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت که دان پێدانراونین و کڕینی بابەت و کۆپیکردنی دەرنجامی کاری کەسانی تر و گۆڕین و دەستکاریکردنی دەرەنجامەکان وپێشکەشکردنی وتاری کەسانی تر و کڕینی دەق لە سایتە ئەلکترۆنیەکان و وەرگرتن و کۆپیکردن لە ئەنتەرنێت و سەرچاوەی تر بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردنی بە سەرچاوەکانیان و نووسینی دەقێك لە لایەن کەسێك و پێشکەشکردنی لە لایەن کەسێکی تر و دوبارە داڕشتنەوە بە مەبەستی پێکهینانی دەقێکی تازە بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان (The little book of plagiarism,What it is and how to avoid it,www. hec. gov. pk).

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ١٢- زانکۆی براتفۆرد University Of Bradford

زانکۆی براتفۆرد(University Of Bradford)ی بەریتانی گزیکردنی بە تاوانێکی گەورە داناوەو شێوازەکانی گزیکردنشی زانستی بە شەش جۆر دیاری کردووەو بریتین لە:

- **کۆپیکردنی ڕاستەوخۆ Direct copying**

تیایدا تۆێژەر پەنا دەباتەبەر کۆپیکردن و وەرگرتنی دەقی وشەکانی نووسینی تۆێژەرێکی تر چ لە کتێب یان گۆڤار یان سایتی ئەلکترۆنی و دەقی نووسینەکە وەک خۆی وەردەگرێت بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردن بەسەرچاوەکانیان.

- **گۆڕینی وشەکان Word-switching**

تیایدا نوسەر یان تۆێژەر هەوڵی دەست بردن بۆ بەرهەمی کەسانی تر دەدات لە ڕێگەی لە ڕێگەی گۆڕینی وشەو دەستەواژەکان و دانانی وشەو دەستەواژەی هاو واتا لە شوێنیان بە بێ ئاماژەکردن بەوەی وشەو دەستەواژەی کەسێکی تری بەکارهێناوە.

- **گزیکردن لە ڕێگەی شاردنەوەی سەرچاوە Concealing sources**

تیایدا نوسەر پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی بیرۆکەی کەسێکی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی بیرۆکەکە، یان بەکارهێنانی بیرۆکەکانی سەرچاوەیەک بۆ چەندین جار بە بێ بەکارهێنانی نیشانەکانی وەرگرتن بۆ هەموو جارێک کە بیرۆکەکانی بەکارهێناوە.

- **گزیکردن لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ فێرخوازانی تر Working with other students**

بە چەندین شێواز ئەنجام دەدرێت، وەک کۆپیکردنی کاری فێرخوازێک یان بەشێک لە نووسینی فێرخوازیک لە لایەن فێرخوازێکی تر و پێشکەشکردنی بە ناوی خۆی. یان بەشداریکردنی فێرخوازێک لەگەڵ فێرخوازێکی تر لە نووسینی بابەتێکدا و پێشکەش کردنی بابەتەکە بە ناوی یەک فێرخواز. یاخود یارمەتیدانی فێرخوازانی تر لە لایەن فێرخوازێک بۆ نووسین.

www.iqra.ahlamontada.com

- **گزیکردن له ڕێگەی کڕینی دەقی پێویست Buying assignments**

وەک کڕینی دەقێك یان ڕاسپاردەیەك لە کەسێکی تر لایەن فێرخوازێك کە بە هەر هۆکارێکەوە بێت خۆی توانای نووسین و ئەنجامدانی ڕاسپاردەو کارەکانی نیە.

- **گزیکردنی خودی و دووبارە بەکارهێنانەوەی کارێك Re-using your previous work**

بریتیە لە سوود وەرگرتن لە کارێك لە لایەن کەسێك کە پێشتر خۆی ئەنجامی داوە، واتە بەکارهێنان و سوود وەرگرتنی کەسێك لە بەرهەمێکی پێشووتری خۆی بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوە کۆنەکەی(Academic integrity,Types of plagiarism. University Of Bradford, www. brad. ac. uk).

۳. ۱۲-زانکۆی سایمون فریزەر Simon Fraser University

زانکۆی سایمون فریزەر (Simon Fraser University) گزیکردنی بە مەبەست بێ یان بێ مەبەست بە تاوانێکی گەورەی ئەکادیمی داناوەو شێوازەکانی گزیکردنیشی بە سێ جۆر دیاری کردووە، جۆری یەکەمیان بریتیە لە بەکارهێنانی کاری کەسانی تر و سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانیان، ئەم کردارەش هەندێ بە بێ مۆڵەت و بێ ئاگاداری خاوەنی سەرچاوەکان ئەنجام دەدرێت، وەك بەکارهێنانی نووسینی کەسانی تر بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان، بەڵام هەندێ جاری تر بە ئاگاداری و بە ڕێکەوتن لەگەڵ خاوەنی ڕەسەنی سەرچاوەکان ئەنجام دەدرێت، وەك کڕینی دەقێك لە لایەن کەسێك لە کەسێکی تر لە بەرامبەر پێدانی بڕێك پارە، یان نووسینی دەقێك لە لایەن کەسێك بۆ هاوڕێکەی بە هۆی پەیوەندی نزیکایەتی و هاوڕێیەتی، یان کڕینی دەقێك لە سایتێکی ئەلکترۆنی. جۆری دوومیان بریتیە لە کۆپیکردنی ڕستەو بڕگەی ناو دەقی نووسینی کەسێکی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی دەقەکە، یان سوود وەرگرتن لە کاری کەسانی تر بە بێ ئاماژەکردنی ڕوون و تەواو بە سەرچاوەکانیان، یان بەکارهێنانی بیرۆکەو سوود وەرگرتن لە شێوازی نووسینی نوسەرانی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی بیرۆکەو شێوازی بەکارهێنراو، یان بەکارهێنانی وێنەو گرافیك و داتای بەیانی کەسانی تر و وەرگێڕان لە زمانی تر بە بێ ئاماژەکردن بەسەرچاوەکانیان. بەڵام جۆری سێیەمیان بریتیە لە پاراڤرەیزکردن و دووبارە دارشتنەوەو کورتکردنەوەی زانیاریەکانی ناودەقێك بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە(SFU Library Plagiarism Tutorial,/www. lib. sfu. ca).

www.iqra.ahlamontada.com

٤-جۆرو شێوازەکانی گزیکردن The Types of plagiarism

دیاردەی ناپاکی و گزیکردنی زانستی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو مرۆڤ لە دێرزەمانەوە هەوڵی پێشیلکردنی مافی خاوەندارێتی و دزینی بەرهەمی فیکری کەسانی تری داوە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا جۆری دزین فۆرمی تازەی وەرگرتووەو بە چەندین شێوەی جیاواز ئەنجام دراوە کە لە سەرجەمیاندا ئەوە بەدی دەکرێ کەسی نوسەر لە نووسینەکەیدا ئاماژەیەکی پوون و تەواوی بە سەرچاوەی زانیاریەکانی ناو بابەتەکە نەکردبێت.

سەبارەت بە جۆرو شیوازەکانی گزیکردن ، سایتی (Plagiarism Resource Site. CBB) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاماژەی بە چوار جۆر شێوازی گزیکردنی زانستی کردووە، شێوازی یەکەمیان گزیکردنی ڕاستەوخۆ(Direct Plagiarism)یە کە بریتیە لە کۆپیکردنی وشە بەرامبەر وشە لە بەشێکی کاری کەسێکدا لە لایەن کەسێکی تر بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردنی تەواو بە سەرچاوەکە. شیوازی دووەمیان گزیکردنی خودی (Plagiarism –Self) یەو کاتێك ڕوو دەکات توێژەرێك بەرهەمێکی کۆنی خۆی وەك بەرهەمێکی تازە بناسێنی و پێشکەشی بکات، یان کاتێك لە کارە تازەکەیدا لە بەرهەمێکی پێشووتری خۆی بەکار دەهێنێت بە ئاماژەکردن بە سەرچاوە کۆنەکە و بە بێ مۆڵەتی سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی پێشوو و مافی چاپ وخاوەندارێتی چاپکردن. شێوازی سێیەمیان گزیکردنی تێکەڵ(Mosaic Plagiarism)ەو کاتێك ڕوو دەدات توێژەر کۆمەڵێك دەستەواژە لە سەرچاوەیەك وەریگرێت بە بێ بەکارهێنانی نیشانەکانی وەرگرتن، یان گۆڕین و لابردنی هەندێ وشەو بەکارهێنانی وشەو زاراوەی تری هاو واتای وشەکان لەگەڵ مانەوەی هەمان پێکهاتەو شێوازی زمانەوانی دەقە ئەسڵیەکە. شێوازی چوارەمیشیان گزیکردنی بێ مەبەست (Accidental Plagiarism)ەوکاتێك ڕوو دەدات توێژەر کەمتەرخەمی لە ئاماژەکردن بە هەندێ سەرچاوە دەکات و پشتگوێیان دەخات، یان بەکارهێنانی سەرچاوەو سوود وەرگرتن لێیان بە شێوەیەکی خراپ، یاخود دووبارە دارشتنەوەی برگەیەك بە بێ مەبەست بە بەکارهێنانی وشەی هاوشێوە و بەکارهێنانی هەمان شێوازی زمان(Overview of Terms: The Common Types of Plagiarism,www. abacus. bates. edu) .

www.iqra.ahlamontada.com

هەروەها سایتی (Turnitin) کە سایتێکی خزمەتگوزاری بارزگانی ئەلکترۆنیە بۆ ئاشکرا کردن و دەرخستنی گزیکردن ئاماژە بە بوونی دە شێوازی گزیکردن دەکات، وەک:

- لەبەر نووسینەوە(Clone): پێشکەشکردنی کۆی بەرهەمی کاری نوسەرانی تر لە لایەن نوسەرێک بە ناوی خۆیەوە.
- لەبەر گرتنەوە(Ctrl-c): وەرگرتنی چەند بەشێکی گەورە لە سەرچاوەیەکی دیاریکراو بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە.
- گۆڕین(Find-replace): دەستکاری کردنی دەقێک لە رێگەی گۆڕینی هەندی وشەو دەستەواژە بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی دەقەکە.
- تێکەڵکردن(Remix):دوبارە دارشتنەوەو ئاوێتەکردنی زانیاریەکان لە رێگەی کۆمەڵێک سەرچاوی جۆراوجۆر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان.
- دوبارەکردنەوەی شتەکان (Recycle)دوبارە سوود وەرگرتن لەسەرچاوەیەکی کۆنی نوسەر خۆی و ئاماژەنەکردن بە سەرچاوەی پێشوو(گزیکردنی خودی).
- دوو رەگە(Hybrid) وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆر بە گۆڕانکارییەکی کەم لە پێناو دروستکردنی دەقێکی نوێ بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان.
- ئاوێتەکردن(Mashup):نوسراوێک کۆمەڵێک بابەتی وەرگیراو لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبێت بە بێ ئاماژەیەکی ڕوون بە سەرچاوەکان.
- هەڵەی(٤٠٤ error ٤٠٤):خستنەڕووی کۆمەڵێک زانیاری ناڕوشن کە لە سەرچاوە بەکارهاتووەکان بوونیان نەبێت.
- کۆکردنەوە(Aggregator):نوسراوێک لە کۆکردنەوەو وەرگرتنی زانیاریەکاندا ئاماژەی تەواو بە سەرچاوەی زانیاریەکان کراوە، بەڵام هیچ مەرجی ڕەسانایەتی تێدا نیە.
- دوبارە نووسینەوە(Rewrite): نوسراوێک تەنها پشتی بە زانیاری ناو سەرچاوەکان بەستووە بە بێ هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی تازەو بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا (Ten Types of Plagiarism,www. ed. ac. uk).

www.iqra.ahlamontada.com

به شێوەیەکی گشتی گزیکردنی زانستی و ناپاکی لە کاری ئەکادیمیدا چەندین جۆرو شێوازی تری هەیە، دیارترینیان بریتین لە:

٤. ١-گزیکردنی تەواو Complete Plagiarism

ترسناکترین شێوازی گزیکردنە کاتێك نوسەر یان تویژەرێك دەقی کەسێکی تر دەبات و لەژێر ناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، یان کەسێك دەقێك دەنوسێت و لە بەرامبەر بڕە پارەیەکدا دەیدات بە کەسێکی تر تا بە ناوی خۆی بڵاوی بکاتەوە، یان پەنابردن بۆ کڕینی زانیاری و پاسپاردنی کەسێکی تر بە نووسین و ئەنجامدانی توێژینەوە کە بەرهەمی پەنج و ماندووبوون و عەقڵ و بیرکردنەوەی کەسەکە نیە، یان زۆر جار هاوڕێیەك دەقێك لە جیاتی هاوڕێکەی دەنوسیت، یاخودیەکێك لە ئەندامانی خێزان دەقێك لە بری ئەندامێکی تری خێزانەکەیان دەنوسێت. هەموو ئەم هەوڵانە دەچنە خانەی دزیکردن و ناپاکی ئەکادیمی.

٤. ٢- گزیکردنی ڕاستەوخۆ Direct Plagiarism

لەم شێوازەدا کەسێك هەڵدەستێت بە وەرگرتنی پەڕەگرافێك یان بەشێك لە نووسینی کەسێك یان کتێبێك و بەکارهێنانی لە نووسینەکەیدا وەکو خۆی بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی. گزیکردن کاتێك گزیکردنی ڕاستەوخۆیە کە پەڕەگرافەکە وەکو خۆی وەرگیرابێت هەتا ئەگەر چەند وشەیەکیشی لێرەو لەوێ لێ لابرابێت(All types of plagiarism including examples,www. scribbr. com).

٣. ٣-داڕشتنەوەی دووبارە Paraphrasing plagiarism

دووبارە دارشتنەوە، یەکێك لە بەربلاوترین شێوازی گزیکردنە کە تیایدا نوسەر هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی دەقی نووسینی کەسێکی تر دەدات و تێکەڵ بە نووسینی خۆی دەکات، یان پارافرەیزکردنی چەند لاپەرەی کتێب یان توێژینەوەیەك بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە، یان کاتێك چەند سەرچاوەیەکی پەیوەندار بە بابەتەکەی دەخوێنێتەوە هەوڵ دەدات بیرۆکە و خاڵە سەرەکیەکانیان وەربگرێت و وەك بیرۆکەی خۆی پێشکەشیان بکات، یاخود پەڕەگرافێك لە زمانێکی بێگانە وەردەگێڕێت و دووبارە بە شێوازی خۆی داڕشتنەوەی بۆ دەکات. ئەم کردارە بە گزیکردن دانانرێت کاتێك نوسەر لە دووبارە داڕشتنەوەدا ئاماژە بە سەرچاوەکە بکات.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٤–گزیکردنی خودی Self-plagiarism

گزیکردنی خودی بریتیە لە دزیکردن لە خۆ و سوود وەرگرتن لە دەقیکی پێشووتری نوسەر خۆی بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە. ئەم شێوازە زیاتر تووێژەر و نوسەرە بەناوبانگەکان دەستی بۆ دەبەن نەك فێرخوازانی زانكۆ و كەسانی تر كە ئەزموونی نووسینیان كەمە، تیایدا كەسی نوسەر چەند بەشێكی گرنگ لە نووسینەكانی پێشووتری دەهێنێت و لە بابەتە تازەكەیدا جێیان دەكاتەوە بە بێ گەڕانەوەو ئاماژەكردن بە سەرچاوە كۆنەكانی.

٤. ٥–گزیکردن لە سەرچاوە Source-based Plagiarism

ئەم شێوازە بەهۆی هەمەجۆری سەرچاوەكانەوە زوو دەدات، یان هەندێ جار بەهۆی گرنگی سەرچاوەیەك وپێویستی بە سەرچاوەكە زوو دەدات، بۆ نموونە تووێژەرێك ئاماژە بە سەرچاوەیەك دەكات كە لە ڕاستیدا بوونی نەبێت، یان بەهەڵەبردن و سەرلێ شێواندنی خوێنەر بە دانان و ڕیزكردنی هەندێك سەرچاوە لە لیستی سەرچاوەكاندا كە لەنێو ناوەڕۆكدا بەكار نەهێنرابن، یان هەندێ جار تووێژەر سوود لە هەندێ سەرچاوە وەردەگرێت كە سەرچاوەی دووەمن و لە سەرچاوەی تر وەرگیراون بەلآم ئاماژە سەرچاوەی یەكەم دەكات نەك سەرچاوەی دووەم كە پشتی پێ بەستووە. هەموو ئەو كردارانە پەیوەندیان بە زۆری سەرچاوەو گرنگی و پێوستی بە بە سەرچاوەكانەوە هەیە كە ئەنجامدانیان دەچێتە خانەی گزیكردنی زانستی (Sabnis, ٢٠١٨).

٤. ٦– نا ڕۆشنی ونادروستی لە نووسیندا Inaccurate Authorship

دەست بردن بۆ شێوازی نادروست لە نووسیندا جۆریكی تری گزیكردنە كە لە زۆربەی كاتدا بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت: لە نموونەی یەكەمدا كەسێك بەشدارە لە نووسینی بابەتێكدا بەلآم خاوندارێتی لێ ناكات، لە نموونە دووەمدا پێچەوانەی نموونەی یەكەم كەسێك خاوەندارێتی لە بابەتێك دەكات بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەشداریەكی لە نووسینی بابەتەكە كردبێت، ئەم كردارەش هەر لایەنێكیان ئەنجامی بدات بە گزیكردن و پێشیلكردنی یاساو ڕێساكانی نووسینی ئەكادیمی ئەژمار دەكرێت (Sabnis, ٢٠١٨).

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ٧–گزیکردنی تێکەڵ Mosaic Plagiarism

گزیکردنی تێکەڵ یان مۆزایکی جۆرێکی تره له ناپاکی ئەکادیمی تیایدا نوسەر هەڵدەستێت به کۆکردنەوەو هەڵێنجانی بیرۆکه له کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراجۆر به مەبەستی پێکهێنانی دەقێکی تازه له بیرۆکەو وشەی کەسانی تر و پێشکەشکردنی به ناوی خۆی به بێ ئاماژەکردن به سەرچاوەی بیرۆکەکان، یان وەرگرتنی کۆمەڵێك دەستەواژه له سەرچاوەیەك له رێگەی لابردن و زیادکردنی هەندێ وشه به بێ بەکارهێنان و دانانی نیشانەکانی وەرگرتن. ئەم جۆره گزیکردنه هاوشێوەی شێوازی گزیکردنی دوباره دارشتنەوەیه و هەندێ جار مەبەستدار و هەندێ جاری تر بێ مەبەست ئەنجام دەدرێت.

٤. ٨– گزیکردنی بێ مەبەست Accidental Plagiarism

گزیکردنی بێ مەبەست له ئەنجامی نەزانی ونەشارەزایی و کەمتەرخەمی و تێ نەگەیشتن له بابەتەکاندا ڕوو دەدات و له زۆربەی کاتدا بێ مەبەست ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونه کەمتەرخەمی له ئاماژەکردن به سەرچاوەو پشتگوێ خستنیان، یان وەرگرتن به شێوازێکی خراپ و نەشیاو، یان دوبارە دارشتنەوەی بابەتێك به بەکارهێنانی وشەی هاوشێوه به بێ گەڕانەوەو ئاماژەکردن به سەرچاوەکەی. ئەم شێوازەی گزی کردن تا ڕادەیەك له شێوازی گزیکردنی تێکەڵ نزیکە، بەڵام جیاوازیان لەوەدایە کە گزیکردنی تێکەڵ مەبەستدارەو به مەبەست له لایەن نوسەرەوە ئەنجام دەدرێت، هەرچی گزیکردنی بێ مەبەستە هۆکارەکەی نەشارەزایی و کەمتەرخەمی نوسەرە له گەڕانەوەو ئاماژەکردن به سەرچاوەکان. بێگومان نەشارەزایی و کەمتەرخەمیش له بەرسێتی نوسەر بەرامبەر کارەکەی کەم ناکەنەوە، بەڵکو گزیکردنەکه وەك هەموجۆرەکانی تری گزیکردن هەمان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و خاوەنەکەشی ڕوبەڕووی هەمان ڕەخنەو لێپێچینەوەو سزای یاسایی دەبێت (رجب، ٢٠١٦).

٤. ٩– گزیکردن له شێوازی نووسین Style Plagiarism

لەم جۆره گزیکردنه نوسەر یان توێژەر له نووسین و دارشتندا پشت به شێوازی نووسینی نووسەرێکی تردەبەستێت به بێ ئاماژەکردن به خاوەنەکەی. یان خستنەڕووی بیرۆکەو دارشتنی بیرۆکەکان به هەمان ستایل و دارشتنی سەرچاوەیەکی تر به بێ ئاماژەکردن به سەرچاوەکه.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. ١٠–گزیکردنی ئەلکترۆنی Electronic Plagiarism

هەندێ جار نوسەرێك پەنا دەباتە بەر گزیکردن لە سایتە ئەلکترۆنیەکان، وەك گواستنەوەو گۆپی کردن لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە بە بێ ئاماژەیەکی پوون بە سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان، یان بەکارهێنانی کەرەستەو زانیاری یارمەتیدەر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی کەرەستەو زانیاریەکان.

٤. ١١–داتای نادروست و ساختەکاری Data fabrication and falsification

یەکێك لە ترسناکترین شێوازەکانی گزیکردن کە هەندێ نوسەر بە هەر هۆکارێك بێت پەنای بۆ دەبەن ساختەکاری و خستنەڕووی داتای نادروستە، وەك کەڵك وەرگرتن لە دەرەنجامی توێژینەوەیەکی تر و دانانی ژمارەو داتای نادروست، یان سوود وەرگرتن لە دەرەنجامی کاری کەسێك و ئاماژە نەکردن پێی. یاخود لاسایی کردنەوەو سوود وەرگرتن لە کاری کەسێکی تر بە بەکارهێنانی ئامرازی تر بە بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی.

٤. ١٢–گزیکردنی زارەکی Oral plaigirism

گزیکردنی زارەکی(Oral plaigirism) شێوازێکی دیکەی گزیکردنە کە تیایدا نوسەر ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانە ناکات کە لە رێگەی گفتوگۆ و تۆمارکردنی دەنگی و فیدیۆ و ئامارە دەنگی و ڕەنگیەکان وەری گرتوون.

٤. ١٣–گزیکردنی هونەری Artistic plagiarism

لە گزیکردنی هونەریدا کەسی گزیکار هەوڵ دەدات کاری کەسێکی تر دووبارە بکاتەوە بە بەکارهێنانی ئامرازی تر، وەك دیزاین و وێنە و هێڵکاری و گرافیك و فیدیۆ، ئەم شێوە گزیکردنەش هیچی لە شێوەکانی تر کەمتر نیەو هەمان یاساو رێساکانی گزیکردنی بەسەردا دەسەپێنرێت و ئەنجامدەرەکەشی ڕووبەرووی هەمان سزای یاسایی شێوەکانی دیکەی گزیکردن دەبێتەوە.

٤. ١٤–گزیکردن بە رێگای دووبارە وەرگێڕان Back Translation

ئەم شیوازە، یەکێکە لە تازەترین شێوازی گزیکردن کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن فێرخوازان و هەندێ لە توێژەرە تازەکان ئەنجام دەدرێت، بە پێی ئەم رێگایە کەسی گزیکار

www.iqra.ahlamontada.com

دەقێك لە زمانێكەوە وەردەگێڕێت و بۆسەر زمانێكی تر كە زمانی دووەمە وەری دەگێڕێت، دواتر دەقە وەرگێردراوەكە دووبارە بۆ زمانی یەكەم وەردەگێڕێت، لە زۆربەی كاتیشدا بۆ ئەم مەبەستە پڕۆگرامی (Google translate) و(Babelfish) وفەرهەنگە ئەلكترنیەكانی تر بەكاردەهێنێت.

بەسەرنجدان لە كۆی ڕێگاو شێوازەكانی گزیكردن دەشێت سەرجەمیان لە پێنج شێوازدا كۆبكرێنەوە، ئەوانیش پێك هاتوون لە كۆپیكردن، گۆڕینی وشە ودووبارە دارشتنەوە، شێواز و ڕێباز.



شێوە(٣. ٢)شێوازەكانی گزیكردن پووین دەكاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٥-هۆکارەکانی گزیکردن The causes of plagiarism

پەنابردنی نوسەر یان توێژەر یاخود فێرخواز بە گزیکردن و ناپاکی ئەکادیمی لە کارەکەیاندا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلێکی وەک:

٥. ١- نە شارەزایی لە بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی

لاوازی ئاستی فیکری و پۆشنبیری و نەشارەزایی لە بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی و ناکارامەیی لە نووسیندا هۆکاری یەکەمی پەنابردنی زۆرێك لە نوسەران و توێژەرانی کەم ئەزموونە بە گزیکردن و ناپاکی ئەکادیمی، چونکە زۆربەیان لە مانای ناپاکی ئەکادیمی و دەرەنجام و زیانە زانستیەکانی نەگەیشتوون.

٥. ٢-بێ توانایی لە ڕێکخستنی کاتدا Inability to manage time

بێ توانایی لە سوود وەرگرتن لە کات و دابەشکردنی کاتدا هۆکارێکی تری دەست بردنە بۆ ناپاکی ئەکادیمی لە لایەن هەندێ فێرخواز و توێژەری تازەی کەم ئەزموون، چونکە کاتێکی دیاریکراویان لەبەردەستەو ناتوانن لە دوا مۆلەتدا کارەکەیان تەواو بکەن.

٥. ٣-ئارەزووی گەیشتن بە پلەی بەرز Desire to get a good grade

زۆر جار ئارەزووی گەیشتن بە پلەو پایەی بەرز یان ناوبانگ و پارەی زۆر هەندێ کەس دووچاری گزیکردن دەکات، بۆ نموونە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی هۆکارێکی سەرەکی پەنابردنی هەندێ مامۆستایە بە ناپاکی ئەکادیمی، وەك ئەوەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی نایاب و بلاوکردنەوەی توێژینەوەکە لەگۆڤارێکی ئەکادیمی باوەڕ پێکراودا یەکێکە لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی زانستی و ئەوانیش کەم توانان لە ئەنجامدانی.

٥. ٤-هەست نەکردن بە بەهای کار Lack of sense of value of work

هەست نەکردن بە بەهای کارەکەیان لای هەندێ فێرخواز و توێژەری تازە هۆکاریکی تری پەنابردنە بۆ گزیکردن، بۆ نموونە فێرخوازێك تەنها ئامانجی سەرکەوتن و بە دەستهێنانی نمرەیە لە پڕۆژەکەیدا هەوڵ دەدات لە کورترین کات و بە کەمترین هەوڵ و ماندووبوون کارەکە

www.iqra.ahlamontada.com

تەواو بکات. هەروەها هەستی خۆپەرستی و حەزی خۆدەرخستن و خۆجیاکردنەوە لە کەسانی تر هۆکارێکی ترە بۆ پەنابردنی هەندێ کەسی خۆپەرست بە گزیکردن.

٥. ٥-پەروەردەی هەڵە Poor education

پەروەردەی هەڵەو ڕاهێنانی نادروستی فێرخوازان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە لایەن هەندێ مامۆستاوە. بۆ نموونە بێ توانایی و نەشارەزایی هەندێ مامۆستا لە فێرکردنی فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بە چۆنیەتی وتار نووسین و ڕێ و شوێن و هەنگاوەکانی ڕاپۆرت نووسین.

٥. ٦- ترس لە شکست Fear of failing

هەستکردن بە پێویستی بۆ دەرنەکەوتن لە وێنەیەکی شکست خواردووەدا و پەنا بردن بۆ گزیکردن و کۆپیکردن بۆ دەرکەوتن وێنەیەکی سەرکەتووەدا. ترس و بێ باوەڕی بەخۆ وای لە هەندێ فێرخواز و توێژەری تازە کردووە وا هەست بکەن کە بە تەنها نەتوانن کارەکەیان ئەنجام بدەن و نمرەی پێویست بەدەست بهێنن، بۆیە پەنا بۆ گزیکردن دەبەن، یان خواستی هێنانەدی نمرە یان پلەیەکی بەرز لە لەژێر فشار و داواکاری تونداً، بۆ نموونە فشار و پاڵەپەستۆی دایک و باوک وا هەندێ فێرخواز دەکات بۆ ئەوەی دەربچن یان نمرەیەکی بەرز لە توێژینەوەکەیان بەدەست بهێنن پەنا بۆ گزیکردن ببەن.

٥. ٧-سەرچاوەی ئەلکترۆنی Electronic References

بلاوبوونەوەو فەراهەم بوونی زانیاری و سەرچاوەی جۆراوجۆر لە سایتە ئەلکترۆنیەکان لەم سەردەمەدا هۆکاریکی هەرە بەهێزی پەنا بردنە بۆ گزیکردن، چونکە دەست پێ گەیشتنیان و گزیکردن تیایاندا ئاسانە، هەروەها بێ توانایی فێرخوازان و هەندێ توێژەر لە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانەو دوبارە داڕشتنەوەی بیرۆکەو بابەتەکان بە شێوازی تایبەتی خۆیان.

٥. ٨-هەستکردن بە زیان Feeling of harm

هەستکردن بە زیان و قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی ڕابردوو وا لە هەندێ توێژەر دەکات لە ڕێگەی گزیکردنەوە هەوڵی گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانە بدەن کە لە ڕابردووداً لە دەستیان داوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٥. ٩-پشتگوێ خستنی سەرچاوەکان Ignore references

گرنگی نەدان بە ئاماژەکردن بە سەرچاوەو پشت گوێ خستنیان هۆکارێکی تری پوودانی گزیکردنە. بۆ نموونە نوسەرێك بە مەبەست و بە ئاگاییەوە ئاماژە بە هەندێ سەرچاوە چ لە نێو ناوەڕۆك یان لیستی سەرچاوەکاندا ناکات و پشت گوێیان دەخات.

٥. ١٠- نووسینگەی بازرگانی بۆ گزیکردن Business Offices for plagiarism

بوونی نووسینگەی بازرگانی و بازرگانی کردن بە زانست لە زۆر ولآت بۆتە هۆی ئەوەی بە بڕە پارەیەکی کەم توێژینەوەیەکی زانستی گەورە بە ناوی کەسێکەوە بنوسرێت، بە تایبەت لە ولآتانەی بێ بەشن لە بوونی سیستمێکی دەستپاکی ئەکادیمی و دەزگایەکی چاودێری ورد بەسەر ڕەوشی و زانست و بێ توانایی و کەم تەرخەمی لە هوشیارکردنەوەو ئاراستەکردنی تاکەکان دۆخیك دروست دەکات کە زۆرێك لە نوسەر و توێژەرەکان پەنا بۆ بە گزیکردن ببەن.


هۆکارەکانی گزیکردن
نەشارەزایی لە بنەکلکانی نوسینی ئەکادیمی
هەڵپەی گەیشتن بە پلەی بەز
بازرگانی و سوود وەرگرتن لە کات
گرنگی نەدان بە پیشە
لاوازی و بڕوا بەخۆنەبوون

شێوە(٣. ٣)گرنگترین هۆکارەکانی گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٦-چۆنیەتی ڕێگرتن لە گزیکردن How to combat plagiarism

پەرەسەندنی دیاردەی گزیکردن و زیادبوونی مەترسیەکانی وای لە زۆرێك زانكۆ و ناوەندە زانستی و ئەكادیمیەكان كردووە چەندین پێ و شوێنی گرنگ بە مەبەستی چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوەو بنبڕكردنی دیاردەكە بگرنەبەر.

زانكۆی شیكاگۆ (University of Chicago)لە لێكۆڵینەوەیەكدا دەربارەی كۆمەڵگای ئەكادیمی و پێوەرە زانستی و مۆراڵیەكان كە لە سایتی زانكۆكە بڵاوكراوەتەوە ئاماژە بە گزیكردن وەك تاوانێكی مۆراڵی گەورە كراوە بە جۆرێك ئەنجامدەرانی تاوانەكە بە پێی یاساو ڕێسا ئەكادیمیەكانی زانكۆكە سزا دەدرێن. هەروەها ئاماژە بە پێویستی بەكارهێنانی ڕێبەری ڕێنماییكاری بۆ دووركەوتنەوەو خۆپارێزی لە گزیكردن لە لایەن فێرخوازان دەكات و كردنەوەی خولی تایبەت بە ئاشناكردنی فێرخوازان بە بنەماكانی دەستپاكی ئەكادیمی بە گرنگ دەزانێت (The University of Chicago Press,www. press. uchicago. edu). هەروەها مالپەڕی كتێبخانەی زانكۆی تەكساس (University of Texas Libraries) لە ئۆستنی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پڕۆگرامێكی ڕاهێنان و فێركاری تایبەت بە گزیكردن و چۆنیەتی دووركەوتنەوە لە ناپاكی ئەكادیمی تەرخان كردووە، ئامانج لە دانانی پڕۆگرامەكە ئاشناكردنی مامۆستا و فێرخوازەكانە بە دیاردەی ناپاكی ئەكادیمی و مەترسی و زیانەكانی گزیكردن، هەوەڕها ڕاهێنان و فێركردنیان لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی سەرچاوەو سوود وەرگرتن لە زانیاری كەسانی تر لە چوارچێوەی یاساو ڕێسا ئەكادیمیەكان و پابەندبوونیان بە بنەماكانی دەستپاكی ئەكادیمی (Avoid Plagiarism. University of Texas Libraries, www. legacy. lib. utexas. edu).

كتێبخانەی كۆنیلی(Connelly Library) زانكۆی لاسال(La Salle University)ی ئەمەریكی پێنج ئامۆژگاری بۆ دووركەوتنەوە لە گزیكردن خستۆتەڕوو، وەك تێگەشتن لە بابەت و سەرچاوەكانی بابەت پێش بەكارهێنانیان و پشت نەبەستنی زۆر بە بیرۆكەی كەسانی تر و دڵنیا بوون لە زانین و فێربوونی چۆنیەتی وەرگرتن و ئاماژەكردن بە سەرچاوەكان و بەكارنەهێنانی ئەنتەرنێت و پشت بەستن بە كتێبخانەو تاقیگەو سەرچاوەی زانستی دیار

www.iqra.ahlamontada.com

(Connelly Library. la salle University,www. lasalle. edu). هەروەها کتێبخانەی زانکۆی ویلایەتی ئیندیانا (Indiana State University Library) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆگرامیکی بە مەبەستی پێش گرتن لە گزیکردن پێشکەش کردووە کە چەندین زانیاری گرنگی لەخۆگرتووە، وەک گزیکردن و ناساندنی، جۆرو شێوازەکانی گزیکردن، چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەو بەکارهێنانیان بە شێوازێکی دروست (Plagiarism Tutorial. Indiana State University, www. panther . indstate. edu).

کتێبخانەکانی زانکۆی ویلایەتی میسوری(University of Missouri Libraries)لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ماڵپەڕی فەرمیدا چەند وانەیەکی تایبەت بە دوورکەوتنەوە لە گزیکردن (Avoid Plagiarism)ی پێشکەش کردووە، ناوەڕۆکی وانەکان چەند بابەتێکی گرنگیان لەخۆ گرتووە، وەک پێشەکی، تاقیکردنەوەی پێشوو، گزیکردن چیەو دەرەنجامەکانی چین، پشت بەستن بە سەرچاوەی تایبەت، جۆرەکانی وەرگرتن و گواستنەوە، چۆنیەتی گواستنەوەو سوود وەرگرتن لە بەرهەمی نوسەرانی تر، سوود وەرگرتن لە وتەو سەرچاوەی زارەکی و کورتکردنەوەی زانیاریەکان (Plagiarism and Copyright,University of Missouri Libraries, www. libraryguides. missouri. edu). هەروەها کتێبخانەکانی زانکۆی دیوک لە ئەمەریکا (Duke University USA) لەسەر ماڵپەڕی فەرمیدا ناوەندێکی هاوبەشیان بۆ زیانی فیکری زانکۆکە پێک هێناوە و هەوڵیان داوە بەردەوام کار لەسەر زیادکردنی زانیاری و شارەزایی تایبەت بە دیاردەی گزیکردن لای سەردانیکارنی ماڵپەڕەکەیان بکەن، گرنگترین ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی ناوەندەکە بریتین لە دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و پاراستنی مافی خاوەندارێتی فیکری کەسانی تر و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە سەرچاوەو بە دروستی بەکارهێنانیان و پیشکەشکردنی کورتە ڤیدیۆ ڕێنماییکاری بۆ دوورکەوتنەوە لە گزیکردن (Avoiding Plagiarism,Duke University Libraries, www. library. duke. edu).

زانکۆکانی بەریتانیا چەند هەنگاوێکی ئەکادیمی گرنگیان ناوە بۆ بەرگرتن بە دیاردەی گزیکردن، کتێبخانەی زانکۆی بریستۆل(University of bristol) لە سەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنیدا لاپەڕەیەکی بە ناو نیشانی گزیکردن:زانیاری و ئامۆژگاری(Plagiarism: information and

www.iqra.ahlamontada.com

advice) به مەبەستی ئاشناکردنی سەردانیکارانی سایتەکە بە ناپاکی ئەکادیمی وهۆکارەکان و جۆرەکانی ناپاکی ئەکادیمی و چۆنیەتی دوورکەوتەوە لە گزیکردن و پابەندبوون بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی ئەرخان کردووە(Plagiarism:information and advice, University of Bristol,www. bris. ac. uk). هەروەها کتێبخانەی زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی(University of British Columbia) لەسەر مالپەری فەرمیدا پڕۆگرامێکی فێرکاری و پەروەردەیی تایبەتی بە ناونیشانی دەستپاکی ئەکادیمی (Academic Integrity) تەرخان کردووە، پڕۆگرامەکە ڕونکردنەوەی گزیکردن وەك چەمك و دیاردەو چەند چەندین ئامۆژگاری گرنگ بۆ دوورکەوتنەوە لە گزیکاری و فیلمی فێرکاری (Citing: When and Why) لەخۆ گرتووە (Academic Integrity,The University of British Columbia, www. learningcommons. ubc. ca).

کتێبخانەی زانکۆی لیدز(Leeds University Library) لە بەریتانیا لەسەر مالپەری فەرمی لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری ئەکادیمیدا پڕۆگرامێکی تایبەت بە دەستپاکی ئەکادیمی و گزیکردن (Academic integrity & plagiarism) ساز کردووە، ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکە چەند بابەتێکی دەربارەی دەستپاکی ئەکادیمی و گزیکردن و چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە دیاردەکەو مافی خاوەندارێتی فیکری و بەکارهێنانی سەرچاوە زانستیەکان دوور لە گزیکاری و ناپاکی ئەکادیمی(Academic integrity and plagiarism. Leeds University Library, www. library. leeds. ac. uk) . هەروەها زانکۆی هیریۆت–وات(Heriot-Watt University) لە شاری ئەدنبرە(Edinburgh)ی پایتەختی سکۆتلاند (Scotland) گایدێکی ڕێنماییکاری تایبەت بە گزیکردنی بە ناونیشانی (گزیکردن، ئاشکرا کردنی دیاردەکەو ڕێنمایی کردن بۆ چۆنیەتی دوورکەوتەوەو خۆپاراستن لێی) بۆ فێرخوازان لەسەر سایتی زانکۆکە بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکی گایدەکە ناساندنی گزیکردن و یاساو ڕێسا ئەکادیمیەکان بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەو بەکارهێنانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکەی لە خۆگرتووە، لە ڕوانگەی ئەو زانکۆیە گزیکاری تاوانێکی گەورەیەو کەسی گزیکار چ مامۆستا یان قوتابی بە پێی جۆر و قەبارەی گزیەکە سزا دەدرێت، بۆ نموونە لە بەرامبەر ڕوودانی گزیکردندا فێرخواز ڕووبەڕووی سزای دوورخستنەوە یان دەرکردن لە زانکۆ دەبێتەوە، یان دووبارە کردنەوەی بەشێك لەو

www.iqra.ahlamontada.com

بابەتانەی فێرخوازەکە تیایدا سەرکەوتوو بووە بەڵام بە دەرچوون بۆی ئەژمار ناکرێت (Student Guide to Plagiarism, Heriot-Watt University,www. hw. ac. uk).

زانکۆکانی کەنەدا بۆ وەستانەوە بەرامبەر دیاردەی گێڕکردنی زانستی چەند هەنگاوێکی گرنگیان ناوە، بکتێبخانەی زانکۆی کۆنکۆردیا(Library of Concordia University) لە کەنەدا لە ڕێگەی سایتی ئەلکترۆنیەوە گێڕکردنی بە تاوانێکی گەورە داناوە بە جۆرێك کەسی گێڕکار ڕووبەڕی سزای یاسایی و ئەکادیمی دەبێتەوە، ئەم تاوانەش بە پێی مادەی (A١٦)ی وڵاتی کەنەدا خستنەڕووی کاری کەسێکی تر بێ مۆڵەت و بێ ئاگاداری کەسەکە، ئەمەش جۆرێکە لە دزی و دەست بردن بۆ مافی کەسانی تر(Academic Code of Conduct, Concordia University,٢٠١٥,www. concordia. ca). هەروەها کتێبخانەی زانکۆی سایمۆن فریزەر (SFU Library) لە کەنەدا سیستمیکی فێرکاری و ڕێنمایکاری تایبەت بە دیاردەی گێڕکردنیان بە ناونیشانی(The Canvas Course Management System) لەسەر مالپەڕی فەرمی کتێبخانەی زانکۆکە داناوە، سیستمەکە چەندین بابەتی گرنگی دەبارەی دوورکەوتنەوە لە گێڕکردن لەخۆ گرتووە، وەك گێڕکردن چیە؟ بۆچی بە تاوانێکی ترسناك دادەنرێت؟ دەرەنجامە ترسناکەکانی چین؟ چۆن توێژەر خۆی لە گێڕکردن بە دوور دەگرێت؟، هەوەرها کۆمەڵێك ئامۆژگاری گرنگ دەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەو دووبارە دارشتنەوەی زانیاری و کورتکردنەوەیان و چۆنیەتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان و پاراستنی مافی خاوەندارێتی فیکری کەسانی تر و پابەندبوون بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی (Avoiding plagiarism. SFU Library,www. lib. sfu. ca).

زانکۆی سیدنی(University of Sydney) لە وڵاتی ئوستراڵیا لەسەر مالپەڕی فەرمی کتێبخانەکەیدا پرۆگرامێکی تایبەتی بەناونیشانی گێڕکردن و ڕاستی زانستی(Plagiarism and academic honesty) و فێڵمێکی ڕێنماییکاری داناوە، ئامانجی پرۆگرامەکە ئاشناکردنی سەردانیکارانی مالپەڕەکەیە بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی و دوورکەوتنەوە لە دیاردەی گێڕکردن(Plagiarism and academic honesty. University of Sydney, www. library. sydney. edu. au). هەروەها زانکۆی مەندل (Mendel University in Brno) لە بڕۆنۆی پایتەختی وڵاتی چیك لە تەمموزی ٢٠١٥ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر ناپاکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکادیمی گریّ داو بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەشی لەسەر مالپەری (www. plagiarism. cz) بڵاوکردەوە، تەوەری بابەتەکانی کرنگرەکەش ستراتیژی هۆشیار کردنەوەوخۆپارێزی و ئاشکرا کردنی ناپاکی ئەکادیمی و داهێنانی ئامرازی ئەلکترۆنی و تەکنیکی بۆ دەرخستن و ئاشکرا کردنی گزیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نیشتیمانی لەخۆ گرتبوو (Plagiarism Across Europe and Beyond ,٢٠١٥, Mendel University, www. gs. elaba. lt).

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی زانکۆی شاسعود(King Saud University) لە عەرەبستان و زانکۆی بەترا(University of Petra) وڵە ئوردن و زانکۆی ئەسکەندەریە(Alexandria University) لە میسر بۆ وەستانەوە بەرامبەر دیاردەی گزیکردن چەند هەنگاوی گرنگیان ناوە. زانکۆی شا سعود(King Saud University)یەکێکە لەو زانکۆ عەرەبیانەی نامیلکەیەکی ڕێنمایی لە شێوەیی زنجیرەیەك ئامۆژگاری لەژێر ناونیشانی(چۆن فێرخوازەکانت لە هەڵەو گزیکردن دوور دەخەیتەوە) بۆ مامۆستایان و وانەبێژانی زانکۆکە داناوە، ناوەڕۆکی نامیلکەکە چەند ڕێنماییەکی گرنگی بۆ مامۆستایان لەخۆگرتووە وەك، پێویستە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی خوێندندا فێرخوازان ئاشنا بکرین بە چەمکی گزیکردنی زانستی و گرنگی مافی خاوەندارێتی فیکری و بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە سەچاوەو بەکارهێنانیان و یاسا و ڕێساو ئەو سزایانەی پەیوەستن ئەنجامدانی ناپاکی ئەکادیمی. هەروەها پێویستە فێرخوازان ئاگادار بکرێنەوە تا خۆیان لە نووسینگە بازرگانیەکان بە دوور بگرن و تێ بگەیەندرێن لەوەی ئامانج لە نوێژینەوەدا فێربوونی کارامەیی شیکاری و ڕافەکاری و چونیەتی بەکارهێنانی زانیاریەکانە نەك تەنها کۆکردنەوەی بابەت و گەیشتن بە دەرنجامێکی کۆتایی، پێویستە فێرخوازان لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر هان بدرێن و ڕوون کردنەوەی تەواویان سەبارەت بە بەکارهێنانی سایتە ئەلکترۆنیەکان پێ بدرێت و فێری چۆنیەتی ئاماژە کردن بە سەرچاوەو دانانی پەراوێزو پابەندبوونیان بە پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی بکرێن (کیف تجنب طلابك خطأ الوقوع في السرقة العلمية؟ جامعة الملك سعود، www. sdl. edu. sa). هەروەها زانکۆکانی عەربستانی سعودی کۆمەڵێك سزایان دیاری کردووە لە بەرامبەر ئەو مامۆستاو وانەبێژانەی بە هاوکاری مامۆستایانی تر پەنا بۆ گزیکردن دەبەن، وەك دابەزاندن وڵێ سەندنەوەی پۆست و پوچەڵکردنەوەی بەرزبوونەوەو ڕاگرتن و بریتی موچەو لێ

www.iqra.ahlamontada.com

سەندنەوەی مافی وانەبێژی و چەندین سزای تر(عقوبات قاسية بحق أساتذة الجامعات المتهمين بالسرقة العلمية، ٢٠١٥، صحيفة عاجل الالكترونية، www. qa . ajel. sa).

زانکۆی بەترا(University of Petra) لە ولاتی ئوردن ناوەندێکی بە ناوی سەنتەری پەرەپێدانی ئەکادیمی داناوە کە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێگریکردنە لە دیاردەی گزیکردن بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی(Turnitin)کە یەکێکە لە پڕۆگرامە هەرە باشەکانی بواری ئاشکراکردن و دەرخستنی گزیکاری و لەگەڵ زمانی عەرەبیشدا کار دەکات (دورة حول نظام كشف الانتحال الأدبي(Turnitin)في جامعة البترا، جفرا نيوز، www. jfranews. com. jo). هەروەها زانکۆی ئەسکەندەریە(Alexandria University) لە میسر لە نیسانی ٢٠١٥ لە دەست پێشخەریەکدا هەڵمەتێکی فراوانی ئەنجامدا بە مەبەستی ئاشناکردنی مامۆستا و فێرخوازەکان بە چەمکی گزیکردنی زانستی و هوشیارکردنەوەیان و پابەند بوونیان بە بنەما زانستی و مۆرالیەکانی توێژینەوەی زانستی(رمضان، ٢٠١٥).

بە پێی بەڵگەنامەیەك کە سەپەرشتیارانی سایتی (Turnitin)بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی گزیکردن پێشکەشیان کردووە لەبڕگەیەدا لە وەڵام بەو پرسیارەی کە دەڵێت ئایا سزاکانی گزیکردن چین؟(What are the punishments for plagiarism)ئاماژەیان بە سێ جۆر سزا بۆ گزیکردن کردووە، یەکەمیان سزای ئەکادیمی (Academic sanctions) ە کە مەبەست لێی ئەو ڕێ و شوێنانەیە کە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمەیەکان بە مەبەستی مامەڵکردن لەگەڵ دیاردەکەو کەسی گزیکاردا دەیگرنەبەر، وەك خستن و هێشتنەوەو دوورخستنەوەو لێ سەندنەوەی مافی مامۆستایەتی ودەرکردن لە زانکۆ. بەڵام سزای دووەمیان سزای یاسایی (Legal sanctions) ە کە مەبەست لێی جێبەجێ کردنی ڕێ و شوێنە یاساییەکانە لەبەرامبەر کەسی گزیکاردا کە سزای دارایی و بەندکردن دەرگرێتەوە، وەك سزادان بە پێ بژاردنی ١٠٠ دۆلار تا ٥٠٠٠٠ هەزار دۆلار وبەندکردنیش بۆ ماوەی یەك ساڵ، چونکە بە پێی یاسای زۆربەی وڵاتان گزیکردن بە تاوان ئەژمارکراوەو گزیکاریش وەك تاوانبار سزا دەدرێت. هەرچی سزای سێیەمە سزای دامەزراوەیی(Institutional sanctions)ە کە مەبەست لێی ئەو ڕێ وشوێنانەیە کە دەزگا و دەمەزراوەکان لەبەرامبەر گزیکردندا پەیرەوی دەکەن، وەك سزا دان بە دەرکردن لەکار کە بەهۆیەوە گزیکار کارەکەی لە دەست دەدات (Citation FAQ,Document provided by Turnitin. com,www. website. aub. edu. lb).

www.iqra.ahlamontada.com

٧- پێداویستیە بنەڕەتیەکانی دوورکەوتنەوە لە گزیکردن Prerequisites to avoid plagiarism

دوورکەوتنەوە لە دیاردەیەی گزیکردن(Plagiarism) و ڕێگری کردن لە ناپاکی ئەکادیمی لە زانکۆ ناوەندە ئەکادیمی و فێرکارییەکاندا پێویستی بە ڕێنمایکردن و ئاشناکردنی فێرخوازان و توێژەران هەیە بە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی، هەروەها پێویستی بە هەوڵی جدی و یەکگرتووی سەرجەم دام و دەزگا زانستیەکان هەیە، وەک:

٧. ١-هوشیاری مۆرالی Ethical Awareness

گزیکردنی زانستی دیاردیەکی مۆرالیە، ڕێگریکردن لە دیاردەیەکە بەر لە هەر شتێك پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی مۆرالی تاکەکان هەیە، چونکە ئەزموونی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە نە یاساو ڕێساکان و نە ڕێگا تەکنیکاریەکان و پڕۆگرامە ئەلکترۆنیەکان بە تەنها ناتوانن کۆنترۆڵی دیاردەکە بکەن. بۆ نموونە زۆربەی کتێب و سەرچاوە کۆنەکان ڕەنگە نەخرابنە نێو تۆرەکانی ئەنتەرنێت تا لە ڕێگەی پڕۆگرامە ئەلکترۆنیەکانەوە چۆنیەتی بەکارهێنانیان بزانرێت، بۆیە لە ئێستادا زۆربەی زانکۆکانی جیهان بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بردۆتە بەر هوشیارکردنەوەی مۆرالی و ڕاهێنانی ئەکادیمیانەی فێرخواز و توێژەرەکان لەسەر مەترسی و زیانەکان و چۆنیەتی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و پابەندبون و ڕێزگرتنیان لە بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی (عیسانی، ٢٠١٥).

٧. ٢-ڕێنماییە ئەکادیمیەکان Academic Guidance

نووسینی ئەکادیمی(Academic writing) پڕۆسەیەکە لەسەر بنەمای کۆمەلێك ڕێنمایی و نەریتی زانستی بەڕێوە دەچێت کە پێوستە لەسەر تاکی نوسەر بۆ دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە هەر دیاردەیەکی ناپاکی ئەکادیمی پەیڕەوییان لێ بکات.

٧. ٣- پڕۆگرامە ئەلکترۆنیەکان Electronic programs

یەکێك لە دیارترین ئەو ڕێگایانەی کە بۆ بەرگرتن لەدیاردەی گزیکردنی زانستی (Plagiarism)بەکار دەهێنرێت و زۆربەی زانکۆ و ناوەندە زانستیەکانیش پشتی پێ دەبەستن

www.iqra.ahlamontada.com

تۆڕەکانی ئەنتەرنێت وبوونی چەند پڕۆگرامێکی ئەلکترۆنی تایبەتە بە دەرخستن و ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکرن.

٧. ٤–بەدواداچوونی یاسایی legal procedures

گزیکردنی زانستی(Plagiarism)دەست درێژی کردنە بۆ سەر بەرهەمی کەسانی ترو پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتی فیکری کەسانی تر، ئەمەش کردەوەیەکی تاوانکاریەو پێویست بەوە دەکات بکەرەکەی ڕووبەڕووی یاساو سزای یاسایی بکرێتەوە، بۆیە بەکارهێنانی ڕێگای یاسایی و جێبەجێ کردنی یاسا بەسەر ئەنجامدەرانی گزیکردندا ئەگەر دیاردەکە بنبڕیش نەکات ئەوا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا سنووردارى دەکات.



شێوەی(٣. ٤)پێداویستیە بنەڕەتیەکانی دووڕکەوتنەوە لە دیاردەی گزیکردن پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٨-ئامرازەکانی ئاشکراکردنی گزیکردن Plagiarism Detection Tools

پەرەسەندنی دیاردەی گزیکردن(Plagiarism) و پێشیلکردنی مافی خاوەندارێتی فیکری کەسانی تر لە ناوەندە ئەدەبی و زانستیەکاندا بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین پڕۆگرامی ئەلکترۆنی بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی گزیکردن و لێکۆڵینەوە لە پەسەنایەتی بابەت و توێژینەوەکان. ئەم پڕۆگرامانە زیاتر لەسەر ئاستی زانکۆ و ناوەندە زانستیە گەورەکان بەکار دەهێنرێن، هەندێکیان خزمەتگوزاریەکەیان بێ بەرامبەرە، بەڵام هەندێکی تریان سەرەتا وەک ڕیکلام بۆ پڕۆگرام و کۆمپانیای خاوەنی پڕۆگرامەکەکان بە خۆڕایی کار دەکەن، دواتر داوا لە بەکاربەر دەکات بیکڕێت و تێچووی بەکارهێنانیشان گرانە.

وێنە(٣. ٥)چەند نموونەیەک لە پڕۆگرامەکانی ئاشکراکردنی گزی زانستی دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١-پڕۆگرامی iThenticate

پڕۆگرامی(iThenticate) یەکێکە لە سایتە گەورەکانی تایبەت بە دەرخستن و ئاشکارکردنی گزی کردن لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا، پڕۆگرامێکە بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی بەرهەمەکان پێش چاپکردن لە لایەن نوسەران وتوێژەرانی دەزگا و دامەزراوەی ئەکادیمی و سەنتەرەکانی توێژینەوە بەکار دەهێنرێت. ئەم پڕۆگرامە پشت دەبەستێت بە بەراوردکرنی بەرهەمی نوسراو بە بەرهەمەکانی پێشوو لەسەر زیاتر لە ٥٠ ملیار لاپەڕەی ئەنتەرنێت و بەروردکردنیان بە ٤٠ ملیۆن وتارو لێکۆڵینەوەی بلاوکراوە لە ٥٩٠ ناوەندی بلاوکردنەوەی زانستی و پزیشکی و تەکنیکاری جیهانیدا. سیستمی بەروردکاری پڕۆگرامەکە زیاتر لە ملیۆنێک پوختەو سەرچاوەی گۆڤارەکان و ٢٠٠٠ هەزار ناونیشانی توێژینەوەی جۆراوجۆرو پێڕستی زیاتر لە ١٠ ملیۆن سایتی لەخۆ گرتووە. سیستمەکە ٣٠ زمانی لەخۆ گرتووەو لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاستی هاوجووتی و هاوشێوەیی نێوان دوو دەق بزانرێت (About iThenticate Plagiarism Detection Software, iThenticate, www. ithenticate. com) .



شێوە(٣. ٦)پڕۆگرامی (iThenticate)بۆ ئاشکرارکردن و دەرخستنی گزیکاری دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٢-پڕۆگرامی Turnitin

پڕۆگرامی (Turnitin) بە یەکێك لە پڕۆگرامە پێشەنگەکانی بواری ئاشکراکردنی گزی زانستی دادەنرێت، ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن کۆمەلێك توێژەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا (UC Berkeley)وەك پڕۆگرامێکی بازرگانی سەر بە کۆمپانیای (iParadigms, LLC) دامەزراوە. پڕۆگرامەکە ٣١ زمانی لەخۆ گرتووەو لەلایەن زیاتر لە ١٥٠٠٠ زانکۆ و ناوەندی زانستی و پەروەردەیی و ٢٦ ملیۆن بەکاربەر کە مافی بەکارهێنانیان هەیە بەکار دەهێنرێت. بە بەکارهێنانی ئەم پڕۆگرامە بەکاربەر دەتوانێت بەروارد لە نێوان بەرهەمێکی تازە لەگەڵ چەندین بەرهەمی نوێ بکات لەسەر ٢٤ بلیۆن لاپەڕەی ئەنتەرنێت و زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن توێژینەوەی بڵاوکراوەدا. ئامانجی سەرەکی پڕۆگرامەکە باشترکردنی ئاستی نووسینی فێرخوازو توێژەرە نوێکانە لە رێگەی بەربەست دانان لەبەردەم گزیکردن و دەوڵەمەندکردنیان بە تێبینی و رێنمایی زانستی دروست (Education with Integrity. Turnitin, www. turnitin . com).



شێوەی(٣. ٧)پڕۆگرامی (Turnitin) بۆ ئاشکراکردنی گزیکردن دەخاتەروو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٣-پڕۆگرامی DupliChecker

ئەم پڕۆگرامە یەکێکە لە ئامرازە هەرە باشەکانی لێکۆڵینەوە لە گزیکردنی زانستی و پشت دەبەستێت بە بنەمای دابەشکردنی دەق بەسەر ڕستەو بەرواردکردنیان بە دەرەنجامەکانی بزوێنەری گەڕان(Search engine)، بەکاربەر بە بەکارهێنانی دەتوانێت بە خۆڕایی لە ڕێگەی کۆپی کردن و دانان لە شوینی تایبەتدا لێکۆڵینەوە لە دەقێك بکات کە ژمارەی وشەکانی لە ١٠٠٠ وشە زیاتر نەبێت. شێوازی بەکارهێنانیشی ئاسانە وهەر کەس دەتوانێت بەکار بهێنێت، دەشێت لە ڕێگەی کۆپی کردن و دانان یاخود هەڵگرتنی فایلێك بە کلیککردن لەسەر(Search) لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل دەربارەی بابەت وهەڵەو کەم و کورتیەکانی بابەتەکە بە دەستەوە دەدات(DupliChecker. Free online Software For Plagiarism Detection,www. duplichecker. com).



شێوە(٣. ٨)پڕۆگرامی(DupliChecker) بۆ لێکۆڵینەوە لە گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٤–پڕۆگرامی Plagiarism Checker

جۆرێکی تره له پڕۆگرامەکانی ئاشکراکردنی گزی زانستی و هەرکەس دەتوانێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی گزیکردن بەکاری بهێنێت، ئەم پڕۆگرامە یارمەتی کەسی بەکاربەر دەدات لەکاتی لیکۆلینەوە لە دەقێکدا بەشە لێکچوو و هاوشێوەکانی دەقەکە لەگەڵ دەقەکانی تری سەر تۆری ئەنتەرنێت دەربخات، ئەویش بە ڕێگەی گەڕان لە ١٠ بلیۆن لاپەڕەی پێڕستکراو لە(Google and Bing) کە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ڕاپۆرتیکی تێرو تەسەل دەربارەی دەقەکە بە دەستەوە دەدات، ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە سەرچاوەگەلی جۆراوجۆر و دیاریکردنی ڕێژەی سەدی گزیکردنی بە ڕەنگی جیاواز لەخۆ گرتووە(Plagiarism Checker. Smallseotools, www. small seotools. com).



شێوە(٣. ٩) پڕۆگرامی(Plagiarism Checker) بۆ گەڕان و ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکردن و گزیکاری لە نووسیندا دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٥-پڕۆگرامی Plagiarism detect

ئامرازێکی تری ئاشکراکردنی گزی زانستیەو بەکارهێنانیشی بە خۆڕاییە، تا ڕادەیەك بە سستی و هێواشی و کار دەکات بەڵام لە بەرامبەردا دەرەنجامی زۆر ورد بە دەستەوە دەدات. بە بەکارهینانی ئەو پڕۆگرامە بەکاربەر دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا وردبینی بۆ بابەتەکەی بکات، سەرەتا دەقەکەی خۆی هەڵدەگریت و لە شوێنی دیاریکراودا دایدەنیت، دواتر دەقەکە دابەش دەبیت بۆ چەند یەکەیەکی زمانەوانی بچووك بە مەبەستی بەراوردکردنی بە سەرچەم دەقە هاوشێوەکان لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت کە کراوەن بۆ پڕۆسەی پێوانەکردن و بەراوردکردنەکە .(Plagiarism Detect,www. plagiarismdetect. org)



وێنە(٣. ١٠)شێوازی بەکارهێنانی پڕۆگرامی (Plagiarism detect) بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی دیاردەی گزیکردن دەخاتە ڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٦-پڕۆگرامی Plagiarisma

یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی بۆ لێکۆڵینەوەو وردبینی لە دەقەکان بەکاردەهێنرێت و لەسەر ئاستێکی فراوان فێرخوازان و مامۆستایان و توێژەرانی بواری توێژینەوەکاری پشتی پێ دەبەستن. ئەم پڕۆگرامە لەگەل سیستمی ویندۆز(Windows) و ئەندرۆید(Android) و بلاك بێری (BlackBerry) ومودل(Moodle) تۆڕەکانی ئەنتەرنیت(Web) کار دەکات و ، لە لایەن هەریەکە لە (Google, Yahoo, Babylon, Google Scholar and Google Books) پاڵپشتی کراوەو زیاتر لە ١٩٠ زمانی لەخۆگرتووە. بەکاربەر بە بەکارهێنانی ئەم پڕۆگرامە لە ڕێگەی هەڵگرتن و کۆپیکردن یان هەڵگرتنی مەلەفێك و دانانی لە شوێنی تایبەتدا دەتوانێت لە ماوەی چەند خولەکێکدا پشکنین و وردبینی بۆ بابەتێك بکات و لە پاکنووسی و ڕەسەنایەتی بابەتەکە دڵنیا بێت (Plagiarisma. ,Free online plagiarism checker for teachers and students. plagiarisma. net,www. plagiarisma. net).



شێوە(٣. ١١)پڕۆگرامی (Plagiarisma) بۆ لێکۆڵینەوەو وردبینی لە دەقی نوسراو لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٧-پڕۆگرامی Checkforplagiarism

پڕۆگرامی(Checkforplagiarism)بە یەکێک لە مالپەرە گرنگەکانی ناشکراکردنی گزی زانستی دادەنرێت کە بە هۆیەوە کەسی بەکاربەر دەتوانێت وردبینی بۆ بابەتێک بکات و لە ڕەسانەیەتی بابەتەکە دڵنیا بێت، ئەویش لە ڕێگەی دانانی بابەت و ناردنی زانیاری و ناونیشانی ئەلکترۆنی بۆ سایتەکە کە لە ماوەیەکی ڕاپۆرتی وردبینیەکەی لە ڕێگەی ئیمەلەوە بۆ دێت، ڕاپۆرتی یەکەم بێ بەرامبەرە تەنها ڕێژەی سەدی ڕەسانایەتی بابەتەکەی لەخۆگرتووە، بەڵام گەیشتنی ڕاپۆرتی دووەم کە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلەو زانیاری وردو درشتی دەربارەی بابەتەکە لەخۆ گرتووە پێویستی بە کڕین هەیەو خزمەتگوزاریەکە بەخۆڕایی نابەخشرێت Checkforplagiarism. Why plagiarism checking?,www. checkforplagiarism .) .(net



شێوە(٣. ١٢)پڕۆگرامی (Checkforplagiarism) بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٨- پڕۆگرامی Ferret Copy Detection Software

پڕۆگرامێکی بێ بەرامبەرە سالّی ٢٠١١ لە لایەن کۆمەلّێك پسپۆری زانکۆی هێرتفۆردشایر (University of Hertfordshire)ی بەریتانی دیزاینی بۆ کراوە و لە لایەن (Ruth Barrett, Bob Dickerson, Caroline Lyon and James Malcolm) پەرەی پێ دراوە، دواتر بە هاوکاری (Jun-Peng Bao) سیستمی پڕۆگرامەکە بە جۆرێك ڕێکخراوە کەلەگەلّ زمانی چینیدا کاربکات. ئامانجی پڕۆگرامەکە دەرخستن و ئاشکارکردنی دیاردەی گزیکردنە لە نامەی ماستەر و دکتۆرا و هەر ئەرکێکی تر کە فێرخوازان ئەنجامی دەدەن. پڕۆگرامەکە لە کارکردندا پشت بە سیستمی کارکردنی ویندۆز (Windows) دەبەستێت و یەکێکە لەو پڕۆگرامانەی کە لەگەلّ زمانی عەرەبیشدا کار دەکات (Ferret - Copy-detection software. University of Hertfordshire,www. homepages. herts. ac. uk).



شێوە(٣. ١٣)پڕۆگرامی(Ferret Copy Detection Software) بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ٩ –پڕۆگرامی Grammarly

پڕۆگرامی(Grammarly) بریتیە لە لێکۆڵەر و وردبینێکی پڕۆبۆتی کە بە ئاسانی دەتوانێت نوسراوەکان بخوێنیتەوەو هەڵەو کەم و کورتیەکانیان دەربخات، ئەم پڕۆگرامە لەسەر ١٦ ملیار لاپەڕەی ئەنتەرنێت کار دەکات. کەسی بەکارهێنەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم وردبینە ڕۆبۆتیە دەتوانێت دەقی بابەتەکەی بە بابەت و تۆێژینەوەکانی نێو ملیارەها لاپەڕەی ئەنتەرنێت بەراورد بکات و بە هۆیەوە بە سەرجەم کەم و کورتیە زمانی و ڕێزمانیەکانی بابەتەکەی بزانێت و ڕێرەوەکانی گزیکردن و بەرهەمی چاپکراو بلاوکراوەی هاوشێوەی بابەتەکەی بۆ ئاشکرا بێت، هەروەها یەکێکە لەو پڕۆگرامانەی کە لەسەر ئاستێکی بەرافراوان لە هەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێت. (Parker,٢٠١٨).



شێوە (٣. ١٤)دەرکەوتنی دەرەنجامەکان بەبەکارهێنانی پڕۆگرامی(Grammarly) بۆ لیکۆلینەوەو ساغکردنەوەی دەقیکی نوسراو لەسەر تۆری ئەنتەرنێت پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

۱۰ .۸ –پڕۆگرامی PlagScan

پڕۆگرامێکی تری ئاشکراکردن و دەرخستنی گزی زانستیە و لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت کاردەکات ، یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی ماموستاو فێرکارەکان بە مەبەستی یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ باشترکردنی شێوازی نوسینیان و چۆنیەتی بەکارهێنان وسوود وەرگرتن لەسەرچاوەی زانستی بە شێوەیەکی دروست بەکاری دەهێنن. ئەم پڕۆگرامە ساڵی ۲۰۰۹ لە لایەن دوو پسپۆری پڕۆگرامسازی ئەڵمانی ماڕکۆس گۆلدباخ (Markus Goldbach) و یوهانز کناب (Johannes Knabe) داهێنراوەو ئێستا لە زانکۆکانی ئەڵمانیاو ئوتریش و سویسرا بە شێوەیەکی بەرفراوان و زۆرێك لە پەیمانگا و زانکۆی تر بەکاردەهێنرێت، لە دوای ۲۰۱۵ ساڵی زیاتر لە ۱۰۰۰ دامەزراوەی ئەکادیمی لە جیهاندا ئەم پڕۆگرامە بەکاردەهێنن لە ناویاندا زانکۆی ئەردەنی (University of Jordan) و زانکۆی فۆرتس کۆلیج–لارگۆ (Fortis College Largo) و زانکۆی بەرلینی ئازاد (Free University of Berlin) و چەندین زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندی ئەکادیمی تر (info . What is plagscan,Word finder,www. findwords).



شێوە(۳. ۱۵)پڕۆگرامی(PlagScan)بۆدەرخستن و ئاشکراکردنی گیزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١١-پڕۆگرامی Eve Plagiarism Detection System

ئەم پڕۆگرامە بە یەکێك لە پڕۆگرامە کۆنەکانی بواری ئاشکراکردنی گزی زانستی دادەنرێت، لە ماوەی کارکردنیدا لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ئەمڕۆ زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن پڕۆسەی وردبینی ئەنجام داوە، پڕۆگرامێکی تا ڕادەیەك کۆنەو بەکارهێنانیدا پێویستە ٢٩. ٩٩ دۆلاری ئەمەریکی بدات(Top ٨ Plagiarism Detector Tools for Teachers, Technology and Mobile Learning,www. educatorstechnology Educational .(com.



شێوە(٣. ١٦)چۆنیەتی کارکردنی پڕۆگرامی(Eve Plagiarism Detection System) بۆ ئاشکراکردنی گزیکردن لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت پوون دەکاتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١٢-پڕۆگرامی Essay Verification Engine

پڕۆگرامێکی تره له پڕۆگرامەکانی بواری ئاشکراکردن و دەرخستنی گزی زانستی که له هۆیەوه کەسی بەکارهێن دەتوانێت وردبینی بۆ دەقێك بکات له ڕێگەی بەراوردکردنی به دەقەکانی تری سەر تۆڕی ئەنتەرنێت. ئەم پڕۆگرامەتا رادەیەك جیاواز له پڕۆگرامەکانی تر و ڕاستەوخۆ لەسەر تۆری ئەنتەرنێت نابێتەوه، بەڵکو پێویستی به داگرتن هەیه لەبەرامبەر ٢٩. ٩٩ دۆلاری ئەمەریکی.



شێوه(٣. ١٧)پڕۆگرامی ئەلکترۆنی (Essay Verification Engine) بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١٣-پرۆگرامی Plagrtracker

یەکێکە لە سەرنج ڕاکێشترین پرۆگرامەکانی ئاشکراکردنی گزی زانستی و بە بێ بەرامبەر لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتدا کار دەکات، ئەم پرۆگرامە دەتوانێت لێکۆڵینەوە لە دەقێك بکات بە مەرجێك ژمارەی پیتەکانی لە ٥٠٠٠ پیت زیاتر نەبێت، دوای نزیکەی ٣٠ خولەك ڕاپۆرتی وردبینیەکە لە ڕێگەی ناونیشانی ئەلکترۆنیەوە بۆ کەسی بەکارهێن دەنێرێت (اوباری، ٢٠١٥).



شێوە(٣. ١٨)پرۆگرامی(Plagrtracker)بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی گزیکردن دەخاتەڕوو

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١٤-پڕۆگرامەکانی Plagtracker,Copycatch,Paperrater and Plagiserve

پڕۆگرامی(Plagtracker) پڕۆگرامێکی بێ بەرامبەرە بۆ لێکۆڵینەوە و وردبینی لە دەقێکی بلاوکراوە بەکاردەهێنرێ بە مەرجێك ژمارەی وشەکانی لە ٥٠٠٠ وشە زیاتر نەبێت، لەگەل زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی و ئیتالی و ئیسپانی و ڕۆمانی کاردەکات، لەسەرەتای بەکارهێنانیدا داوای ناونیشانی ئەلکترۆنی لە کەسی بەکاربەر دەدات ولە دوای ٣٠ خولەك ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بۆ دەنێرێت (اوبارى، ٢٠١٥).

پڕۆگرامی(Copycatch)جۆرێکی ترە لە پڕۆگرامەکانی ئاشکراکردن و دەرخستنی دیاردەی گزیکردن کەسی بەکارهێن دەتوانێت لەسەر ئامێرى کۆمپیوتەر جێگیری بکات. ئەم پڕۆگرامە بە مەبەستی ئاشکراکردنی ڕێککەوتن و لە ژێرەوە ڕێککەوتنی فێرخوازەکان بەکاردەهێنرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە لێکچوون و هاوشێوەیی نێوان وشەو دەستەواژەکان لە کاتی پێشکەشکردنی کارێکی بە کۆمەڵدا. خاڵی بەهێزی پڕۆگرامەکە لەوەدایە کە بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان و باشترکردنی توانستی نووسینیان لە ڕێگەی نیشاندانی ئەو شێوێنانەی کە هەڵەیان تێدا کردووەو ئەو سەرچاوانەی کە بە باشی بەکاریان نەهێناوە و ئاماژەی نەواویان پێ نەرکردووە، بەڵام خاڵی لاوازی پڕۆگرامەکە لەوەدایە کە توانای ئاشکراکردنی ئەو بابەتانەی نیە کە لە سایتەکانەوە دادەبەزێنرێن (Kent& Salim,٢٠٠٩).

پڕۆگرامی(Paperrater)جۆرێکی ترە لە پڕۆگرامەکان و پشت بە سیستمی زیرەك و زانستی داتایی و هەڵسەنگاندنی میکانیکی دەبەستێت، کەسی بەکارهێن لە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت وردبینی بۆ دەقێك بکات و دوای ٥-١٥ چرکە وەڵامی وردبینیەکەی وەربگرێتەوە (Parker,٢٠١٨). هەروەها پڕۆگرامی(Plagiserve) پڕۆگرامێکی تری ئاشکراکرن و دەرخستنی گزی زانستی و لەسەر تۆری ئەنتەرنێت کار دەکات، لە کاتی بەکارهێنانیدا کەسی بەکارهێن پێویستە بە یەك جار بابەتەکانی پێشکەش بکات و لە ڕێگەیەوە دەتوانێت وردبینی بۆ بابەتیك بکات و لە پاکی و ڕەسەنایەتی ناوەڕۆکی بابەتەکە دڵنیابێت. ئەم پڕۆگرامە خاوەن چوارچێوەیەکی زانیاری فراوانە پێك هاتووە لە ٩٠,٠٠٠ هەزار لاپەڕە لە وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لە ماوەی ١٢ کاتژمێردا ڕاپۆرتی بابەتەکە بە دەستەوە دەدات(Kent& Salim,٢٠٠٩).

www.iqra.ahlamontada.com

٨. ١٥–پڕۆگرامەکانی کارنێت و ئەلپاگ و مەعریفە Qarnet,Aplag and E-marefa

پڕۆگرامی کارنێت(Qarnet)لە دامێنانی کۆمپانیایەکی سعودیەو تایبەتە بە ئاشکراکردن و دەرخستنی گزی زانستی، ئامانجی سەرەکی پڕۆگرامەکە بریتیە لە ڕێگریکردن لە گزیکردن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو وردبینی لە ڕەسانەیاتی توێژینەوەکان بە شێوازێکی فێرکاری و ڕێنماییکاری، لەگەڵ چەندین زماندا کاردەکات لە ناویاندا زمانی عەرەبی، بۆیە لە زۆربەی کاندا بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی دەقە عەرەبیەکان بەکاردەهێنرێت. سیستمی کارکردنی پڕۆگرامەکە بە تەنها پشت بە لێکچوون و هاوشێوەیی دەقەکان نابەستیت، بەڵکو پشت بە زۆر لایەنی تری وەک وەرگرتنی دەق لە ڕێگەی گۆڕینی وشەو دەستەواژەو دوبارە دارشتنەوەیان و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە بڕۆکەو شێوازی نووسینی کەسانی تر دەبەستێت (قنبر وعبدالله، ٢٠١٧).

پڕۆگرامی ئەلپاگ(Aplag) پڕۆگرامێکی تری ئاشکراکردن و دەرخستنی گزیی زانستیە لە زمانی عەرەبیدا، ناوەکەی کورتکراوەی دەستەواژەی (Arabic Plagiarism)یەو سالی ٢٠١١ لە لایەن بەشی ئینفۆرماتیکی زانکۆی شا سعود لە عەرەبستانی سعودی دامێنراوە، پڕۆگرامێکی تایبەتە بەکارکردن لەسەر ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکردن لە دەقی عەرەبی دەکات بە پشت بەستن بە بنەمای لۆژیکانەو زانستیانەی دەق لە ڕووی برگەو ڕستەو وشەکان و بەراوردکردنی بە ١٢ دەقی تردا (صالح و السید، ٢٠١٤).

هەروەها یەکێکی تر لەو پڕۆگرامانەی بە مەبەستی دەرخستن و ئاشکراکردنی دیاردەی گزیکاری و ناپاکی ئەکادیمی لە ناو دەق و توێژینەوەعەرەبیەکان بەکاردەهێنرێت پڕۆگرامی ئەلمەعریفە(E-MAREFA) ی ئوردەنیە، ئەم پڕۆگرامە لە دامێنانی کۆمپانیای (المعرفه)ی ئوردنیە و بە هاوکاری و ڕێککەوتنی ٢٨٠ زانکۆ و ناوەندی ئەکادیمی و ڕێکخراوی هەرێمی لە ١٩ وڵاتی عەرەبی کارەکانی ئەنجام دەدات، کەسی بەکارهێن بە کارهێنانی پڕۆگرامەکە دەتوانێت لێکۆڵینەوەو وردبینی بۆ دەقێکی عەرەبی بە بەراوردکردنی دەقەکە بە ٢٥٠,٠٠٠ هەزار دەقی تر بکات، دوای پڕۆسەی وردبینیەکە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی دەربارەی هاوجووتی و ناهاوجووتی دەقەکە لەگەڵ دەقەکانی تر و هەر کێماسی و ناتەواوێک کە لە دەقەکەدا هەبێت بە دەست بگات (قنبر وعبدالله، ٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

٩-بەناوبانگترین دیاردەکانی گزیکردن The most famous cases of plagiarism

گزیکردن(plagiarism) بە هەموو شێوەو جۆرەکانیەوە بریتیە لە دەست درێژی کردن بۆسەر بەرهەمی نوسراوی کەسانی تر بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانیان لە کاریکی ئەدەبی یان زانستی بە بێ ناو هێنان و ئاماژەکردن بەسەر چاوەکانیان، خودی کردارەکەش چ لە زانکۆ یان ناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکان لە بواری توێژینەوەو توێژینەوەکاری، یان لە لە بوارەکانی تری ئەدەبی و هونەری و زانستی ئەنجام بدرێت گزیکردنەو ناشیرینترین جۆری ناپاکیە کە مرۆڤ ئەنجامی بدات و کاریگەریەکانی بە شیوەیەکی گشتی لەسەر تاك و کۆمەلگا بریتین لە:

- گزیکردن دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی ناپاکی و گەندەڵی لە کۆمەلگادا.
- گزیکردن کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر کەسایەتی وئاکار و رەوشت و باری دەروونی و کۆمەلایەتی کەسی گزیکار هەیە.
- گزیکردن وەك پرۆسە هەڵخەڵەتاندنی خود وکەسانی تر، بۆیە کەسی گزیکار هەمیشە لە دۆخێکی ناسەقامەگیری دەروونیدا دەژیت، هەمیشە هەست بە هەڵەو تاوانی کارەکە دەکات، یان هەست دەکات ئەو شتەی لە رێگەی گزیکردنەوە بە دەستی هێناوە بەرهەمی عەقڵ و بیرو رەنج و ماندووبوونی خۆی نیە.
- گزیکردن کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتوو ئاییندەو دوارۆژی کۆمەلگا هەیە.

گزیکردن(plagiarism) دیاردەیك نیە تەنها پەیوەست بێت بە فێرخوازان و نوسەر و توێژەرە لاوەکان کە تازە چوونەتە نێو دونیای نووسین و توێژینەوەکاری و بە هەر هۆکارێکەوە بێت دەستیان بۆ گزیکردن بردووە، بەڵکو زۆرێك لە نوسەر و هونەرمەند و سیاسەتمەدار و توێژەرە بەئەزموون و ناوداڕەکانیش دەستی بۆ دەبەن و لە ڕابردووشدا چ بە مەبەست یان بێ مەبەست دەستیان بۆ بردووە، زۆرێك لە کەسایەتیە گەورەکان بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا بە ئەنجامدانی گزیکردن لە کارەکەیاندا تاوانبارکراون. ئەمانەی خوارەوە دیارترین کەیسی ئابڕووچوونی ناپاکی و گزیکردنن کە لە لایەن کەسایەتیە بەناوبانگەکانی جیهان ئەنجامدراوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ١–هیلین کیللەر و گزیکردن لە قۆناغی منداڵیدا Helen Keeler and plagiarism in childhood

هیلین کیللەر[١٥](Helen Keller)نوسەر و ئەدیبێکی مەزنی سەدەی نۆزدەهەم بووە، لە تەمەنی شەش بۆ حەوت ساڵی بە هۆی دووچاربوونی بە هەورکردنی چاو و نەخۆشی تاراخوما هەردوو هەستی بینین و بیستنی لە دەست داوە، بەڵام کوێری و کەپی نەبۆتە بەربەست لەبەردەم خواست هێنانەدی ئامانجەکانی و هەستکردن بە کەمێتی و وای لێ کردووە پۆژ بەرۆژ لە هەوڵ وکۆششدا بێت تا گەشتۆتە ئەو ئاستەی ببێت بە یەکێک لە نوسەر و ناوەدیارەکانی سەردەمی خۆی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەمیشە وەک نموونەی ئافرەتێکی مەزن و ئیرادەو خۆڕاگری مرۆڤانە ناوی بهێنرێت.

کیللەر(Keller)جگە لەوەی نوسەرو چیرۆکنووسێکی گەورە بووە، وانەبێژو چالاکوانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاری سەردەمی خۆی بووە، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشداری چەندین چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووەو دامەزرێنەری چەندین ناوەند و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخەری چەندین میتینگ بووە، لە ماوەی ژیانیدا ١٨ شاکاری بێ وێنەی نوسیووە کە بە هۆیانەوە چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەست هێناوە، بەرهەمەکانیشی بۆ سەر زیاتر لە ٥٠ زمان وەرگێردراون وبەناوبانگترینیان بریتین لە چیرۆکی ژیانم(The Story of

---

[١٥] هیلین کیللەر(Helen Keller) نوسەرو چیرۆکنووس و چالاکوانێکی ئەمەریکی بە ڕەگەز ئەڵمانیە، ساڵی ١٨٨٩ لە شاری تۆسکومبیا(Toscumbia)ی ویلایەتی ئەلەباما(Alabama)لە ئەمەریکا لە دایک بووە،وەک منداڵێکی ساغ لە دایک بووە بەڵام لە تەمەنی هەشت مانگیدا دووچاری چاوئیشەی گرێداربووە بە هۆیەوە کوێربووەو هەستی بیستنیشی لەدەست داوە،بەهۆی ئەوەی نابینا و ناکیسا بووە لە سەنتەری پیرکنز(Perkins)کە تایبەت بووە بە ڕاهێنان و فێرکردنی کەسانی نابیناو ناکیسا لە ژێر سەرپەرشتی ئانانۆس (Anagnos)بەرپرسی سەنتەر و یەکێک لە مامۆستاکانی بە ناوی ئان سولیڤان میسی(Anne Sullivan Macy)فێری خوێندنەوەی نوسین بووە،لە قۆناغی منداڵی سەرەتاییەوە دەستی بە نوسین کردووەو تا دوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بووە کە بەرهەمەکی هەژدە شاکاری گەورەو بۆسەر زیاتر لە ٥٠ زمان وەرگێردراون،ساڵی ١٩٠٤ لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەو زانست بە دەست هێناوە،لەگەل ئەوەی نابینا بووە بەڵام فێری شوفێری و مەلەوانی بووە،بەشداری چەندین میتینگ و کۆبوونەوەو ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە،زۆربەی کاتی خۆی بۆ خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان کردووە.ساڵی ١٩٦٨ لە تەمەنی حەفتاوەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

(My Life)، مامۆستا(Teacher:Anne Sullivan Macy) که کۆمەڵە چیرۆکێکە دەربارەی مامامۆستاکەی ئان سولیڤان مێسی(Anne Sullivan Macy)، دەرچوون لە تاریکی(Out of the Dark)، ئەو جیهانەی تیایدا دەژیم(The World I Live In)، گەشبینی (Optimism)، بۆ خۆشەویستی ئەم ژیانە(To Love This Life)، هیلین کیللەر لە سکوتلەندا (Helen Keller in Scotland) ، گۆرانی دیوارە بەردینە(The Song of the Stone Wall)، ئایینی من(My Religion)، بۆ ژیان و بۆ بیرکردنەوەو بۆ ئومید: بەخشش‌ێك(To live,To Think,To Hope:Inspirational)، چۆن یارمەتی جیهان بدەم (How I Would Help the World)، چۆن سۆشیالیستێك بم(How I became a Socialist)، پاشای سەرمەڵگرتوو(The Frost King)، دەرگای کراوە(The Open Door)، ژیانی یاخی بووەکان(Rebel lives)، ڕوناکیەك لە نێوتاریکیمدا(Light in My Darkness) دوای مردنیشی چەندین فیلمی بەڵگەنامەیی دەربارەی ژیان و تێکۆشانی بەرهەم هێنراون کە بە ناوبانگرینیان فیلمی خولقینەری موعجیزە (The Miracle Worker) و چەندین فیلمی کارتۆنی کە گوزارشتیان لە سەرتای ژیان وقۆناغی منداڵی ئەو کردووە (حفیضی، ٢٠١٧).

ساڵی ١٨٩٢ کیللەر(Keller) بە گزیکردن لە یەکێك لە بەرهەمەکانیدا تاوانبار دەکرێت ، کاتێك لە تەمەنی ١١ ساڵیدا چیرۆکی پاشای شێرەبەفرینە(The Frost King) دەنووسێت و بۆ مایکل ئاناگنۆس (Michael Anagnos)ی بەرپرسی سەنتەری پیرکنز (Perkins) بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی دەنێرێت بۆ ئەوەی لە ڕۆژی لە دایك بوونیدا وەك دیارییەکی بە نرخ پێشکەشی بکات، ئەویش بە چیرۆکەکە سەرسام دەبێت و لە ڕاپۆرتی سەنتەرەکە باڵوی دەکاتەوە. دوای ماوەیەك لە کاتی بەراوردکردنی چیرۆکەکە بە چیرۆکێکی مارگریت کانبی (Margaret Canby)بە ناونیشانی (The Frost Fairies) کە پێشتر لە کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی (Birdie and His Friends) باڵو کرابووەوە دەرکەوت هاوشێوەیی و لێکچوونێکی لە ڕادەبەدەر لە نێوان هەردوو چیرۆکەکەدا هەیە، بۆیە ناوبراو کیللەر(Keller)ی بە گزیکردن لە چیرۆکەبدا تاوانبارکرد. ئەم ڕوداوە بووە هۆی ئەوەی لێژنەیەك لەسەنتەری پیرکنز (Perkins)بە سەرپەرشتی ئاناگنۆس(Anagnos)بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە پێك بهێنرێت. کیللەر(Keller)لە سەرەتادا بە تووندی نکوڵی لەوەکرد کە پێشتر چیرۆکەکەی کانبی(Canby) خوێندبێتەوەو ڕوداوەکەی بە دوو شتی هاوشێوەو نزیك لەیك چووانذ، ئەم

www.iqra.ahlamontada.com

لێکچوونەش تەنها ڕێکەوتێك بووەو هیچ زانیارییەکی پێشینەی دەربارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی کانبی(Canby) نەبووە، هاوتا لەگەڵ کیللەر(Keller) مادام سولیڤان (Miss Sullivan) ی مامۆستاکەشی سەرسەختانە داکۆکی لە کیللەر کرد و بە تونديی وەڵامی تۆمەتبارکردنەکەی دایەوە، ئەم شێوازە تونديشیان ئاناگنۆس(Anagnos)و لێژنەکەی زیاتر نیگەران کرد. لە کۆتاییدا لێژنەی لێکۆڵینەوە پوونیان کردەوە کیللەر(Keller) پێشتر چیرۆکەکەی خوێندۆتەوە پێش ئەوەی کانبی(Canby) بڵاوی بکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە منداڵ بووەو وێنەیەکی دەستنوسی چیرۆکەکەی لە ماڵی سۆفیا سی هەپکنیز(Sophia C. Hopkins) لە بڕوستر (Brewster) بینیبووە، بەڵام سوود وەرگرتن لەناوەڕۆکی چیرۆکەکەو بەکارهێنانی لە لایەن کیللەر (Keller) مەبەستدار نەبووە، بەڵکو سەرچاوەی زانیاری چیرۆکەکەی بیرچۆتەوەو پوودداوەکانی ناو چیرۆکەکە وەك زانیاری گشتی لە مێزو خەیاڵیدا ماون، بەمەش کیللەر لە لێکۆڵینەوەکەدا تا ڕادەیەك بە پاکی دەرچوو، بەڵام پوودداوەکە کاریگەری زۆری لەسەر داناوە، چونکە بووە هۆی لەکەداربوونی کەسێتی و لە دەستدانی ئاناگنۆس (Anagnos) کە نزیکترین وئازیترین کەسی بوو بە جۆرێك تا لە ژیاندا بوو کاریگەری پوودداوەکەی لەسەر مابوو (Boles,٢٠١٤) & (Monceaux ,٢٠١٥).

خاڵی سەرنج ڕاکێشە لە چیرۆکی گزیکردنی (Keller)لەوەدایە کە یەکەم منداڵی نابینا و نابیسابووە بە بەکارهێنانی ڕێگەی بڕیل (Braille)فێری خوێندنەوەو نووسین بێ و بە هەوڵ و کۆششی بێ وچانی ببێت بە یەکێك لە نوسەرە گەورەکانی جیهان، یەکەم ئافرەتی نوسەر بووە کە بە بێ بینین و بیستن چەندین شاکاری مەزن پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات کە بۆ هەتایە وەك سەرمایەیەکی نەدەبی و فیکریی مرۆییی دەمێننەوە، بەڵام هەر ئەو ئافرەتە بلیمەتە لە قۆناغێکدا لە یەکێك لە بەرهەمەکانیدا دووچاری گزیکردن بووە تا ئەو ئاستەی نەیتوانییوە پەردەپۆشی بکات و دانی بە گزیکردنەکەدا ناوە. چیرۆکی کیللەر(Keller) و ژیانی بوێرانەو پڕ لە دەستکەوتی نوسەرێکی نابیناو نابیسای مەزن کە لە هەڵوێستێکدا دووچاری گزیکردن بووە ئەو ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە گزیکردن پەلەیەکی ڕەشە تەنانەت دوای مەرگیش بۆ هەمیشە بەسەر ناو ناوبانگی کەسی گزیکاردا دەمێنێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٢-ستیفان ئەمبرۆز و گزیکردن لە نووسینی مێژوودا Stephen Ambrose and Plagiarism in Writing History

سیفان ئیدوارد ئەمبرۆز(Stephen Edward Ambrose) نوسەر و یادەوەری نووس و مێژوو نووسیکی ناوداری ئەمەریکیە، سالی ١٩٦٣ دکتۆرای لە زانکۆی ویسکونسن (University of Wisconsin) لە بواری مێژوو بەدەست هێناوە، نزیکەی ١٣ کتێبی دانسقەی دەربارەی مێژووی ئەمەریکا و ژیاننامەو یادەوەری چەندین کەسایەتی ناوداری ولاتەکەی نوسیووەتەوە بە جۆرێك نووسینەکانی رەهەندێکی جەماوەریان هەبووە، بەلآم لە دوا رۆژانی ژیانیدا بە گزیکردن تۆمەتبارکرا (Stephen Edward Ambrose, www. britannica. com).

سالی ٢٠٠٢ لە کاتێکدا کتێبیەکانی ئەمبۆرز(Ambrose) پرفرۆشترین کتێب بوونە لە ئەمەریکا بە کۆپی کردنی چەند بەشێك لە کتێبەکە تازەکەی بەناونیشانی (The Wild Blue) تاوانبار کرا، چونکە رووداوەکانی ناو کتێبەکە لێکچوون و هاوشێوەیەکی زۆریان لەگەلّ رووداوەکانی ناو کتێبێکی تۆماس چایلدرز(Thomas Childers) هەبوو کە لە سالی ١٩٥٥ بە ناونیشانی (The Wings of Morning) بلاوی کردۆتەوە، هەردوو کتێبیەکە باسیان لە چیرۆکی دوو فرۆکەوان لە جەنگی جیهانی دووەمدا کردووە، ئەمبرۆز (Ambrose) لە کتێبە تازەکەیدا چەندین برگەو دەستەواژەی ناو کتێبەکەی چایلدرز (Childers)ی بە بێ ئاماژەکردن بە بە خۆی و کتێبەکەی وەك خۆی بەکارهێناوە.

سەبارەت بە لێکۆلینەوە لە بابەتەکە فرید بارنس (Fred Barnes) نوسەر و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (The Weekly Standard)ئاماژەی بە چەندین دەستەواژەی وەك (glittering like mica) کردووە کە لە هەردوو کتێبەکەدا هەن بەلآم نوسەری دووەم ئاماژەی بە سەرچاوەی نوسەری یەکەم نەکردووە، بۆیە پەخنەی توندی لە ئەمبرۆز(Ambrose) گرت و دیاردەکەی بە گزیکردنێکی ئاشکرا ناوبرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمبرۆز(Ambrose) دووچاری ئابڕوچونێکی گەورە بێت وکەیسی ئابڕوچوونەکەی لە سەرجەم هەولّنامەو دەزگاکانی راگەیاندا دەنگ بداتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی مارك لویس(Mark Lewis) لە گۆڤاری (Forbes. com)چوار دیاردەی تری گزیکردنی لە کتێبەکانی دیکەی ئەمبرۆز (Ambrose) ئاشکرا کرد(٢٠٠٢, Kirkpatrick).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٣–ڤیڤیان ویستوود و گزیکردن له نووسینی یادەوەریدا Vivienne Westwood and Plagiarism in Biography

ڤیڤیان ئیزابیل سوایر(Vivienne Isabel Swire) که به ڤیڤیان ویستوود (Vivienne Westwood)ناسراوه ساڵی ١٩٤١ له گلۆسۆپ، دیربیشایر(Glossop, Derbyshire) له بەریتانیا دایك بووه، یەکێکه له بەناوبانگترین دیزاینەری جل و بەرگ له جیهاندا و تەنانەت ناوبانەگەکەی له بواری دیزاییندا له سەرەتاسەری جیهاندا بلاۆبۆتەوە، سەرەتای ئەو ناوبانگەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان کاتێك له دەستپێکی کارەکانیدا له سەر شێوەی پانك ڕۆك(punk rock)دیزاییني بۆ جل و بەرگەکانی کردووه، ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ دیریك ویستوود (Derek Westwood)دا هاوسەرگیری ئەنجام داوەو بە هۆیەوە بە نازناوی هاوسەرەکەی وەرگرتووه، بەڵام دوای سێ ساڵ له یەکتر جیابوونەوەتەوەو.

ویستوود(Westwood) له ئێستادا خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورەی جل و بەرگە به جۆرێك بەهای کۆمپانیاکەی به ٥٥ ملیون دۆلار دەخەملێنرێت، له ماوەی ژیانیدا چەندین جار خەڵات کراوەو چەندین نازناوی گەورەی له بواری کارەکەیدا بەدەست هێناوە، بۆ دوو جار نازناوی باشترین دیزاینەری بەریتانیا بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٩٢ به هۆی داهینانەکانی له بواری دیزاییندا میدلیای ئیمپراتۆری بەریتانیای پێ بەخشراوە، له ماوەی ٣٠ ساڵ کارکردن و داهێنان و لەگەڵ هەموو ئەو ناوبانگ و سامانەی که بەدەستی هێناوە کەچی وەك مرۆڤێکی ئاسایی له باشووری لەندەن له هەمان ماڵە سادەکەی جارانی ژیاوە که کرێی مانگانەکەی ٤٠٠ دۆلار بووە و به پاسکیلیش هاتوچۆی کۆمپانیاو شوێنی کارکردنی کردووە.

ویستوود(Westwood) ئافرەتێکی سادەو زادەی پەروەدەو پێگەیاندنی ناو خێزانێکی ساکار بووە، له کابانی ماڵەوە بۆته بەناوبانگترین دیزاینەری جل و بەرگ، له ئاستێکی بڕۆی مامناوەندەوە بۆته سەرمایەدارێکی گەورەی ولاتەکەی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناوبانگ و دەوڵەمەندیەکەی ژیانی سادەی جارانی لێ نەسەندۆتەوە، بۆیە شێوازی ژیانی ئەو ئافرەتە بۆته جێی سەرنجی زۆرێك له میدیاکاران و دامەزراوە ئەدەبی و هونەریەکان بووەو چەندین بابەتی ئەدەبی و هونەریان نمایش کردووە که گوزارشتیان له ژیانی ویستوود(Westwood) و ڕاز و نهێنیەکانی ئەو ئافرەتە کردووە، له دواترین کاری هونەریشدا له ولاتە یەکگرتووەکانی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمەریکا لە تەموزی ٢٠١٨ فیلمێکی بەڵگەنامەیی بەناو نیشانی(Westwood: Punk، Icon، Activist) لە دەرهێنانی لۆرنا تاکەر(Lorna Tucker) لەسەر ژیانی ویستوود بەرهەم هێنرا (Vivienne Westwood. Biography,www. biography. com).

گرنگرتین کاری ویستوود(Westwood) لە بواری نووسیندا نووسینەوەی یادەوەریەکانیەتی ، بەڵام لە تۆکتۆبەری سالی ٢٠١٤ ویستوود(Westwood) بە گزیکردن لە کتێبی یادەوەریەکانی تاوانبار کرا، ئەم تاوانبارکردنەش دوای ئەوە هات کاتێك پۆل گورمان(Paul Gorman)لە کتێبی (The Look: Adventures in Rock and Pop Fashion) ئاماژەی بە زیاتر لە ٤٠ لاپەڕەی کتیبی یادەوەریەکانی ویستوود(Westwood)کرد کە لە کتێبەکانی ئەو وەری گرتووە، ڕەخنەی توندی لە ویستوود ونوسەر بەشداربووی کتیبەکە ئیان کیلی(Ian Kelly)و دەزگای چاپ و وەشانی کتێبەکە گرت. بەمەش کتێبەکە بە هۆی لێڵی و نادیاری و مێژووی شێوێندرا و بوونی هەڵەی ڕێنوسی زۆر ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر لایەن بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بڕیاری کێشانەوەی کتێبەکە لە بازاڕ نەدراوەو پێداچوونەو ڕاستکردنەوەشی بۆ نەکراوە.

گرنگی چیرۆکی ویستوود(Westwood) لەوەدایە کە ئەو یەکێك بووە لە بەناوبانگترین دیزاینەرەکانی جل و بەرگ لە جیهاندا و بە هۆی ناوبانگ و پیشەکەیەوە کتێبەکەی پڕ فرۆشترین کتێب بووە لە سالی ٢٠١٤، نووسینی یادەوەریش تەنانەت ئەگەر کەسێکی تریش بەشدار بووبێت لە نووسینیدا کارێکی کەسیەو گوزارشت لە ژیان و کارنامەی ڕابردووی کەسەکە خۆی دەکات و تیایدا کەسایەتی و خودی یادەوەری نووس ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ئەگەر کرداری گزیکردنەکە کاریگەریشی لەسەر ناو ناوبانگ و کارەکەی وەك دیزاینەرێکی بەناوبانگی جل و بەرگ نەبووبێت ، بێگومان کاریگەری زۆری بەسەر خودی کتێبەکە و بەهاو ڕاستگۆیی کتێبەکەی لەناو جەماوەردا هەبووە، چونکە نووسینی یادەوەری کارێکی کەسی و ڕەنگدانەوەی ئەزموونی کەسیە زۆر دوورە لە بابەتەکانی گزیکاری وناپاکی کردن لە نووسینیدا، لەوەشیاندا هەم ویستوود (Westwood)و هاوڕێی بەشداری وەهمیش شوێن و دەزگای چاپکەری کتێبەکە شکستیان هێناوە (Bailey , ٢٠١٤).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٤-دیدریك ستاپل و گزیکردن له بواری لێکۆڵینەوە له دەروونزانی زانین Diederik Stapel and plagiarism in Cognitive psychology

دەروونزان و توێژەری بەناوبانگی هۆڵەندی دیدریك ستاپبل(Diederik Stapel) سالی ١٩٦٦ له ئەمستردام له دایك بووە، سالی ١٩٩١ بڕوانامەی لیسانسی بە پلەی نایاب له دەروونزانی و زانستەکانی گەیاندن له زانکۆی ئەمستردام(University of Amsterdam) وەرگرتووە، دوار چۆنە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چەندین خولی فێربوون و ڕاهێنانی له زانکۆکانی شیکاگۆ (Chicago) و مەشیگان (Michigan) بینیووە، سالی ١٩٩٧ له زانکۆی ئەمستردام دکتۆرای بە پلەی نایاب بەدەست هێناوەوتێزەکەی سەرکەوتوو بووە لەوەی خەڵاتی کۆمەڵەی دەروونزانانی کۆمەڵایەتی هۆڵەندی (ASPO) بە دەست بهێنێت. سالی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٧ سەرۆکی ڕێکخراوی (ASPO)بووە، سالی ٢٠٠٠ مامۆستای زانکۆی گرۆنینگین (University of Groningen) بووە، یەکێك بوو له دامەزرێنەرانی پەیمانگای تیلبۆرگ بۆ توێژینەوەی ئابووری ڕەفتاری (Tilburg Institute for Behavioural Economics Research) و تا سالی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری ئەو پەیمانگایە بووە. سالی ٢٠٠٦ وەك مامۆستای دەروونزانی مەعریفی له زانکۆی تیلبۆرگ (Tillburg) دەست بەکار بووە، دواتر پۆستی ڕاگری فاکەڵتی ئادابی له هەمان زانکۆ وەرگرتووە تا سالی ٢٠١٠ بە تۆمەتی گزیکاری و ناپاکی ئەکادیمی له پۆستەکە لابراوەو گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی ئەمستردام (University of Amsterdam).

ستاپل(Stapel) دەروونزانێکی ناسراو ومامۆستاو توێژەرێکی چالاکی بواری دەروونزانی زانین بووە لەسەر ئاستی جیهاندا، بە هۆی ئامادەبوونی بەردەوامی له دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەمیشە وەك کەسایەتیەکی دیار دەرکەوتووە، چەندین توێژینەوەی گرنگی له بوارەکانی دەروونزانی زنانین و دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە کە جێگەی سەرنجی زۆرێك له دەروونزانەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووە، خاوەنی ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێت ژینگەی ناڕێکخراو مەیلی ڕەگەزپەرستانە لای خەلك دروست دەکات.

سالی ٢٠١١ ستاپل (Stapel) بە گزیکردن و ساختەکردنی داتاکان له چەندین توێژینەوەدا تاوانبارکرا کە پێشتر له گۆڤاری ئاست بەرز و ناوەندی وەشاندنی بالاڤا بڵاوی کردبوونەوە (Carey,٢٠١١). بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لەو کەیسە کە له هەرسێ دامەزراوەی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکادیمی هۆلەندی زانکۆی تیلبۆرگ(Tilburg University) و زانکۆی گرۆنگێن (University of Groningen) زانکۆی ئەمستردام (University of Amsterdam)پێك هاتبوو، پیشەی ڕەفتارە گزیکاری و ساختەکاریەکانی ستابل (Stapel) لە توێژینەوەکاریدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ کە تیایدا پشتی بەستووە بە یاریکردن بە داتاکان و هەڵبەستن و زانیاری نادروست لە سەرجەم کارە تاقیکاریەکانیدا، ئەم کارەشی لە نزیکەی ٣٠ توێژینەوەوەی بلاوکراوەو پێداچونەوەو هەڵسەنگاندندا ئەنجامداوە(Carey,٢٠١١).

بە پێی ڕاپۆرتی کاتی زانکۆی تیلبۆرگ(Tilburg University) لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١١ کە ئەنجامی لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی هەرسێ زانکۆکەی لە خۆگرتووە ئاماژە بە نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەکادیمی و ڕەفتاری گزیکاریانەی ناوبراو کراوە کە لە ماوەیەکی زۆردا بێ سڵکردنەوە لە هیچ شتێك خەریکی گزیکردن بووە، . لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە زۆربەی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەی ڕاستوخۆی ستاپل(Stapel) و لە توێژینەوەکانیادا پشتیان بە دەرەنجامە ساختەکانی ئەو بەستووە قوتابی ماستەر و دکتۆرا و ئەو کەسانە بوونە کە لەگەڵ خۆی کاریان کردووە، هەروەها لە چەندین توێژینەوە دا پشت بە دەرنجامەکانی ناوبراو بەستراوە، جگە لە هاوڕێ و هاوپیشەکانی کە بە بێ ئاگا لە زۆر توێژینەوەدا پشتیان بە دەرنجامە ساختەکانی ستاپل(Stapel)بەستووە. لە هەندێ کاردا ستاپل (Stapel)پەیوەندی بە هاوڕێکانیەوە کردووە کە کۆمەڵێك دەرنجامی لەبەر دەستە هێشتا شیکردەوەیانی بۆ نەکردووە، ئەگەر ئەوان ئامادەی نووسین وشیکردنەوەی دەرەنجامەکان بن بەپێی پرسیارەکانی توێژینەوەکانیان، لە بەرامبەردا وەك توێژەری بەشداربوو لە کارەکەدا ناویان تۆمار دەکات. لە هەردوو باردا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لەبەردەست نەبووە کە فێرخوازان و نوسەرانی بەشدار بوو لەگەڵ ستاپل(Stapel) هیچ زانیاریەکیان دەربارەی ناپاکی و ساختەکاریەکانی ناوبراو هەبووبێت.

هەر سەبارەت بە بابەتی گزیکاریەکەی ستاپل(Stapel)، جەنیفەر کڕۆکەر(Jennifer Crocker) دەروونزانی کۆمەڵایەتی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەشاندن و پەیوەندیەکانی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان(American Psychiatric Association) لە یەکێك لە وتارەکانیدا لە گۆڤاری (Nature) ئاماژە بەوە دەکات کە تێگەیشتن لە ناپاکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکادیمی گزیکاری پێویستی بە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی ڕووداو و پەرەسەندنی هەیە نەک چۆنیەتی کۆتایی پێ هێنانی ، ئاشکرا بوونی ناپاکیەکی لەو شێوەیە کە ماوەیەکی زۆر ئەنجام دراوە ئینجا ئاشکرا بووە ئەتک کردنی زانست وکوشتنی پیشەو شورەییەکی گەورەیە بۆ دەروونزانی، بۆیە دەپرسێت ئایا جۆری ئەم ڕۆشنبیریە ئەکادیمیە چی بووە کە ڕێگەی بە سناپل(Stapel)داوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم ڕەفتارە نەشیاوە ئەنجام بدات؟!

ڕاپۆرتی کانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی هەرسێ زانکۆکە ئاماژە بە بوونی دوو هۆکاری گرنگ دەکات کە لە پشت ڕووداتی ئەو ڕەفتارە نەشیاوەن و لە ماوەیەکی دوورو درێژدا کەس تێبینی نەکردوون، هۆکاری یەکەمیان پلەو پێگەی ستاپل (Stapel)و ئەو ڕێگا پێشکەوتووە بووە کە بەکارهێناوە، هۆکاری دووەمیشیان لاوازی ئامرازەکانی وردبینی و ڕەخنەی زانستین. بۆیە لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکە چەند ڕاپسپاردەیەک بۆ کاری داهاتوو دەخاتە ڕوو:

- پێویستە هەر قوتابیەکی دکتۆرا لە زانکۆی تیلبۆرگ(Tilburg) دوو سەرپەرشتیاری هەبێت.
- پێوستە لیژنەکانی خویندن لە زانکۆی تیلبۆرگ پێداچوونەوە بە شێوازی کۆکردنەوەی داتاکانی هەر فێرخوازێک بکەن و لە دەرنجامەکانیان دڵنیا ببنەوە.
- پێویستە لە هەر بەشێک لە بەشە زانستیەکاندا سەرپەرشتیاریک هەبێت بۆ دەستپاکی ئەکادیمی و چاودێر بێت بەسەر ڕەوشی توێژینەوەکاریدا.
- پێویستە داتاو زانیاریەکانی هەر توێژینەوەیەک بۆ ماوەی پێنج سال بەردەست بن.
- پێویستە لە هەر توێژینەوەیکدا شوێنی زانیاریەکان و چۆنیەتی کۆکردنەوەو دەستکەوتنیان دیاریکراوبێت.

لە کۆتاییدا دوای ئاشکرابوونی هەموو ئەو ناپاکیە ئەکادیمیانەی ستاپل(Stapel) ئەنجامی دابوون لە نامەیەکدا کە لە سایتی زانکۆی تیلبۆرگ(Tilburg) بڵاوکرایەوە و داوای لێ بووردنی لە سەرجەم هاوڕێیانی وزانکۆی تیلبۆرگ (Tilburg)کردووە، دانی ناوە بەوەی ئەو نەیتوانیووە دەروونزانێکی باش بێت و وەک توێژەرێک شکستی هێناوە (McGwin&Veraellie,۲۰۱۱).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٥-ڕێنێ دیکسترا و گزیکردن لە بواری دەروونزانی کۆمەلایەتی René Diekstra and plagiarism in Social psychology

ڕێنێ دیکسترا (René Diekstra) دەروونزان وپزیشکی دەروونی هۆڵەندی کە بە هۆی گرنگیدان بە کێشەوگرفتەکانی خەڵك وەك دەروونزانێکی جەماوەری (Popular psychology) دەرکەوتووە. مامۆستاو ڕاگری بەشی دەروونزانی کۆمەلایەتی و کلینیکی زانکۆی لیدن (University of Leiden) بووە، پێشکەشکاری چەندین پڕۆگرامی دەروونی و پەروەردەیی و نوسەری دەیان و سەدان وتار لە گۆڤارە زانستیەکاندا بووە، ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٩ بەڕێوەبەری پڕۆگرامی پەرەپێدانی لایەنە دەروونی و کۆمەلایەتی و ڕەفتاریەکان بووە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ژنێف(World Health Organisation in Geneva). هەروەها دامەزرێنەری دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە لە دیاردەی خۆکوشتن و ڕۆژنامەی زانستی (Archives of Suicide Research) بووە، یەکێك بووە لە دیارترین توێژەرە بە تواناکانی بواری لێکۆڵینەوە لە خۆکوژی و نوسەری چەندین توێژینەوەی جۆراوجۆر بووە لەم بوارەدا، خەلاتی (Stengel) ی پێ بەخشراوە کە بەرزترین خەلاتی جیهانیە لە بواری لێکۆڵینەوەی خۆکوژیدا (www. en. René Diekstra. Wikipedia, the free encyclopedia, wikipedia . org).

دیکسترا(Diekstra)ماوەیەك مامۆستاو بەڕێوەبەری بەشی پەرەپێدان و لاوان بووە لە زانکۆی پەروەردەیی پیشەیی(University for Professional Education) لە لاهای، هەروەها لە ئەکادیمیای ڕۆزفێلت(Roosevelt Academy) و زانکۆی ئوترخت(University of Utrecht) کاری کردووەو چەندین توێژینەوەی نایابی لە بواری لێکۆڵینەوە لە گەشەو پەرەسەندنی منداڵان و هەرزەکاران ئەنجام داوەو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر گرفت و هۆکارەکانی خۆکوژی و چۆنیەتی وەستانەوە بە ڕووی دیاردەکە نوسیووە(René Diekstra,Centro Botin,www. centrobotin. org). یەکێك بووە لەو دەروونزانانەی کە پێشنیاری چەندین چەندین ڕێگاو شێوازی تازەی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەو گرفتەکانی لاوان و هەرزەکاران و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان کردووەو لەبوارەکانی دەروونزانی گشتی(General psychology) و کەسایەتی(Personality) و دەروونزانی کۆمەلایەتی(Social psychology) و دەروونزانی

www.iqra.ahlamontada.com

مندالّ و هەرزەکار(Childhood and adolescence psychology)و دەروونزانی تاوان (Criminal Psychology) و تاوانناسی(Criminology) پسپۆری و شارەزاییەکی زۆری هەبووە(About René Diekstra, www. speakersacademy. com).

ساڵی ١٩٩٦ دیکسترا(Diekstra) ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەوە سەبارەت وەرگرتن و کۆپیکردنی چەند دوو نوسەری ئەمەریکی، ئەم ڕەخنەگرتنەش دوای ئەوە هات کتێبیکی بەناو نیشانی (Upside Down)چاپ و باڵوکردەوە دەرکەوت لە نووسینیدا پەنای بردۆتە بەر کۆپی کردنی وشە بە وشەی ٨ لاپەڕەی کتێبێکی هەردوو نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی هارولد بلومفیلد (Harold Bloomfield) و پیتر ماك ولیامز(Peter Mac Williams) بەناونیشانی چۆن مامەڵە لەگەڵ دڵەڕاوکیدا دەکەیت (How to deal with depression). بەڵام ئەمە تەنها سەرتای ئابوچوونێکی گەورە بووە بچووك بووە بۆ چوونە ناو گزیکردنێکی گەورە، بۆیە بۆ جاری دووەم لە بەشێکی تری گزیکاریەکانی دەرکەوتەوە تیایدا لە کتێبێکدا پشتی بەستبوو بەکۆپی کردنی ٤٨ لاپەڕە لە کتێبی گەشەپێدانی عەقڵ(Mind Care) ی دوو مامۆستای بەشی پزیشکی دەروونی زانکۆی کلیفۆرنیا لە دێڤیس(UC Davis) دیان هالیس(Diane Hallis) ڕوبرت ئای هەلیس (Robert E Hollis). هەروەها لە جاری سێیەمدا پەنای بردبوو بە وەرگرتن و لێکدان و دوبارە داڕشتنەوەی ١٦ لاپەڕە لە کتێبی دڵەڕاوکێ و فۆبیا(The Anxiety and Phobia Workbook)ی دروونزانی ئەمەریکی و تۆێژەری بواری چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێ ئێدمۆند جەی بۆرن(Edmund J. Bourne). لە قۆناغەکانی دواتری گزیکاریشیدا پشتی بە وەرگرتنی وشە بە وشە نەدەبەست ، بەڵکو تەنها جەختی لەسەر گۆڕینی ناوی نەخۆشە ئەمەریکیەکان دەکردەوە، وەك گۆڕینی ناوەکانی سوزان و سیندی و ستیڤ ومایك بۆ سوزان و مونیك و سیبستیان و ستیفان و ئەو ناوانەی زیاتر لە هۆڵەندا باون.

دیکسترا (Diekstra) بەردەوام بووە لەسەر کارە گزیکاریەکانی تا ساڵی ١٩٩٧ تاوانبارکرا بە ئەنجاندانی گزیکردن و کۆپیکردنی نووسین و بیرەوەری کەسانی تر و کەسانی تر، دوای ناشکرابوون و سەلماندنی ناپاکیەکانیشی هەموو پلەو پۆستێکی لە زانکۆی لیدن(Leiden) لێ سەندرایەوەو لەو زانکۆیە دوورخرایەوە(Profiles in Plagiarism. Academia, www. is. muni. cz).

www.iqra.ahlamontada.com

٦- شاهد عەزام و گزیکردن لە دینامیکای وزە Shahid Azam and Plagiarism in power Dynamics

شاهد عەزام(Shahid Azam) مامۆستای زانکۆی ریجینا(University of Regina) لە کەنەدا و و تویژەری بەشدار لە زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی (University of British Columbia)و ئەندازیاری جیوتەکنیکی بووە لە کۆمپانیای (Crippen Berger Consultants Limited). لە زانکۆکانی بەترا(University of Alberta)و زانکۆی شا فەهد بۆ نەوت و کانزاکان(King Fahd University of Petroleum & Minerals) و زانکۆی ئەندازیاری و تەکنەلۆژی(University of Engineering & Technology) خوێندوویەتی و ئەزموونی ٢٥ ساڵ کارکردنی وەک تویژەر و ئەندازیارێکی جیوتەکنیکاڵ لە بواری جیۆتەکنیکدا لەکەنەدا و دەرەوەی کەنەدا هەبووە(Shahid Azam,Linkedin,www. linkedin. com).

لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٤ چیرۆکی ئاشکرابوونی گزیکردنەکەی عەزام (Azam) کە لەو کاتەدا مامۆستای سیستمی ژینگەیی بوو لە فاکەڵتی ئەندازەو زانستە کردارییەکانی زانکۆی ریجینا لە کەنەدا ، بوو بە ناوەندی دەنگ و باسی نیشتیمانی و جیهانی. کاتێک ئارجۆن پاول(Arjun Paul) یەکێک لە فیرخوازەکانی عەزام کە پێشتر لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا ماستەری خوێندبوو ناوبراوی بە دزینی نامەکەی تۆمەتبارکرد، ئەویش لە کاتێکدا بوو کە عەزام (Azam)توێژینەوەیەکی زانستی لە گۆڤاری (GEOTECHNICS) ژینگەیی بڵاو کردبووەوە . دوای لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە گۆڤارەکە توێژینەوە زانستیەکەی عەزام (Azam)ی کێشایەوەو مافی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی تری لە ناوبراو نەسەندەوە. تا ئێرە قەبارەی گزیەکە تا ڕادەیەک بچووک بوو بەڵام کاتێک عەزام(Azam) وەڵامی پاول(Paul)ی داوەتەوە بووە بە ئابڕوچوونێکی گەورەی نیشتیمانی، لە وەڵامەکەیدا ڕاشکاوانە ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو گزیکەر نەبووەو هیچ بەشێکی نامەی فێرخوازەکەشی لە توێژینەوە تازەکەدا بەکارنەهێناوە کە ئاماژەی پێ نەکردبێت، هۆکاری هاوشێوەیی هەردوو دەقەکەش لە زۆر ڕووەوە بۆ گزیکردن ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەو خۆی بەشە گەورەکەی نامەی پاول (Paul) نوسیووە، هەروەها زۆربەی نامەکەی پاول(Paul) بە پشت بەستن بە کارێکی هاوبەشی هەردوولا ئەنجام دراوە کە بەشە گەورەکە ئەو نوسیویەتی، بەڵام پاول(Paul)لە وەڵامدا وتوویەتی ئەو کاتێک

www.iqra.ahlamontada.com

فێرخواز بووە هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەی نەبووەوکاتێك فێرخواز بووە هیچ ترسی لە کارەکەی نەبووە.

ئەم پوودواوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی زۆرێك لە ناوەندە ئەکادیمیەکان هەبوو، نەك تەنها لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە دینامیکیای وزەی ژینگەییەوە هەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك پرسیاری گرنگی وروژاندووە کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەبووە. لە لایەك باوەڕکردن بە قسەکانی عەزام(Azam) بەوەی خۆی بەشێکی گەورەی نامەکەی پاول(Paul)ی نوسیوە، چ شتێك پاڵی پێوە ناوە ئەو کارە بکات؟یان چی وای لێ کردووە بابەتی ناپاکی ئەکادیمی فەرامۆش بکات و بڕوانامەی ماستەر بە فێرخوازێك ببەخشێت کە شایستەی بڕوانامەکە نەبێت؟ لە لایەکی تر باوەڕکردن بە قسەکانی پاول(Paul)بەوەی مامۆستاکەی بەشێکی نامەی ماستەرەکەی دزیووە، بۆچی مامۆستایەك گزی لە کاری فێرخوازێك کردووە کە پێشتر خۆی سەرپەرشتی کارەکەی کردووە بی ئەوەی لەسەری سزا درابێت؟! (, Bailcy ٢٠١٤).

Arjun Paul: 'Statistical modelling for tailings consolidation using index properties' (U of R master's thesis, December 2011)	Shahid Azam: 'Study on large strain consolidation of mine waste tailings' (ICE Publishing, February 2014)
Overall, the variability in the index properties of the tailings was attributed to the variable solid-liquid interactions. Derived from the geological background (mineralogical composition of the solids) and the mining operation. (Pg. 48, par. 1)	Overall, the variability in the index properties of the tailings was attributed to the variable solid-liquid interactions. Derived from the geological background (mineralogical composition of the solids) and the mining operation. (Pg. 51, par. 3)
The above consistency limits depend on the type of water used during testing, but data on the water composition in the literature were not available for all of the materials. Generally, the consistency limits are highest for deionized water, followed by distilled water, and then by decant water. (Pg. 47, par. 1)	Although water composition data were not available for all of the materials, the above consistency limits depend on the type of water used during testing. Generally, the limits are highest for deionised water, followed by distilled water, and then by decant water. (Pg. 51, par. 1)
Consistency limits for sedimentary clays covered a wide range due to the presence of various clays. Sesquioxide coating of clays and dominance of non-clays resulted in lower liquid and plastic limits for residual soils. Higher consistency limits for oil sand tailings were due to residual bitumen that imparts thixotropy and lubrication. (Pg. 76, par. 1)	Consistency limits for sedimentary clays covered a wide range due to the presence of various clay minerals. Sesquioxide coating of clays and dominance of non-clays resulted in lower liquid and plastic limits for residual soils. The relatively high limits for oil sand tailings were due to residual bitumen that imparts thixotropy and lubrication. (Pg. 54, par. 2)

شێوە(٣. ١٩)بەراوردکردنی تۆێژینەوەکەی عەزام(Azam)لەگەڵ نامەی ماستەری پاول(Paul) بە پێی (CBC's iTeam) کە بە ڕێژەی ٢٤٪ هاوتان(Leo,٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٧-باراك ئۆباماو گزيكردن له وتارێژى Barack Obama and plagiarism in public speaking

له مانگى شوباتى ساڵى ٢٠٠٨ له ميانى بانەگەشە بۆ هەڵبژاردنى سەرۆكايەتى باراك ئۆباما (Barack Obama) به دزينى چەند ڕستەيەك له وتارەكەى ديڤال پاتريك(Daveal Patrick) ى فەرمانداری ويلايەتى ماساچۆستس(Massachusetts) تاوانبار كرا كه له تشرينى دووەمى ساڵى ٢٠٠٦ دا پێشكەش كرابوو، جگه لەوه ناوەڕۆكى وتارەكەى ئۆباما(Obama) چەندين بڕگەى وەرگيراوى تری له وتارەكانى مارتن لۆتەر كينگ (Martin Luther King) و جۆن كەندى (John Kennedy)و وتارى مێژووى ڕاگەياندنى سەربەخۆيى ئەمەريكای لەخۆگرتبوو، ئەمەش گزيكردنێكى ئاشكرابوو له زنجيرەيەك وتار و بەڵگەنامە ناسراوەكانى مێژووى ولاته يەكگرتووەكانى ئەمەريكا (Wallenfeldt & Mendell,٢٠١٨). .

ئەم بابەته بووه هۆى ئەوەى ئۆباما(Obama) ڕاستەوخۆ به گزيكردن تۆمەتبار بكرێت، له بەرامبەريشدا ئۆباما وەڵامى تۆمەتبارکردنەكەى بەوه دايەوه كه پاتريك (Patrick) هاوڕێى نزيكيەتى و پەيوەندى بەردەوامیان به يەكەوه هەبووەو هەميشه ئاڵوگۆرى بيروڕايان لەگەڵ يەكتردا كردووه، تەنانەت پاتريك (Patrick)يش هەمان ڕای هەبووەو بۆ بەرگرى كردن له ئۆباما(Obamaلەسەر شاشەى تەلەفزيۆن ئامادەيى دەربڕيووه، بەڵام ئەمشيان ئۆباما (Obama) و كەسێتى ئۆبامايان بردە ژێر پرسيارێكى تردەوه، لەوەى چۆن دەبێت كەسێك خۆى بۆ سەرۆكايەتى وڵاتێكى گەورەى وەك ئەمەريكا كانديت بكات كەچى فەزڵى چەند وتەيەك بۆ هاوڕێكەى بگێڕێتەوەو بڵێت من خاوەنى ئەو وتانه نيم؟!بەڵكو بابەتەكه زۆر لەوه گەورەتر بووه كه تەنها پەيوەندى به وەرگرتنى چەند بڕگه له وتارى هاوڕێيەكەوه هەبێت، ياخود به بەرگرى هاوڕێكەى لەو چەند وتەيه گزيه گەورەكه پەردەپۆش بێت كه سەرتاپای وتارەكەى گرتبووەوه، چونكه وتارەكه لەسەرەتاوه تا كۆتايى وەرگيراوبوو. به پێى سايتى گزيكارى ئەمرۆ (PlagiarismToday. com) كه سايتێكه بۆ دەرخستن وئاشكراكردنى ديارده‌ى گزيكردن له نێوان دوو بابەت دواى بەراوردكردن له نێوان هەردوو وتارەكەى ئۆباما(Obama) و پاتريك (Patrick)دا دەركەوتووه ناوبراو له وتارەكەيدا چەندين وتەو بڕگەى نێو وتارەكەى پاتريك (Patrick)ى بەكارهێناوه به بێ دانان نان به مافى خاوەندارێتى خاوەنى ڕەسەنى وتارەكه، ئەمەش گزيكردنەو گزيكردنش هيچ بيانوو و پاساوێكى بۆنيه(Bailey,٢٠٠٨).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٨-میلانیا ترامپ و دانان به گزیکردن Melania Trump and plagiarism admission

میلانیا ترامپ(Melania Trump) ی به ڕەگەز سلۆڤینی وەک بەهرەو شارەزایی و پیشە ڕۆژێ لە ڕۆژان نە نوسەر و نە ڕۆژنامەنووس و نە وتارنووس بووە، بەڵکو دیزاییەنەرێکی بەناوبانگی جل وبەرگ بووە، بەڵام ئێستا هاوسەری دۆنالد ترامپ (Donald Trump) سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. پێش هاتنی بۆ ئەمەریکا لە ژیانێکی سادەو بژێوییەکی مام ناوەند لە سلۆڤینیا لە گەڵ دایک و باوک و خێزانەی ژیاوە، باوکی بازرگانی ئۆتۆمبیل و دایکیشی دیزاییەنەری جل و بەرگ بووە، میلانیا(Melania)ش پیشەکە لە دایکیەوە فێر دەبێت و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بەهرەو شارەزاییەکی باش پەیدا دەکات و هەوڵ دەدات لە دەرەوەی وڵاتەکەی کار بکات، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە ئاژانسی مۆدێلی میلانۆ(Milano Model Agency)دەکات ، دواتر بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی لیوبلیانا(University of Ljubljana) بەڵام بۆ ئەوەی لە پیشەکەی دانەبڕێت واز لە زانکۆ دەهێنێت و ئەواوی ناکات،لە شارەکانی میلان(Milan) و پاریس(Paris) کار دەکات و ساڵی ١٩٩٦ یش بەرەو نیویۆرک (New York) ئەورووپا جێ دەهێڵێت و لەوێ کارێکی هەمیشەیی دەست دەکەوێت، لەگەڵ چەند فرتۆگرافەرێکی بەناوبانگ کار دەکات وەک پاتریک دیموسلیر(Patrick Demosler) و هیلموت نیوتن(Helmut Newton) بۆ نمایشکردنی وێنەی جل و بەرگی مەلەوانی و ژنان و پیاوان لە گۆڤارەکانی (Harper's Bazaar) بۆلگاری و فانتینی فیر (Vanity Fair)ی ئیتالی و جی کیو(GQ Magazine) کە تایبەت بوون بە نمایشکردنی مۆدێلی جل و بەرگی نیمچە ڕووت. لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە یەکێك لە ئاهەنگێکیی نمایشکردنی جل و بەرگدا لە نیویۆرك دۆنالد ترامپ دەناسێت و ئەم یەکترناسینە دەبێت بە سەرتایەك بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیریەکەیان، ساڵی ٢٠٠٤ هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن و لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوڕەکەیان ویلیام ترامپ(William Trump) لە دایك دەبێت و بە هۆیەوە میلانیا دەبێت بە هاوڵاتیەکی ئەمەریکی و دواجاریش خانمی یەکەمی ئەو وڵاتە (Melania Trump, Biography,www. biography. com).

ساڵی ٢٠١٦ لە لە میانی بانگەشەی سەرۆکایەتی بۆ هاوسەرەکەی لە یەکێك لە وتارەکانیدا تاوانبارکرا بە گزیکردن، ئەویش لە کاتێکدا بوو میلانیا (Melania) وتارێکی لە کۆنگرەی نیشتیمانی کۆماریەکان لە ساڵی ٢٠١٦ پێشکەش کرد تیایدا پەنای بردبووە بەر بەکارهێنانی

www.iqra.ahlamontada.com

چەند بڕگە لە وتارێکی میشیل ئۆباما(Michelle Obama) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە کۆنگرەی نیشتیمانی دیموکراتەکان پێشکەشی کردبوو.

بۆ نموونە میلانیا (Melania) لە وتارەکەیدا دەڵێت:

From a young age, my parents impressed on me the values that you work hard for what you want in life, that your word is your bond and you do what you say and keep your promise, that you treat people with respect.

بەڵام هەشت ساڵ لەمەوبەر میشیل ئۆباما(Michelle Obama) لە وتارەکەیدا هەمان وتەی پێشکەش کردووەو دەڵێت:

Barack and I were raised with so many of the same values — like you work hard for what you want in life, that your word is your bond and you do what you say you're going to do, that you treat people with dignity and respect.

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە میلانیا(Melania) هەمان وتەکانی میشێل(Michelle)ی بە دڕاشتنەوەو جیاوازیەکی کەم دووبارەکردۆتەوە، ئەمەش گزیکردنێکی ڕوون و ئاشکرا بووە بە جۆرێك لە تەواوی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکاو جیهان دەنگی دایەوە (١٨ High Profile Cases of Plagiarism,Ranker- vote on everything, www. ranker. com).

گزیکردن دیاردەیەکە دەشێت لە هەر کات و ساتو بۆنەو شوێنێکدا ڕووبدات، گزیکردنەکەی میلانیا(Melania)ش تەنها دووبارەکردنەوەی چەند وتەیەك بووە لە وتاری زارەکی کەسێکی تر کە پێشتر پێشکەش کراوە، بەڵام هەردوو وتارەکە دوو وتاری سیاسی وفەرمی و لە دوو بۆنەو شوێنی فەرمیەوە پێشەکەش کراون، هەردوو وتارەکە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و لە لایەن هاوسەری دوو کاندیدی سەرۆکایەتی بۆ بانگەشە بۆ هاوسەرەکانیان پێشکەشی کراون، دەنگۆی گزیکردنەکەش لە سەرجەم دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوبۆتەوەو لایەنی ڕکابەریش هەوڵی پڕوپاگەندەو زەقکردنەوەی زیاتری دۆخەکەی داوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی میریدیت میکایڤر (Meredith Mciver)ی نوسەری وتارەکانی میلانیا داوای لێ بوردن بکات و بڕیاری دەست لەکار کێشانەوە بدات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گزیکردنەکە لە شێوەو قەبارەی خۆی گەورەتر نیشان بدرێت (Bailey, ٢٠١٧).

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ٩-مایکڵ بۆڵتن و گزیکردنی هونەری Michael Bolton and artistic plagiarism

مایکڵ بۆڵتن(Michael Bolton) گۆرانیبێژی پۆپ و نوسەرو هۆنەری شیعری گۆرانی و چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی ئەمەرکی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری نیو هیڤن(New Haven)ی سەر بە ویلایەتی کونیتیکت(Connecticut)لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایك بووە، سەرتای کاروانی هونەری وەك گۆرانیبێژ و دانەری شیعری گۆرانی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەست پێ کردووە، لە سەرەتای کارکردنیشدا بە تەنها کاری کردووەو لە ژێر ناوی خۆیدا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، دوای سەرکەوتنیشی وەك گۆرانبێژێك لە کاری تاکیدا بۆتە گۆرانبێژی سەرەکی گرووپی بلاك جاك (Blackjack) و لەگەڵ گرووپەکەدا دوو ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە، دواتر لە گرووپ جیا بۆتەوەو دووبارە وەك مایکل بۆڵتن(Michael Bolton) دەستی بە کاری تاکایەتی کردووە، بەمەش سەرتای قۆناغێکی نوێ ی لە گۆرانی و مۆزیکی ڕۆك دەست پێ کردووە.

بۆڵتن(Bolton)لە ژیانی هونەریدا زیاتر ٥٣ ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردۆتەوەو چەندین ناواز و تێکستی شیعری بۆ گۆرانی داناوە و چەندین خەلاتی هونەری پێ بەخشراوە، ناوبراو بەردەوامە لە کاری هونەریدا و هەوادار و لایەنگرێکی زۆری لە ئەمەریکا و ئەورووپاو ئەفریقیادا هەیە (Michael Bolton. Biography, www. biography. com). بەڵام ڕووداوێك بۆتە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر ژیان و کارنامەی هونەری پڕ لە دەستکەوت و داهێنایەوە، ئەویش گزیکردن بووە لە تێکستێکی گۆرانی بریانی ئاسلی (Isley Brothers) کە بەهۆیەوە دووچاری گەورەترین سزا بووەوە کە لە بەرامبەر پێشێلکاری هونەری لە بواری هونەری گۆرانی و مۆزیکدا بەسەر هونەرمەندان سەپینرابێت.

بابەتی گزیکردنی بۆڵتن(Bolton)یەکێکە لە دیارترین کەیسەکانی گزیکاری لە بواری هونەردا ، ساڵی ١٩٩١ بۆڵتن(Bolton) دوای تۆمارکردنی یەکێك لە گۆرانیەکانی بە ناو نیشانی(love is a wonderful thing) تاوانبار کرا بەوەی هەمان ناو و هەندێ وشەی گۆرانیەکی برایانی ئایسلی (Isley Brothers) کە لەساڵی ١٩٦٦ تۆماری کراوە لە گۆرانیەکەدا بەکارهێناوە. لە بەرامبەر تاوانبارکردنەکەیدا بۆڵتن(Bolton) ڕایگەیاند پێشتر گوێ بیستی گۆرانیەکە نەبووە،

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵکو تەنها لێکچوون و هاوشێوەییەك هەیە لە نێوان هەردوو گۆرانیەکەدا ، بەڵام هەموو بەڵگەکان ئاماژەبوون بەوەی گزییەکی پووچ و ئاشکرا لە گۆرانیەکە ئەنجام دراوە. بۆیە لە تەموزی ٢٠٠٩ لە ئەنجامی نەبوونی بەڵگەی بارەپێکەر لە لایەن بۆڵتن(Bolton) بۆ پاکانەکردن لە گۆرانیەکەیی و سەلماندنی هاوشێوەیی لە نێوان هەردوو گۆرانیەکەدا، دەستەی لێکۆڵەرانی کەیسەکە بڕیاریان دا بە قەرەبووکردنەوەی برایانی ئایسلی (Isley Brothers) بە د. ٤ ملیۆن دۆلار لە لایەن بۆڵتن(Bolton) و پێدانی ٦٦٪ ی قازانجی گۆرانیەکە و ٢٠٪ ی ئەلبوومی فرۆشراو بە برایانی ئایسلی(Isley Brothers)، ئەمەش بە گەورەترین سزادان و قەرەبووکردنەوە دادەنرێت لە بواری گزیکردنی هونەریدا.

گرنگی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە بۆڵتن(Bolton) دوای بیست و پێنج ٢٥ ساڵ لە گزییە هونەرییەکەیدا باجێکی گەورەی مادی و مەعنەوی داوە، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی ناوی گۆرانی و هەندی وشە لە گۆرانیەکەی برایانی ئایسلی(Isley Brothers) بێ مۆڵەت و بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەوان وەك خاوەنی ڕەسەنی گۆرانیەکە لە گۆرانیە تازەکەیدا بەکارهێناوە، دەکرا ئەو باجە نەدات ئەگەر ئەو کارەی نەکردایە، یان ئەگەر ناوێکی تازەی بۆ گۆرانیەکە هەڵبژاردایە، یان ئەو چەند وشەیەی لە گۆرانیەکەدا بەکار نەهێنایە، لە ئەگەری بەکارهێنانیشیان پەیوەندی ئەوانەوە بکرادایەو لەسەر مۆڵەتی ئەوان ناو و وشەی گۆرانیەکەی ئەوانی لە گۆرانیە تازەکەدا بەکار بهێنایە، یاخود لە کاتی بەکارهێنانیاندا ناوی ئەوانی لەسەر تایتلی گۆرانیەکە بنوسیایەو وەك خاوەنی گۆرانیەکە ناویانی بهێنایە، بەڵام کاتێك بە پێوپستی نەزانیووە ئەوە بکات و نەیتوانیووە ڕێز لە مافی خاوەندارێتی هونەری هونەرمەندان و هاوپیشەکانی تری بگرێت، دووچاری گزیکردن بووەو باجی گزیکردنەکەشی بە ئابڕووچوون و بژاردنی چەندین ملیۆن دۆلار داوە، باجدانەکەشی بوو بە وانەیەك بۆ خۆی و هەموو ئەو کەسانەی چیرۆکی گزیکردنەکەی دەخوێنەنەوە تاکو بزانن گزیکردن تاوانێکە هەرچەندە هەوڵی پەردەپۆشکردنی بدرێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاشکرا دەبێت، باجی قورسی هەیەو بێ سزا نێ ناپەڕێت، کەسی گزیکاریش درەنگ یان زوو باجی گزیکردنەکەی دەدات (Costly Price of .(Plagiarism,Hammertimev, www. hammertimev. wordpress. com

www.iqra.ahlamontada.com

٩. ١٠-جیف کونز و گزیکردن له بواری هونەری فۆتۆگرافی Jeff Koons and in photography plagiarism

جیف کونز(Jeff Koons) یەکێکە لەو هونەرمەندە ئەمریکیانەی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە بواری هونەری جوانکاری و گرنگیدان بە شتی ئەنتیکە دەرکەوتووە، سالی ١٩٩٥ لە شاری یۆرك(York)ی ویلایەتی پەنسلڤانا(Pennsylvania)لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایك بووە، لە قوتابخانەی ناموژگای هونەر لە شیکاگۆ(School of the Art Institute in Chicago) خوێندوویەتی و لەگەڵ هونەرمەندی شیکاگۆیی ئید باشکی(Ed Paschke) کاری کردووە، سالی ١٩٧٦ پەیمانگای هونەری ماریلاند(Maryland Institute of Art)ی تەواو کردووە، دواتر لەشاری نیویۆرك(New York City) نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە ئەندامی مۆزەخانەی هونەری مۆدیرن(Museum of Modern)، لە دەرەوەی کانزمێری کارکردنیشدا وەك کاری زیادە لە وڵ ستریت(Wall Street)کاری کردووەو زۆربەی کاتی خۆی بۆ هونەر تەرخان کردووە.

کونز(Koons) لە سەرتای کارکردنی تا ئەم دواییانە زنجیرەیەك کاری هونەری بە شێوەیەکی ڕێکخراو پێشکەش کردووە، وەك زنجیرەی کاری ١٩٩٨٠ تا ١٩٨٣ لە ژێر ناونیشانی کارە نوێیەکان(The New) کە کۆمەڵێك کەستەی کارەبایی لە شووشە دروستکراو شت و مەکی ناو ماڵی لەخۆگرتبوو . هەروەها زنجیرەی کاری ١٩٨٥ کە کۆمەڵێك کەرەستەی بڕۆنزی و و یاری باسکەی سەر ئاوکەوتووی لە خۆ گرتووە، هەورەها زنجیرەی کاری ١٩٩٠ تا ١٩٩٩ لە ژێر ناونیشانی لەبەهەشت دروست کراوە(Made in Heaven series) کە کۆمەڵێك تابلۆ و پەیکەری ئیرۆتیك و سەرنج ڕاکێشی لە خۆ گرتبوو کە لە دەستکردی کۆنز(Koons) وئیلۆنا ئانا ستالەر (Elena Anna Staller)ی هاوسەرە ئیتالیەکەی پێشووی بوون. یەکێك بووە لەو هونەرمەندە پێشەنگانەی کاریان لەسەر دووبارە دروست کردنەوەو داڕشتنەوەی کەل و پەلی بازرگانی کردووە ، چەندین پیشاناگای تایبەتی کردۆتەوە، وەك پیشانگای مۆزەخانەی سان فرانسیسکۆ بۆ هونەری نوێ(San Francisco Museum of Modern Art in) لە سالی ١٩٩٢-١٩٩٣ و پیشانگای مۆزەخانەی وێتنی بۆ هونەری ئەمەریکی(Whitney Museum of American Art) لە سالی ٢٠١٤. هەروەها چەندین خەڵات و مەدالیای شەرەفی پێ بەخشراوە، وەك مەدالیای (Skowhegan) بۆ پەیکەر لە سالی ٢٠٠٥ و دیاریکردنی وەك

www.iqra.ahlamontada.com

بەرپرسی تیپی مۆزیکی شەرەفی فەرەنسی لە سالّی ٢٠٠٧ و میدایای هونەر(Medal of Arts)ی وەرزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سالّی ٢٠١٢ (Wainwright . Lisa S. Jeff Koons, American artist. Encyclopedia Britannica, www. britannica. com).

سالّی ٢٠١٧ دادگایەکی فەرنسی کونز(Koons) ی بە کۆپی کردنی وێنەیەکی فۆتۆگرافەری کۆچکردووی بەناوبانگی فەرەنسی ژان فرانسوا بۆغیّ[١٦] (Jean-François Bauret) تاوانبارکرد، ئەم تاوانبارکردنەش دوای ئەوە هات کە هاوسەری هونەرمەندە فەرەنسیەکە لە سالّی ٢٠١٤ دواکاریەکی دژی کۆنز و ئەو مۆزەخانەیە تۆمارکرد کە پەیکەرەکەی تێدا وەک ئامرازێکی رێکلامی بەکارهێنراوە، لە داواکاریەکەدا هاتبوو ئەو پەیکەرە پۆرسلینەی وێنەی دوو منداڵی ڕووتەو یەکێکیان چەپکە گوڵێك دەدات بە ئەوی تریان و چەند گوڵێکیش بە پەرش و بڵاوی لەژیر پێکانیاندایە لە وێنەیەکی کۆنی بوغیّ (Baurct) وەرگیراوە.

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکاربوونی گزیەکە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گاردیان(Guardian) ئاماژەی بەوە کردووە کە کلود بوغیّ ئالاغد(Claude Bauret-Allard)هاوسەری هونەرمەندە فەرنسیەکە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری تێلێغما(Télérama) ی فەرەنسی وتوویەتی تووشی شۆك بووم کاتێك بینیم وێنەی هاوسەرەکەم لەسەر پەیکەرەکەی کونز(Koons) بینی، چونکە هەمان وێنەی منداڵەکان (Enfants) بوو کە لە سالّی ١٩٧٥ لەسەر پولێکی پۆستە نەخشێنراوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئالاغد(Allard) هەوڵی داوە سەردانی کتێبخانەی نیشتیمانی فەرەنسی بکاو مۆڵەتی سەیرکردنی سەرجەم وێنەکانی هاوسەرەکەی لە بەڕێوەبەری وێنە فۆتۆگرافیەکانی

---

